ئۆکتۆبەری 2019 (14)

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

لێکدانەوە ی دۆخی سیاسی کوردستان، کوردستانی سوریا بەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەبارەی خرۆشانی شارەکانی عێراقەوە، پەیامی ئۆچئالان بۆ چەکدانان، برێکزیت بەکوێ دەگات؟، دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، حزب وحزبیەتی کۆمۆنیستی، دەربارەی "کۆمەڵگای بەرخۆر و مەسرەفگەرا"، بەڵگەنامەکان..

عوسمانی حاجی مارف
ئەمان کەفا
خەسرەو سایە
سورەیا شەهابی
نوری بەشیر
محسن کەریم
ڕێبوار ئەحمەد
عەبدوڵا مەحمود

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

ژمارە ١٤ / ساڵی سێهەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

هەڵەچنین:

**ئیبراهیم محمەد**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، عەبدوڵا مەحمود، ئەمان کەفا، محسن کەریم، خەسرەو سایە، سورەیا شەهابی، نوری بەشیر، ڕێبوار ئەحمەد**

پەیوەندی:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

www.hkkurdistan.org

## ناوەڕۆک:

★ **دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب**
گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف................................................................ ١

★ **کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و**
**پێشهاتەکانی جەنگ لە کوردستانی سوریا**
گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود ................................................................ ١٩

★ **لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە**
گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە................................................................ ٣٩

★ **پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە**
گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم................................................................ ٥٢

★ **برێکزیت بەکوێ دەگات؟**
سورەیا شەهابی ................................................................ ٧١

★ **برێگزیت قەیرانی بەریتانیاو ئەوروپای یەکگرتوو!**
نوری بەشیر ................................................................ ٨٤

★ **دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، قەیران و ناجێگیری**
ئەمان کەفا ................................................................ ٩٤

★ **وەڵام بە هاوڕێیەك، دەربارەی تایبەتمەندییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری**
ڕێبوار ئەحمەد ................................................................ ١٠٤

★ **حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی**
موحسین کەریم ................................................................ ١٣٥

★ **دەربارەی کۆمەڵگای بەرخۆر و ئابوری مەسرەفگەرا**
خەسرەو سایە ........................................................................... ١٦٦

★ **بەڵگەنامەکان:** ........................................................................... ١٨٨
* پەیامەکەی ئۆچەلان سەبارەت بە چەکدانانی (پەکەکە)

* تیرۆر و تۆقاندن و کوشتاری هەڕەمەکی
ناتوانێ بەر بەهاتنەمەیدانی هەقخوازانەی خەڵکی
زەحمەتکێش بگرێ!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان لەپەیوەند بە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی شارەکانی عێراقەوە

* نابێ خەڵکی کوردستانی سوریا لەم
میحنەتەدا بەتەنیا جێ بهێڵین!

* پیلانی نێودەوڵەتی بۆ لەژێرپێنانی ئیرادەی خەڵکی
کوردستانی سوریا مەحکومە!

ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە ڕوداوەکانی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا

# پێشەکی ژمارە:

ڕوداوەکان و پێشهاتەکانی ئەم چەند هەفتەیەی ڕابردویی عێراق و سوریا و ناوچەکە، گۆڕانکاری خێراو دراماتیکیان بەخۆوە گرت. دۆخێکی ئاواش بەناچار کاری بەچاپ گەیاندنی ئەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالسیتی، بۆ ماوەیەکی کەم دواخست، ئەمەش لەبەرئەوەی بچینە سۆراغی ڕوداوەکانەوەو هاوزەمان دیدگای سۆشیالیستی لەبارەیانەوە لێکدانەوە وسەرنجیان لەسەر بخاتەڕوو. بۆئەم مەبەستەش دەستمان برد بۆ سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ نوسەرانێکی گۆڤارەکەدا، تا بتوانین بەشێوەیەکی گشتی ڕوداوەکان بخەینە بەردەم لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەوە ولەم ژمارەیەدا جێگایان بۆ بکەینەوە.

بەم جۆرە یەکەمین بابەتی ئەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستی، تەرخانە بۆ گفتوگۆیەک لەگەڵ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، تا دۆخی سیاسی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی ناوچەکەو ململانێی جەمسەرە ئیمپریالسیتیەکان وبەرنامەی کابینەی نوێی حکومەت لێکبداتەوە وئاڕاستەکانی کاری حزب بناسێنێ.

بەدوای ئەم گفتوگۆیەدا دوو گفتوگۆی هاوڕیان عەبدوڵا مەحمود و خەسرەو سایە دەخوێننەوە کەڕوداوەکانی کوردستانی سوریا، بەدوای کشانەوەی ئەمریکا و لەشکرکێشی تورکیا، وەهەروەها ڕوداوەکانی عیراق دوای خرۆشانی شارەکان دەخەنە بەرباسەوە. لێرەدا بە ئاگاداری خوێنەران دەگەیەنین کەئەم گفتوگۆیانە پەیوەست دەبنەوە بەڕوداوەکانی تا ئەو بەروارانەوە کەلەکۆتایی هەریەک لەگفتوگۆکاندا دانراون وئیتر ناچینە سەر ئاڵوگۆڕەکانی دواترەوە. هەرلەم ژمارەیەدا دوو بابەتی هاوڕێ موحسن کەریم دەخوێننەوە، کەیەکێکیان گفتوگۆیەکی ڕادیۆی پێشەنگە لەسەر پەیامەکەی ئۆچئالان بۆدانانی چەک ولێکەوتەکانی، وە ئەوی تریان ڕێنوسکراوی سمینارێکە لەسەر حزبیەتی کۆمۆنیستی.

وەلەسەر کەیسی "برێکزیت ویەکیەتی ئەوروپا" و دابەشکردنەوەی جیهان..، سێ بابەتی هاوڕیان سورەیا شەهابی، ئەمان کەفا ونوری بەشیر، بەشیوەی جیاجیا لەم ژمارەیەدا دەخوێننەوە.. لەکۆتایشدا، دوو بابەت لەسەر تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەقەڵەمی هاوڕێ ڕیبوار ئەحمەد و بابەتێکیتر لەسەر"کۆمەڵگای بەرخۆرو مسرەفگەرا" بەقەڵەمی هاوڕێ خەسرەو سایە جێگایان لەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستیدا پێدراوە ..

ئومێدەوارین بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستی جێگای ڕەزامەندی هەموان بێت..

**جامال موحسن**
**سەرنووسەر**
**٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**



عوسمانی حاجی مارف

# دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دوایین ئەڵقەکانی تێپەڕینی کۆمەڵگای کوردستانە لە دۆخێکی سیاسی کە بەدوای 16 ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی دواتردا هاتەکایەوە. ئێستا هەم چینی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە چوارچێوەی کابینەی نوێی حکومەتیدا ئارایشتیان بە خۆیان داوە وهەم پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ملی بۆ دەورەیەکی تازە ناوە، لەسایەی ئەم دۆخەشدا مەوقعیەتی ئێستای دەسەڵات لەئاست ناوچەکە و لەپەیوەند بە وڵاتانی ئەوروپاوە، چۆتە ئاستێکی تر.. هەمو ئەمانەش دەورەیەکی تازە لەخەباتی چینایەتی دەخەنە پێش چاو..کە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستە سیاسی و عەمەلەیەکانی حزب و ئەولەویاتی کاری ڕابەری حزب دەبێ .. بۆ قسەوباس کردن لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف دەکەین:

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرەتا بۆ ئەوەی بچینە ناو گفتوگۆکەمانەوە باشترە بپرسین: سەرنجی گشتی ئێوە لە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان چییە؟، چی گۆڕاوە؟ ڕەوەندە سەرەکیەکان و دەرهاویشتە تایبەتیەکانی دۆخی ئێستا کامانەن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ئەتوانین دەربارەی هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دووساڵە لە چەند لایەنێکەوە بخەینە بەرچاو و قسەیان لەسەربکەین. بە شێوەیەکی گشتی کە هەلومەرجی ناوچەکە زیاتر لەژێر کارکردی شەڕو کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیادایە، بەتایبەتی دەوری کێشمەکێشی جەمسەرە سەرەکیەکان لە نمونەی ئەمریکا و ڕوسیا و چین، ئەم کاریگەریە لەباری سیاسی و ئابوریەوە بەردەوام دەورانی تازە و جیاواز لە هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزی لایەنەکان بە خۆە دەبینێت، کە دەتوانین هەلومەرجی سیاسی و ئابوری کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدا لێک بدەینەوە و باس بکەین.

بە بۆچونی من بە دوای کۆتایی شەڕی داعش لە سوریا و عێراق. ئاکامەکانی ئەو جەنگە دەستکەوتێکی گەورەبون بۆ بەرژەوەندی و دەور و دەخالەتی زیاتری ڕوسیا لە ناوچەکەدا، کە ئەم مەوقعیەتەی روسیا گۆڕانێکی جدیە لە هاوکێشەی سیاسی و دەوری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەرستدا، بەتایبەتی لە زیاتر بردنەسەری دەخالەت و دەوری ئێران لە سەر عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا. هەر بۆیە ئەم هەلومەرجە نەخشەیەکی تری خستە بەردەم دەوری ئەمریکا تا بە ئامادەکاریە سەربازیەکان و ئابڵوقە ئابوریەکانی لە بەرامبەر ئێراندا دۆخێکی تر لە کێشمەکێشی لە بەرامبەر ڕوسیا و چیندا بەرێوەبەرێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، بووە سەرەتای دەورە و برگەیەکی نوێ، لە دۆخی سیاسی عێراقدا، برگە و دەورەیەک کە هەرکام لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، لەدرێژەی ململانێی خۆیاندا، خەریکی پێناسەکردنەوەی دووبارەی پێگەی خۆیان بوون... بزووتنەوەی سیاسی شیعی، غروری سیاسی و مەستی سەرکەوتنی بەسەر داعشدا بوو، کە ئەمە لەلایەکەوە پاشەکشەی زۆرتری بە بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی سوننی کرد. هاوکاتیش بزووتنەوەی کوردایەتی لە عێراقدا خستە بەردەم پێناسەکردنەوەیەکی تازەو دەورەیەکی نوێ لە ململانێی نێوان دەسەلات لەبەغدا لەگەڵ دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی... پرسی ریفراندۆم کە پارتی بەدەستیەوە گرت، لایەنێکی ئەو ئاڵاهەڵگرتنەی بۆ سازدانی ریفراندۆم هەوڵێکی پێشگیرانەی پارتی بوو لە هەلومەرجی دوای شکستی داعشدا، لەبەرامبەر بەغدادا، چونکە رۆشن بوو دوای تیکشکانی سەربازی داعش، عێراق دەبوو ئەو ناوچانە وەربگرێتەوە کە بەهۆی هاتنی داعش و هێزەکانی پێشمەرگە تیایدا جێگیر ببوون. بەجیا لەوانەش دەبینین ئەمریکا چ دەورێکی دیوە لە ڕەخساندنی مەترسی فەزای شەڕێکی

جیهانیدا، لە لایەکی ترەوە ڕێکەوتنی تورکیا و ئەمریکا لەسەر پێکهێنانی پشتێنی ناوچەی ئارام لەسەر سنوری نێوان تورکیا و سوریا، بە گشتی ئەو واقعیەتە دەخەنەوە سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە کە لە ڕاستیدا پێویست بوو یان دەبوایە دوای شەڕی داعش، ناوچەکە دەورانێک لە ڕێکخستنەوەی باری ئابوری و سیاسی بە خۆیەوە ببینێت و فرسەتێک لە ئارامی سیاسی بڕەخسێنێت، بەڵام ئەمە بە پاشەکشە و شکست و دابەزینی هاوسەنگی هێزی ئەمریکا و کۆتایی هاتنی یەکجارەکی بە مەوقعیەتی باڵادەستی یەکلایەنەی ئەمریکا لە جیهاندا مەیسەربوو، لەچاو مەوقعیەتێک کە پێشتر و لە دەورانی دوای شکست و هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵی تیادەگێڕا. ئێستا ڕوداوەکان دووبارە دەچنەوە سەر ڕێچکەی بەردەوامی گێژاو و ناجێگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دوو دەیە زیاترە سایەی بەسەر ناوچەکەدا کردووە، لەوەش نەرێنیتر فەراهەم هێنان و خولقاندنی مەترسی دۆخی شەڕێک لە بەرامبەر ئێراندا، کە هەلومەرجێکی سیاسی جیاوازی خولقاندووە و دەورانێکی تازە لە هاوکێشەی سیاسی و گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکانی بەرهەم هێناوە. ئامادەییە سەربازیەکان و هەڕەشەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران و جێبەجێ کردنی سنوری ئارامی نێوان تورکیا و سوریا و ئاڕاستەکردنی مووشەک لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ لێدان لە زەخیرە سەربازیەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق... چەندین ڕوداوی تری ڕۆژانە کە مانای زیاتر بوونی مەترسی درێژەپێدانی نائارامی و ناجێگیریە لە تەواوی ناوچەکەدا.

لەسەر بنەمای ئەم واقعیەتە هەلومەرجی سیاسی کوردستان لەهەمان فەزای نائارامی و ناجێگیری سیاسی و دەورانی ئاڵوگۆڕێکی تردایە، کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت و مامەڵەی سیاسی جدی لەگەڵدا بکرێت. بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراق و هەرێم و خودی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم هەیەو دەبێت، لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕۆشنە، ئەم هەلومەرجە ناهەموارە دۆخێکی پڕ مەترسی و کارەسات و تراجیدیای زیاترە بۆ ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە.

بەجیا لەوەی ئاستی ڕکابەری وەبەرهێنانی کۆمپانیا گەورە جیهانیەکان چ دەورێکی گرنگ و مەترسیداریان هەیە لە سەر هەلومەرجی ئابوری جیهان و دابەشکردنی جیهان بە بلۆکی جیاوازی وەبەرهێنان، کە کارکردی لەسەر مەوقعیەت و دەوری وولاتانی زلهێزی دنیا لە ئاستی ڕکابەری ئابوری و کێشمەکێشی سیاسیدا هەیە، لە ئێستادا ئەوە دەبینین کە کۆمپانیاکانی چین و ڕوز نەفتی ڕوسی و کۆمپانیای گازی ڕوسی چ فشارێکی گەورەن لەسەر مەوقعیەتی ئابوری جیهان بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی. هەربۆیە کۆتایهێنان بە جەنگ و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە ئابوری و پیشەسازی و بازرگانیەکان و

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

دابەشکردنەوەی جیهان لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی نێوان وڵاتانی ئیمپریالی زلهێزی دنیا، لە ژێر کاریگەری گرفتێکی ئاڵۆزکاو و ناهەمواردایە و هۆکارێکی سەرەکیە لە ناجێگیری سیاسی هەر ناوچەیەک کە دەبێتە کێشمەکێش و شەڕی نێوان بلۆکە ئیمپریالیەکان.
لەگەڵ هەموو ئەم جەنگ و کارەسات و ناجێگیری و نائارامی سیاسیەدا کە ناوچەکەی داگرتوە، بەڵام خاسیەتی ئابوری عێراق و کوردستان کە زیاتر بەندە بە بەرهەم هێنان و بازرگانی بە نەوتەوە یەکەم: ئەو هەلومەرجە نەک ڕێگر نەبووە لەوەبەرهێنان و کەڵەکەی سەرمایە، بەڵکو بەو پەڕی ستەم و کاری هەرزانی کۆیلایەتی و کولەمەرگی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان بە بەرزترین ڕێژەی سود سەرمایە کەڵکە کراوەو دەکرێت. دووەم: بە دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی و تائفی بە هێزی میلیشیا تەواوی سامان و داهاتی عێراق و کوردستان دەستی بەسەردا گیراوە و بە تاڵانی و جەردەیی کاری کۆیلەیی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنان و بازرگانی بەڕێوە دەبرێت، سێیەم : بازاڕێکی کراوە و بەرەڵا و بێ سانسۆرە بۆ بازرگانی و مامەڵە بەهەر جۆرە کالایەک هاوردە دەکرێت یان بە قاچاخ دەنێردرێتە دەرەوە.
هەرلێرەوە ئەتوانین بڵێین کە بنەما و واقعیەتی بەڕێوەبردنی دارایی ئابوری کوردستان بە باڵادەستی هێزی میلیشیا و تالانی جەردەیی و بەدەست هێنانی زۆرترین قازانج بۆ حزبە دەسەڵاتدارەکان و بەرپرسەکانیان بەڕێوەدەبرێت.
ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ کاتی پێش 16 ئۆکتۆبەر و دواتر بۆ دوای 16ئۆکتۆبەر، باشتر ئەتوانین دەست نیشانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەین کە لەو نێوەدا پێش هاتوون و لە هەمان کاتدا دوایین ئاڵوگۆڕەکان دیاری بکەین.
لە سەردەمی هێرشەکانی داعش و داگیرکردنی شاری موسڵ لە لایەن داعشەوە، تەواوی هاوکێشە و دۆخی سیاسی عێراق و کوردستانی بردە ئاستێکی تر لە گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی و چۆنیەتی دەورو دەخالەت و کێشمەکێش و ڕکابەری وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکە. لە هەمان کاتدا نیشاندانی ئەوپەڕی لاوازی و نزمی هاوسەنگی هێزی حکومەتی ناوەندی و بودەڵەیی دەوری ئەو حزب و لایەنانەی لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقی ئەو کاتەدا بون، لە لایەکی ترەوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناسیۆنالستی کورد لە ئاستێکی بە توانا‌ترو باڵاتردا نمایشی سەربازیان بە هێزەکانیان دەکرد. هەرئەمەش پێوەری ئەو حزبانە بوو بە تایبەتی بارزانی و پارتی کە لە مەوقعیەت و چاوەڕوانیەکی بەرز و باڵاوە کێشمەکێشی لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا بەرێتە پێشەوە و مامەڵەی بکات، تا ئاستی ئەو چاوەڕوانیەی دروشمی سەربەخۆیی ئابوری و سەربەخۆیی کوردستان بکەنە دروشمی سەرەکی و لە هەمان کاتدا ڕفراندۆم عەمەلی بکەنەوە و ئەنجامی بدەن، هەروەها

## دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

بەشێکی زۆریان پێداگرییان هەبوو لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەتایبەتی کەرکوک، کە یەکێتی و پارتی هێزی سەرەکی بوون لە کەرکوکدا.
هەڵبەتە هاوکات لە پرۆسەی شەڕ لەبەرامبەر داعش و گرتنەوە و وێرانکردنی شاری موسڵدا، ڕێکخستنەوەی هێزە سەربازیەکانی عێراق و پێکهێنانی لەشکری حشدی شەعبی و ڕێکەوتنێک لە نێوان هێز و حزبە تائفی و نەتەوەپەرستە عەرەبیەکاندا بۆ دامەزراندنی حکومەتی عێراق و بە پشتیوانی ئێران، بە جۆرێکی تر و لە ئاستێکی تردا هاوسەنگی هێزی حکومەتی ناوەندی بوژاندنەوەیەکی وەهای بە خۆوە دی کە بە پشتیوانی و دەخالەتی ئێران و سود وەرگرتن لە درز و ناتەبایی حزبە کوردیەکان، هاوکێشەکە بە قازانجی حکومەتی عێراق و ملکەچ کردنی ناسیۆنالستی کورد بەڕێخرا. هەربۆیە دروشمی سەربەخۆیی گۆڕدرا بە گەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراق و پابەندبون بە پاراستنی یەک پارچەیی عێراق و دەستورەوە، کەرکوکیش داگیرکرا و ڕادەستی حکومەتی عێراق کرایەوە، ئەو دەورانە بە پاشەکشە و شکستێکی گەورە بۆ حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئەژمار دەکرێت،... هاوسەنگی هێز لەنێوان بەغدا و هەولێردا بەزیانی بزووتنەوەی ناسیونالیسی کورد تەواو بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە کلک و گوێی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی کرا و زوربەی دەسەڵاتەکانی هەرێم، لە خاڵە سنوریەکانەوە بۆ فرۆکەخانەکان، کەوتنەوە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی... دەسەڵاتی هەرێم تاڕادەیەکی زۆر تەریک خرا، هاوپەیمانیەتیەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێران نزیک لەدارمانی تەواو بووە، لەناوخۆی کوردستاندا ئەوەی ناونراوە" ناو ماڵی کوردی"!! بەرەو لیکترازانێکی بەرین ڕۆشت و ناکۆکی و ململانێی نێوان حزبەکان، بەرەو قوڵبوونەوەیەکی زۆر ڕۆیشت. هەموو ئەمانە نیشاندانی ئاڵوگۆڕێکی جیاواز بوو لە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکان و هەڵوەشانەوەی هەر جۆرە ڕێکەوتن و پەیمان نامەیەک بوو کە لەنێوان ئەو هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیانەی کوردستاندا واژۆکرابو، ئاراستەی شکستی سیاسیان لەوەدا ڕەنگی ئەدایەوە کام لایەنیان ئەتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەدەست بهێنێت. لەم بارەیەوە ئەوە زۆر ئاشکراو بەرچاو بوو کە بارزانی و پارتی بەو ڕادەیەی کە سووربوون و پەیگیریان لەسەربەخۆیی کوردستان بانگەواز دەکرد، بەڵام بەدوای شکستی لەبەرامبەر هێرشی سەربازی حکومەتی عێراقدا لە کورترین ماوەدا بە سەد و هەشتا دەرەجە ئاراستەی گۆری بۆ خۆرادەستکردن و گەڕانەوە بۆ بەغداد.
لەلایەکی ترەوە فەراهەم بونی بۆشاییەکی سیاسی و ڕیسوایی و بودەڵی تەواوی حزبەکانی کوردایەتی لە بەرامبەر ڕوداوەکاندا و ناتەبایی نێوان خۆیان و وەڵام نەدانەوە و بە فەرامۆش سپاردنی خواست و نارەزایەتیەکانی خەڵک و نەمانی هیچ ئومێدێک بە دەسەڵات

و دەوری ئەو حزبانە لە مەیدانی سیاسی و نەبوونی هیچ بەرپرسیاریەتیەک لەبەرامبەر ئایندە و چارەنوسی کوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵکدا. واقعیەتی بەرزکردنەوە و بە عەمەلی کردنی دروشمی ڕوخان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستاندا تەرحێکی کردە و دەستبەجێ و جدی بوو. هەر لەو ڕێگەیەشەوە لە هەمان کاتدا بەرگری لە دەنگدان و خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت کاتێکی گونجاو و کارساز بوو، بەڵام بە داخەوە نائامادەیی و نائینسجامی ڕیزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی نەیتوانی بێزاری و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان ڕێکبخات لە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراواندا بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی حزبە میلیشیاکان و بە ئەنجام گەیاندنی خواستی خەڵک بۆ سەربەخۆیی. هەربۆیە ڕەوتی ڕوداوەکان لە قەیرانی سیاسی و کێشمەکێشی نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکان ئاڕاستەیەکی تری لە خۆرێکخستنەوەی هێزەکانی کوردایەتی بەخۆوە نیشاندایەوە، لەو نێوەدا و پاش ماوەیەکی کەم بۆ جارێکی تر بارزانی و پارتی بە توانا و هیزێکی ترەوە لە ناو هاوکێشەی سیاسیدا سەریان دەرهێنایەوە و لە پەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەوە و بە چونیەتی مامەڵە و گەمەی سیاسی و بە پاشەکشەیەکی ڕیسواو نابوتییان لە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و خۆڕادەستکردن و گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی پێشڕەویەکی بێ وێنەی نواند. بەجیا لەوەی بارزانی و پارتی بە هەر جێگاو ڕێگایەک بەدەستیان هێناوە و وەک هێزی یەکەم دەرکەوتەوە و زۆربەی جومگە سیاسی و ئابوریەکانی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام دەورانێکی نەرێنیتر لەبەردەوام بون بە گێژاو و ناجێگیری سیاسی و ناڕۆشنی ئایندە و چارەنوسی کوردستان وەک قەیرانێکی سیاسی درێژەپێدایەوە .

هەرچەندە حزبەکانی کوردایەتی بەدوای ١٦ ئۆکتوبەر جۆرێک پاشەکشەیان کردبێت لەهەمان کاتدا دابەزینی هاوسەنگی هێزی پارتی و بارزانی واقعیەتێک بوو، بەڵام دواتر هەستانەوەی هاوسەنگیەکەی لەناو هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا پارتی بە جێگاوڕێگایەکی تایبەتیتری بە خۆیەوە نیشاندا، تا ئەو ئاستەی لایەن و هێزەکانی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکانی بە ناچاری کردۆتە پاشکۆی سیاسەتەکانی. لە هەمان کاتدا بەجیا لە دۆخی کارەسات باری سیاسی و ئابوری کوردستان و ئەو دۆخەی هێنایانە کایەوە بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە کە ئەوپەڕی کاری بەکرێی هەرزان و کۆیلایەتی بۆ کرێکاران خولقاندوە. بارودۆخەکە بەجۆرێک هۆکاری گەورەبون و فراون بونی قڵشتی چینایەتیە کە مەترسی بەرزبوونەوە و زیاتربونی ئاستی ڕێژەی هەژاری و بێ کاری و نەداری ڕۆژانە لە زیادبوندایە.

بەگشتی بورژوازی کورد لەم هەلومەرجەدا نیگەرانی ئەوەیە کە هیزێکی بەناو

## دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

ئۆپۆزیسیۆنی کارا و کاریگەر و مونسەجم لەناو خانەوادەی بۆرژوازیدا نییە، تا وەکو فریادرەسی دەسەڵات لەکاتی دوبارە دەستپێکردنەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەریدا ڕۆڵ بگێڕێت و دەسەڵات بپارێزێت، یان لەبەرامبەر ئەو روداو و مەترسیانەی لە ناوچەکەدا روئەدەن خۆراگربێت.

ئێستا پاش لە دەورەیەک لە کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە و هێزە میلیشیا و سیاسیەکان، بەتایبەتی پاش پاشەکشە بە دەوری پێشڕەوی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هەلومەرجی سیاسی ئاڵوگۆڕەکان وەها نمایش دەکات کە یەکەم: دۆخێکی مەترسیداری شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە کە بنەماکەی پەرچەکرداری ئەمریکایە لە بەرامبەر دەوری ڕوسیا و بلۆکە ئیمپریالیەکانی ترە لە ناوچەکەدا. دووەم: دەخالەتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی تورکیا لە سوریا و هەروەها بڵاوکردنەوەی لەشکرێکی سەربازی بەناوی پاراستنی سنورەکانیەوە هێرش دەکاتە سەر هێزە کوردیەکان و لێدان لە پەکەکە تا لەناو هاوکێشە سیاسیەکان و هەر ئاڵۆگۆڕێک لە ناوچەکەدا ڕوبدات پێگە و دەوری تورکیا بەرز ڕابگرێت. سێیەم: سەودا و مامەڵەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەبێنەو بەرەیەکی بەردەوام و ناڕێک و نەگەیشتن بەئاکامێک قەراری گرتووە کە ئەو سەری دیار نییە. چوارەم: ناجێگیری لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا دۆخێکی دژوار لە گێژاو و ناجێگیری بەخۆوە نیشاندەدا تا ئەو ئاستەی کە قابیلی لێکترازان و داڕووخانە. پێنجەم: حکومەتی هەرێم بە دەوری بارزانی و پارتی دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیە ئابوری و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکان  کە پێشتر بەدوای 16ئۆکتۆبەر ڕایگرتبوون. لەپەیوەندی نێوان پارتی لەگەڵ تورکیا و عێراقدا، ئاڵوگۆڕێک بەرۆشنی دەبینرێت. ئەگەر پیشتر پەیوەندی پارتی لەگەڵ تورکیا، پەیوەندیەکی سەرەکی و میحوەری بوو، لە ئیستادا پارتی هەوڵی تەواوی خۆی دەدەت پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەغدا بکاتە میحوەری و خوبەستنەوەی بە بەغدا زۆرتر بەسودی خۆی دەبینێت. شەشەم: ئەو حیزب و لایەنانەی لە کوردستاندا لە وێنەی گۆڕان و ئیسلامیەکان دەورانێک بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لەبەرامبەر حکومەت نمایشیان دەکرد ئێستا بەجیا لە بنبەست بوونیان بەسەرومالەوە تەسلیم بە حکومەتی هەرێم و سیاسەتەکانی بوون. حەوتەم: پەیوەندی یەکیەتی و پارتیش ئاستێکی تر لەبارگرژی و ناڕێکی نیشاندەدات کە هاوسەنگی هێز باڵادەستی پارتیە، یەکیەتیش بەناچاری لەلایەک بۆتە پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی و لەلایەکی تریشەوە دەرگیری گێژاوێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ڕیزەکانیدا بووە. هەشتەم: ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی کوردستان تارادەیەک پاشەکشەی پێکراوە تا ئەوئاستەی ئومێد بە ڕوخان و کۆتایی هاتن بەم دەسەڵاتە لە ئێستادا بۆیان سەختەو چاوەڕوان نەکراوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**دیدگای سۆشیالیستی: کارنامەی کابینەی نوێی حکومەت، بانگەشەیە بۆ چاکسازی، لەپشتی ئەم کارنامەیەوە چ ستراتیژێک و چ ئامانجێک ڕاوەستاوە؟ هاوکات مەودا و قابیلیەتەکانی دەستەی فەرمانڕەوا بۆ چاکسازی چییە و چ ئاستەنگێکی لەبەردەمدایە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** گەر لەسەر ڕۆشنایی ئەو باس و لێکدانەوانەی لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئابوری کوردستان قسەمان کرد، پێش هەموو شتێ بەو ئاکامە دەگەین کە چاکسازی هیچ زەمینە و واقعیەتێکی لە کوردستاندا نییە و بێ مانایە. بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانین زیاتر بچینە سەر وەڵام بەو پرسیارەی کە بۆچی چاکسازی لە کوردستاندا هیچ بایەخ و مانایەکی نییە؟ یەکەم: کوردستان لەماوەی تەواوی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتیدا لەهەر دەورانێکدا کەوتۆتە بەر شەپۆلی کاریگەری کێشمەکێش و شەڕی وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکە. دووەم: بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن حیزبەکانی کوردایەتیەوە لە ئاکامی هێرش و داگیرکاری ئەمەریکا بوو بۆ سەر عێراق، واتە پاش ئەوەی شیرازەی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی عێراق داڕوخاو تێکرما، حیزبەکانی کوردایەتی وەک بەشێک و پاشکۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەسەڵاتیان گرتە دەست. سێەم: لەدوای شەڕی کەنداو کوردستان هیچ پێناسەیەکی پێکهاتەی دەوڵەتی یان پەیوەند بە دەوڵەتێکەوە نەما و لەژێر پارێزگاری و پاراستن لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەڕێوە دەبرا، حیزبە میلیشیاکانی کوردایەتی وەک پاسەوان و خزمەتکاری بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کوردستانیان بەڕێوە دەبرد. چوارەم: سەرەتا ئابوری کوردستان وەک ئوردوگایەک بە کۆمەکی نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەکی ڕێکخراوە جیهانیەکان و خەرجیەکانی ئەمریکا بەڕێوە دەچوو تا ڕوخان و نەمانی بەعس. دواتر پاش دامەزراندنی حکومەتی عێراق کە لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و ڕێکخستنی هێزە قەومی و ئیسلامی و تائیفیەکان پێکهات، حیزبەکانی کوردایەتیش لەلایەک بەشداربوون لە پرۆسەی پێکهێنانی ئەو حکومەتەدا و لەلایەکی تریشەوە وەک هێزی میلیشیا دەورێکی سەرەکییان دی لە تالان و برۆ و جەردەیی و کۆنترۆڵکردنی چاڵە نەوتیەکان و قاچاغچێتی بە بازرگانی کردن بە نەوتەوە. پێنجەم: هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتیدا، لەڕێگای شەڕێکی خوێناوی لەسەر دەسەڵات کوردستانیان دابەشکرد بەسەر دەسەڵاتی زۆنی سەوز و زۆنی و زەرد، کە 28ساڵ زیاترە بەهەمان شێوە یەکێتی و پارتی دوو دەسەڵاتداری دوو ناوچەی کوردستانن.

هەر چاودێرێکی سیاسی گەر بەم شێوەیە لە هەلومەرجی کوردستان بخوێنێتەوە و مێژووی 28ساڵەی دەسەڵاتی حوکمی هێزە سیاسیەکانی بناسێت تێدەگات کوردستان ڕەوەندێک لە بەردەوامی گێژاو و ناجێگیری سیاسی بەسەردەبات. بەمانایەک گرنگترین

## دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

مەسەلە لە کوردستاندا تێپەڕاندن و وەلانانی ئەو هەلومەرجەیە کە ناتوانێت سەقام گیری و جێگیری سیاسی دابین بکات، لە هەمان کاتدا پێکهێنانی کابینەی حکومەتی مەسرور بارزانی بە هەر بانگەشەو ڕاگەیاندنێک کە لە ئێستادا بۆ چاکسازی دەیکات، ناتوانی لە فەزاو هەلومەرجێک بەدور بێت و جیاواز بێت لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی پارتی و یەکێتی و دەوریان لە بارگرژی و ناجێگیری سیاسیدا.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێینە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا ئاماژەمان پێکردون بەتایبەتی لە باری ئابوریەوە، ئەوە ئاشکرایە کە وەبەرهێنان و بازرگانی نەوت و دەوری کۆمپانیا جیهانیەکان بوژانەوەیەکی سەرنجراکێشی بە ژێرخانی ئابوری کوردستان داوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەوری حیزبەکانی کوردایەتی و بەرپرسەکانیان وەک هێزی میلیشیا و قۆرخ کردنی سەروەت وسامان و دەستگرتن بەسەر تەواوی جومگە ئابوریەکان هەلومەرجێکی لە ئەوپەڕی نالەباری بۆ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەدی هێناوە.

واتە لەلایەک کوردستان بەجیا لەوەی ئایندە و چارەنوسی نادیار و ناڕۆشنە، لەهەمان کاتدا مێژوویەکە لە کارەسات و تراژیدیا و دەردەسەری و گێژاو و ناجێگیری سیاسی، لەلایەکی ترەوە تالانی و کەڵەکەی بێشوماری سەرمایە بە قۆرخکرنی سەروەت و سامان و تالانی و پڕکردنی بانکە جیهانیەکان لەلایەن بەرپرسەکانەوە مایەی ئەوپەڕی چەوسانەوە و ستەم و هەرزانی کاری بەکرێ و کۆیلایەتی و بێکاری هەژاریە.

مەسەلەیەک کە دەبێت لەم نێوەدا بە هەند وەربگیرێت، پێویستە لەوە حاڵی بین ئەم جۆرە لە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و باڵادەستی و دەسەڵاتی میلیشیایی و تالانچێتی ئاسۆی ڕێگایەک بۆ چاکسازی لە ناو خودی دامەزراوەی ئەم دەسەڵاتەدا سەخت و زەحمەتە. لەم بارەیەوە سەرنجی ئەوە بدەن پێش 16ی ئۆکتۆبەر، حکومەتی هەرێم بە ناوی سەربەخۆییەوە چۆن سەرقاڵی پەیوەندی و گرێبەستی ئابوری لە گەڵ وولاتان و کۆمپانیا جیهانیەکاندا بوو، ئەوەی نیشان ئەدا جوڵەیەک لەبوژانەوەی ئابوری بەرێوەیە، بەڵام دواتر واتە بەدوای 16ی ئۆکتۆبەر زۆربەی ئەو گرێبەست و پەیوەندیانە ڕاگیران، وە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم زیاتر پێداگری بوو لەسەر گەڕانەوە و پشتبەستن بە حکومەتی ناوەندەوە. لە تەواوی دەورانی بارگرژی و کێشمەکێش و هەرای نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم لەسەر چوار خاڵ خەریکی سەودا و مامەڵەن و لە بازنەی بۆشاییەکدا دەسوڕێنەوە و هیچ کات ناگەنە ئەنجامێک بە تایبەتی لەسەر ئەم چوار خاڵە. یەکەم: لەسەر چۆنیەتی داهاتی عێراق و کوردستان و گەڕانەوەی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ناوەند. دووەم: لەسەر وەبەرهێنان و بازرگانی بە نەوت و گازەوە. سێیەم: دەربارەی ناوچە

کێشەلەسەرەکان بە تایبەتی کەرکوک. چوارەم: مەسەلەی پێشمەرگە و خەرجیەکەی.
حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەو مانایەی لەناو دووڕیانێکدا خۆیان بەگیرهێناوە کە ڕێگای دەربازبونیان لە ناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا بە بنبەست گەیاندووە و ئیمکانی گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دژوار و سەختە بۆیان. بەرژوەندی پاراستن و مانەوەی هێزەکانیان و پابەندبونیان بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی وڵاتانی ترەوەیە، جگە لەوەی ناتوانن جێگیری سیاسی دابین بکەن، بە هەمان شێوە چاکسازیش دەچێتە ناو هەمان بازنەوە و مانایەکی نامێنێت. ئەو مەسەلانەش کە مەسرور بارزانی جەختی لەسەردەکات لە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە دەربارەی شیوازێکی تر لە ریکخستنی بودجە و داهات و خولقاندنی فرسەتی کار..هتد هەڵبەتە جگە لەوەی هەوڵدانە بۆ زیاتر دابینکردنی ئیمکاناتەکانیان لە ڕێگەی بەغداوە، بەڵام هەوڵێکی بێ بنەمایە بۆدەرچون لەو قەیرانەی لە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدادایە، بە تایبەتی لەم هەولومەرجە سیاسیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بارودۆخی عێراق ناجێگیری و ناسەقامگیری زیاتر بەخۆیەوە نیشان ئەدات و بارگرژی هێزە سیاسیەکان و ئاستی نارەزایەتیە جەماوەریەکان ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە هاوسەنگی ئەو هێزانەی ئێستا لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان بەرەو نائنسجامی زیاترو لێکترازان هەنگاو دەنێت، لەم ساتە وەختەدا حکومەتی هەرێم و بە تایبەتی دەورو مەوقعیەتی پارتی جارێکی تر لە ئاستێکدایە کە هەوڵئەدات بەناوی چاکسازیەوە فرسەت لەو دۆخە بهێنێت و بە قازانجی هێزەکەی ئەو گەمە سیاسیە بەکار بهێنێت. هەروەها گەر سەرنجیش بدەن جارێکی تر خەریکی گەڕانەوە و پێداچونەوە و ڕێکخستنی پەیوەندی و گرێبەستە ئابوریەکانە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکاندا. دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، چۆنیەتی درێژەدان بەم مامەڵە و گەمە سیاسیانەی نێوان هێزە میلیشیاکانی عێراق و کوردستان مانەوە و بەردەوامی هەمان گێژاو و ناجێگیری سیاسیە، کە جگە لە کۆتایی هێنان و پاکردنەوەی ئەو هێزانە ڕێگایەکی تر نییە بۆ ئارامی و جێگیری سیاسی و ئاسودەیی عێراق و کوردستان. لەهەموو ئەوانەش واوەتر، دەسەڵاتێکی دز و تاڵانچی چۆن دەتوانێت ببێتە هیزی چاکسازی؟ هەر چاکسازییەکی ڕیشەیی کۆتایی هێنانە بەو دەسەڵاتە، بۆیە ئەم هێزانە هێزی سەرەکی دژی چاکسازین و هەر حزب و لایەنێکی سیاسیش هەوڵی جدی بدات بۆ چاکسازی ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە دەبێتەوە. ئەوەی دەتوانێت چاکسازی کەمێک بەرجەستە دابسەپێنێت، فشاری بزووتنەوەی نارەزایەتی لەخوارەوەی جەماوەرییە، لەچەشنی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی عێراق، یان بزووتنەوەی نارەزایەتی لە چەشنی ١٧ شوباتی ٢٠١١.

## دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

**دیدگای سۆشیالیستی: پەیوەندی هەولێر و بەغداد، گرێدانەوەی ئیقتساد و سیاسەت لە کوردستان بە بەغدادەوە، تاچەند بەرنامە وستراتیژی دەسەڵات لەکوردستان دەباتە پێشەوە وئاستەنگەکانی بەردەمی چین؟ ئایا ئابوری و سیاسەت لەکوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتن و گەڕانەوە بۆ بەغداد دەورانێکی ئیستقرار و گەشە بەخۆیەوە دەگرێ؟**

**عوسمان حاجی مارف:** هەرچەندە کوردستانی عێراق لەماوەی ٢٨ ساڵی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا لە عێراق جیا نەکراوەتەوە و چارەنوسی دیار نییە، دواتر بەناوی دەوڵەتی فیدراڵی و دەستورەوە گرێدرایەوە بە بەغدادەوە، بە تایبەتی دوای ڕوخاندنی بەعس جگە لەوەی یەکێتی و پارتی بۆ خۆشیان پێکهێنەرو شەریکن لە پێکهێنانی حکومەتە یەک بەدوایەکەکانی عێراقدا، حکومەتێک لەسەر بنەمای پێکهێنانی ڕێککەوتنی هێز و لایەنە سیاسیە قەومی و ئیسلامی و تائیفیەکان، لە هەمان کاتدا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پشتبەستنیان بەوەی بەشێکی سەرەکی ئابوری کوردستان بە وەرگرتنی بودجەیە لە بەغداد، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە داهاتی کوردستان بگەڕێننەوە بۆ بەغداد، ئەم پرۆتۆکۆلە هەمیشە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی نێوانیان وە نەتوانراوە ڕێکبخرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە هیچ کاتێک ئەم کێشەیە و گرفتی ناوچە کێشە لەسەرەکان و کێشەی پێشمەرگە نەتوانراوە چارەسەر بکرێن و بێ دەردی سەر بێت.

هەڵبەتە کۆمەڵگەی کوردستان لە باری ئابوریەوە وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگای سەرمایەداری جیهان و پەیوەند بە بازاڕی جیهانەوە ئەتوانێ و دەکرێت ئابوری و بازاڕی سەبەرخۆی خۆی بەدەست بهێنێت و پەیوەندیە ئابوریەکانی خۆی ڕێک بخات و بەرێوەبەرێت، لە بواری وەبەرهێنانی نەوت و لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و..هتد ، بەڵام ئەوەی کە کوردستانی دانەبڕیوە لە بەغداد و هەمیشە هەوڵی ڕەخساندن بووە بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی کەڵەکەی سەرمایە و ئیمکانات لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندەوە، هەر بۆیە بە شێوازی پاراستنی دەسەڵاتی هێزی میلیشیا و تاڵانی و جەردەیی پاشکۆبونیان بە بەرژەوەندی و سیاسەتی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان و ناوچەکەوە هەڵبژاردنی گەڕانەوە بۆ بەغداد بە هەموو کێشەکانیەوە کارسازتر بووە بۆیان، لەلایەک بۆ کەڵەکەکردنی بێشوماری سەرمایە و فرسەت خوڵقاندن بۆ ئاسانکاری زیاتری تاڵانی و دزی و گەندەڵی، لەلایەکی ترەوە بۆ خۆ دزینەوە لە هەر بەرپرسیاریەتیەک لەبەرامبەر دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکدا، بەم جۆرە هەمیشە لەچوارچێوەی کێشمەکێش و گەمەی سیاسی نێوان هەولێر و بەغداد و حیزبەکاندا بەڕێوەبردنی ئابوری کوردستان کێشە و ئاستەنگی و ناجێگیری بەخۆوە دیوە کە کارکردی لەسەر باری خراپی گوزەران و ژیانی خەڵک داناوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

لەسەر بنەمای گێژاوێک لە پەیوەندی ئابوری نێوان هەرێم و بەغدادا کە شێوازەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە جگە لەوەی کە ڕێکەوتنەکانیان لەسەر داهات و بودجە و بەرهەمهێنانی نەوت و بازرگانی هیچ کات نەک نەگەیشتونەتە ئاکام بەڵکو ژێربەژێر پەیوەندیە ئابوریەکانیان بە وولاتان و کۆمپانیاکانی جیهانەوە بە ئەنجام گەیاندووە و بازرگانی و قاچاغ چێتی نەوتیان کردووە.

ئەم هەلومەرجە لە بەڕێوەبردنی ئابوری لە کوردستان و عێراق کێشە و گرفتێکی موزمن و بێ چارەسەرە وهەلومەرجێکی نالەباری وای پێکهێناوە کە گەشەی بەرفراوانی ئابوری بێجگە لە بواری وەبەرهێنان و بازرگانیکردن بە نەوتەوە، بواری پیشەسازی و هەر بوارێکی تر لە نمونەی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و بوارەکانی تر سنوردار کردوە و دەکات. بۆیە ئەم جۆرە لە پەیوەندی و دانەبڕانی هەولێر لە بەغداد، وە نەبوونی سەربەخۆیی ئابوری لەناو پێکهاتەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستاندا لەناو فەزای گێژاو و ناجێگیری سیاسیدایە، ئەگەر ئەم سەودا و مامەڵەیەی نێوان هەولێر و بەغداد کەڵەکەیەکی بێشوماری سەرمایە بێت بۆ سەرمایەداران و بەرپرسە حیزبی و دەسەڵاتدارەکان، ئەوا لەبەرامبەریدا پێکهێنانی هەژاری و نەداری و بێکاریەکی فراوان بەرەو ڕووی کۆمەڵگای کوردستان دەکاتەوە.

هەربۆیە ئەتوانم بڵێم ئابوری و سیاسەت لەکوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتن و گەڕانەوە بۆ بەغداد هیچ کات نەک ناتوانێ دەورانێک لە جێگیری و گەشە بەخۆیەوە بگرێت، بەڵکو جگە لەوەی ئاکامی ئەوپەڕی نەهامەتی و کارەساتە، لە هەمان کاتدا بێ ئومێدیە بۆ فەراهەم هێنانی چاکسازی بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان.

**دیدگای سۆشیالیستی: حکومەت سازدرا، ریزبەستنی ئەحزابەکان چۆن دەبینیت، ئایا کابینەی سێکوچکەی پارتی و یەکیەتی و گوڕان ئەتوانێ یەکیەتی چینی دەسەلاتدار پایەدار بکات و بۆ ئەو ماوەیەی کابینەی 9ی تیدایە بیهێڵێتەوە؟ ڕۆڵی حزبە کانی تری دەرەوەی حکومەت چۆن دەبینین .. ئایا کاریگەری ئەم ڕیزبەستنەی حزبەکانی ناوحکومەت و ناکۆکی دەورانی نێوان حزبەکان چ کاریگەریەکی لەسەر ناڕەزایەتی خەڵک دەبێت؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ڕاستە حکومەتێک بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی پێکهێنراوە بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا، بەڵام ئەوەی کابینەی ئەم حکومەتە لەچاو کابینەکانی پێشوو تری ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکان جیا دەکاتەوە، کابینەکانی پێشوو کە دەورانێک زیاتر ئاستی ڕادەیەک لە هاوتابونی هاوسەنگی هێزی یەکێتی و پارتی ڕایگرتبوو بەناوی ڕێککەوتنی ستراتیجی یان

دواتر بەناوی حکومەتی بنکە فراوان، پارتی بە جۆرێک ئاستی ڕێککەوتنەکانی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەکان و شەریککردنیان لە پێکهێنانی حکومەتدا مامەڵە دەکرد، بەڵام وەک پێشتر لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا ئیشارەتمان پێکردن بەماوەیەک لە دوای ١٦ئۆکتۆبەر پارتی توانی بەسود وەرگرتن لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و عێراق و کوردستان هەروەها شکستهێنان بە نەخشە و سیاسەتێک کە یەکێتی نیشتمانی لە ١٦ئۆکتۆبەردا لە بەرامبەر پارتیدا دایڕشتبوو بەڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی ئێران و عێراقدا بۆ لێدان لە پارتی و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی، نەک یەکێتی لەم هەنگاو و پلانەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵکو بوو بە شکستێکی گەورە و پاشەکشە بە سیاسەتەکانی ولاواز بونی هاوسەنگی هێزەکەی. لەلایەکی ترەوە حیزبەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی سیاسیدا بە تایبەتی گۆڕان و ئیسلامیەکان بەهەمان شێوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر نەیانتوانی درێژە بە شێوازی دەوری ئۆپۆزسیۆنی بدەن لەناو حکومەت و بەرامبەر یەکیەتی و پارتیدا. هەر بۆیە واقعیەتی هەر هێزێکی سیاسی کە لە مەوقعیەتی ئۆپۆزسیۆنیدا توشی شکست بێت، دەورونفوزی خۆی لەدەست دەدات و لاواز دەبێت، دەتوانین بڵێین ئەم حکومەتەی کە ئێستا پێکهاتوە و گوایە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات و گوایە یەکدەستی حزبە دەسەڵاتدارەکان نمایش دەکات، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حکومەتی پارتیە و لایەنەکانی تر تەواو پاشکۆ و ملکەچی سیاسەتەکانی ئەون.

هەڵبەتە هەرچەند ئێستا ئەمە واقعیەتێکە بارزانی و پارتی هێزی یەکەمە و باڵادەستی ناو مەیدانی سیاسی ئێستای کوردستانە و پێکهێنەری حکومەتە، بەڵام ناجێگیری سیاسی ناوچەکە و هەلومەرج و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچەکەدا و ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان حزب و هێزە بۆرجوازیەکان بۆ دەسەڵات، هەمیشە ئاڵوگۆڕ بە هاوسەنگی هێزەکان دەکات و ئاڵوگۆڕی تازە و چاوەڕوان دەکرێت و دێتە کایەوە، ئەم دەورەیەش لە مەوقعیەتی بارزانی و پارتی بەوەی کە ناتوانن یا نایانەوێت لە بەغداد جیاببنەوە، نەک ناتوانێ زەمینەکانی جێگیری سیاسی و یەکدەستی حزبەکان لە حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراقدا یەک بخات و وەک هێزێک مەرکەزیەتی دەسەڵات لە کوردستان یەکلایی کاتەوە، بەڵکو هەلومەرجی سیاسی بەرەو ئایندەیەکی پڕ گێژاوتر و مەترسیدار دەبات، تا ئەو کاتەی دەور و باڵادەستی حزبەکانی کوردایەتی بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی میلیشیایی خۆی بدات و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری بە وێنەی پێکهێنانی دەوڵەتێک لەکوردستاندا نەکەنە ئەمری واقع، ئەم هەلومەرجە بەردەوام بەرهەم دێتەوە. پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا، لەسەر پایەی هاوسەنگی هێزیان لەهەر دەورەیەکدا دەڕواتە پێشەوە. دەسەڵات چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا نەک دەسەڵاتێکی یەکلایی کەرەوە و مەرکەزی نییە، بەڵکو بێ

سەروبەرە و هەر ناوچەیەک هێزێک تیا دەسەڵاتدارە، ئەگەر دەسەڵات لە عێراقدا لەدەست حزب و بزووتنەوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا یەکلابێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ هەرێم و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و لەبەرامبەر بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و...تاد، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، ئەمە بۆ دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتیش هەر ڕاستە، دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتیش دەسەڵاتێکی یەکلایی کەرەوە و مەرکەزی نییە. ڕاستە لە ئێستادا باڵادەستی حکومەتداری وا بەرچاو دەخرێت لەدەستی پارتیدایە، بەڵام دەسەڵات دابەشی دوو دەسەڵاتی زۆنی پشت بەستو بەزۆری چەک و پاوانی داهات و خۆبەستنەوە بە یەکێک لە وڵاتانی ناوچەکەوەیە، کە زۆنی پارتی قەڵەمڕەویەکەی فراوانتر و وەکو حزبیش یەکدەستتر و وەکو روئیای سیاسیش، رۆشنتر لە یەکیتییە... بەڵام پارتی ناتوانێت لە زۆنی سەوزدا، کوێخایەتی و دەسەڵاتی هەبێت. وەکو ئەوەی لە زۆنی زەردا هەیەتی. هەموو ئەوانەش ئەو ڕاستیە دەخەنەوە ڕوو کە هێشتا دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، دەسەڵاتێکی بان حکومی و سەرو یاسایی و میلیشیاییە. پەیوندی نێوان پارتی و یەکێتیش بە بەغداوە، بەهەمان شێوە حوکمی حزب و دەسەڵاتی میلیشیایی و قەڵەمڕەوی دەسەڵات دیاری دەکات.

تەنها ڕێگا هاتنە مەیدانی هێزی جەماوەری و دابینکردنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. هەر ئێستا دۆخی ناڕەزایەتی بەرفراوانی بەغداد و شارەکانی خواروی عێراق واقعیەتێک لە بێزاری خەڵک نیشاندەدەن کە ئەم هەلومەرجە نالەبارە ئابوری و سیاسیەی ئێستای کوردستان وعێراق و ئەم دەسەڵاتە میلیشیا و تاڵانچیە قبوڵ ناکرێت و داوای ئاڵوگۆڕی جدی لە ئاستێکی باڵا و مەزندا خۆ نیشان ئەدات و خەریکە خۆی ڕێک دەخات.

**دیدگای سۆشیالیستی: جێگاو ڕێگای ناڕەزایەتی جەماوەری لەئێستادا چۆن دەبیننەوە و نەبەردەکانی ڕووبەڕوبونەوەی جەماوەری لەبەرامبەر دەسەڵاتدا کامانەن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** مەسەلەیەک کە گرنگ و نەشاراوەیە بۆ ئێمە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە هەموو مانایەک دوورن لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەرانی و ئارام و ئاسودە و جێگیر بۆ خەڵک. لەهەمان کاتدا خولقاندنی چەندین کارەسات و تراژیدیا تا ئەو ئاستەی کە هەژاری و برسیەتی و کۆچ کردن بووە پێناسەی خەڵکی کوردستان، هەر ئەم واقعیەتە مایەی بێزاری و ناڕەزایەتیەکی جەماوەری بەرینی کوردستان بوو، کە سەرەتا بە کۆچ کردن وجێهێشتنی کوردستان تەعبیری لێ دەکرا.

هەر لە پرۆسەی بەردوامی دەسەڵاتی ئەم حیزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیانەدا و ئەو

## دۆخی سیاسی کوردستان و لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی کاری حزب

ئاڵوگۆڕانەی لە هەلومەرجی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیدا خۆی دەنواند، بەهەمان پێوەر شێوازی ناڕەزایەتیەکان لەئاستی جیاوازدا دەردەکەوتن، کە بە گشتی تەعبیر بوون لە نەویستن و وەلانانی ئەم دەسەڵاتە، بەڵام لە ئاستێکی لاواز و ناڕۆشنی لە ئامانجەکانی و دەستنیشان نەکردنی ئەلتەرناتیڤێک کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی دەور و دەخاڵەتی جەماوەری خەڵک بکات لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

گەر نمونەی 17 ی شوباتی 2011 بهێنینەوە یادمان، بەجیا لەوەی دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایەتیەک بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا، لەهەمان کاتدا لەژێر کاریگەری شۆڕشەکانی ئەو کاتەی وولاتانی عەرەبیدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاستێکی بەرین لە خۆپیشاندان لەشارەکانی زۆنی سەوزی گرتبووەوە، بەڵام نەیتوانی لەژێر هێژمونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی خۆی جیابکاتەوە و بیپارێزێ. هەر بۆیە هێزێکی وەک گۆڕان توانی پێشرەوی بکات و بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری بهێنیت.

بەردەوامی ئەم ناڕەزایەتیانە بۆ داوای خواستەکان و وەستانەوە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە دەورانی جیاوازی بەخۆوە دیوە و هەنگاو بەهەنگاو لە ئاستێکی باڵاتردا دەرکەوتووە، بۆ نمونە نارەزایەتیەکانی 2016 هەرچەند بەشێوەیەکی ڕیشەیی سنووربەندی لەبەرامبەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا نەکردبوو، بەڵام توانی لەئاستێکی دیاری کراودا خۆی لەبەرامبەر دەوری حیزبەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا بپارێزێت، لە نمونەی حیزبە ئیسلامیەکان و گۆڕان. لەلایەکی ترەوە شێوازی خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران بە مانگرتن و نەچونە سەرکار خۆیان ڕێکخستبوو، لەهەندێ جێگای تردا لە شوێنی کاردا گردبونەوەیان دەکرد، بەڵام دەتوانین بڵێین کە دوبارە ئاستی ناڕەزایەتیەکان و ناڕۆشنی ئامانجەکانیان بەتایبەتی وەستانەوە لەبەرامبەر وەلانانی دەسەڵاتی سیاسی لەهەمان بۆشایی بازنەی نەبونی ئەلتەرنەتیڤیک دەسوڕایەوە، بەم شێوەیە هەرچەند واقعیەتی ناڕەزایەتیەکان و خواستی بنەڕەتی خەڵک وەلانان و کۆتایی هێنانە بەم دەسەڵاتە، بەڵام نائامادەیی و ناڕۆشنی و ناڕێکخراو بوون نەبوونی ڕابەری بەجێگەیاندنی ئەم خواستە بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی و جیاوازی هاوسەنگی هێز لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا ئەم سەرو ئەوسەر دەکات.

واقعیەتێک کە پێویستە دوای١٦ی ئۆکتۆبەر و سەربەرزکردنەوەی پارتی و باڵادەستی بارزانی ئاماژەی پێ بکەین، خواستی وەلانان و ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە بە هێزی خۆی لە ئاستێکی بەرینی نارەزایەتی جەماوەریدا بە شوێنی خۆی ماوە، بەڵام هەلومەرجی پڕ دژوار و بێ ئومێدی بەوەی ئەم دەسەڵاتە دەتوانێ خۆی ڕێکخاتەوەو بەردەوام بێت، جەماوەری نارازی دەورانێک لە کابوسی بێئومێدی بەسەر دەبات، هەڵبەتە ئاستی پێشرەوی

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

نارەزایەتیەکان و راپەرینی ئێستای بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراق وەک ئەزمونێک گیانێک دەبەخشێ بە هەڵسانەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە ناوچەکەدا و هەروەها زەمینەی گرێ خواردنی بە ئایندەو دەوری لەسەر نارەزایەتیەکانی کوردستان ئومێد بەخش و ئەرێنی دەبێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئێوە باس لە وەلانانی، دەسەلات دەکەن، دەست بردن بۆ ئەم کارە و رێگای وەلانانی دەسەلاتی ئێستا چییە و تاکتیکەکانی کامانەن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** وەک پێشتر باسمان لێوە کرد وەلانانی دەسەڵات لە کوردستاندا باسێکی شەخسی من نییە، یان خواستێکی زهنی وئارەزوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نییە، بەڵکو دەربرینی بێزاری و ئامانجی بزووتنەوەیەکی جەماوەریە کە دەخوازن رزگاریان بێت لەدەست ستەم و زوڵم و نەداری و هەژاری و بێکاری...هتد. خواستی کۆتایی هێنان بەم دەسەلاتە ئاکامی پەرچەکردارە لە دەور و ئەزمونی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا، کە وەک ئەحزابی سیاسی بورجوازی لەلایەک بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە زۆر بێبەزەییانە پارێزەری کاری هەرزان و سفرە خاڵی کردنی کرێکاران و زەحمەت کێشانن. لەلایەکی ترەوە هۆکارێکی گەورە بوون بە پێکهێنانی بەردەوامی ناجێگیری سیاسی و کارەسات و تراژیدیادا، هەروەها جۆرێک لە پێکهێنانی سیستمی تالانی و گەندەڵی و جەردەیی کە هیچ بوارێکی بۆ چاوەروانی لەم دەسەلاتە و لە چوراچێوەی نەخشەو سیاسەتەکانیدا بۆ چاکسازی بەبێ دەورو دەخالەتی نارەزایەتی جەماوەری بە قازانجی ژیانی خەڵک نەهێشتوەتەوە. هەر بۆیە مەرجی ئاڵوگۆرێکی ریشەیی کە بە قازانجی دانیشتوانی کوردستان بێت و کۆتایی بە نائەمنی و نائارامی و ناجێگیری سیاسی بهێنێت، تەنها راپەرین و شۆرشێکە کە کۆتایی بە دەسەلاتی میلیشیای بهێنێت و هەوڵبدات دەورودەخالەتی راستەوخۆی خەڵک لەدەسەلاتی سیاسی لە رێگەی شوراکانەوە مسۆگەر بکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: حزب لەئیستادا سەرخەتی سیاسەتەکانی چیە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ئەوەی لەسیاسەت و بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بنەرەتی و رۆشنە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و لە بەین بردنی هەرجۆرە چەوساندنەیەکی ئینسانە لەسەر ئینسان، کۆتایی هێنان بە هەر جۆرە نایەکسانیەک لە کۆمەڵگەدا لەرێگای شۆرشی کۆمەلایەتی کرێکاریەوە فەراهەم

دەبێت. لە کوردستانیشدا وەک هەر وولاتێکی تری سەرمایەداری لە جیهانی ئەمرۆدا تەنها ڕێگا بۆ ڕزگاری هەر شۆرشی کرێکاریە، بەڵام شۆرشی کرێکاریی کارێکی خۆرسکی و بێ نەخشە و بی بەرنامە نییە، وەکو شۆرشی هەمەگانی" هەموان" لەنموونەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی!! نییە. بەڵکو پێش هەموو شتێ پێویستی بە ئامادەکردن و ڕێکخراوبون و هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و حزبەکەیەتی بۆ ناو کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بە هێژمۆنی کردنی ئاسۆی سۆشیالیستی لە ئاستێکی بەریندا، هەروەها پێویستی بە وەلانانی گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم شۆڕشە کە لە ڕێرەوی خۆیدا هاوسەنگی هێز بەسودی بزووتنەوەی کرێکاریی و کۆمۆنیستی دەگۆرێت. لە ئیستای کوردستاندا دوو گرفتی سەرەکی هەن لەبەردەم شۆرشی کریکاریی لە کوردستاندا یەکەمیان: بوونی دەسەڵاتی میلیشیاییە لە جێگای دەسەڵاتێکی فەرمی و سەراسەری و ئاسایی بۆرژوایی. دووەم: پەیوەندی پوچی فەرمی هەرێمە لەگەڵ ناوەند، لەکاتیکدا بە کردەوە هەرێم لە بەغدا جیایە. وەڵام دانەوە بەو دوو گرفتە یانی کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی و دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستوو ڕاستەوخۆی جەماوەری لەلایەک و گێرانەوەی کوردستان و جیاکردنەوەی لەگەڵ بەغدا، کۆتایی هینان بە نادیاری ناسنامەی وڵاتی و حقوقی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئاسایی و پێناسەکراو. دوو ئەرکی سەرەکین کە لەراستای شۆرشی چینی کریکاردا کەوتۆتە سەرشانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، بۆ ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتیەش بەر لە هەر شتێک پێویستە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەوڵبدات لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا ناسراو خۆشەویست و جێگای متمانە و نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت، تا مەوقعیەتێکی بەئامادە و دەستڕەس و بە توانای هەبێت بۆ دەور و هەڵسوڕانی جدی لە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا لەلایەک بۆ خواستەکانیان و لەلایەکی ترەوە بۆ روخانی دەسەڵات و گەیشتنی شوراکان بەدەسەڵات. بەمانایەک لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا، سیاسەتی حزبمان بەدەوری وەلانانی دەسەڵاتی سیاسیە وەک خواستی سەرەکی خەڵک و پێداویستی کۆتایی هێنان بە گێژاو ناجێگیری سیاسی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە هەژاری و برسیەتی و بێکاری و دابینکردنی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ دانشتوان لەرێگە مسۆگەر کردنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

پێویستە لە هەردەورەیەکی دیاری کراودا تەشخیسی چوونەپێشەوەی ئاستی نارەزایەتیەکان چۆنیەتی ڕێکخستنی لە شوینی کارو ژیاندا بدرێت، هەوڵدان ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری و کرێکاری و پیشەییەکان مەسەلەیەکی جدیە لە خەباتی

جەماوەریدا، کە دەبێت حزبمان و هەلسوراونی کۆمۆنستی کاری لەسەربکەن.
لەهەمان کاتدا ڕۆشن کردنەوە و دیاری کردنی هەنگاو بەهەنگاوی چونە پێشەوەی خەباتی جەماوەری بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە و گەیشتنی نوێنەرانی ڕاسەقینەی خەڵک بە دەسەلاتی سیاسی لە ڕێگای ڕێکخستنی دەورو دەسەلاتی شوراکانەوە. لە ئێستادا گرنگترین مەسەلەیەک پێویستە لە دەستوری کارماندا بێت و پەیرەوی بکەین، یاری نەکردنە بە چۆنیەتی ڕێکخستنی نارەزایەتیەکان لە بەرامبەر دەسەلاتدا، بەو مانایەی بە بێ ئامادەیی و هاوسەنگی هێزی یەکگرتوی جەماوەری و ساغکردنەوەی ئەڵتەرنەتیڤی شورایی بۆ دەسەلات، ڕێگا خۆش نەکرێت دروشمی ڕوخانی دەسەلات بە قازانجی ئەو دەستە و لایەن و گروپانە بن کە بە هەمان چوارچێوە و کارنامەی ئەم دەسەلاتە و گۆشەگیری دەوری خەڵک لە دەسەلاتدا پەیرەوی دەکەنەوە، بزووتنەوەی جەماوەری بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی سیاسی دەبێت سەربەخۆ بێت و سنوربەندی بکات لە هێژمۆنی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی و ئیسلامیەکان، ئەمەش ئەرکێکی گرنگی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکانە. دەوری حزب بۆ ڕیزبەندی کردنی خواستەکان لە پلاتفۆرمێکدا و ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی بەردەوام و پێداگری هەمیشەیی لەسەریان و دانەوەی بەڕوی دەسەلاتدا، پێداویستی زیندوڕاگرتنی خەبات و نارەزایەتی جەماوەریە، بەدەست هێنانی هەر خواستێک سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە و مل کەچ کردنی دەسەلاتە. مەسەلەیەکی گرنگ لە هەلومەرجی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بەرزبونەوەی بەردەوامی ئاستی ڕێژەی بێکاریە، بەجیا لەوەی ریزێکی بەرین لە بێکاری کێشە و گرفتێکی گەورەیە لە کوردستاندا لە هەمان کاتدا سالانە ئەو ڕێژەیە لە نەچونە پێشی بواری ئابوری و نەخولقاندنی هەلی کار زیاتر دەچێتە سەرەوە. داواکاری بۆ کار بەشێکی گەورە و سەرەکی لە نارەزایەتی دانیشتوانی کوردستان پێک دەهێنێت، پێوستی بە ڕێکخستن و رابەریە، دەبێ ووردبین لە چۆنیەتی دەخالەت و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و ئامادەکردنی نارەزایەتیەکانی و بەهێزراگرتن و بەسەرکەوتن گەیاندنی لە بەدەست هێنانی بیمەی بێکاری و کاردا. نارەزایەتی و خەباتی جەماەری و ڕاپەرین و شۆرش لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت، بەبێ بونی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری شۆرشگێر و رادیکال و سیاسی و بە توانا و ڕابەرو ڕێکخەر، بەشەریەت لە دەسەلاتی زاڵمانەی بۆرجوازی و سەرمایەداران نەک ڕزگاری نابێت، ئەزمونی چەندین شۆرش نیشانی داین بەبێ بونی ئەو حزبە دوای شۆرش چ بەلا و دەردی سەریەک بەسەر خەڵکدا دێنن، بەهێزکردنی ئەو حزبە ئەرکی ڕابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان و هەمومانە.

٢٠ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



عەبدوڵا مەحمود

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ لە کورستانی سوریا

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا، ڕەوتی ڕوداواکان وجەنگ لەکوردستانی سوریای ڕاکێشاوەتە نیو گۆڕانکاریەکی خێراو دراماتیکیەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان وپاساوەکان بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئارام، ناڕەزایەتی وڕیزبەستنی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرامبەر بەم لەشکرکێشیە، ڕۆڵی تازەی ڕوسیا ولایەنگری لەتورکیا، کاردانەوەی هەسەدە بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پاشان ڕێکەوتنی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەددا، کۆبونەوەی نێوان ئۆردوگان وجێگری ترامپ وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی تازەی نێوانیان، سەرەنجام ئاگربەست لەسوریا... ئەمانە بەشە سەرەکیەکانی ئەو

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولا مەحمود

گۆڕانکاریە تازانەن کەلەدۆخی سوریادا بەخێرایی دەچنە پێشەوە. دیدگای سۆشیالیستی بەمەبەستی ڕاوەستان ولێکدانەوە لەسەر هەریەک لەوێستگەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ عەبدولا مەحمودا سازداوە

دیدگای سۆشیالیستی

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرئەنجام بەدوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی فورات، تورکیا دەستی دایە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنیکی سەربازی، بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان.. هۆکاری ئەم کشانەوەیە چیە وئەمریکا بۆچی بڕیاری لەم شێوەیە دەدات؟**

**عەبدولا مەحمود:** بۆ هۆکاری پاشەکشەی سوپای ئەمریکا، پێویست دەکات بەخێرایی چاوێک بە پاڵنەرەکانی هاتنی ئەمریکا بۆ سوریا و ناکامیەکانی بخشێنینەوە.

لەسەرەتای ئەزمەی سوریاوە، بەدیاریکراوی دوای ئەوەی خەڵکی سوریا لەچوارچێوەی ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییەکانی وڵاتانی باکوری ئەفریقیا "بەهاری عەرەبی"!! هاتنە مەیدان بۆ ڕوخاندنی دەسەلاتی فاشیستی ڕژێمی سوریا، ئەمریکا و ناتۆ و غەرب بۆ بەلاڕێدا بردنی شۆڕش و لەباربردنی هاتنە ناو دۆخی ئەزمەگرتووی سوریاو هەوڵیاندا کە شۆڕش بدزن. بەم هەوڵەشیان لەلایەکەوە توانیان ڕەوت و ئاڕاستەی شۆڕش بگۆڕن و مەیدانی سوریا بکەنە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی بەرینتر لەگەڵ نەیارەکانیان لە ئاستی دنیادا. لەلایەکی تریشەوە سوریایان کردە ژینگەیەک بۆ بەیەکدادانی تیرۆریستی و گۆڕەپانێک بۆ جەنگی دەسەلات و شەڕی بەوەکالەت. لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەدا هێزێکی وەکو داعش پێی گرت و بووە ئەو هێزەی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی سوریا و وڵاتانی ناوچەکە بکات و پەل و پۆش بکوتێ بۆ ناو پانتایەکی بەرینتری دنیا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی. بەم شێوەیە لەلایەکەوە دزینی شۆڕش و لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی گروپی داعش، لەپاڵ شکستی ئەمریکا لە عێرقدا، بوونە هۆی ئەوەی ئەمریکاو غەرب بەتایبەتیش ئەمریکا، ئاستی دەستێوەردانەکانی لە سوریا و ناوچەکەدا بباتە سەرەوە و هێزی سەربازی وهەواڵگری تیادا جێگیر بکەن. ئامانجیشیان لە جێگیرکردنی سوپا و دەستێوردانی سیاسی و هەولگری، لەلایەکەوە بۆ لابردنی بەشار ئەسەد لەدەسەلات و جێگرتنەوەی بە بەدیلی دڵخوازی خۆیان، کە ئارامی ناوچەکە بپاریزێت و نەبێتە هەڕەشەش بۆ سەر ئیسرائیلی هاوپەیمانیان لە ناوچەکەدا، لەلایەکی تریشەوە بۆ کورتکردنەوەی دەورو ڕۆڵی ئێران بوو لە ناوچەکەدا، کە بەدوای ناکامی ئەمریکا لە عێراقدا، وەکو قوتبێکی

## كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا و پێشهاتەكانی جەنگ ..

ناوچەیی و نزیک لە بلۆكی ڕوسیا، قاچەكانی قودرەت نیشاندان و ڕایەڵەكانی دەستێوەردانی لەناوچەكەدا جێگیر كردبوو. ئەو ئامانجەی ئەمریكا و ئەو نەخشەیەی دایانبوو بەزوویی كەوتە بەرامبەر قوتبە دژەكەی كە ڕوسیا بوو بەپاڵپشتی هاوپەیمانەكانی، وەكو چین لە ئاستی دنیاو ئێران و گروپەكانی سەر بەئێران لە ئاستی ناوچەكەدا. ئەم بلۆكە نەیارەی ئەمریكا، بە كەڵك وەرگرتن لە شكستی ئەمریكا لەعێراق و لەناوچەكە، كەوتە وەستانەوە بەڕووی سیاسەت و نەخشەی ئەمریكادا و بەرۆشنی ئامانج و نەخشەكانی ئەمریكای كردە ئامانج بۆ مایە پوچكردنی. پارێزگاری كردن لەمانەوەی ڕژێمی ناسونال-فاشیستی بەعسی سوری و بەشار ئەسەد و هاوكات ڕۆڵ بەخشین بە ئێران كە لە كێبەركێییەكی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئەمریكادا... ئەوانە بوونە سەنتیزی ئەو ململانێی قوڵ و جیهانییەی كەسوریا و ناوچەكە گۆڕەپانێكی سەرەكی بەرامبەركێكەی بوو، بەڵام لەپێناو باڵادەستی و زامنكردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەكانی داهاتوویان لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەكەو لەدڵی ئەو گۆڕانكاریانەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەچووە پێشەوە. دیارە پرسی داسەپاندنی هەژموونی سیاسی، لایەنی میحوەری بوو.

ئەمریكا و غەرب، لەم ململانێیەدا دەیانویست لە ڕێگای ڕوخاندنی ڕژێمی سوریا و دورخستنەوەی بەشار ئەسەدەوە، هەژموونی خۆیان لە ناوچەكە باڵادەست بكەن و قەرەبووی شكست و ناكامیش لە عێراقدا بكەنەوە، بەڵام دەستێوەردانی ڕوسیا و هێنانی هێزی سەربازی و بنكە و پایەگا دامەزراندن لەچوارچێوەی جەنگ لە دژی داعشدا!! و وەستانەوەی بەكردەوەی ڕوسیا و هاوپەیمانەكانی بەڕووی سیاسەتی ئەمریكاو غەربدا و بەرگریان لە ڕژێمی سوریا، توانی خەونی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی بزڕێنێت و ببێتە دارعاسایەكیش بۆ بەهێز كردنەوەی ڕژێمی ئەسەد و گێڕانەوەی زوربەی ئەو ناوچانەی كەلەلایەن هێزە نەیارەكانی سوریاوە دەستی بەسەدا گیرابوو. لێرەوە ڕەوتێكی بەرەوخوار و پاشەكشەی ئەمریكاو شكستی لە نەخشەیەكدا كە دای نابوو بووە واقعیەتیكی ئینكار نەكراو. دوای ئەوەی ئەمریكا شكستی خوارد لە نەخشەكەی كە لابردنی بەشار ئەسەد و كورتكردنەوەی دەستی ئێران و دەستێوەردانەكانی بوو لە سوریا و ناوچەكدا، ئەمجارەیان لە قوڵێكی ترەوە لە جغرافیایەكی تری ناو پانتایی سوریادا، لەباكوری ڕۆژهەڵاتی سوریادا، كە ناوچەیەك بوو بەدەست هێزە كوردیەكانەوە ودەسەڵاتێكی خۆجێیان تێدا دامەزراندبوو، ئەمریكا لەژێر ناوی جەنگ لەدژی هێزی تیرۆریستی داعشدا، ڕێكەوتنێكی نەنووسراو و ناڕاگەیەنراوی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەدا دامەزراند. دیارە بەهەمان شێوەش ڕوسیا ڕێكەوتنی نەنوسراو و ڕانەگەیەنراوی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەدا هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی ژێمی سوریادا.

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولڵا مەحمود

سەرئەنجام دوای شکستی سەربازی داعش، و بەهێزبوونەوەی ڕژێمی ئەسەد، و کورت هێنانی ئەمریکا لە بەرامبەر نەخشەو سیاسەتەکانی ڕوسیادا، ئەمجارە ئەمریکا تەماحە ئابورییەکانی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا و هەوڵی بۆ دوورخستنەوە یان کەلێن دروستکردن لەنیوان تورکیاو ڕوسیادا، هەوڵیدا فرسەت بداتە دەوڵەتی تورکیا وبۆ ئەمەش کەوتە ڕیکەوتن لەگەڵ ئەردۆغان و بەبڕیارێکی خێرا بەشێکی زۆر لە هێزە سەربازییەکانی لە باکوری ڕۆژهەلاتی سوریا پاشەکشە پێکرد و بەمەش دەستی دەوڵەتی تورکیای ئاوالاکرد بۆ هێرش بردنە سەر کانتۆنەکانی سوریا و دەسەلاتی خۆجێی لە باکوری ڕۆژهەلاتی سوریا.

**دیدگای سۆشیالیستی: تورکیا ئیدعا دەکات کە ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنە پاککردنەوەی تیرۆریستان وجێبەجی کردنی ناوچەی ئارام و جێگیرکردنی ئاوارەکانی سوریایە لەم ناوچەیە، ئایا ئەم پاساوانە ڕاستیان تێدایە یان تورکیا بەشوێن ئامانجی ترەوەیە؟**

**عەبدولڵا مەحمود:** پاساوی پاککردنەوەی تیرۆریستان!!، دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی و دامەزراندنی ناوچەی ئارام!!، جێگیرکردنی ئاوارەکانی سوریا!!، هەموویان خۆراکێکی تەبلیغاتین بۆ دەستدانە هێرشی سەبازی و ڕەوایەتی بەخشین پێی لە پێناو ئامانجی تردا.

لەڕاستیدا ئەردوغان و دەسەلاتی ئاک پارتی، وەکو هێزی پشتیوانی لە تیرۆریزم و داعش ناسراون. سەدان وهەزاران بەڵگە لەسەر هاوکاری و پشتیوانی لەڕەوتی تیرۆریستی داعش لەلایەن دەسەلاتی تورکیاوە بڵاوکراونەتەوە و لەبەردەستی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و غەرب و ڕوسیادایە ... بەپێی دواین لێدوانی نوێنەری پێشوی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەری دژی داعش لە تورکیا ئەوەیە کەدەڵێت: تورکیا ڕێگەی بە ٤٠ هەزار داعش داوە تا لە ١١٠ وڵاتی جیاوازی جیهانەوە بێنە سوریاو داعش دابمەزرێنن. لەلایەکی تریشەوە بە درێژایی دەسەلاتی خۆجێیی کانتۆنەکان لە سوریا، بۆ یەکجاریش نەک هێرش تەنانەت فیشەکێک لەو سنورانەوە بەدژی دەوڵەتی تورکیا، نەتەقێنراوە. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشەیەوە، ئەوە هێز و گروپە تیرۆریستەکانی کرێگرتەی تورکیا بوون کە بوونەتە بەشێک لە هێزی ڕەش و تیرۆریست لە ململانێی ناو سوریادا و ئەوە سوپای تورکیایە کە تیرۆریزمی دەوڵەتی لەدژی دەسەلاتی خۆجێی کانتۆنەکان و هێزە سیاسیەکان و جەماوەی سڤیل پیادە دەکات. هێرش بۆ سەر عەفرین و ئێستاش بۆ سەر ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەشێکن لەو تیرۆریزمە دەوڵەتیەی ئاشکرایەی کە تورکیا بەڕێوەی دەبات.

دروستکردنی ناوچەی ئەمنی یان پشتێنەی ئەمنی، بەهەمان شێوە درۆیەکی ئاشکرایە. هیچ

شتێک وەکو دەستێوردانی ناراستەوخۆی و ڕاستەوخۆی سەربازی تورکیا مایەی نائارامی سنورەکانی نێوان تورکیاو سوریا و دەسەڵاتی خۆجێی کانتۆنەکان و تەنانەت ناوخۆی سوریا نییە. لایەنێکی سەرەکی بۆ گێڕانەوەی دۆخی ئارامی ناو سوریا و سنورەکان، دورخستنەوە و دەرکردنی هێزە کرێگرتەکانی سەر بە تورکیا و هێزە سەربازییەکانی تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی و هەر ئەزمونێک و هەر هێزو لایەنێکی سیاسی نەیاری، تەریب و ناوزەد بە تیرۆریست دەکات و لەلیستی تیرۆردا دای دەنێت، تا تیرۆریزمی دەوڵەتی خۆی و پشتیوانی لە هێزە تیرۆریستە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکانی خۆی پێ بشارێتەوە و ڕەوایش بدات بە کردەوەی سەربازی و تیرۆریستی خۆی و هێزە کرێگرتەکانی.
پرسی ئاوارەکانی سوریا، درۆیەکی ترە، بەشێکی زۆری ئاوارەکانی سوریا قوربانی دەستێوردانی سوپای دەوڵەتی تورکیا و هێزە بە گرێگیراوەکانیەتی، پرسی جێگیرکردنیشیان لە ناوچەی ئارام، هەوڵێکی بەنەخشەیە بۆ گۆرینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەو تەعریب کردنیان و بچووکردنەوەی قەوارەی دەسەڵاتی خۆجێی و دەسەڵاتی کانتۆنەکان. بەکورتی پاساوەکانی دەوڵەتی تورکیا، زۆر لەوە پوچترن هیچ کەسێکی هوشیار فریوبدات.
ئامانجی تورکیا لە دەستێوردان و ئەم هێرشە بەردەوامانەی بۆسەر سنورەکانی دەرەوەی خۆی بۆسەر کوردستانی ئێراق، بۆسەر سوریا و ناوخۆی سوریا... لەلایەکەوە لە پێناو گواستنەوەی سەرنجی ڕای گشتی ناوخۆی و دەرەوەیە لەسەر کێشە قوڵە ناوخۆییە یەخەگیرە چارهەڵنەگرەکانی، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەهرەبەردارییە لەدۆخی سیاسی دوای شکستی سەربازی داعش لەسوریا، بۆ تێکشکاندنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری سوریا و وەستانەوەو جەنگی دەستەو یەخەیە بەدژی پرسی کورد لە تورکیا و تەواوی ناوچەکەدا.
ئەردوغان و ئاک پارتی، وەکو حزبی سیاسی دەرگیرە لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی سیاسی و ڕێکخراوەییدا. نزیک بە یەک ملیۆن ئەندامی ئەو حزبە وازیان هێناوە، کە لەناویاندا دەیان کاراکتەری سیاسی و ناسراو هەن، کە خەریکی دروستکردنی قوتبێکی سیاسی و حزبی نەیار بە ئاک پارتی و ئەردۆغانن. لەباری سیاسییەوە بۆرژوازی تورکیا دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی حکومی و ناوخۆییە، لەکێشەی ڕیزەکانیەوە بۆ کیشەی ئیدارەدانی ئەزمەکانی و دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە سیاسیەی تێی کەوتوون. کێشەی دارمانی ئابوری و لیکەوتەکانی، لە گرانی، بێکاری، هەژاری، دارمانی بەهای دراوەکەی، بەرین بوونەوەی ڕۆژ بەڕۆژی ناڕەزایەتی جەماوەری. کێشەی نائارامی سیاسی ناوخۆیی و بەرخوردی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ حزبە توندڕەوە قەومیەکانی لەسەر

دەسەڵات، دۆڕاندنی ئەستنبوڵ لە هەڵبژاردنەکاندا، بن بەستی لەگەڵ پرسی کورد و سەرکوتی سیاسی بەردەوام، جەنگ لەگەڵ پەکەکە لە دەرەوەی سنورەکانی و ململانێی فراوانی دەسەڵات لەگەڵ هەدەپە لەناوخۆی تورکیا، پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی بەهۆی داسەپاندنی بەزۆری بڕیارو یاسای ئیسلامی، شکستی داعش و پشت خاڵی مانەوەی تیرۆریزمە دەوڵەتیەکەی، دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەریک کەوتنەوەی، کۆتاییهێنان بەخەونی چوونە ناو یەکیتی ئەوروپا... هەموو ئەمانە ئەو گرفتە سەرەکیانەن کە بۆژوازی توکیا و دەسەڵاتی ئاک پارتی لەگەڵی بەرەو ڕووەە. جەنگ بۆ تورکیا لە سنورەکان و دەستوەردان لەدۆخی ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەو لەگەڵ هێزەکانی نەیار و دەرەوەی خۆی لە دەرەوەی تورکیا، بۆ خۆدروخستنەوەیە لە جەنگە هەمەلایەنە ناوخۆییەکانی.
دیارە تورکیا دەمێکە لەهەوڵی هێرش بۆسەر کانتۆنەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریایەو بواری بۆ هێرشی بەردەوام لەبەردەمدا سنوردار بووە، بە پاشەکشەی سوپای ئەمریکا، ئەو بوارەی بۆ بەرینتر بۆتەوە، تا هێرشەکانی بەدەست ئاوەڵایی زۆرترەوە دەست پێبکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەیە ئەم جەنگەی کەتورکیا لەناوچەکەدا بەرپای کردوە، لەچوارچیوەی کێشەی کوردو نیزاعی پەکاکا ودەوڵەتی تورکیادا لێکدەداتەوە.. ئێوە چ چوارچیوەیەک دەبینن لەسەرهەڵدانی ئەم جەنگەدا؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** هیچ شتێک و هیچ هێزو لایەنێک هێندەی بوونی پەکەکە، نەبۆتە مایەی کەڵک وەرگرتنی تورکیا بۆ هێرش و سەرکوتی سیاسی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەستنەوە وگرێدانی ئەم جەنگەی ئێستا بەبوونی پەکەکەوە ناتوانێت پاساوی جەنگ و ملهوڕی دەوڵەتی تورکیا بدات. ئەگەر بوونی پەکەکە هۆکاری جەنگە، ئەی هۆکاری زیندانی کردنی دەیان هەزار ئینسانی سیاسی و ڕۆژنامەنووس، چالاکوان و هەڵسوڕاوی سیاسی، داخستنی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەو ڕادیۆ و کەناڵی میدیایی... چییە؟ تەریب کردنی کیشەی کورد بە پەکەکەو و لکاندنی ئەوپرسە بە پەکەکەوە، هەوڵی بەنەخشەی دەوڵەتی تورکیایە بۆ وەستانەوە و ئینکارکردنی پرسی سیاسی و خەڵکی کوردستان. ئەگەر پرسی سیاسی کورد لە تورکیا بەرەو چارەسەر بڕوات و بوونی پەکەکەش دەبێتە شتێکی زیادە، بەڵام بوونی پرسی کورد و زوڵمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا، لەلایەکەوە بۆتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و پەکەکە وەکو هێزو ڕەوتێکی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ئامانجی تر خۆی بە پرسی کورد هەڵبواسێت، لەلایەکی تریشەوە، بۆتە پاساو بەدەست دەوڵەتی تورکیاوە بۆ سەرکوتی هەر ناڕەزایەتی و بزوتنەوەیەکی سیاسی

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ ..

و جەماوەری لەسەر ئاستی تورکیاو کورستانی تورکیا لە ڕێگای لکاندنی بە پەکەکەوە.
ئەوە لە کاتێکدایە هەر بەهۆی ئەو پرسەوە، کوردستان میلیتاریزە کراوە، خەڵک ئاوارە دەکرێت و بەدەیان و سەدان گوند تێکدراون، ماوە ماوە عورفی سەربازی لە شارو شارۆچکەکان ڕادەگەیەنن، زیندانەکان سیخناغ کراون، سەرکوتی سیاسی بۆتە بەرچاوترین دیاردەی ناوخۆیی تورکیا، خودی پەکەکەش بەناوی پرسی کوردەوە هاتوتە مەیدان. بەڵام ئەم لەشکرکێشیەی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سوریا ناکرێ بە پاساوی بوونی، پەکەکە یان پەیوەندی پەکەکە بەهێزەکانی یەپەگە و هەسەدەوە، ببەسترێتەوە.
ئێوە تەماشا بکەن، لەهەموو دنیا خەڵکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست بەفراوانی هاتوونەتە سەر شەقامەکان دژی ئۆپەراسیۆن و لەشکرکیشی تورکیا، بەڵام هەدەپە لە ناو تورکیا و کوردستانی تورکیادا، جوڵەییان لەخۆیان بڕیووە، ڕۆڵی چاودێرێک و هێزی داماو بۆ پاڕانەوە لە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەگێڕن. پەکەکە و هەدەپە، بۆ ئۆجەلان، بۆ یادی نەورۆز، بەسەدان هەزار کەس دەهێنە سەرشەقامەکان، بەڵام بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد لە کوردستانی سوریا، بۆ هاوکاری کوردانی ڕۆژئاوا، بەدژی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا، بێدەنگن. ئەمە چ مانایەک دەبەخشێت، جگە لە خزمەت بە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئاک پارتی، لەپێناو بەشداری پێکردنیان لە دەسەڵاتی سبەی لەگەڵ ئەو فاشیستانەدا، لەڕیگای خۆ هەڵواسین بەپرسی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.
دیارە مەسەلەی میحوەری دەوڵەتی تورکیا لە جەنگی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکی زوڵملێکراوی تورکیا، وە ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازی فروانی بۆسەر کوردستانی سوریا، بەجیا لە کیشەو ململانێ ئەزمەی ناوخۆیی تورکیا، بوونی کیشەی کوردە، کێشەیەک کە دەوڵەتی تورکیا حاشا لەبوونی دەکات و لە عیراق و ئێران و سوریاشدا، سەرسەختانە لەدژی ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێت. گومانییشی تیا نییە، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بتوانێت ئەزموونی خۆرئاوایی کوردستان شکست بدات، دەستی ئاوەڵا دەبێت بۆ دەستێوردانی زۆرتر لە کوردستانی عێراق و تەنانەت هەوڵی بۆ کۆتاییهینان بەو هەلومەرجەی لە ساڵی ١٩٩١ وە هاتۆتە ئاراوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەسەدە بانگەوازی ئەوە دەکات، کە ئەمریکا پشتی تێکردون، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمان پابەندبون بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە، ئایا توانای تورکیا بۆ دەست بردن بۆ ئەم جەنگە لەخیانەتی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتوە وەک هەسەدە دەڵیت، یان بەرئەنجامی ڕەوتێکی سیاسی و ستراتیژیە کە ناسیونالیزمی کوردو پەیەدە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریاوە لەسەری ڕاوەستاوە؟**

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**عەبدوڵا مەحمود:** دەستبردنی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازی، پەیوەست نییە بە پاشەکشەی سوپای ئەمریکاوە یان پشت تێکردنی دەوڵەتی ئەمریکا!! لە یەپەگەو هەسەدە، تورکیا بە درێژایی ئەزمەی سوریا، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و ڕوسیا، یان بە سەرەڕۆیی خۆی، کاراکتەرێکی سیاسی و سەربازی ناو هەلومەرجی سوریا بووە. ئامانجی دەوڵەتی تورکیا بەش پێبڕانە لەدۆخی سیاسی سوریای پاش داعش، شکستدانی دەسەڵاتی کانتۆنەکان و بەرگرتن بەچارەسەری پرسی کورد. دیارە پاشەکشەی دەوڵەتی ئەمریکا، یان داگریساندنی گڵۆپی سەوز کارئاسانی بەخشیوە بە ملهوری زیاتری تورکیا و دەستی زۆترت ئاوەڵا کردووە، بەڵام پەیوەست کردنی بە پاشەکشەی ئەمریکا دروست نییە.

تا ئەو جێگایەی دەوترێت ئەمریکا پشتی کردۆتە پەیەدو هەسەدە، لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆتەوە، دەبێ بپرسین کام بەڵێن؟ لەکوێ و بەپێی کام ڕێکەوتننامەی نووسراو ڕاگەیەنراو، ئەمریکا بەلێنی داوە، ئەوان بپارێزێت، یان دەسەڵاتی خۆجێی و کانتۆنەکان بەرگری لێبکات؟ ئەمریکا و باقی زلهێزەکانی تر و لەپێناو داسەپاندنی هەژموونی سیاسی لەناوچەکە، بەرژەوەندی ئابوری دوای ئاسایی بوونەوەی سوریا، لەژێر ناوی "جەنگ لە دژی تیرۆر و داعش"دا، هاتوونەتە سوریا و ناوچەکە. لەوەش زیاتر چ ئەمریکا و ڕوسیا و چ وڵاتانی ئەوروپا و ناتۆ... بۆ یەک جاریش لەچوارچێوەی بەرگری و بەڕەسمی ناسین و چارەسەکردنی پرسی سیاسی کورد، دەور و دەخاڵەتیان لە سوریا و باکوری خۆرئاوایی سوریادا نەکردووە، تا بە پاشەکشەی ئەمریکا و یان ڕوسیا، بوترێت پشت کرایە پرسی کورد و خیانەت لە کورد!! کرا.

جەنگی سەربازی دژی داعش تەواو بوو، برگەیەکی دیاریکراو لە دۆخی سوریا تێپەڕی و برگەیەکی نوێ دەستی پێکردووە، لەو ململانییەدا لە نێوان بلوکی ئەمریکا و غەرب لەلایەک ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی، بلۆکی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی براوە بوون، و بوونە دارعاسا بۆ ڕزگارکردنی ڕژێمی ئەسەد. بەهێزکردنەوەی تا ئەو ڕادەیەی کە پرسی گێڕانەوەی سوریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی، بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، لە ئارادایە. شکست خواردووەکان نایانەوێ لەو مەیدان و گۆرەپانەدا بمێنەوە، کە خێری بۆیان نەبووە و نەماوە. بۆ ئەمریکا پاشەکشە بووە بە ئیجباری ئەگەر زۆر شەرماوەریش بێت، وە دەستگرتن بە تورکیاوە بۆ نەچوونی تەواوەتی بۆ باوەشی ڕوسیا و ترسی دەرچوونی لە ناتۆ، بۆتە مەسەلەیەکی میحوەری بۆ ئەمریکا.

دیارە لەهیچ شوێنێک و هیچ کات ئەمریکا بەڵێنی بەکەس نەداوە تا هەتا هەتایە، لە سوریا دەمێنێتەوە. ئەمریکا کە هیچ کام لە ئامانجەکانی بۆ وەدی نەهات و ئایندەش لەو ناوچەیە

بۆی نادیار ماوەتەوە، ناچار بەوە کراوە پاشەکشە بە هێزەکانی بکات و ئەو جغرافیایە بۆ نەیارەکانی جێ بهێڵێت. لایەن و کەسانێک کە نیگەرانی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکان دەیانەوێت ئەمریکا بە ویستی خەون و ئەجندای ئەوان سیاسەت بکات، نەک بەرژەوەندیەکانی خۆی... ئەمەش ئەو لایەن و هێزانە دەکاتە قوربانی کورتبینی سیاسی و ڕوئیایان بۆ ڕووداوەکان. لەوەش واوەتر هەر هێز و لایەنێک کە مایەی خۆی بە حزوری ئەمریکا و یان هێزی تر ببەستێتەوە، دەبێتە قوربانی گۆڕینی سیاسەت و نەخشەکانیشیان. بەجیا لەوانەش لەکوێی دنیا بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئەمریکا، حزوری سیاسی و سەربازی ئەمریکاو زل هێزەکانی تر، بۆتە مایەی ئارامی و ڕزگاری، ئاشتی و زامنی مافی هیچ نەتەوەو گەلێک، تا ئێستا چاوەڕوانی لە ئەمریکا بکرێت، ببێتە فریاد ڕەس.

**دیدگای سۆشیالیستی: کاردانەوەی ڕوسیا بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا چۆن لێکدەدەنەوە؟ دەوترێت ئەم ئۆپراسیۆنەی تورکیا بەرئەنجامی ڕێکەوتنی حکومەتی ڕوسیا وسوریایە، بۆ ئەوەی تورکیا ئەم ناوچانە لە ژێر هێرشی سەربازی رابگرێت وهەسەدە ناچاربکات بە گەڕانەوە بۆ لای حکومەتی سوریا، بەکەمترین دەسکەوت یاخود بەبێ دەسکەوت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** گومان هەڵنەگرە، کە هێرش و ئۆپەراسیۆنی تورکیا، بێ ڕەزامەندی ڕوسیا نەبووە. ڕوسیا لەهەوڵی ئەوەدایە تا دۆخی سوریا ئاسایی ببێتەوە و تورکیاش هێندەی تر لە ئەمریکا و تەنانەت لەناتۆ دوربخاتەوە و پەیوەندی نێوان سوریا و تورکیاش ئاسایی بکاتەوە. واتە خودی تورکیا کەیسێکی تایبەتە لە ململانێی نێوان ڕوسیا و ئەمریکادا. هەر بۆیەشە لە کۆبونەوەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پەیوەند بە ئیدانەکردنی هێرشی توکیا بۆسەر کوردستانی سوریا، ئەمریکا و ڕوسیا، هاودەنگ بوون. هاودەنگ بوون بۆ ململانێ لەسەر کیبەرکێی ڕاکێشانی تورکیا بۆ لای خۆیان. تورکیا کە لەباری مێژوویەوە سەر بە قوتبی ئەمریکی و ئەندامی ناتۆیە، لە ئەزمەی سوریا بەدواوەو تا هاتووە لە ئەمریکا دوور کەوتۆتەوە و لەڕوسیا نزیکتر بۆتەوە، بۆ ڕوسیا ڕاکێشانی زۆرتری تورکیا بۆ باوەشی خۆی و لەڕێگای پێدانی ئیمتیازات و چاو پۆشین لە بەشێکی زۆر لەسەرە ڕۆیەکانی، زۆر لەسەرکەوتنی ڕوسیا لە سوریا گەورەتر و کاریگەرترە و گورزەکەشی بۆ ئەمریکا زۆر لە شکستی لە سوریا بەزەبر ترە. چوونی تورکیا بەرەو بلۆکی ڕوسی، دەتوانێت گەورەترین قوتب لەناوچەکەدا بە سودی ڕوسیا پێک بێنێت و ناوچەکە بەتەواوەتی بخاتە ژێر هەژموونی سیاسی و لە ئایندەشدا باڵادەستی ئابوری ڕوسیاوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

ڕێکەوتنی سوریا و ڕوسیا، بە خێرایەکی یەکجار زۆر یان هاوکات لەگەڵ بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سوریا و دەستپێکی دەورەیەکی تازەیە. دەورەی هەنگاو نان بەرەو ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی سوریا، پێناسە بەخشینەوە بە سنورەکانی، گەڕانەوەی بۆ ناو ناوەندە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان، لەو نێوەشدا هەوڵدان بۆ کۆتاییهینان بە کانتۆنەکان.

دیارە ئەوە ڕۆشنە چارەسەری پرسی کورد، یەکلایی کردنەوەی دەسەلاتی خۆجێی، پرسێکی ناوخۆی سوریایەو کاریگەری دەرەوە هەرچەندێک بێت و هەر جۆرێک بێت وەلامەکەشی بەهەر ئاراستەیەکدا بێت، لە ناوخۆی سوریادا دەبێت. سەرئەنجام یەپەگە و هەسەدە دەبێ لەگەڵ دیمشق دا، ڕێک بکەون.

کاردانەوەی ڕوسیا لەبەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی تورکیا و بێدەنگەکردن لەو ئۆپەراسیۆنەی، گوشار دانانە لەسەر دەسەلاتی خۆجێی سوریا، هەوڵێکە بۆ لاوازکردنی و هەروەها زەمینە خۆشکردنە تا لە پرۆسەی یەکلایی کردنەوەی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەت لە گفتوگۆی ناچاری داهاتووی نێوان کوردەکان و ڕژێمی سوریادا، بالانسی دەوڵەت و دەسەلاتی دیمەشق سەربکەوێت و بەکەمترین ئیمتیازات ئەو ئەزموونە ماڵئاوایی پێ پێبکرێت.

**دیدگای سۆشیالسیتی: سەرەنجام هەسەدە ڕێکەوتنێکی سەربازی بەئامادەبوونی ڕوسیا، لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەد دا ڕاگەیاند، هەروەک مزلوم کوبانی دەڵێت، ئەم ڕێکەوتنە ناچاریەو بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە لەکوشتاری هێرشەکانی تورکیا، وەبەشێک لەکەسانی چەپ ئەم کارەیان بەئاقلانەو جێگای پشتیوانی لێکدایەوە.. ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان هەیە بۆ ئەم ڕێکەوتنەوە وگەڕانەوەی هەسەدە بۆ لای بەشارئەسەد لەئاکامی بەدەستەوە گرتنی چ سیاسەتێکدایە؟ ئایا خەلکی کوردستانی سوریا جگەلەم ڕیگایە، ئاسۆیەکیتریان لەپێشە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** ڕیکەوتنی هەسەدو دەوڵەتی سوریا، هەر دەبوو ڕووبدات، چونکە دەسەلاتگرتنی پەیەدەو هەسەدە لەبەرئەنجامی کردەیەکی شۆڕشگێرانەوە سەری دەرنەهێناوە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە لەسەربنەمای ڕاوەستان لەسەر درزوکەلێنی دەوڵەتان و هاوکێشەی نیوان دەوڵەتی سوریا وخەڵکی ڕاپەڕی و لەلایەک و دەخالەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەلایەکیترەوە، بەپێی ڕێکەوتنێکی دوولایەنەی هێزەکانی پەیەدەو ڕژێمی ئەسەد، ئەم ناوچانەیان تەسلیم کرا. بەلام دوای ئەوەی سوپای ئەمریکا پاشەکشەی کرد و هەردوو دەوڵەتی ئەمریکا و روسیاش گلۆپی سەوزیان بۆ تورکیا هەڵکرد تا لەشکرکێشی بۆسەر ئەم ناوچانە بکات، جارێکیتر هاوکێشەی هێزە و پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی دەرگیر

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ ..

لەجەنگی سوریادا ڕووبەڕوی گۆران کردەوە ولەئاکامیشدا هێزەکانی هەسەدەی ناچارکرد کەجارێکیتر ڕوو بەلای ڕژێمی سوریادا وەرچەرخێنێ و لەسەرو ئیرادەی خەڵکەکەیەوە ڕێکەوتنی سەربازی ببەستێ و بیکاتە سەرەتایەک بۆ ڕێکەوتنی سیاسی داهاتووش لەگەڵ حکومەتی سوریاو بەشار ئەسەددا. بێگومان لە ڕێکەوتنێکی ئاواشدا ئەگەر ناچاریەک هەبێت بەگەرانەوە بۆ لای ڕژێمی سوریا، بەرئەنجامی بنبەستی ئەوسیاسەتەیە کەستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای درزو کەلێنی نێوان دەوڵەتان وهاوکێشەی نێوان هێزیاندا، دارشتووە ولەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەرگۆڕانکاریەک لەم نێوەدا، ناچارە ڕووبەلای یەکێک لەدەوڵەت و هێزەکانی تردا وەرچەرخێنێ. بەواتایەکیتر هەسەدە بەهۆی سیاسەتی پشتبەستن بەهێزە دەوڵەتیەکان وچاوتێبرین لەقەڵشتە سیاسیەکانی نێوانیان، لەنێوان دوو زەلکاوی لەشکرکێشی تورکیا وتەسلیم بوونەوە بەسوپای ئەسەد ڕاوەستاو لەئاکامدا بژاردەی دووەمی هەڵبژارد، بێگومان هەنگاو هەڵگرتن لەزەلکاوێکەوە بۆ زەلکاوێکیتر، هیچکات کردەیەکی "ئاقڵانە" نییە هەروەک کەسانێک پیان وایە.

هەموو دونیاش شاهیدی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی سوریایە، کەکەمتر نییە لەتاوانەکانی لەشکرکێشی وفاشیزمی دەوڵەتی تورکیا. بەبڕوای من ئەوتەنها ئیختیار نییە لەبەردەم هەر هێزێکی سیاسیدا کەپشتی بەخەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان و ناوچەکەو جیهان بەستبێ ولەسەر بنەمای ئەم بەرە چینایەتیە لەدژی تەواوی هێزو دەوڵەتانی کۆنەپەرست ڕاوەستابێ وپێداگری لەخەباتی بەرگریکارانەی جەماوەر بکات، کەچی جەماوەرەکەی لەزەلکاوی تورکیاوە ڕاکێشێت بۆ زەلکاوی ڕژێمی بەعس کەهەموان شاهیدی تاوانە وەحشیگەریەکەین. لەیەک وتەدا خەبات و تێکۆشانی جەماوەری سەربەخۆ و پشبەستو بەهێزی چینایەتی کارگەرو زەحمەتکێش وبەرەی ئازادیخوازی جیهان وجیاکردنەوەی ئەم خەباتە لەسەرجەم هێزو دەوڵەتانی کۆنەپەرست، بەئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێرانەی سەربەخۆوە، ئەمە ئەو ڕێگایەیە کەهەر لەسەرەتای قەیرانی سیاسی وجەنگ لەسوریادا، غائیبە و هەرئەم ڕێگایەش دەتوانێ ئایندەیەکی شایستەی ئینسانی بخاتە پێشپای خەڵکی کوردستانی سوریاوە.

ڕاستەیەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی خۆجێی کوردستانی سوریا بەرهەمی خەبات و تیکۆشانی لە پێشتر و پێشڕەوەی بزوتنەوەی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستانی سوریا و گۆڕانی باڵانسی هێز لەدژی دەوڵەتی سوریا نەبووە، بەڵکو بەرهەمی ئەزمەو هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسی بووە، کە ناسیونالیزمی کورد "باڵی پەکەکا" لە کوردستانی سوریا، توانی کەڵکی لێوەربگرێ و ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارییە پڕبکاتەوە کە ڕژێمی سوریا لەئاکامی جەنگی ناوخۆوە بەجێی هێشت وتەسلیمی کرد بەهێزەکانی

پەیەدەو ئەویش دەسەلاتی خۆی لەو ناوچانەدا کردە ئەمری واقعێک.
بێگومان درەنگ یان زوو دۆخی سوریا ئاسایی دەبێتەوە وسەرەنجام ئاسۆیەک کە لەبەردەم دەسەلاتی خۆبەرێوەبەریدایە، گەڕانەوەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچیوەی دەولەتی سوریادا. لەمەشدا چەند بژاردەیەک لەلایەن هێزەکان ودانوسانەکانی نێوانیاندا دەخرێتە روو، لەوانە بەرەسمی ناسینی دەسەلاتی خۆجیی و خۆبەرێوەبەری لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا، بە شێوەی فیدرالیزمی ئیداری، بژاردەیەکە  کەپەیەدە باسی لێوەدەکات. بژاردەیەکیتر بەرەسمی ناسینی بەشێک لە مافە سیاسی و رۆشنبیری و کەلتوری و پەروەردەییەکان و جێگیرکردنی لەدەستوری داهاتووی سوریادا، کەزیاتر ڕوسیا باسی لێوەدەکات. جیابوونەوەی ئەو بەشە لە کوردستان و پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ریٚگای بەرپاکردنی ریفراندۆم و گەرانەوە بۆ بڕیاری ئازادانە و دوور لەهەرەشە و دەستێوردانی دەرەکی بژاردەیەکی ترە.
بەلام ئەوەی کە رۆشنە دەوڵەتی دیکتاتۆری سوریا ناتوانێت، مافی هاولاتیانی یەکسان لەبەرامبەر یاسادا بێ گوێدانە ناسنامەی قەومی و دینی بەفەرمی بناسێت، هەروەها هەم دەوڵەتی سوریاو هەم سەرجەم ولاتانی ئەوروپا وئەمریکاو ئێران و تورکیا پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکەن و ڕازی نین بەسەلماندنی سازدانی ڕیفراندۆمێک بۆ ناوچە کوردنشینەکان تا بڕیاری جیابوونەوە بدەن. هەربۆیە ئەگەری کۆتاییهێنان بەدەسەلاتە خۆجییەکەی کوردستانی سوریا، لەڕیگای جەنگ و لەشکرکێشی تورکیاوە ئەگەرێکی بەهێزە. ئەمەش هێزەکانی پەیەدەو ناسیونالیزمی کورد لەبەردەم تەجروبەیەکدا داناوە کەتا چەند دەتوانێ بەسیاسەتی پشت بەستن بە بڕیاری ئازادانەی جەماوەری و خۆ دورگرتن لە سات و سەودای شاراوە و بەدوور لە دەخالەتی خەڵک بکەوێتە شوێن زامنکردنی مافە فەردی و مەدەنی و ئینسانی و یەکسانیخوازی و پیشکەوتنخوازییەکانەوە، وهەمان ئەزمونی خۆبەدەستەوەدانی حزبە ناسیونالیستەکان لەکوردستانی عێراق وئێران دوبارەنەکاتەوە.
سەرئەنجام ئەوەی کە لەسوریادا حاشالێکردن هەڵناگرێت پرسی سیاسی و کێشەی خەڵکی کوردستانە، کە دەبێ بە ریٚگایەکی کارساز و بەدەورو دەخالەتی خەڵک بەپشت بەخۆ بەستنی جەماوەری، لەدەوری ئاسۆیەکی رۆشنی سیاسی دوور لە قەوم پەرستی و بەچارەسەری خۆی بگات. کە بێگومان بێ کۆسپ و کێشە، بێ ریٚگری و ناوخۆیی و دەرەکی و ناوچەییەکان نییە.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئەم ئۆپەراسیۆنە ریزبەستنێکی تازەی ولاتانی ئەوروپای لەبەرامبەر**

**تورکیادا پێکهێناوە وتەنانەت دەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر ئۆردوگاندا درێژکردۆتەوە بەڕوویی ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکادا، ناوەڕۆکی ئەم ڕیزبەندیە چۆن دەبینن، ئایا ئەمە دەلالەتە بۆ دەرکەوتنی ئەوروپا وەک جەمسەرێکی جیهانی لەپەیوەند بەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیاوە؟.**

**عەبدولا مەحمود:** کاردانەوەو هەلویستی یەکێتی ئەوروپا تاڕادەیەکی زۆر بەجیا لە درندەیی و هەوسارپچڕاوی دەوڵەتی تورکیا، لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە، لەبەرامبەر ئەو لەشکرکێشییە نابەرابەر و نائینسانیەی کردویەتی سەر سنورەکانی تورکیا و هێزەکانی هەسەدە، کە لە شکست پێهێنانی داعشدا ڕۆلی کاریگەر و بەرجەستەیان گێرا. لەلایەکی تریشەوە کاردانەوەیە بەرامبەر بە بڕیارە تاکڕەویەکانی ترەمپ، کە جێگای نارەزایەتی کۆنگریس و بەشی زۆری ئەندامی پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتەکانی نەیاریشیەتی. یەکێتی ئەوروپا بەجیا لە تورەییان لە دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتی ملهوڕانەی ئەردۆغان، هاوکات نیگەرانن لەمامەڵەی دەوڵەتی ئەمریکا و خودی ترمپ و دەیانەوێت لە ئێستاوە ڕۆڵیان هەبێت لەوەی ڕیگە بگرن لەوەی جارێکی تر و بۆ دەورەیەکی تر لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی ئەمریکادا ترمپ هەڵبژێردرێتەوە. ترەمپ بە هەڵبەزو دابەزی لە پرسە سیاسیەکانی دنیا و ناوچەکەدا، بەیانی شپرزەیی سیاسی دەوڵەتی ئەمریکا دەکات و ئاسایشی ئەوروپاش ڕۆژ بەڕۆژ دەخاتە بەردەم مەترسیەوە.

لایەنێکی تری هەڵویستی ئەوروپا ئەوەیە، کە دەیانەوێت لە داکشانی جێگەو ڕێگەی ئەمریکا لە دنیادا، کەڵک وەربگرن و ناکامیە سیاسییەکانی بقۆزنەوە لەڕێگای خستنەگەڕ و نیشاندانی ڕۆڵی خۆیان لە ڕوداو کێشە گەرمەکانی دنیای ئێستادا، و بەتایبەیش دەیانەوێت ڕۆڵی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببەنە سەرەوە. لەنێو دنیای چەند قوتبی ئێستا وەکو قوتبێکی حساب بۆکراو مایەیان بۆ دابنرێت و لە ئارایشی واقعیەتی سیاسی ئێستای دنیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگایان هەبێت.

دەوڵەتی تورکیا، لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە جێگای تەماحی وڵاتانی ئەوروپی بووە لەباری ئابورییەوە، بەڵام ڕۆڵ و دەستێوەردانی لە سوریاو تەواوی ناوچەکە و پشتیوانی ئاشکرای لە ڕێکخراوەی داعش و گروپە ئیسلامیەکانی تر لایەنێکی ئەو نائارامیەیە کە تەواوی ناوچەکەی کردۆتە کوانویەکی پڕ کێشەو خوێن ڕێژی و نائارام کردنی کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم کەڵەکەی سەرمایە. پرسی کۆچبەرانیش کە تورکیا لەگەڵ ئەوروپادا هەمیشە بەدەستیەوە گرتووە، لەپای ڕیگری کردن لەوەی لێشاوی پەنابەران بڕژێتە ئەوروپاوە ڕۆڵی پارێزگاری سنورەکانی گرتۆتە ئەستۆ و لەبەرامبەر بە هاوکاریی ئابوریەکدا کە وڵاتانی ئەورپایی پێی دەکەن، بەڵام بۆ وڵاتانی ئەوروپا ڕۆشنە کە بەشێکی زۆر پەنابەران

دەرهاویشتەی سیاسەتی توکیایەو لە پاڵ سیاسەت و دەخاڵەتگەری ئێران و ئەمریکا و ڕوسیادا.
بە کورتیەکەی وڵاتانی ئەوروپا، لە هەلومەرجی بەرامبەرکێی قوتب و بلۆکە جیهانی وناوچەیەکان و ناکامی بەردەوامی ئەمریکادا لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، دەیانەوێت ڕۆڵی زۆرتر بگێرن و وەکو بلۆکێکی تایبەتی لەئارایشی سیاسی دنیادا، یارچی بن. بەتایبەتیش فەڕەنسا کە هەمیشە وەکو ئاڵاهەڵگری سیاسی لەناو وڵاتانی ئەورووپیدا بەشی شێری بردووە.

**دیدگای سۆشیالیستی: ترەمپ هەر ڕۆژە قسەیەک دەکات، خۆی بڕیاری کشانەوەی داوە و هەرخۆشی باسی سیناریۆکانی ڕووبەڕووبونەوەی تورکیا دەکات، لەجەرگەی ئەم ڕاڕایی و لێدوانە ناکۆک بەیەکەدا، ترامپ جێگرەکەی خۆی ووەزیری دەرەوەی نارد بۆلای ئەردوگان و ڕیکەوتنێکیان ئیمزاکرد.. هۆکاری ئەم ناجێگیریە لەسیاسەتی ئەمریکادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ واتە بۆچی ئەمریکا لەلایەک بەپرتاو دەکشێتەوەو دۆخی سوریاو هاوپەیمانانێکی وەک هەسەدە بەفەرامۆشی دەسپێرێ و لەلایەکی تریشەوە فشار دەخاتەسەر تورکیا تاهێرشەکانی ڕابگرێت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** قسەو لێدوانەکانی ترمپ، دەرخەری پێگەی ڕوو لەخواری بەردەوامی ئەمریکا و ناکامیەکانیەتی، لەبەرامبەر نەیارەکانیدا لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا. بڕیاری کشانەوەی کت و پڕی سوپای ئەمریکا لە لایەن ترەمپەوە، هەر کۆتاییهێنان بە ڕۆڵی ئەمریکا لەدۆخی ناوچەکەو سوریا و شکستێکی تری ئەمریکا نییە، بەڵکو هاوکات داننانە بەڕۆڵی ڕوولەپێشی ڕوسیا و تەسلیم بوونیەتی بە پێشڕەوی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی لەوانەش ئێران. کە ئەمە هاوکات بەیانی شکستی ئەمریکاشە لە بەڵێنی دەستکورتکردنەوەی ئێران لە ناوچەکەدا و هەنگاوێکی تری پاشەکشەی لەبەرامبەر ئێرانیشدا نیشان دەدات. ئەم هەموو ناکامیانە دەوڵەتی ئەمریکای توشی دەردی شپرزەیی سیاسی کردووە و دورنمایەکی ڕۆشنی بۆ هیچ کام لە دۆسیەو فایلەکانی دنیای ئەم سەردەمە لەدەستدا نەهێشتۆتەوە. هەر ئەوەیە بڕیار لە کشانەوە دەدات و ئازاری ئاکامەکانیشی پێ قبوڵ ناکرێت. هەژموونی دەوێت و ڕیگاکانی شکست دەگرێتە بەر. دەیەوێت ئێران و تورکیا جڵەو بکات، کەچی سوریا بۆ ئێران جێ دەهێڵی و تورکیاش تادێت بەرەو ڕوسیا دەکشێت و ئێستاش ترسی دەرچوونی تورکیا لە ناتۆش هەیە... گڵۆپی سەوز بۆ هێرشی تورکیا هەڵدەکات و دوای ٩ ڕۆژ تورکیا لە هێرشەکانیدا ناکام دەبێت. پاشەکشە لە سوریا دەکات، نەیارەکانی بە پرۆژەیەکی بەرق ئاسای ڕوسیا، ڕێکەوتنی نێوان سوریا و هێزە کوردیەکان

دەکاتە بەدیلی پێشوەختە... دوای چەند ساڵ کار لەگەڵ یەپەگە بەخێرایی دەکەوێتە سەنگەر لێ گرتنیان...

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرەنجام ئەمریکا وتورکیا ڕێکەوتنێکیان ڕاگەیاند، بڕیارە لەزوترین کاتدا تورکیا هێرشەکانی خۆی ڕابگرێ وهەسەدەش هێزەکانی خۆی بۆ ئەو شوێنانە بکشێتەوە، کەجێگای ڕەزامەندی تورکیایە. لەلایەکیترەوە هەسەدە لایەنگری خۆی بۆ ڕێکەوتنەکە ڕاگەیاندووە، خەڵکیش دڵخۆشن بەم ڕێکەوتنە.. ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە چیە وتاچەند ئەتوانێ دۆخی سوریا بەرەوکۆتایی جەنگ بەرێ؟ ئایا ئەم ڕێکەوتنە ناکاتە ئەوەی هێزەکانی تورکیا لەناوچە سنوریەکان بۆماوەیەکی زۆرتر جێگیر بکا؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** ڕیکەوتنی ئەمریکا و تورکیا، لە کاتێکدا ئەمریکا هەڕەشەی جۆراوجۆری لە تورکیاو دارماندنی ئابورییەکەی دەکرد، بۆ بەرگرتن بوو لەوەی تورکیا بەتەواوەتی نەترازێتە کۆشی بەرەی ڕوسیاوە و لەناتۆش نەکشێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەهاناوە چوونی تورکیا بوو کە ماوەی ٩ ڕۆژ بوو، نەیتوانی هیچ پێشرەویەکی جێگای باس بکات و لەبەرامبەر خۆراگری هێزەکانی هەسەدەدا. هەسەدە ئاگربەستی قبوڵ کرد، لەکاتێکدا ڕیکەوتننامەیەک کە ئەمریکا لەگەڵ تورکیا کردویەتی هیچ ڕۆڵیکی بۆ ڕاو بۆچوونی هەسەدە دانەناوە. وەکو دەڵێن، ئەم ڕێکەوتنە بەڵێندانی ئەمریکاو مامەڵەی ئەو بووە لەگەڵ تورکیادا بە دانی ئیمتیازاتێک کە هی خۆیی نییە بە تورکیا، بە قەولی کوردی "پیاوەتی کردن بە ئاوی حەمامەوە"!!

ناوەڕۆکی سەرەکی ڕێکەوتنامەکەش، بریتییە لەڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆماوەی ١٢٠ سەعات واتە ماوەی پێنج ڕۆژ، لەبەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی یەپەگەو هەسەدە بەقوڵایی٣٢ کیلۆمەتر، لەگەڵ پاشەکشەی یەپەگەدا، تورکیا ئاگر بەستی هەمیشەیی ڕادەگەیەنێت، هەروەها تورکیا و ئەمریکا بەیەکەوە ئیدارەی زیندانەکانی داعش دەکەن وڕێگری لەسەرهەڵدانەوەی داعش دەکەن، تورکیا ناوچەی ئارام لەڕۆژهەڵاتی فورات تاوەکو سنوورەکانی عێراق دروست دەکات...

بێگومان ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یانی ڕادەستکردنی زوربەی شارە کورد نشینەکانی سوریا بە تورکیایە. بەمانایەکی تر ئەوەی تورکیا بەجەنگێکی سەخت بۆی بەدەست نایەت، لەڕێگای ئەو ڕێکەوتنەوە بۆی فەراهەم دەبێت و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی هەسەدەو یەپەگە سنودار و بەرتەسک و بچوک دەکاتەوە... کەدواتر کۆتایی پێهێنانی کارێکی سەخت و قورس نابێت.

جێ بەجێ بوونی ئەم ڕێکەوتنامەیە هیچی بۆ یەپەگە و دەسەڵاتی خۆجیی و کانتۆنەکان

تیانییە، جگە لە ئاگر بڕێکی کاتی. وە ئەمەش بەهیچ جۆرێک ناتوانێت کۆتایی بە جەنگ بهێنێت و ئارامی بگێڕێتەوە. بەپێچەوانەوە بەدانانی "ناوچەی ئارام" کە تورکیا مەبەستی کۆنترۆڵ کردنیەتی، ئاوارە عەرەب زمانەکانی سوریایە لەو ناوچەیە لە جێگای دانیشتوانی ئەسلی خۆی جێگیردەکات، کە ئەمەش سیاسەتی تەعریب کردنی ناوچەکە و دوبارە ئاوارەکردنەوەی دانیشتوانی پێشوویەتی، ئەمەش خۆی دەبێتە سەرەتایەکی ترسناک بۆ قوڵکردنەوەی کێبەرکێی قەومی و نائارام ڕاگرتنی هەموو ئەو ناوچانەو گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هاوکات ئەمە کۆمەک دەکات بۆ سازکردنی ژینگەی دوبارە پێگرتنەوەی هێزەکانی داعش و گروپی تری لەچەشنی داعش. لەهەموو ئەوانەش واوەتر پرسی سیاسی کورد ئاڵۆزتر و پڕکێشەتر دەکات. ملهوری تورکیاش لەتەواوی ئەو ناوچەیە جێگیر دەکات و ئاستی هەڕەشەکانی بۆسەر کوردستانی عێراقیش دەباتە سەرەوە. بەکورتیەکەی ئەم ڕێکەوتنامەیە پلانێکی چەپەڵی ئاوس بەسەدان کیشەی ترە، و ئاڵۆزکردنی زۆرتری دۆخی سوریاو سنورەکانە و سەرەتای پلانێکی بەنەخشەیە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی سوریادا.. ئەگەر ئەو ڕێکەوتنامەیە جێ بەجێبکرێت، قوربانیانی دەیان و سەدان جار زیاتر لە قوربانیانی بەرەی وەستانەوە بەڕووی هێرش و ملهوری تورکیادا و ترسی لەدەستدانی ئەزموونی ڕۆژئاواش، زیاد دەکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: تەئیدکردنی ئەم ڕیکەوتنە لەلایەن هەسەدەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟ هەروەها چارەنوسی هەسەدەو ئەوناوچانەی بەدەستەیەوەیەتی بەرەوکوێ دەبات؟ ئایا لەم دۆخەدا داهاتویی کێشەی کورد چی لێدێت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** یەپەگەو هەسەدە زیاتر چاویان لە ڕاوەستانی لەشکرکێشی تورکیایە. هەربۆیە ڕەزامەندیان لەسەر ئەو بەندە دەربڕیووە کە ئاگر بڕ بەدیدێنێ. بەپێی هەواڵەکانیش، هێزەکانی یەپەگەو هەدەسەدە لەسەرێکانی کشاونەتەوە، ئەگەرچی هێشتا نازانرێ کەئاخۆ بەقوڵایی ٣٢ کیلۆمەتر، یانی تا ئەو شوێنەی کەتورکیا دەیەوێت دەکشێنەوە و ئامادەن مل بەهەموو داواکانی تورکیا بدەن کەلەڕێکەوتنەکەدایە!.

بێگومان لەئەگەری ملدان وقبوڵکردنی تەواوی ڕیکەوتنامەکە لەلایەن هەدەسەدە و یەپەگەوە، ئەوا دۆخەکە پێدەنێتە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهینانی دەسەڵاتی خۆجێی و تەمەنی کانتۆنەکان. هەڵوێستێکی ئاواش بەمانای تەسلیم بون وملی دانە بە گەمەو کایەی ئەمریکا و زلهێزەکان و ریکەوتنی نێوانیان.

بەکورتی، لەداهاتوویەکی نەک زۆر دووردا. نەدۆخی سیاسی سوریاو ڕژێمی ئەسەد بەو

جۆرەی ئێستا دەمێنێتەوە و نە جێگاو ڕێگای کانتۆنەکان و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی سوریادا، کە بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتیەوە بۆتە ئەمری واقع، وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکو ئاڵوگۆری گەورەیان بەسەردا دێت. ڕژێمی سوریا هەوڵدەدات قەڵەمڕەوی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی خۆی بەسەر تەواوی سوریادا بسەپێنێتەوە و نەیارەکانی تەسلیم بەخۆی بکات یان ڕایان بماڵێت. لەو حاڵەتەدا مەسەلەی گێرانەوەی کوردستانی سوریا و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری وەکو دیفاکتۆیەک، مەسەلەیەکی سەرەکی و میحوەرییە.

ئەوەش ڕۆشنە کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی سوریادا، سەربازی دەور و کاریگەری و دەستێوردانی وڵاتانی ناوچەکە وەکو تورکیا، ئێران، عێراق و ئەمریکا و غەرب و رووسیا، و ئەوروپا لەناو چوارچێوەی سوریادا وەڵام وەردەگرێتەوە. هاوسەنگی هێز لە یەکلایی بوونەوەی ئەو پرسەدا ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەگێرێت، ئەو هاوسەنگی هێزەش بۆ خەڵکی کوردستانی سوریا و دەسەڵاتی کانتۆنەکان، لە گرەوەی یەکگرتوویی لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشنی ئازادیخوازانە و ئینسانی وبڕوابەخۆبوون و ڕۆڵ بەخشینی تەواوەتی بە دەور و ئیرادەی ڕاستەوخۆیی جەماوەرییە. بەهرەمەند بوونە لە پشتیوانی بزوتنەوەی جەماوەری ئازادیخواز و هیزو لایەنە سیاسی و جەماوەرییە چەپ و ڕادیکاڵەکان، لە وڵاتانی ناوچەکەو دنیادا.

ئێستا ئەزموونی کوردستانی سوریا، لەبەردەم مەترسیەکی هەمەلایەنەی ڕۆژدایە، لەلایەکەوە ڕووبەڕووە لەگەڵ هێرش و ملهوڕی سەربازی دەوڵەتی تورکیا، ڕووبەڕووە لەگەل ڕێکەوتنامەی نێوان ئەمریکا و تورکیا، ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕێکەوتنی نێوان هەسەدەو ڕژێمی سوریا بە چاودێری ڕوسیا، ڕووبەڕووە لەگەڵ دەخاڵەتی بەردەوامی ئێران، کە پرسی کورد لەویش کێشەیەکی سیاسیە، ڕووبەڕووە لەگەڵ مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش، هاوکات ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕەوەندی ئاسایی بوونەوەی دۆخی سوریا و گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی. لەناو هەلومەرجێکی ئاوادا... ئاسایی بوونەوەی دۆخی سوریای بەشەو ڕۆژێک ڕوونادات و پرۆسەیەکی پڕ کێشەو هەڵبەزو دابەزە و زۆر لایەن و هێزو وڵاتانی ناوچەکە و ململانێی بەرژەوەندخوازی زلهیزەکان، وڵاتانی ناوچەکە ڕۆڵیان تیایدا هەیە. یەکێک لەو کێشانەش کە دەبێ وەڵام وەربگرێتەوە لەم پرۆسەیەدا کێشەی کورد و پرسی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری و کانتۆنەکانە. بەبێ چارەسەری پرسی کوردیش هەلومەرجی ناوخۆیی سوریا، ئاسایی نابێتەوە. هەروەکو لە شوێنێکی تری ئەم دیمانەیدا وتوومە کوردستانی سوریا یان دەبێت بە ڕێکەوتنێک و ئەڵتەرناتیفێک ببێتەوە بە بەشێک لە چوارچێوەی سوریای یەکگرتوو، جا یان لەڕێگای قەوارەدانەوە بە دەوڵەتی سوریا و بە

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

دەستورێکی تازەوە کە مافی هاوڵاتی یەکسان لەبەرامبەر بەیاسادا بە کردەوە و بەفەرمی بناسێت، کەئەم ئەگەرە لەسایەی دەوڵەتیکی دیکتاتۆری وەکو رژیمی سوریادا، ئەستەمە.. یان رێگای دووەم کە گەرانەوەی سوپا و دەسەلاتی رژیمی سوریایە لەرێگای هێزی چەکدارە و بەزۆری سەرکوتەوە، ئەمەش لە هاوسەنگی هێزی ئێستای رژێمی سوریادا، سانا نییەو پێویستی بە کاتی زۆرتر و خۆگرتنەوە لەلایەک و لاوازکردنی دەسەلاتی خۆبەڕیوەبەرییەوە هەیە، لەیەک وتەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئایندەی کێشەی کورد لەکوردستانی سوریا، لەسایەی ئەم ڕیکەوتن نامەیەی نیوان ئەمریکاو تورکیادا ولەسایەی مانەوەی هێزەکانی تورکیا لەسوریادا لەژێر ناوی "ناوچەی ئارام"دا، دەخاتە تونێلیکی تاریکەوە و لەنێو زەلکاوی جەنگ و کاولکاریدا، بێچارە دەیهێڵێتەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: لەزەلکاوی جەنگی سوریادا، ڕێکەوتنی نیوان تورکیاو ڕوسیا لەسەر پرسی "ناوچەی ئارام" کە ئۆردوگان چاوی تێبڕیوە، وەک دوا وێستگەی ئاڵوگۆڕە دراماتیکیەکان، هاتۆتە کایەوە. بەڕادەیەک کە لێکۆڵیارانی سیاسی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەئەم ڕیکەوتنەی نێوان ڕوسیاو تورکیا، هەم مۆری ئاخر لەکۆتاییهێنان بە نفوز ودەخالەتی ئەمریکا لەسوریادا دێنێ و هەم پاشەکشەی جدی بەسەر مانەوەی لایەنە هاوپەیمانەکانی لەولاتانی ئەوروپا، (بەهێزەکانی هەسەدەشەوە) کەلەژێر ناوی جەنگ لەدژی تیرۆر کۆی کردبونەوە، دەهێنێ. بەدیاریکراویش، چارەنوسی هێزەکانی هەسەدەو مانەوەی ناوچەی خۆبەڕیوەبەری وئەزمونەکەی بەرەو کۆتایی دەبات.. ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان لەسەر ئەم ڕیکەوتنە هەیە؟ هەنگاوەکان و ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنەی نێوان ڕوسیاو تورکیا، لەحاڵەتی جێبەجی بونیدا چ گۆرانکاریەک لەدۆخی سوریادا دەکا و ڕۆڵی تورکیاو ڕوسیا وحکومەتی بەشار ئەسەدا پێکدێنێ؟ سەرەنجام مەسەلی ڕۆژئاواو کێشەی کورد ومانەوەی پەیەدە وهەسەدە ڕوو بەڕویی کام ئەگەر دەکاتەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** زنجیرە ڕێکەوتنە یەک بەدوای یەکەکانی ئەم دوایەی تایبەت بە دۆخی ناوچەکەو بەدیاریکراوی بە هەلومەرجی سوریا و کوردستانی سوریادا، تەواوکەری یەکترن و ئەڵقەی یەک زنجیرن بە یەک ئاراستەدا، یان دەتوانین بڵێین سەرباری جیاوازییەکانیان بە یەک ئاراستەدا دەڕۆن. ڕیکەوتنەکانی "تورکیا- ئەمریکا، روسیا- سوریا، روسیا تورکیا" هەموویان بێ گویدانە ڕۆڵ و بەشداری خەڵکی کوردستان و تەنانەت ڕۆڵی هەسەدەو یەپەگە دەکرێن. ڕوسیا و ئەمریکا، بە نوێنەرایەتی ئەوان و لەڕاستیدا بە فەرامۆش سپاردنی تەواوەتیان واژۆ لەسەر ڕێکەوتنەکانی نێوانیان دەکەن، کە ئاڵوگۆری گەورە و بنەڕەتی چ بەسەر چارەنووسی ناوچە کوردنشینەکان و یەپەگەو هەسەدە و چ

بەسەر ئایندەی سوریادا دێنێ.
خاڵی هاوبەشی هەموو ڕیکەوتنەکان، پاشەکشەکردنە بەیەپەگەو هەسەدە و کۆتاییهێنانە بە ئەزموونی ناوچەی خۆبەڕێوەبەری و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا و ڕێگەگرتنە بەهەر هەوڵێکی کارساز بۆ چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی سوریا و لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمە تەنها دیوێک و گۆشەیەک لە سیناریۆی شانۆیەکی گەورەترە کە لەپشتییەوە بەرژەوەندی هەژموونی سیاسی و ئابوری و ململانیی ئەمریکا و ڕوسیا و بلۆکە ناوچەیەکانی وەستاوە.
جۆر و ناوەرۆکی ڕیکەوتنەکان، بەیانی ململانێ قوڵەکان و گۆرانی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا لەنیوان ئەمریکا و ڕووسیا، بەسودی دەوڵەتی ڕوسیا دەخەنە ڕوو. ئەگەر ڕیکەوتنی ئەمریکا و تورکیا، دەستی تورکیای بۆ هیرش و ئۆپەراسیۆن ئاوەڵاکرد، بە ڕێکەوتنێکی تر پاشەکشەی بەسەر هێزەکانی هەسەدەدا سەپاند تا سنورەکان بەقوڵایی ٣٢ کیلۆمەتر چۆڵ بکەن، ئەوا ڕێکەوتنی ڕوسیاو تورکیا، بەجیا لە پێداگری پاشەکشەی ٣٠ کیلۆمەتری سنورەکان، هەم دڵنیایی دڵخوازی ئەمنی بەتورکیا بەخشی و هەم ڕۆڵی حزوری سەربازی مەیدانی خۆی لەجێگای هیزە سەربازییەکانی ئەمریکا جیگیر کردو هەم ڕۆڵی هێزەکانی سوپای سوریا دەگێڕێتەوە و هەمیش بەدیل بۆ ئایندەی سوریا و ناوچە کوردنشینەکان و چارەسەری پرسی کورد" بەوجۆرەی دەیانەوێ" دەخاتە ڕوو. لەوانەش واوەتر ڕوسیا خۆی ڕۆڵی ئەکتەرێکی بەکردەوەو مەیدانی هاوبەش لەگەڵ ڕژێمی سوریا لەلایەک و ڕژێمی تورکیا لەلایەکی ترەوە دەگێرێت. بەم جۆرە ناکامی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، بەهۆی ناڕۆشنی سیاسی و لێڵی لەدورنمای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی و شپرزەیی لە بڕیار و هەڵبەزو دابەز لە مامەڵەی لەگەڵ تورکیا و هێزە دەرگیرەکان و نەبونی هیچ ئەڵتەرناتیفێک بۆ ئایندەی سوریادا... ئەو بوارەی بە ڕوسیای نەیاری بەخشی کە ئالآی سەرکەوتنی بە کردەوەی خۆی هەڵ بکات و ناوچەکە بە سودی خۆی لەو ململانێیەیدا یەکلایی بکاتەوە کە ناوەندێکی سەرەکی ململانێی بوو لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا. وە ڕەوتی پێکهێنانی بلۆکیکی تورکی و سوری ئێرانی و عێراقی، لە ناوچەکدا خەریکە پێدەگرێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا دەکات. بۆیە دەتوانین بلێن ئەو ڕێکەوتنە کۆتایی بەڕۆڵ و نەخشی کاریگەری پێشووی ئەمریکا لەناوچەکە هێنا و ڕۆڵ و کاریگەری و نەخشی ڕوسیا و جێگیر کرد. وە پرسی سوریا و ناوچە کوردنشینەکانیشی خستە ژێر کۆنترۆڵی یەکلایەنەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە.
جێبەجێ بوونی ئەم ڕێکەوتنامەیە، کەسەرەتاکەی پاشەکشە پێکردنی هێزەکانی یەپەگەو هەسەدە و لەچەک داماڵینی سنورەکانە، بەرژەوەندیەکانی تورکیا دەپارێزێ و جێبەجێ

دەکات. لەلایەکی تریشەوە بەسودی دەوڵەتی سوریا تەواو دەبێت و دەبێتە سەرەتایەکیش بە ئاڕاستەی چەک داماڵین لەناوچە کوردنشنەکان، لە چوارچێوەی هێنانە گۆڕی چارەسەری پرسی کوردا.
ڕەزامەندی نیشاندانی هێزەکانی هەسەدەو یەپەگەش، بە پاساوی بژاردەیەک لەنێوان دوو بژاردەی خراپ و خراپتردا" ڕژێمی تورکیا و سوریا"، وە خۆشباوەری بەوەی کە ئەم ڕیکەوتنامەیە تەنها پەیوەندی بەسنورەکانەوە هەیەو دەست نابات، بۆ دەسەڵاتی خۆبەڕیوەبەری ناوچە کورنشینەکانی تر... بەر لەهەموو شت وەستانەوەیە بەڕووی بزوتنەوەی حەقخوزانەی خەڵکی کوردستان و ڕادەستکردنەوەی شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتیانە لەچوارچیوەی ڕێکەوتنی داهاتوودا لەگەڵ دەوڵەتی سوریا لەژێر ناوی پرسی چارەسەری کوردو لە ژێر سایەی بەڵینی" دەوڵەتی ڕوسیا" بۆ نووسینەوەی دەستورێک لە سوریادا، کە مافەکانی کورد دەستەبەر بکات.
ئەو خۆشباوەڕی و کورتبینییە سیاسیەی هەسەدەو یەپەگە، کەلەنێوان بژاردەی سوریا و توکیا، یەکێکیان بە سودی خۆ دەبینێت و لەپاڵیشیدا بژاردەی پشت بەستن بەئیرادەی سیاسی خەڵکی ناوچەکوردنشینەکان وپشتیوانی بزوتنەوە جەماوەری کرێکاری و دنیای ئینسان دۆست و سەرمایەی سیاسی شکستی داعش و سەرکەوتن لە کۆبانی و مەرسومی یەکسانی ژنان و پیاوان، دەسپێرێت بە فەرامۆشی، هیچ ئاکامێکی نابێت جگە لەوەی کە خەڵکی کوردستانی سوریا لە ئایندەدا بەدەست بەستراوی تەسلیم بە دەوڵەتی سوریا دەکاتەوە.
بەکورتیەکەی دواین ڕێکەوتنی ڕوسیا و تورکیا... پەنجەمۆری بەکردەوەی شکست و ناکامی ئەمریکای لە دۆخی سوریا و ناوچەکە کرد و باڵادەستی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی جێگیر کردو سەلماند. هاوکات دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەڕۆڵ و بڕیار لەسوریا و ناوچەکەدا، کۆتایی پێ هێناو ڕەوتی ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی سوریا و گێرانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خێراکرد. ئەو حزب و هێزە سیاسیانەش لەوانەش" یەپەگە و هەسەدە" کە مایەی خۆیان لەسەر بوونی سوپای ئەمریکا و پشت بەستن بە سیاسەتی ڕوسیا و ململانیی نێوانیان دارشتبوو، دەکاتە قوربانی و داکوژانی ڕۆڵیان. هەروەها گورزێکی کاریگەریش لە ئایندەی سیاسی کوردستان وپرسی کورد نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لەناوچەکە دەدات و مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراقیشدا دروست دەکات.

**٢٢ ی ئۆکتۆبەری٢٠١٩**



خەسرەو سایە

# لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

هاتنەمەیدانی چەند ڕۆژەی جەماوەری شارەکانی عێراق، لاپەڕەیەکی تازەی لە دۆخی سیاسی و خەباتی چینایەتی نێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک و دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا قەومی و ئیسلامیەکان لەلایەکی ترەوە هەڵدایەوە، ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم جولانەوەیە چییە؟ زەمینەکان و هۆکاری هاتنەمەیدانی خەڵک لەم شێوەیەیدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەم جولانەوەیە چییە وە بۆچی دەسەڵات بەو پەڕەی توندوتیژیەوە ڕوبەڕووی بویەوە؟ سەرەنجام ئەم نارەزایەتیانە بەرەو کوێ دەڕۆن، ئایا دەسەڵات دەتوانێ لەڕێگای زەبروزەنگ، وەیا دانان بە بەشێک لە خواستەکانی خەڵکدا کۆتاییان پێبهێنێت؟.. ئەمانە و گەلێک پرسیاری تر لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ خەسرەو سایە، وەلامیان پێدەدرێتەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

**دیدگای سۆشیالیستی: لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا و بۆماوەی نزیکەی هەفتەیەک، بەغدای پایتەخت و بەشێکی شارە گەورەکانی خوارووی عێراق شانۆی خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و گەنجانێکی بێکاربوون دژی دەسەڵاتەکەی عادل عبدولمەهدی. ئەم شەپۆلە لە خۆپیشاندان، دوای ئەوە هات کە حکومەتی عێراق وەڵامی مانگرتنی دوو مانگەی دەرچوانی زانکۆ، کە داوای فرسەتی کاریان دەکرد، بە ڕشتنی ئاوی گەرم پیایاندا دایەوە. بەڵام بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ ئەم خۆپیشاندانانە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە "ئەلساعیدی" کە کەسایەتیەکی خۆشەویستی خەڵک بووە، لە دژە تیرۆرەوە گوستراوەتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری وەکو جۆرێک لە سزادان. بۆچوونێکیش هەیە دەڵێ کە ئەمریکا و سعودیە وەکو کارتێکی فشار بۆ پەروباڵکردنی ئێران لە عێراقدا لە پشتی خۆپیشاندانەکانەوە بوون. یان دەوترێ هێزە نەیارەکانی عێراق لە ململانێی نێوخۆیاندا دەستیان بۆ کارتی جەماوەر بردووە و بەجۆرێک ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە بە بەشێک لە سیاسەتی ئەو حزبانە لە قەڵەم دەدەن. ئێوە ئەم بانگەشانە چۆن هەڵدەسەنگێنن و پێتانوایە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان و خرۆشانی جەماوەری عێراق چی بوون؟**

**خەسرەو سایە:** ئەو بۆچوونانەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاستیە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی هاتنەمەیدانی جەماوەرێکی تورە و ناڕازی نادیدە دەگرێ، لە بنەڕەتەوە ڕوانگە و بۆچونی ئەم یان ئەو حزب وتاقمی ئیسلامی دەخاتەڕوو کە لە هەوڵدایە ڕەوتی نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری ڕاکێشێتە ژێر سایەی ئاسۆ و سیاسەتی ئەم یان ئەو باڵی بۆرژوازیەوە، بەڵام خودی ئەوەی کە تەقینەوەی تورەیی و نارەزایەتی ئەمجارەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شارەکانی عێراق، لەدژی سەرتاپای نیزامی سیاسی و دامەزراوەکانی، هاتەمەیدان و ڕاستەوخۆ کەوتە بەرامبەر حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و بنکە و بارەگای حزبەکان ومەراجعی دینیەوە، هەموو ئەم جۆرە ڕوانگە و بۆچونانە بەدرۆ دەخاتەوە.

بێگومان هاتنەمەیدانی ئەمجارەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، لە شکڵی ڕاپەرینێکی شاریدایە، ئەمەش لەسەر زەمینەی قەڵشتێکی چینایەتی و کەڵەکەبوونی دەیان کێشەوگرفتی وەک بێکاری و هەژاری، بێمافی و بێ دەرەتانی، نائەمنی و نەبونی کەمترین ئاست لە خزمەتگوزاریەکان.. کە چەندین ساڵە ژیانی هاولاتیانی مەحرومی عێراق دەهارێ، سەریهەڵداوە.

ساڵی 2003 ڕژێمی سەدام حسین لە ڕێگای جەنگ و داگیرکاری ئەمریکاوە ڕوخا و دەستەوتاقمێکی ئیسلامی و قەومی و تیرەگەری، دەسەلاتیان پێدرا و ئەوانیش کەوتنە دزی

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

و تالآنکردنی داهاتی ولآت. ئەمانە کە"دیموکراسی ئەمریکایی" کۆی کردبوونەوە، بە زەبری هێزی میلیشیا و ئایدیۆلۆژیای دینی و قەومیەوە خۆیان بەسەر ژیان و موقەدەراتی خەڵکدا داسەپاند و مافی ناردنەدەرەوەی نەوتیان بە خۆیان دا، بەمەرجی ئەوەی کە خەڵکی بندەستیان لەوپەڕی بێدادی کۆمەڵایەتی و لە بێکاری و برسیەتیدا ڕابگرن و خۆیان بدزنەوە لە دابین کردنی سەرەتاییترین پیداویستی و خزمەتگوزاریەکان. ئەم دەستەوتاقمانە لەژێر ناوی ئابوری بازاڕدا، تۆڕێک لە کۆمپانیای وەهمی و ناقانونیان خستە بازارەوە و بازرگانی کالآی ورد و درشتی بژێوی، دەرمان و ئاو وکارەبا، بوارەکانی هاتوچۆ و گەیاندن، تا خانوبەرە و هەرشتێک بە ژیانی ڕۆژانەی هاولآتیانەوە پەیوەندی هەبێت، قۆرغ کرد و ئاستی دزی و تالآنی و گەندەڵییان بەوپەڕی خۆی گەیاند، بەڕادەی ئەوەی کە میدیا دەرەکیەکان ئەو زانیاریەیان ئاشکرا کرد کە450 ملیار دۆلار لە داهاتی نەوت بێسەروشوێنە، کەچی لەولاوە چەندین نەوە لە گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەی بەرز، کارێکی موەقەت و بەکرێیەکی 400 هەزار دیناریيان دەستنەکەوێت. عادل عەبدولمەهەدی کە بەفڕۆکەیەک وەفدەوە سەردانی ولآتی چینی کرد، تا گرێبەستی چەند سەد ملیار دۆلاری لە بواری ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی عێراقدا ئیمزابکات، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا دەستی دایە پەلاماردانی دەستفرۆشانی سەرشەقامەکان و ڕوخاندنی ساوپەنای خەڵکی هەژاری قەراغ شارەکان، لەژێر ناوی جوانکردنی سیمای شاردا. کە لەڕاستیدا، بە مەبەستی تەخت کردنی ڕێگا لەبەردەم کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا، کە خاوەنانی سەرانی هەر ئەو حزب و دەستەوتاقمە ئیسلامی و قەومیانەن کە حوکمی میلیشیایان لەدەستدایە، بۆ ئەوەی پڕۆژەی 300 ملیار دۆلاری دروستکردنی خانوبەرە بخەنەڕێ.. هەموو ئەمانە قەڵشتێکی چینایەتی لەنێوان خەڵکی زەحمەتکێش و چینی دەسەلآتداردا دروستکردووە و بە پێویست نان و کار و ئازادی و دادی کۆمەلآیەتی کردۆتە یەک خواستی ڕیشەدار و بەرهەق و فراوانی جەماوەری. بەرادەیەک کە هەر هاولآتیەکی سادە ئەم دۆخە نایەکسانی و زوڵمە ببینێ و لەبەرامبەریدا توڕە و ناڕازی بێت. بەلآم دیارە گەیشتنی ئەم قەڵشتە چینایەتیەو ئەم نابەرابەری و زوڵمە وئەم توڕەیی وناڕەزایەتیەی خەڵک بۆ سەر ئاستی تەقینەوەی جەماوەری و ڕاپەڕینێکی شاری، دەبێ پەنجە لەسەر هۆکارە واقعیەکانی دۆخی سیاسی و پێشینەی ناڕەزایەتیەکان خۆی دابنێین. لەم بارەوە ئێوە لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بەوەکردوە کەبەر لەتەقینەوەی ئەم جارەی جەماوەر، گەنجان ودەرچوانی زانکۆ وخوێندنی بالآ لەچەند شار خۆپیشاندانیان بەڕیخست وداوای کاریان کرد، بەلآم حکومەت گوێی پێنەدان و بەبێ هیوا گەڕاندیانەوە ماڵەوە. ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەدا بووە مایەی خەواندن و پەنگخواردنەوەی ڕق وتوڕەیی و تۆڵەسەندنەوە،

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

لەنێو گەنجان و دەرچوانی زانکۆکاندا، هاوکات کەوتە حاڵەتێکی چاوەڕوانیەوە و وەک بڵێی دەسەڵاتی خستە کەمینی خۆیەوە بۆ چاوەڕێی فرسەتێک بوو کە تەوازنی هێزی نێوان خۆی و دەسەڵات بەقازانجی هاتنەمەیدانی جەماوەری ڕاستەوخۆ ببینێ. لەم پەیوەندەدا کێشەی نێوان حزبە شیعیەکان، چ ئەوانەی لە حکومەتدا هاوبەشن چ ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەتن، لەسەر کۆمەڵە قەراراتێکی عادل عەبدولمەهدی، لەوانە مەسەلەی هەڵوەشانەوەی میلیشیای حزبەکان و حەشدی شەعبی و ڕۆڵی ئێران، توندکردەوە و درزێکی گەورە کەوتە نێوانیانەوە، بەڕادەی ئەوەی موقتەدا سەدر باس لە"حکومەتی سێبەر" بکات، عەمار حەکیم ڕەوتێکی تازە بەڕێبخا و بکەوێتە هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی حکومەت. هاوکات عەبادی و ڕەوتی حیکمە دەست بۆ خۆپیشاندان لەدژی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی بەرێت.. ئەم دۆخە پێگەی دەسەڵاتی لەبەرامبەر نارەزایەتی خەڵکدا شل کردەوە و ئەوانی لە تەوازنێکی تازەدا ڕاگرت و فرسەتی دا بە هاتنەمەیدانی خێراو فراوانی ئەو جەماوەرە نارازیەی کە لە کەمیندابوو بۆ تەقینەوە و هەڵڕشتنی ڕق و تورەیی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتدا، تا تۆڵە لەو بێوەڵامیە بکاتەوە کە پێشتر بەرامبەر بە خواستەکانی گرتبویەبەر.
بە بڕوای من خودی ئەوەی کە گەنجان و دەرچوانی زانکۆکان ڕیزی پێشەوەی ئەم ڕاپەرینە شاریە و ئەم هاتنەمەیدانە جەماوەریەیان گرت، وە یا ئەوەی کە نارەزایەتیەکان زیاتر ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و نفوزی حزب وڕەوتە شیعیەکانی گرتەوە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە چەندە ناکۆکی نێوان حزب و ڕەوتە شیعیەکان هۆکارێکی کاریگەربووە بۆ سەرهەڵدان و هاتنەمەیدانی جەماوەر..

**دیدگای سۆشیالیستی: یەکێک لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران بریتی بوو لە "ئێران بۆ دەرەوە". ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم دروشمە ئەو بانگەشەیە پشت ڕاست ئەکاتەوە کە دەڵێت: "ڕەنگە ئەمریکا و سعودیە لەپشتی ئەم خۆپیشاندانانەوە بن و لەڕیگای ئەحزابی نزیک لە خۆیانەوە شەقامیان جوڵاندبێت"؟ ئەگەر پێتان وایە ئەو پروپاگەندەیە هیچ ڕاستیەکی تێدا نییە، ئەی بایەخی ئەو دروشمە بۆ خەباتی جەماوەری ئازادیخواز و کرێکارانی عێراق چییە و دەتوانێ چ پەیامێک لەناو خۆیدا هەڵبگرێ؟**
**خەسرەو سایە:** هەروەک ئاماژەم پێدا، هاتنەمەیدانی ئەمجارەی خەڵک لە شارەکانی عێراق، شێوەی ڕاپەرینێکی شاری بەخۆیەوە گرت، ئەمە لەبنەڕەتەوە بەرئەنجامی یەک نەخشە و کردەی لەپێشینەی هیچ ڕەوت و حزبێکەوە نەهاتۆتە بوون، بەپێچەوانەوە ئەم شێوازە لە هاتنەمەیدانی خەڵک کارێکی غافڵگیرانەبوو بۆ هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان وئەوانی توشی سەرسوڕمانی سیاسی کرد. کە دەڵێم ڕاپەرینی شاری، مەبەستەکە ئەوەیە کە

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

شارەکان جێگای کۆبوونەوەی دانیشتوانێکی زۆرە، کە پێکهاتی چینایەتی زۆرایەتیان کارگەر و زەحمەتکێشە. دانیشتوانێک بەم پێکهاتە چینایەتیەیەوە، کە گیرۆدەیە بە بێکاری و هەژاری و بێ خزمەتگوزاری و دەیان دەرد و مەینەتی تر و جیاکاری چینایەتی نێوان خۆی و چینی دەسەڵاتدار بەسادەیی دەبینێت، لە چاوەڕوانی هەر فرسەتێکدایە کە بە ڕووی دەسەڵات ودۆخێکدا کەتێیدا دەژی بتەقێتەوە و تۆڵە بکاتەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی رابەرێکی سیاسی و نەخشە و پلانی هیچ حزب و ڕەوتێک بکات. هەربۆیە ڕاپەڕینی شارەکانی ئەم جارەی عێراق، لە کردەوەدا، بەدەست هیچ کەس ولایەنێکەوە نەبوو، هەروەها بە هاندان و لەئەنجامی نەخشەی پێشتری هیچ ڕەوتێکی سیاسی و لایەنێک نەگیرسا. ئەوانەی کە دەڵێن دەستی ئەمریکا و سعودیە لەپشت ناڕەزایەتیەکانەوەیە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانە نابینن، هاوکات هەموو کردەیەکی جەماوەری بە"تێوەری پیلانگێڕی" لێکدەدەنەوە. کە بێگومان کارێکی ئاوا هەڵگری هیچ ڕاستیەک نییە لە خۆیدا.

بەڵام تا ئەو جێگەیەی بە دروشمی" ئێران بۆ دەرەوە" دەگەڕێتەوە، من پێم وایە ئەمە بەرئەنجامی دوو واقعیەتە: یەکەمیان: بە شیوەیەکی گشتی خەڵکی عێراق ئەو ڕاستیەیان لەپێش چاوە کە بەشێک لە هێزە شیعەکان درێژکراوەی سیاسەتەکانی جمهوری ئیسلامی ئێرانن، هاوکات بەهۆی لەرزۆکی دەسەلات لەعێراقدا، ئێران توانیویەتی نفوزی سیاسی و سەربازی فراوانی تیا بەدەست بهێنێ و تا ئاستی پلەباڵاکانی حکومەت هەڵکشێ. بەرادەی ئەوەی کە لایەنگرانی جمهوری ئیسلامی ئێران و پێرسونەڵە سەربازی و ئەمنیەکانی لەعێراقدا وەک بەشێک لە پێکهاتەی دەسەتی فەرمانڕەوا جێگا بگرن و ببنە شەریک وهاوبەش لە دزی و تاڵانی داهاتی هاوڵاتیاندا، تەنانەت دەوری کۆمپانیا ئێرانیەکان لە ئابوری و بازرگانی عێراق و دەست بەسەرداگرتنی ناردنەدەرەوەی نەوت لەهەندێک شاردا.. هەموو ئەمانەش دیاردەیەکی هەستپێکراوە لەلای خەڵکی عێراق و خۆی لەخۆیدا جیگای نەفرەت و بێزاری بەردەوامی ئەوانە. دووەمیان لە ئاستێکی تایبەتدا، بەرکەوتنی خەڵکی خرۆشاو و ناڕازی عێراقە لەگەڵ کردەوەی سەرکوتگەرانەی میلیشیا شیعەکانی سەر بەجمهوری ئیسلامی ئێران، کە ڕاستەوخۆ وەک بەشێک لە هێزی سەرکوتگەری حکومەت کەوتنە گرتن و کوشتن و لێدان و فڕاندنی خۆپیشاندەران. تێڵا بەدەست و قەناس بەدەستەکانی نێو گروپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی، میلیشیای سەرایای خۆراسانی، ئەهلی حەق، میلیشیای حرکە ئەلنوجەباء، حزبوڵا، کتائیب ئیمام علی و..مەجلسی تەنسیقی کە لەلایەن ئێرانەوە کراوەتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی ئەم دەستە و گروپە میلیشیایانە لەبەرامبەر خەڵکی ناڕازیدا.. ئەم هێزانە کە بەئاشکرا پەلامارێکی خوێناوی و

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

زەبروزەنگانەیان بۆسەر خۆپیشاندەران بەڕێخست، هەرزوو لەلایەن خەڵکەوە وەک دوژمن بەخۆیان دەستنیشان کراو و بووە بابەتێک بۆ دروشمەکانیان.. لەبەر ڕۆشنایی ئەم راستیانە دەکرێ بڵێم کە بەرزکردنەوەی دروشمی "ئێران بۆدەرەوە" لەناڕەزایەتیەکانی ئەم دەورەیەدا، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵک دوژمانەکانی خۆی ناسیوە و خستویەتیە بازنەی هەدەفەوە. ئەو خەڵکەی کە دوێنێ داگیرکاری ئەمریکای وەک هۆکاری ماڵوێرانی ناسی ئەمڕۆش جمهوری ئیسلامی ئێرانی وەک یەکێک لە دوژمنەکان و هۆکارێکی تری دۆخی کارەساتباری ئەمڕۆ دەناسێ و دەیخاتە لیستی ڕەشەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی : ئەوەی کە دێتەبەرچاو، ئەم خرۆشانە جەماوەریە، ڕابەریەکی دیاریکراو و ناسراوی نییە، زیاتر لە خرۆشانێکی خۆرسک دەچێ کە بێ بەرنامە و بێ ئاسۆیەکی ڕۆشن بێت و ئەحزابی سیاسی دەورێکی ئەوتۆیان تێدا نەبێ. بەڵکو تەنها لەسەر بنەمای توڕەیی خەڵک لە بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان و گەندەڵی سەرسوڕهێنەری حکومەت و بەرپرسانی حزبە میلیشیا دەسەڵاتدارەکان ڕژابنە سەر شەقامەکان. تەنانەت بارودۆخەکە بەو ڕادەیە گەیشت کە لە دوو شاری وەکو میسان و ناسریە سەرجەم بارەگاکانی حزبەکانیشیان سوتاند، وەکو نیشانەی بێزاری خەڵک لەو حزبانە. ئێوە لەوبارەوە چ لێکدانەوە و بۆچونێکتان هەیە؟**

**خەسرەوسایە:** سەرەتا ئەوە بڵێم کەهیچ ڕاپەڕین و هەتنەمەیدانێکی جەماوەری بەبێ ئاستێک لەڕابەری تایبەت بەخۆیی ولەسەر بنەمای جۆرێک لەسونەتی خەباتکارانە، سەرهەڵدانیان مومکین نیە. هاوکات نابێ پێمان وابێت، کە هاتنەمەیدانی بزووتنەوەی جەماوەریەکان، تەنها ئەوکاتانە خاوەنی ڕابەری خۆیانن کەلەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بانگەوازی بۆ کرابێت ولەچوارچێوەی سونەتی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستەکاندا جێگای بگیتەوە، ئەوجا بڵێین "خاوەنی ڕابەریە یان نا". بەبڕوای من مەرج نیە هەموو ڕاپەڕین و هاتنەمەیدانێکی جەماوەری، بەپێی بەرنامە و ویستی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ڕەوت وحزبە سیاسیە ناسراوەکانی ناو کۆمەڵگا سەرهەڵبداو بچێتە پێشەوە. بەتایبەتی کە ئامادەگی وجودی، سونەتی جۆراوجۆری سیاسی ورەگەزە جیاوازەکانی خەبات، لەوانەش ڕەگەزی ڕابەری، زۆر لەپێشەوە، بەحوکمی تێکۆشانی ڕەوتەچینایەتیەکان بونیان هەیە و لەئێستادا خەریکن لە دەرەوەی حزبەکان، لەخرۆشاندنی جەماوەری ناڕازیدا ڕۆڵ دەگێڕن. لەلایەکی ترەوە هەموو جووڵانەوە و کردەیەکی جەماوەری بەدڵنیایەوە هەڵگری خاڵی بەهێز و لاوازی خۆیەتی و زۆر جاریش لەگەڵ ناڕۆشنی جۆراوجۆر بەرەو ڕوودەبێتەوە. بەڵام ئەوەی لەم پەیوەندەدا بۆ کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی جەماوەری گرنگە،

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

ناسینەوەی قابیلیەتە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی هەر جووڵانەوەیەک و مامەڵەکردنی واقعیانەیە لەگەڵیدا، وەهەر ئەمەش ئەتوانێ ببێتە بنەمای گرتنەبەری تاکتیکەکان و چۆنیەتی بردنەپێشەوەی هەنگاو بەهەنگاوی شەپۆلەکانی نارەزایەتی جەماوەری بەرەو شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە. وە هەر لەم ڕێگایەشەوە ڕابەرایەتیەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ بزوتنەوەکە زامن ببێ و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بڕواتە پێشەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین کە خرۆشانی ئەم جارەی شارەکانی عێراق چ لەسەرهەڵدانیدا وچ لەدرێژەی خۆیدا بەدەست ڕابەرایەتیەکی سیاسی وکۆمۆنیستیەوە نەبوو و لە چوارچێوەی سونەت وئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستەکاندا سەری هەڵنەداوە، وە هەر ئەمەش یەکێک لە خاڵە بەرجەستە و لاوازەکەیەتی. بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم خرۆشانە جەماوەریە، لەشێوەی ڕاپەرینێکی شاری و لە جەرگەی قەڵشتێکی چینایەتیدا سەریهەڵدا کە کارگەران و زەحمەتکێشانی شاری، هێز و بزوێنەری ئەم ڕاپەڕینە بوون، کە بۆ خواستی نان و کار و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەبەرامبەر سەرتاپای نیزامی سیاسیدا ڕاوەستایەوە. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەوەدا، چەندین خواستی خستەڕوو، بەڵام هەرگیز لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ داخوازیەکاندا، سەری هەڵنەدا و قەتیس نەبوو. ئەم واقعیەتانەش توانا و قابیلیەتێکی کۆمەڵایەتی بەم بزووتنەوەیە بەخشیوە کە خۆی چەندین خاڵی بەهێز بەرجەستە دەکاتەوە، کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

یەکەم: ئەم بزووتنەوەیە ڕاستەوخۆ کەوتە بەرامبەر دەسەڵاتەوە و گشتیەتی نیزامی سیاسی کردە نیشانەی خۆی، ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە ئەم جوڵانەوەیە نەک هەر بۆ چاکسازی لە سیستەمی سیاسی مەوجودا نەهاتۆتە مەیدانەوە، بگرە ئەو چوارچێوە سیاسیەشی تێپەڕاند کە ڕەوت و ئەحزابی بۆرژوازی بە "پرۆسەی سیاسی و کایەی پەرلەمانی" بەسەر فەزای سیاسی کۆمەڵگادا و نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی ساڵانی پێشتردا دایان سەپاندبوو. لێرەوە دەگەینە خاڵێکی تر، دووەم، ئەویش ئەوەیە کە مادام جەماوەری نارازی و خرۆشاو کەوتنە بەرامبەر سەرتاپای دەسەڵاتەوە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە جولانەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێرانە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی سەرپێ کەوتوە و ڕوخانی ڕژێمی کردۆتە خواستێکی خۆی، بێگومان خاسیەتێکی ئاوا بە پێویست ئەتوانێ کۆمەڵگا ڕاکێشێتە خەباتێکی سیاسی و چینایەتی ڕۆشنەوە، لەدەوری ئاڵتەرناتیڤە چینایەتیەکان. سێهەمیش: خودی خواستەکانی وەک نان و کار و ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی، بابەتێکە سەر لە شۆڕشی کرێکاری وهێنانەکایەوەی نیزامی سۆشیالسیتی وەک ئاڵتەرناتیڤێک، دەردێنێ. چونکە خواستێکی لەم بابەتە تەنها بە هەڵوەشانەوەی

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

سەرمایەداری بەسەرخان و ژێرخانەکەیەوە قابیلی بەدیهاتنە..
لەکۆی ئەم قسانە دەمەوێت ئەو ئەنجامە بگرم و بڵێم کە ڕاستە ڕاپەرینی شاری ئەم جارەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شارەکانی عێراق، خاوەنی ڕابەریەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە نەبوو، وەک ئەوەی کۆمۆنیستەکان لەهەر حەرەکەتێکی جەماوەریدا بۆی دەڕوانن، بەڵام پێکهاتە و توانای چینایەتیەکەی خاوەنی بنەماکانی سەرهەڵدانی جوڵانەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێرانەیە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆدا. واتە ئەم جوڵانەوەیە قابیلیەتی چینایەتی ئەوەی تێدایە کە بە هەموو ناڕۆشنی و خاڵە لاوازەکانیەوە، لە چوارچێوەی یەک ستراتیژی کۆمۆنیستانەدا بەرەو ڕوخانی رژێم بەدەستەوە بگیرێ و دەخاڵەتی تێدابکرێ. بەڕادەی ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو ڕێبەرایەتی بکەن و بەسەر کۆسپ و لاوازیەکانیدا زاڵ ببن و سەرەنجام وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی و چینایەتی و شۆڕشگێرانە، لەبەرامبەر گشت ڕەوت و باڵەکانی بۆرژوازیدا، لەپێناو گۆڕانکاری ڕیشەیی ومەلزوماتی شۆڕشی سۆشیالستیدا، بیبەنەپێشەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: حکومەتی عادل عەبدولمەهدی و لایەنگرانی حکومەت هەوڵی ئەوەیاندا کە خۆپیشاندانەکان بە پیلانی بەعسیەکان تاوانبار بکەن. کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر بە خۆپیشاندەران زۆر دڕندانە بوو. ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم پڕوپاگەندەیە بۆ پاکانەکردنی ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرە وەحشیانەی حکومەت و میلیشیاکانی پشتیوانی حکومەت بوو. بە پێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆی عێراق، زیاتر لە ١٦٠ کەس کوژراون و زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس بریندارکراون. سەدان خۆپیشاندەر دەستگیرکراون کەمپینی گرتن و ڕاوەدونانی چالاکوانان بەردەوامە. حکومەت و میلیشیاکانی لایەنگری بەشێوەیەکی هیستریانە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە و بگرە هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵان و ڕەشەکوژی خەڵکیان کردووە لە هەندێ گەڕەکی بەسرە و بەغدا. ئێوە هۆکاری ئەم توندوتیژیە لەڕادەبەدەرە دژی خۆپیشاندەران چۆن لێکدەدەنەوە؟**
**خەسرەو سایە:** بۆرژوازی و دەسەلاتەکەی لە سەردەمانی قەیرانی سیاسی و ڕووبەڕووبونەوە جەماوەریەکاندا، هەم زمانی دەگۆڕدرێ و هەم شیوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆخەکەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. لەپاڵ دەستبردن بۆ سەرکوت و تۆقاندنی بەردەوام ومیلیتاریزمەکردنی فەزای کۆمەڵگا، دەسەلات لەسەرەتاوە دەست دەبات بۆ پڕوپاگەندەی پێچەوانە و هەوڵەدەدات هەقانیەت و بەرهەق بوونی بزووتنەوەکە لەکەدار بکا و لە مەشروعیەتی بخات. ئەو تۆمەتانەی کە ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن ڕیشەکەی لەم ڕاستیەدایە.

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

بەڵام لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ناڕەزایەتیەکان و گۆڕانی هاوکێشەی هێزی نێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەوەدا حکومەت دەستدەبات بۆ دروستکردن و وەگەڕخستنی ئەنواعی نیهادی ئەمنی و دەزگای سەرکوتگەر، هاوکات هەوڵدەدات خۆی بە لایەنگری بەشێک لەخواستەکان لەقەڵەم بدا و بەشیکی تریش لە داوای جەماوەر بەڕەسمی بناسێنێ. هەروەها دەستبەرێت بۆ پڕوپاگەندەی ئاشتەوایی، لەجۆری ئەوەی بڵێت: "خۆپێشاندەران رۆڵەی نیشتمانن، خواستەکانیان رەوایە، ئێمەش لەدژی گەندەڵین و حکومەت دەبێ چاکسازی بکات، خۆپیشاندان دەبێ ئاشتیانە بێ و دەست بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت درێژ نەکات.."، ئینجا دەکەویتە بەڵیندان بە خەڵک و دواتریش بانگەواز بۆ دانوسان لەگەڵ هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکاندا، تەنانەت هەوڵدەدات تەرەفێک سازبکات بەناوی نوێنەرانی ناڕەزایەتیەکانەوە تا ڕیزەکانی جەماوەر پارچە پارچە بکا و بیانکات بەگژیەکتردا... دیارە ئەم ڕاستیانە ڕەوتێکی ئاسایی هەر حکومەتێکی بۆرژوازی نیشان دەدات کە کەوتۆتە بەرامبەر ناڕەزایەتی گشتی جەماوەرەوە.. بەڵام بۆچی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەو ئاستە دەستی برد بۆ توندو تیژی و لەخوێن هەڵکێشانی ناڕەزایەتیەکان، لەکاتیکدا بە حکومەتێکی "موعتەدیل و ماینەڕەو و لایەنگری ئارامی" دەناسرا ؟

بەبڕوای من هۆکاری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی هاتنەمەیدانی جەماوەری شارەکان، ئەمە بەو مانایەی کە جەماوەر لە یەکەمین هەنگاویدا سەرتاپای حکومەت و دامودەزگاکانی کردە نیشانە و ئەمەش ترسێکی گەورەی لە دڵی دەسەڵاتداراندا چەقاند، بەڕادەی ئەوەی کە ئەگەر فراوان ببوایەتەوە، دەیتوانی هەم قەیرانی حکومەتی و هەم تەوازنی هێزی بە ئاراستەی ڕوخانی ڕژێمدا ببردایەتە پێشەوە. لەڕاستیدا بەم هۆیەوە بوو کە نە عادل عەبدولمەهدی و نە هیچ حزبێک، لەو حزبانەی کە لە"پرۆسەی سیاسی"دا بەشدارن، خۆشخەیاڵ نەبوون بەوەی کە دۆخەکە بە ئاسانی بۆیان تێدەپەڕێت. لەیەک وتەدا دەکرێ بڵێم کە توندوتیژی دەسەڵات ئینعکاسێک بوو لەبەرامبەر شێوازی توند و هاتنەمەیدانی جەماوەرەوە و هەر ئەمەش بەهانەی دا بە دەست دەسەڵاتەوە تا بەو پەڕی وەحشیانە بکەویتە بەرامبەر خەڵکەوە و ناڕەزایەتیەکان لەخوێن هەڵکێشێت. بەبڕوای من ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی ڕابەریەکی سیاسی و بەکردەوە بوایە و لەچوارچێوەی یەک ئاسۆ و ستراتیژی شۆڕشگێرانەدا سەری دەربهێنایە، دەیتوانی لە ڕێگای تاکتیکی دروستەوە لەیەکەم هەنگاودا نەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتەوە و خۆی لەم جۆرە سەرکوتگەریە بپارێزێ و بەهانە نەداتە دەست دەسەڵاتدارانەوە. ئەمە دەرسێکە کە دەبێ لەم هاتنەمەیدانەی جەماوەری شارەکانی عێراق بەدەست بێت و بکرێتە ئەقڵیەتی

هەڵسوڕاوانی نێو ناڕەزایەتیەکان.

**دیدگا سۆشیالیستی: سەرەنجام حکومەتی عادل عەبدولمەهدی نەیتوانی تەنها دەست بە ئامێری سەرکوتەوە بگرێ، بەڵکو هاوکات دەستی برد بۆ وەسیلەیەکی دیکە، ئەویش ڕاگەیاندنی کۆمەڵێک ریفۆرم بوو، کەلە ١٧ خاڵدا خۆی بەرجەستە کردبوو، لەناویاندا گرنگترین خواستەکانی خۆپیشاندەران، وەکو دابینکردنی بیمەی بێکاری، دەستەبەرکردنی فرسەتی کار، دابینکردنی خانوبەرە بۆ ئەو خێزانانەی بێخانەولانەن و .. تاد. پێتان وانییە کە سەرباری هەوڵی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بە وشێوە دڕندانەیە، بەڵام حکومەت ناچاربووە کە سازشێک بەرامبەر بە خەڵک بکات؟**

**خەسرەوسایە:** بەدڵنیایەوە هاتنەمەیدانی جەماوەر، سەرەڕای کەموکوڕیەکانی، هەرەشەیەکی گەورەبوو بۆسەر دەسەڵات و تەنانەت توازنی نێوان خەڵک و حکومەتی گۆڕیوە و بە ئاستێکی باڵا عادل عەبدولمەهدی و حکومەتەکەی ڕیسواو بێ متمانە کردووە و مەقبولیەتی لە نێو کۆمەڵگادا لەدەستداوە، بەڕادەیەک کە حوکمەت ناتوانێ ئیتر بەشیوەی جارانی خۆی لەبەرامبەر خەڵکدا تەعریف بکات. لەلایەکی ترەوە خودی ئەو سازشانەی کە ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن و عادل عەبدولمەهدی و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک کۆماری ناچارکردووە بەوەی کە دان بە هەندێک لە خواستەکانی خەڵکدا بنێ (هەرچەندە بەشیوەی نیوەناچڵیش بێت)، خۆی یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم جوڵانەوەیەیە و دەتوانرێ بکرێتە دەستمایەی گەرم ڕاگرتنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و ئیدعانامەیەک هەم بۆ لێپرسینەوە و محاسەبەکردنی دەسەڵات لەسەر بەڵێنەکانی خۆی وهەم بکرێتە بابەتێک بۆ سازدانی کۆبوونەوە گشتیەکان لە ناوەندەکانی کار و زانکۆ و گەڕەک و بەڕێوەبەرایتەیەکان و لێرەشەوە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی جەماوەریی، لەپێناو جێبەجێ بوونی خواستەکان و بەڵێنەکان و چاوەدێرکردنی دەسەڵاتداران لەم بارەوە...

**دیدگا سۆشیالیستی: خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە، دەنگدانەوەیەکی تاڕادەیەک گەورەی هەبوو لە دەرەوەی عێراق، چ لەناو جالیەی عێراقیدا و چ لە ئاستی هەڵسوڕاوانی دنیای عەرەبدا و بگرە لەسەر ئاستی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێراندا.. ئێوە ئەم گۆڕانکارەی چۆن دەبینن؟ بۆچونتان لەو بارەوە چیە؟**

**خەسرەو سایە:** بەبڕوای من سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی هەموو دنیا، بە حوکمی زوڵمێکی چینایەتی کە لەلایەن سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەیەوە لێیان دەکرێ، بەپێویست هاوچارەنوسن و ناتوانن پشتیوانی جووڵانەوەی یەکتر نەبن، بەڵام

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

ئەوەی کە جەماوەری کارگەر و زەحمەتکێشی شارەکانی عێراق لە خۆیان نیشاندا و بووە مایەی پشتیوانیەکی گەورەی جیهانی، بەهۆی بەرهەق بوونی خواستەکان و ڕاوەستانەوەیەکەوە بوو کە سەنگەری لەبەرامبەر دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچیان و نیزامێکدا گرت، کە ساڵانێکی زۆرە لەسەر حسابی دزینی ڕەنج و ماندوبوونی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش خەریکی کۆکردنەوەی سەرمایەن و هیچ حسابێک بۆ لانی کەمی ژیان و گوزەرانی ئەوان ناکەن. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە خەڵکی کارگەر و زەحمەتکێشی وڵاتانی عەرەبی و ئێران و تەنانەت شارەکانی کوردستانیش، هاوشێوەی هەمان نیزامی سیاسی و ئابوری دەبینن کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا زاڵە بەسەر هاوڵاتیانی هەژار و برسیدا. بێگومان بە ڕوودانی هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە لە یەکێک لەم نیزامە سیاسی و ئابوریانەدا، بەپێویست تەوازن لەنێوان خەباتی جەماوەری لەئاستی ناوچەیی و بگرە جیهانیدا دەگۆڕێ و دەبێتە ئیلهامبەخشی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتی ستەمکێشان. لەراستیدا ئەو جوڵانەوەیەی کە لە دەرەوەی و وڵات بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ناڕازی شارەکانی عێراق خۆی دەرخست، سەلماندنی ئەو هەقیقەتەیە کە دەڵێت: وانییە دونیا هەر بەدەست ترامپ و پۆتین و ماکرۆن و خامەنائی و سیسی و مەسعود بەرزانی و سەرانی وردودرشتی چینی بۆرژوازیەوە بێت، بەڵکو دونیای موتەمدین و ئینسانی، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگای کارگەری و چینی چەوساوەیە و خەباتی ئەم چینە بۆ گەیشتن بە دونایەیەکی باشتر، هێشتا لە جوڵە و خۆنواندندایە.

**دیدگای سۆشیالیستی: خۆپیشاندانەکان لە ئێستادا بە کردەوە کۆتاییان پێهاتوە، یان دامرکاونەتەوە. بەڵام ئەگەری سەر هەڵدانەوەیان هەیە، چونکە هەمان ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی ڕوودانی وەکو خۆیان ماونەتەوە و پێناچێت ریفۆرمەکانی عەبدولمەهدی کۆتایی پێ بهێنێ، یان بۆ دەورەیەکی درێژ هێوری بکاتەوە. بەڵێنەکانی حکومەتی عێراق ئەگەر جێبەجێش بکرێن ناتوانن ١٠٪ خواستەکانی خۆپیشاندەران بەدی بهێنن. هێشتا سەدان هەزار بێکار و بێخانەولانە و بێموچە و بێ سەرچاوەی ژیان دەمێننەوە کە ریفۆرمەکەی عەبدولمەهدی نایانگرێتەوە. بەڕای ئێوە یەکەم: چی بکرێ بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێ حکومەتی عەبدولمەهدی ناچار بکات کە بەڵێنەکانی بەکردەوە دەربهێنێ و جێبەجێیان بکات؟ دووەم: چی بکرێ بۆ ئەوەی لەحاڵەتی سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکاندا هەمان لاوازیەکانی ئێستا دووبارە یەخەی خۆپیشاندانەکان و خۆپیشاندەران نەگرێتەوە و بێ ڕابەر و بێ ئاسۆی سیاسی و بێ ڕێکخراو دیسانەوە بڕژێنەوە سەر شەقامەکان کە ئەگەری سەرکەوتنیان بەوجۆرە زۆر زۆر کەمە ئەگەر مەحاڵ نەبێ؟!**

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

**خەسرەو سایە:** بەبروای من بۆ ئەوەی ئەم جولانەوەیە هەم بەخواستەکانی بگا و هەم بەسەر لاوازیەکانی خۆیدا زاڵ ببێت، ڕێگایەکی تری لەبەردەم نییە جگەلەوەی کە ئەم جولانەوە جەماوەریە لە قۆناغی ئێستایەوە و بە هەموو خاڵە لاواز و بەهێزەکانیەوە، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو شۆڕشێکی واقعی ببرێتەپێشەوە، بەجۆرێک کە ئەو توانا و قابیلیەتە بەدەست بهێنێ کە هەم ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لە نیزامی سیاسی و ئابوری ئێستدا بەدی بهێنێ وهەم بە ئامانجەکانی خۆی لە نان و کار و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بگات. بێگومان یەکەم هەنگاو لەبەردەم هەر شۆڕشێکی واقعیدا، وەلانانی دەسەڵاتی مەوجودە و جێگرتنەوەیەتی بە حاکمیەتی جەماوەری. بەڵام دیارە ئەم بزووتنەوەیە لە حاڵەتی ئێستایدا لە تەوازن هێزێکی ئاوا بەهرەمند نییە کە بتوانێ یەکسەرە سەر لەشۆڕشێکەوە دەربهێنێت. بۆیە دەبێت چاو لەدەورەیەک ببڕین کە ئاستی هاتنەمیدان و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستا، لەڕێگای گرتنەبەری کۆمەڵێک سیاسەت و تاکتیکی واقعیەوە، هەرچی زۆرترە جولانەوەکە ڕادیکاڵتر و بەرین بوونەوە و سەراسەری بکرێتەوە و ئاستی ڕێکخراوبوونی جەماوەری بچێتە سەرەوە، بەڕادەیەک کە فەزای سیاسی شۆڕشگێرانە لە کۆمەڵگادا، لەڕیگای درێژەدان بە خۆپیشاندان و شیوازەکانی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە، قوڵ و گەرم ڕابگرێ. لەلایەکی ترەوە پاراستنی سەربەخۆیی جولانەوەکە لە ئاسۆ سیاسەتی ڕەوت و حزبە بۆرژوازیەکان، لایەنێکی گرنگی بەرەوپێشچونی ئەم جولانەوەیە و لەمەیداندا مانەوەیەتی. هەروەها نابێ ڕیگا بدرێ بە موغامەرە و یاریکردن بە خەباتی جەماوەرەوە و لەسەرو توانای جولانەوەکە و هێز هاوسەنگیەوە بەرامبەر بەدەسەڵات، دەست ببرێ بۆ کۆمەڵە خواست و دروشم و شێوازیک لە خەبات کە هێشتا لە توانای بزوتنەوەکەدا نییە و بەهانە دەدات بە دەسەڵات تا دەست بەرێت بۆ سەرکوتی خوێناوی..

بەڵام هەنگاوەکانی ئێستا چییە و دەبێ لەکوێوە دەست پێبکەین:

یەکەم: دەبێ ناڕەزایەتیەکان و هاتنەمەیدانی جەماوەری هەرچی زۆرترە پەرەپێبدرێ، دەبێ نەک تەنها ناوەندی شارەکان، بەڵکو سەرجەم کارگە و گەڕەک و زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکان.. ببنە مەیدانی کۆبوونەوە و هاتنەمەیدانی جەماوەری ناڕزای. دیارە ئەمەش لەڕێگای گەڵاڵە کردنەوە و خستنەڕووی ئەو خواستانەوە کە خواست و داوای زۆرترین بەشی خەڵکە. بەواتایەکی تر ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەموو ناوەندەکانی کار و ژیان بکرێنە مەیدانی سازدانی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەری لە دەوری خواستەکان و لێرەشەوە نوێنەرانی جاماوەری هەڵببژێردرێن، بەڕادەیەک کە ئەم نوێنەرانە وەک رابەرانێکی محەلی، لەڕاستای ڕێبەریکردن و بەرەوپیشەوە بردنی ناڕەزایەتی ناوەندەکان ڕۆڵبگێڕن. وە لە جەرگەی ئەم خەباتەدا دەبێ کاربکرێ بۆ لێکهەڵپێکانی کۆڕوکۆمەڵەکان،

## لەبارەی خرۆشانی جەماوەری شارەکانی عێراقەوە

هەڵسوراوان و نوینەرانی ناوەندەکان لە ئاست شارەکاندا، بەمەبەستی سەراسەری کردنەوەی جوڵانەوە کە و دابین کردنی ڕابەری سەراسەری، بە ئاستێک کە بڕیار و شێوەزەکانی بردنە پێشەوەی جوڵانەوەکە لەدەست بگرن.

دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی ڕیکخراوبوونی جەماوەری نابێ تەنها لە سازدانی کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا قەتیس بکرێ، بەڵکو دەبێ لە جەرگەی هاتنەمەیدانی جەماوەری و ناڕەزایەتیەکاندا، دەست ببرێت بۆ پێکهێنانی سەندیکا و شوراکان لە کارگە و گەڕەکەکاندا، هەروەها دەبێ رێکخراوەی لاوان و ژنان و بەشەکانی کۆمەڵگا.. دروست ببێ و نەشونما بکەن و بەیاننامەی داخوازیەکانی خۆیان ڕاگەیەنن.

سێهەم: لەکەنار ئەم بزووتنەوەیەدا هەوڵدان بۆ هێنانە مەیدانی چینی کریکار، بەتایبەتی کرێکارانی نەوت و کۆبوونەوەیان لە دەوری خواستەکان و رێکخراوبوونیان لە شوینی کار و ژیاندا، فاکتۆریکی گرنگە لەسەر ڕێگای زامنکردنی سەرکەوتن و یەکلاکردنەوەی دۆخەکە بە قازانجی زەحمتکێشان وجولانەوەکەیاندا، ئەمە کارێکە بەر لە هەر کەسێکی تر ڕووی لە کۆمۆنیستەکان ولایەنگرانی بزووتنەوەی کرێکاریە کە دەبێ بەجدی بیگرن.

بەبروای من جوڵانەوەیەک بەم ئاسۆ شۆڕشگێرانە و چینایەتیەوە و بەم جۆرە لە ڕێکخرواوبونی جەماوەری و ڕۆشنی لەخواست و هەنگاوەکانیدا، دەتوانێ نەک بەسەر لاوازیەکانی خۆیدا زاڵبێت بگرە تەوازنی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێ وبەرەو یەکلاکردنەوەی دەسەڵات و دابین کردنی مەلزوماتی شۆڕشێکی سەرکەوتوانە هەنگاو هەڵگرێ.

دیارە بەشێکی سەرەکی ئەم خەباتە بە ڕۆڵی رابەری و دەخاڵەتگەرانەی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریەوە گرێی خواردووە. دەبێ ئەوان وەک رابەرانی سیاسی وعەمەلی لەڕیزی پێشەوەی خەباتی جەماوەریدا، لە مەیداندا ڕاوەستن و ڕێنیشاندەر و ئەڵقەی لێکهەڵپێکانی هەڵسوراوان و ڕێبەرانی جەماوەری بن، لە ڕێکخراوبوون و یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی جەماوەری ناڕازیدا کارامە و جەسور بن و لە جەرگەی ئەم خەباتەشدا، حزبیەتی کۆمۆنیستی لەنێو چینی کرێکار و کۆمەڵانی بەشمەینەتدا، پەرەپێبدەن. لەیەک وتەدا دەبێ کۆمۆنیستەکان لە جەرگەی خەباتێکی واقعی جەماوەری زەحمەتکێشدا، بۆ ئامادەکردنی پێداویستیەکان وخەملاندنی دۆخەکە بەرەو شۆڕشی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی بڕوانن.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**



موحسن کەریم

# پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدارانی پەکەکە

ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە، گفتوگۆیەکی ڕادیۆی پێشەنگە لەگەڵ هاوڕێ موحسن کەرم کەلە ڕۆژی ٢١/٨/٢٠١٩ سازدراوە. گفتوگۆگە سەبارەت بە پەیامی عبدالله ئۆچەلانە بۆ پەکەکە دەربارەی دەستبەرداربوونی خەباتی چەکداری و چەکدانان، ئەم باسە لەبەر ئەوەی مەودایەکی تر لەجێگاو ڕێگای پەکەکا وناکامیەکانی وەک باڵێک لەبزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەپەیوەند بەدۆخی ناوچەکەوە نیشان دەدات بەباشمان زانی پاش ئامادە کردنەوەی بۆ چاپ، بەهەندێک دەستکاریەوە، لەم ژمارەیەی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا، بڵاوی بکەینەوە

## پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە

**ڕادیۆی پێشەنگ: پەیامەکەی ئۆچەلان ڕەنگدانەوەی چ واقعییەتیکی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەمڕۆی وڵاتی تورکیایە، واتە چ شتێکی تازە لە دۆخی سیاسی کۆمەڵگای تورکیادا هاتۆتەکایەوە کە ئەمڕۆ ئۆچەلان پەیامی چەکدانانی بۆ پەکەکە ڕاگەیاندووە.**

**موحسین کەریم:** بێگومان دەتوانین لەچەند گۆشەیەکەوە لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ بکەین. یەکەمیان لایەنی جیهانییە کە پەیوەندی بە پێگەی تورکیاوە هەیە لەناو سیستەمی جیهانی و پەیوەندی لەگەڵ زلهێزە ئیمپریالیستییەکاندایە، دووەمیان پێگەی ناوچەیی تورکیایە و سێهەمیشیان بارودۆخی ناوخۆی تورکیایە. ئەتوانین لەم سێ لایەنەوە قسە لەسەر ئەم پرسە بکەین، کە هەرکامیان بەدەوری خۆی ڕۆڵی هەیە لەوەی ئەم کرانەوەیە بەڕووی ئۆچەلاندا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ڕووبدات و فرسەت بدرێت بە ئۆچەلان کە لەلایەن پارێزەرەکانیەوە ببینرێت و لەبەرامبەریشدا ئۆچەلان ئەو پەیامە ڕابگەیەنێت.
سەبارەت بە فاکتەری یەکەم، واتە لایەنی جیهانی، ئەوەیە کە ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیا بە ڕابەرایەتی حزبی "دادوگەشەپێدانی ئیسلامی-ئەکەپە" کەوتۆتە ناو پەیوەندییەکی ئالۆزەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەتیتر لەگەڵ ئەمریکادا. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی لە دووساڵی ڕابردوودا، پەیوەندی نێوان ئەمریکا و تورکیا ڕووبەڕووی ساردی و جۆرێک لە تەنگژە بوەتەوە، لەلایەکەوە بەوهۆیەوە کە تورکیا پێیوابوو ئەمریکا و ناتۆ لەبەرامبەر ڕوسیادا لەپاڵ ئەودا ڕادەوەستن، دوابەدوای ڕوداوی خستنەخوارەوەی فرۆکە ڕوسییەکە لەسەر ئاسمانی سوریادا، کە سەرەنجام تورکیا ناچار بوو بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکەی لەگەڵ ڕوسیادا، زیاتر لێی نزیک بێتەوە و بەتایبەتی لە پەیوەند بە پرسی سوریاوە زۆرتر خۆی لەپاڵ ڕوسیا و ئێراندا ببینێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو هاوکارییانەی کە ئەمریکا بە هێزەکانی پەیەدەی دەکرد لە جەنگیان دژ بە داعش.
هەڵبەتە وەکو وتم هێشتا تورکیا جەمسەری ڕۆژئاوا و ئەمریکای جێنەهێشتوە (ئەگەرچی خودی ئەم جەمسەرەش وەکو پێشووتر نەماوەتەوە و ئالوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئەورووپا زیاتر لەجاران خۆی لە هەژموونی ئەمریکا دوور دەخاتەوە و بەرەو ئەوە دەچێ وەکو جەمسەرێکی سەربەخۆ دەربکەوێ) بەڵام هێشتاش بەتەواوی نەچوەتە ناو جەمسەری ڕوسیاوە. سیمای خودی ڕوسیا وەکو جەمسەرێکی جیهانی بەتەواوی یەکلایی نەبۆتەوە. ئایا ڕوسیا وەکو قوتبێکی سیاسی -ئابووری- سەربازی جیهانی جێگیر دەبێت یان نا، تا تورکیا لەم هاوپەیمانییە ستراتیژییەی کە ئێستا لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا هەیەتی دەربچێت و بچێتە پاڵ ڕوسیا!؟ ئەمە لەئێستادا براوە نیە. بۆیە تورکیا نایەوێ هەموو هێلکەکانی لە سەبەتەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەربهێنێ و بیکاتە ناو سەبەتەی ڕوسیاوە. بەڵام لە ئێستادا تورکیا لەم نێوانەدا و بەحوکمی پێگەی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئەم

جەمسەرانە هاتوچۆدەکات و مانۆڕی سیاسی و دیبلۆماسی دەکات. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکردوە حکومەتی ئەکەپە بەرامبەر بە عبدالله ئۆچەلان نەرمی بنوێنیّ! واتە دەیەویّ تواناکانی خۆی بۆ شکانەوە بەسەر ئەم ئەرکە گرنگ و ستراتیژییەیدا فەراهەمتر و باشتر بکات.

فاکتەری ناوچەییش ئەوەیە کە تورکیا سەرەتا لەڕێگای پشتیوانیکردنی هێزە ئیسلامییەکانی سوریا و بگرە داعشەوە (بەڵگە زۆرە لەسەر هاوکاریکردنی تورکیا بۆ داعش) هەوڵی دا دەورونەخشی هەبێت لە بارودۆخی سیاسی و سەربازی سوریادا. بەڵام نەک سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو لەجەرگەی ڕوداوەکانی سوریا و شەڕی ناوخۆی سوریادا، بۆشاییەک دروست بوو کە لە ناوچەکانی باکووری سوریادا (لەناوچە کوردنشینەکاندا) هێزێکی نزیک لە پەکەکە ئیدارەی سیاسی ئەو ناوچەیەی گرتەدەست. ئەمریکاش دوای ئەوەی سیاسەتی ڕوخاندنی ڕژێمی سوریای لە ڕێگای پشتیوانی هێز و گروپە چەکدارە ئیسلامییەکانەوە شکستی هێنا، بەناچاری بۆ ئەوەی بتوانیّ جێپێیەک لە سوریا پەیدابکات، بەناوی دژایەتی داعشەوە هاوکاری ئەو هێزەی کرد کە تورکیا لێی نیگەران و ناڕەحەتە! پەکەکە لەناو تورکیادا بوەتە مایەی کێشەیەکی دەیانساڵە بۆ تورکیا، لەناو سوریاشدا، لەسەر سنورەکانی تورکیادا، هێزێکی نزیک لەو دەسەڵاتی سیاسی بەدەستە.

لەلایەکی دیکەشەوە، دوای هاتنەناوەوەی سەربازیی ڕوسیا و هاوکاریکردنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، دەوڵەتی سوریا نەک هەر مەترسی ڕوخانی لەسەر نەما، بەڵکو وردە وردە بەهێز بووەوە و زۆربەی ناوچەکانی سوریای کۆنترۆڵ کردەوە و هێزە ئیسلامییەکانی لایەنگری ئەمریکا و تورکیای پەڕوباڵ کرد. ئەمەش فرسەتی دەستێوەردانی سیاسی و سەربازیی تورکیای لە کاروباری سوریادا بەڕادەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە. بۆردومانکردنی هێزێکی سەربازیی تورکیا لەنزیک شارۆچکەی "خانشیخون" نزیک شاری "ئەدلیب"، لەلایەن هێزەکانی سوریاوە ئەوەی دەرخست کە ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی حکومەتی سوریادا ڕویداوە. دەوڵەتی سوریا کە پێشتر نەیدەتوانی تەنانەت شارەکانی ژێردەستی خۆی و دیمەشقی پایتەخت بپارێزیّ، ئێستا دەتوانیّ بۆردومانی هێزەکانی تورکیا بکات، ئەمە ناردنی پەیامێک بوو بۆ تورکیا کە دەوڵەتی سوریا دەتوانیّ پاریزگاری لە "خاکی خۆی و سەروەری خۆی" بکات! ئێستا دەتوانیّ وەکو دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات کە توانای پاراستنی خۆی و وڵاتەکەی هەیە.

بەبڕوای من ئەم لاوازبوونەی دەوری تورکیا بۆ دەستوەردان لەکاروباری سوریا، بارودۆخێکی بۆ دروستکردوە کە بەهەر نرخێک بووە دەیەویّ پێشی پێبگرێت. سەرباری ئەوەی کە تورکیا هەوڵ دەدات ئەوەندەی بۆی بکرێت لەڕێگای جەمسەری ڕوسیا- ئێران-

## پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدارانی پەکەکە

تورکیاوە جێگاپێیەک بۆ ڕۆڵگێڕان لە ئایندەی سیاسی سوریادا بۆخۆی دەستەبەر بکات، بەڵام هاوکات هەوڵی ئەوە دەدات فشاریش بۆ ئەمریکا و ئەوروپا بهێنێ تا ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنوری نێوان تورکیا و سوریا، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات کە بەدەست هێزەکانی پەیەدەوەیە، دابمەزرێنن. ئەوەش جێگای مشتومڕ و هێنان و بردنێکی دوورودرێژ بوو لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و ئەمریکادا، تا سەرەنجام ئەمریکا بۆئەوەی هەرچی زیاتر تورکیا بەرەو ڕوسیا نەڕوات، بەجۆرێک قبوڵی کرد. ئەویش دروستکردنی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و تورکیایە لە ناوچە سنورییەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات. (1)

بێگومان بەم کارەی ئەمریکا دەیەوێ جۆرێک دڵی تورکیا بداتەوە، بەڵام تورکیا دڵی ئاو ناخواتەوە و بەردەوام باس لەوە دەکات کە ئەگەر داواکارییەکەی جێبەجێ نەکرێ بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام، ئەوا هێزەکانی تورکیا خۆیان ئەو کارە دەکەن. هەڵبەتە تورکیا پرسی ناوچەی ئارام وەکو چارەسەرێک بۆ ئاوارە سورییەکانی ناو تورکیا و گەڕانەوە و نیشتەجێکردنیان لەو ناوچە ئارامەدا دەخاتەڕوو، بەڵام ڕاستیەکەی دوورخستنەوەی مەترسی پەیەدەیە لەنزیک سنورەکانی خۆی.

کەواتە دوورخستنەوەی پەیەدە، یان وەکو حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگان ناوزەدی دەکەن، لە ناوبردنی هێزە تیرۆریستەکانی  سەر بە پەکەکە، یەکێکە لە نیگەرانی و ئامانجە سیاسییەکانی دەوڵەتی تورکیا. ئەگەر بتوانێ بەجۆرێک بەو ئامانجە بگات، لەڕێگای بێدەنگکردن و بێلایەنکردنی پەیەدەوە، وەکو ئەوەی لە پەیامەکەی ئۆچەلاندا بۆ پەیەدە هاتوە کە دەڵێ ڕەچاوی نیگەرانییەکانی تورکیا بکەن، ئەوا لەو بارەدا سەرکەوتنێکی سیاسی سەربازی بۆ دەوڵەتی تورکیا مسۆگەر دەکات. بەوجۆرە دەتوانێ ئەو نیگەرانییەی کەم بکاتەوە کە ڕەنگە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی سیاسی سوریا نەخشێکی ئەوتۆی لە داهاتوی سوریادا نەبێ.

فاکتەری سێهەم ناوخۆییە، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ناوخۆی تورکیایە. بەبڕوای من حکومەتی ئەکەپە لەسەر بنەمای وەڵامدانەوە بە پێداویستیە ئابوورییەکانی سەرمایەداری لە تورکیادا و لە بەرژەوەندی بۆرژوازی لە سەردەمێکی دیاریکراودا توانی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. وەڵامی بە جۆرێک لە بوژانەوەی ئابووری سەرمایەداری دایەوە. دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە دەسەڵاتی حکومەتی ناسیۆنالیستی (پارتی گەلی کۆماری-جەهەپە) واتە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ئەتاتورکی، لەبەردەم وەڵامدانەوە بە کێشە و گرفتە ئابوورییەکانی بۆرژوازی بێتوانا مابۆوە. بێکاری و هەژارییەکی فراوان و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر یەخەی کۆمەڵگای تورکیای گرتبوو. ئەکەپە توانی دەرگا بە ڕووی

گەشەی ئابووریدا بکاتەوە. لەلایەکەوە دەرفەتی بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە و قازانجهێنیی سەرمایە لەبارتر کرد و لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی بوژانەوەی ئابووریشەوە بێگومان باری ژیانی کرێکار و خەڵکی کەمدەرامەت باشتر بوو. ئەم ڕەوەندە زیاتر لە یەک دەیەی خایاند. ئەوە وایکرد کە حکومەتی ئەکەپە تائیستاش لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

بەڵام لەماوەی ٤-٥ ساڵی ڕابردوودا بارودۆخی ئابووری تورکیا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئابووری تورکیا تووشی قەیران و بەرەبەرە ڕووی لە نشێو کردوە. هەڵاوسان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادی کردوە. نرخی لیرەی تورکی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە. نرخەکان بەرەوسەرچوون و ئاستی ژیانی کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەت و زەحمەتکێش خراپتر بووە. ئەم گۆڕانکارییانە دەرگای کردۆتەوە بۆ نەیارە سیاسییەکانی ئەکەپە کە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نفوز پەیدا بکەنەوە و لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی شارەوانییەکاندا، سێ شاری گەورە (ئەستەمبوڵ، ئەنقەرە و ئەزمیر)(2)، کە سێ شاری گرنگ و پیشەسازی و پڕدانیشتوانی تورکیایە لەدەستی ئەکەپە دەربهێنن. جەهەپە سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبوڵی بردەوە. بەتایبەتی ئەو سەرکەوتنەی بەجۆرێک لە ڕێکەوتنی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هەدەپە بەدەستهێنا. ئەم گۆڕانکارییانە بارودۆخی سیاسی ناوخۆی تورکیای بە زیانی ئەپەکە و لە قازانجی نەیارەکانی و بەتایبەتی جەهەپە گۆڕیوە.

ئەم پاشەکشەیەی کە حکومەتی ئەکەپە ڕووبەڕووی بۆتەوە و هەروەها ئەو هەموو بەرەیەی کە کردویەتیەوە، چ لەئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی ناوچەیی و دەستێوەردانی لە سوریا و هەروەها مانۆڕکردنی لەنێوان ڕوسیا و ئەمریکادا، بارودۆخێکی سەختی بۆ ئۆردوگان و حزبەکەی و دەسەڵاتەکەی پێکهێناوە، دەبێ بەجۆرێک لە کردنەوەی ئەو هەموو بەرەیە خۆی دەرباز بکات بۆئەوەی فشارەکانی سەرخۆی کەمتر بکاتەوە و لەشوێنێکەوە هێور بوونەوەیەک دروست بکات، تا بەوانی دیکە ڕابگات. بۆیە بەبڕوای من ئۆردوگان و ئەکەپە نەرمی بەرامبەر بە ئۆچەلان نیشان دەدات، تا یەکەم پەیەدە ڕازی بکات بەجۆرێک نەرمی بەرامبەر بە تورکیا بنوێنێ، وەکو ئەوەی کە ڕازی بوو هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا بە هاوبەشی لە هەندێ ناوچەی سنوریدا، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی فوراتدا، ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە بەم سیاسەتە دەیەوێ لەناوخۆی تورکیاشدا لایەنگرانی ئۆچەلان زیاتر لە نەیارانی خۆی دووربخاتەوە و چاوی ئومێد ببڕنەوە سازان لەگەڵ حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگان. بەوجۆرە فشاری ئۆپۆزیسۆنی سەرەکی ناو کۆمەڵگای تورکیا لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و هاوکاتیش بیکاتە فرسەتێک بۆ لاوازکردنی هەدەپە و سەرەنجامیش لاوازکردنی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی پەکەکە لە ململانێ و جەنگیدا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، کە ئەگەر لەو سیاسەتەیدا سەربکەوێ، ئەوا

پێشڕەوییەکی سیاسی ناوخۆیی بۆ حیزبەکەی تۆمار دەکات. چونکە لاوازکردنی پەکەکە و بەجۆرێک وەکو لە پەیامەکەی ئۆچەلاندا هاتووە، بانگەوازی دانانی چەک لەلایەن پەکەکەوە، ئەگەر بەکردەوە ڕوویدات، ئەوا سەرکەوتنێکی مێژوویی دەبێ بۆ ئۆردوگان و ئەکەپە و دەورەیەکی دیکەی دەسەڵاتی خۆی و حزبەکەی دابین دەکاتەوە.
کەیسی پەکەکە، کەیسێکی سیاسی مێژوویی و هەستیارە بۆ دەوڵەتی تورکیا و سەرجەم هێز و حزبە بۆرژواییە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا، کە هەژمونییەکی فکری زۆریان بەسەر کۆمەڵگای تورکیادا، بەتایبەتی لەناو دانشتیوانی تورکزماندا هەیە. لەساڵی ١٩٨٤ەوە پەکەکە دژی دەوڵەتی تورکیا شەڕێکی چەکداری بەرپاکردوە. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا، سەرباری داخرانی ئاسۆ چەکدارییەکەی بەڵام ئاسۆیەکی سیاسی لەبەردەمدا کرایەوە، بەهۆی ئەوەی کە حزبەکانی سەر بە بزووتنەوەکەی لە سوریا (پەیەدە) و لە تورکیا (هەدەپە) توانیان پێشڕەویی سیاسی گرنگ بکەن. لە سوریا هێزێکی سیاسی نوێنەری پەکەکەیە و دەسەڵاتی ناوچەیەکی گرتەدەست و لە ناوخۆی تورکیاش، دەرگای بۆ خەباتێکی مەدەنی کردەوە کە بەجۆرێک قەرەبووی بنبەستە سەربازییەکەی پەکەکەی کردەوە. ئەگەرچی هەدەپە، بەشێکە لە ستراتیژی پەکەکە و ئۆچەلان، بەڵام پێدەچێ کە لەنێوان سەرکردایەتی ئێستای پەکەکە و هەدەپەدا جیاوازییەکی تاکتیکی هەبێ، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنەکانی ئەم دواییانەی "موراد قەرەیلان" کەسایەتی یەکەمی پەکەکە، کە وتی "هەدەپە لە شەڕی خەندەقدا پشتیگری پەکەکەی نەکرد!".(3)
بەبڕوای من ئەگەر حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئەم بەرەیە جۆرێک لە موجامەلە بکات، من ناڵێم ئاشتی بکات، چونکە پرسی ئاشتی مەسەلەیەکی دیکەیە کە دواتر ئەتوانین قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر جۆرێک لە هێور بوونەوە لەم بەرەیەدا ڕابگەیەنێ، ڕەنگە بتوانێ لە دوو بەرەکەی دیکەدا پێشڕەوی بکات یاخود لانیکەم فرسەتەکانی پێشڕەوی لەبەردەم خۆیدا زیاتر بکات. من بڕوام وایە ئەمانە ئەو هۆکارە سەرەکییانەن کە وایکردوە حکومەتی تورکیا بڕیار بدات، دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لە گۆشەگیری، پارێزەرەکانی ئۆچەلان چاویان پێی بکەوێت. بێجگە لەوە ئەم بڕیارە پرسێکی دیکەشی چارەسەر کرد، ئەویش دەستبەردار بوونی سەدان زیندانی سیاسی ئەندامی پەکەکە بوو لە مانگرتن لە خواردن دژی گۆشەگیری ئۆچەلان، کە جۆرێک لە ئیحراجی بۆ حکومەتی ئەکەپە لە پەیوەند بە مافی مرۆڤەوە لەبەرامبەر ڕای گشتی ئەورووپادا دروست کردبوو.
سەرەنجام نەرمی نواندنی حکومەتی ئەکەپە بەرامبەر بە ئۆچەلان، ئەوەی لێکەوتەوە کە لەبەرامبەردا ئۆچەلانیش خزمەتێک پێشکەش بکات بە حکومەتی ئەکەپە و پەیامی چەکدارانەکەی ئاڕاستەی پەکەکە کرد. ئەوەی چەندە ئەمە عەمەلی دەبێت یان نا، ئەوە

باسێکی دیکەیە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: ئاشکرایە کە پەیامەکەی عبدلله ئۆچەلان بانگەوازە بۆ چەکدانانی پەکەکە و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسیەی سەرۆکایەتی پەکەکەش لە لێدوانێکدا لەمبارەیەوە دەڵێت: ئۆچەلان نوێنەری ئێمەیە و بەمجۆرەش بەپیر پەیامەکەی ئۆچەلانەوە هاتووە. ئایا ئەمە بەمانای وەرچەرخانێک لە ستراتیژی پەکەکە نایەت بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیا کە لەسەر بنەمای چەک و شەڕی چەکدارانە دامەزراوە و چەندین دەیەیە ئەم حزبە بەدەستیەوەی گرتووە و زیاتر لە "٤٠ هەزار" کەس بوونەتە قوربانی؟ ئایا پەکەکە بەکردەوە دەیەوێ چەک دابنێ؟**

**موحسین کەریم:** من پێموایە پەکەکە دەمێکەیە ئەو ستراتیژەی لەسەر بنەمای چەک و شەڕی چەکداری بۆ ناچارکردنی دەوڵەتی تورکیا بە خواستەکانی شکستی خواردوە. ئەمە لەو کاتەوە دەستی پێکردوە کە چەندساڵ لەمەوبەر پەکەکە چەندجارێک یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندوە تا بەدەوڵەتی تورکیا ڕابگەیەنێ کە ئامادەی چەکدانانە، ئامادەیە بچێتە ناو پرۆسەیەکی سیاسییەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا. دەمێکەیە ئەمەی ڕاگەیاندوە. بۆماوەیەکیش کە ئەکەپە جۆرێک کرانەوەی بەرامبەر بە پرسی کورد لە تورکیا نیشاندا بەوەی زمانی کوردی بۆ قسەکردن ئازادکرا، تەلەفزیۆنێکی دەوڵەتی بەزمانی کوردی دامەزراند (بەناوی TRT کوردی) لەژێرناوی پرۆسەی ئاشتیدا، کە لەڕاستیدا بەبڕوای من ئاشتی نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاگربەستی سەربازی بوو لەنێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکەدا. لەم ماوەیەدا دەوڵەتی تورکیا جۆرێک کرانەوەی فەرهەنگی و تاڕادەیەک هێورکردنەوەی سیاسی نیشاندا بەرامبەر بە بارودۆخی سیاسی ناوچە کوردنشینەکان. بگرە هێرشە سەربازییەکانی هەردوولا، پەکەکەو دوڵەتی تورکیا، بۆسەر یەکتر کەمتر بوونەوە.

لەم کەشوهەوا سیاسییەدا، ڕەوتێک دەرفەتی گەشە و سەرهەڵدانی بەدەستهێنا، ئەویش ڕەوتی "هەدەپە"یە کە لەڕاستیدا درێژکراوەی فکری و سیاسی و بگرە ڕێکخراوەیی پەکەکەن، ئەم ڕەوتە دەستی برد بۆ جۆرێکی دیکە لەخەبات، کە خەباتی سیاسی بوو لەناو چوارچێوەی دەوڵەت و یاساکانی تورکیادا. ئەوەبوو لەڕێگای هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانەوە توانییان جۆرێک پێشڕەوی بکەن. ئەم بزووتنەوە شارییە ئاکامی ئەوە گۆڕانکارییە بوو کە ناوی پرۆسەی ئاشتی لێدەنێن، کە من بە جۆرێک لە ئاگربەست ناوی دەبەم. سەرهەڵدانی ئەمجۆرە لە کار و خەباتی سیاسی شاری، مانای ئەوەبوو کە پەکەکە خۆی بەو بڕوایە گەیشتبوو کە ستراتیژ و ئاسۆی شەڕی چەکداری کۆتایی پێهاتووە و بە

## پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە

بنبەست گەیشتووە. ئەوەی کە تائێستا چەکی دانەناوە، بۆئەوە بووە کە وەکو هۆکارێکی فشار بەدەستیەوە بمێنێتەوە و وازلێهێنانی بکاتە مەرجێک بۆ بەدەستێنانی ئیمتیازی سیاسی. واتە خودی دانانی چەک لە ستراتیژێکی سیاسییەوە بۆ چۆکدادان بە دەوڵەتی تورکیا و ناچارکردنی بە قبوڵکردنی ئامانجەکانی، بووەتە بابەتێکی مامەڵە بۆ دەستخستنی دەستکەوتی سیاسی. ئەگەر پەکەکە چەک دابنێ بەبێ هیچ مەرجێک، تەنها مانای تەسلیم بوون دەگەیەنێ بە دەوڵەتی تورکیا. هێزێک دەیان ساڵە چەکی هەڵگرتووە و شەڕی کردووە و هەزاران کەس لەم نێوەدا کوژراو و بریندار بوون، سەدان ماڵ و دەیان گوند وێران کراون، هەزاران کەس دەربەدەر کراون و... کارەسات ڕوویداوە، بۆیە مەسەلەی چەکدانان بۆ پەکەکە بەوجۆرە بێ مەرج و دەسکەوتێکی دیاریکراو مانای تەسلیم بوونە. شکستێکی سیاسی و سەربازی خەتەرناک ڕووبەڕووی پەکەکە دەبێتەوە، بۆیە من پێموایە کە ئەگەرچی پەیامەکەی ئۆچەلان بانگەوازی تەسلیم بوونە، و سەرکردایەتی پەکەکەش نەیویستوە دژایەتی ئاشکرای بکات، بەڵام لە دنیای واقعیدا بەو سادەییە پەکەکە قبوڵی ناکات و ناتوانێ قبوڵی بکات.

ئەوەی کە ئایا بە واقعی پەکەکە چەک دادەنێ یان نا، بەستراوەتەوە بەوەوە کە دەوڵەتی تورکیا خۆی کاردانەوەی بەرامبەر بەم پرسە چۆن دەبێ، چونکە هەر لەو ڕاگەیاندنەی موراد قەرەیلان کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد ئەوەش هاتووە کە سەرەڕای ئەوەی پابەندن بە ڕاگەیاندنەکەی ئۆچەلانەوە، بەڵام جێبەجێبوونی بەستراوەتەوە بەوەی کە دەوڵەتی تورکیا چ هەڵوێستێکی دەبێت. هەڵبەتە ئۆچەلان لە ڕاگەیاندنەکەیدا نەیوتووە ئێستا چەک دابنێن. بەڵکو دەڵێ لە بەهاری داهاتوودا کۆنگرە بگرن و بڕیاری چەکدانان بدەن. لەنێوان ئێستا کە پەیامەکەی ئۆچەلانی تێدا بڵاکراوەتەوە تا بەهاری داهاتوو، ماوەیەکی زۆرە. بارودۆخی سیاسی ناوچەکەش جێگیر نیە و بەردەوام ئەگەری ئاڵوگۆڕی سیاسی و بگرە سەربازی هەیە. ڕەنگە تا ئەوکاتە ئەوەندە ئاڵوگۆڕ ڕووبدات کە ئەو مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەک عەمەلی نەبێتەوە و پەیامەکەی ئۆچەلان هیچ بایەخێکی نەمێنێ! هەر لەو کۆنگرەیەدا ئەگەر بیگرن ڕەنگە بڕیاری دیکە بدەن، بۆنموونە درێژەدان بە شەڕی چەکداری... هەروەکو وتم دەوڵەتی تورکیا لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەم سیاسەتەی بەرامبەر بە ئۆچەلان گرتۆتەپێش. ڕەنگە ئاڵگۆڕێک ڕووبدات کە حکومەتی ئەکەپە لەم سیاسەتەی پەشیمان بێتەوە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا بەشێوەیەک لەشێوەکان پێشوازییان لەم بانگەوازەی ئۆچەلان کردووە، تا چەند پێتانوایە تورکیا بەکردەوە دەست بە پرۆسەی**

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسن کەریم

**ئاشتی دەکات و تاکتیک و پارییەکی سیاسی بەدەستەوە ناگرێ؟**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای من دەوڵەتی تورکیا و بەتایبەتی ئەکەپە هەروەکو تاکتیکێکی سیاسی مامەڵەی ئاگربەستی پێشووتریشی کرد. ئەوکاتەی حکومەتی ئەکەپە دەستی بۆ ئەم سیاسەتە برد، کۆمەڵێک پێشڕەوی کردبوو لەباری سیاسی و ئابوورییەوە و پێویستی بەوەبوو جۆرێک لە جێگیری و ئارامی سیاسی لە تورکیادا دابین بکات، پێویستی بەوە بوو لەگەڵ ئابووری ئەورووپادا تێکەڵ بێت. ماوەیەکی زۆر جەدەلێک هەبوو کە ئایا تورکیا دەچێتە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە یان نا؟ بۆ چەندین ساڵ ستراتیژیی ئابووری دەوڵەت و خودی حکومەتی ئەکەپە ئەوەبوو کە لەگەڵ ئابووریی یەکێتیی ئەورووپادا تێکەڵاوبێت و بچێتە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە. ئەو گەشە ئابوورییەی تورکیا کردبووی، ئەگەر لەگەڵ ئابووریی ئەورووپادا تێکەڵ بوایە، دەیتوانی دەرگایەک بۆ چەندین ساڵی دیکە لە دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگان بکاتەوە و جێگیرییەکی سیاسی و ئابووری زیاتر دابین بکات بۆیان. بەڵام ئەم مەسەلەیە لەناو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی سیاسی و دیپلۆماسیدا شکستی هێنا. یەکێتیی ئەوروپا نەیانتوانی ئابووریی تورکیا وەکو بەشێک لە ئابووریی خۆیان قبوڵ بکەن. تورکیا بۆئەوەی لەگەڵ ئابووریی ئەورووپادا تێکەڵ بێت دەبوایە جۆرێک لە کرانەوەی سیاسیش ئەنجام بدات بۆئەوەی بتوانێ جۆرێک لە جێگیریی سیاسی دابین بکات و بەرەی ناوخۆیی لەڕووی سیاسییەوە بەشێوەیەک جێگیربێت.

**ڕادیۆی پێشەنگ: پرسی مافی مرۆڤیش مەرجێکی یەکێتیی ئەورووپا بوو بۆئەوەی تورکیا بتوانێ بچێتە ناو یەکێتییەکەوە.**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای من مەسەلەی مافی مرۆڤ تەنها تایتڵێکە و هۆکارێکی ڕاستەقینە نیە، بۆیە ئاماژەم پێنەکرد. بەڵام حکومەتی ئەکەپە پێویستی بەوەبوو جۆرێک کرانەوەی سیاسی بکات بۆئەوەی جێگیری و ئارامی سیاسی بەدەستبێنێ. ڕۆژئاوا پێویستی بە جێگیریی سیاسییە. سەرمایە ڕوو ناکاتە شوێنێک کە ئاژاوە و ئاشووبی سیاسی تێدا بێت، نائارام بێت. شەڕو کێشەی تیابێت. بەبڕاوی من پاساوی "مافی مرۆڤ" ئەو تایتڵەیە، ئەو مانایەی هەیە کە لەژێر ئەم ناوەدا ڕۆژئاوا داوا لە دەوڵەت دەکات کە دەبێ جێگیریی سیاسی لە تورکیادا دابین بکەیت. ئەوەی کە شەڕی پەکەکە دەکەیت، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی خۆت سەرکوت ئەکەیت، دەیان هەزار کەست زیندانی کردووە، ئەمانە جێگای قبوڵ نیە، چونکە مانای وایە نائارامی و پشێوی سیاسی هەیە. مانای وایە کە تورکیا ناوچەیەکی پڕلە کێشە و ئاشوبە و دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەورووپا ئامادەنین وڵاتێک بەو هەموو کێشە و گرفتانەوە کێش بکەنە ناو خۆیانەوە. گومان لەوەدا نیە کە مەسەلەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە

## پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدارانی پەکەکە

لەوکاتەدا مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە ناجێگیری و پشێوی لە تورکیادا پێکهێنابوو. بەبێ جۆرێک لە هێورکردنەوە و ئاگربەست لەگەڵ پەکەکەدا ئیمکانی ئەوە نەبوو هەنگاو بەرەو جێگیریی سیاسی بنرێ، بۆیە ئەوروپاش ئەو پرسەی وەکو فشارێک بەرامبەر بە دەوڵەتی تورکیا بەکاردەهێنا. لەو سەردەمەدا دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئەکەپە بەتایبەتی، کە لەڕووی ئابوورییەوە پێشڕەوییەکیان کردبوو، دەبوایە وەکو تەواوکردنی زنجیرەکە لەڕووی سیاسیشەوە جۆرێک پێشڕەوی بکەن. وەکو تەواو کردنی پرۆسەکە دەست بەرن بۆ کۆمەڵێک نەرمی نواندنی سیاسی بەتایبەتی لەگەڵ پەکەکەدا.
بەڵام کاتێک حکومەتی ئەکەپە بێئومێد دەبێت لە مەسەلەی تێکەڵبوون لەگەڵ ئابووریی ئەوروپادا و ڕێگای چوونی بۆناو یەکێتیی ئەوروپا لێ تەسک دەبێتەوە و بگرە لێی دادەخرێ، ئیتر بەرەبەرە ئەو مەیلەی تێدا بەهێزدەبێت کە لە ئابووریی ئەوروپا دووربکەوێتەوە و ڕووبکاتە دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیادا، بێگومان بەهێشتنەوەی جۆرێک پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا و ڕۆژئاوادا. ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا و ئەکەپە لە پەیوەند بە پرسی کوردەوە لەسەر ئەم بنەما و پێداویستییە سیاسی و ئابوورییانە دامەزرابوو، بۆیە بە گۆڕانی بنەمای سیاسەتەکەی، ئیتر زۆر پێویستیی بەوە نەما کە بەرامبەر بە پەکەکە و پرسی کورد نەرمی پیشان بدات و ئەوە بوو لە دوای ساڵی ٢٠١٥ەوە دووبارە دەوڵەتی تورکیا دەستی کردەوە بە هێرش کردنە سەر ناوچە کوردنشینەکان و هێزەکانی پەکەکە.
من لە قسەکانی پێشوومدا باسی هۆکارەکانی پشتی ئەم نەرمی نواندنەی ئێستاشم کرد. بۆیە ئەو پرسیارەی کە ئایا دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگان بەڕاستی ئەم سیاسەتەی ئێستایان لەوێوەیە کە دەیانەوێ پرسی کورد چارەسەر بکەن، بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی بنەمای دەوڵەتی تورکیا بەخودی ئەکەپەشەوە کە وەکو هێزێکی بۆرژوازی کۆنەپارێز دەستی بە بنامە و پرەنسیپەکانی دەستور و یاساکان و کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵگای تورکیاوە گرتووە کە لەسەر بنەمای جۆرێک لە فاشیزمی نەتەوەیی تورکی دامەزراوە. شۆڤێنیزمێک کە چوارچێوەی یاساکان و دەسەڵاتی تێپەڕاندووە و شۆڕبۆتەوە بۆناو کۆمەڵگای تورکیا، بۆناو خەڵکی تورکزمان. لە ئێران و عێراق دژایەتی بەرامبەر خەڵکی کوردزمان لەئاستی دەسەڵات و دەوڵەتەکانەوە زیاتر تێنەپەڕی و نەچووە ناو کۆمەڵگاوە. نەبووە بە بیرکردنەوە و بۆچوونی خەڵکی عەرەبزمان و فارسیزمان. واتە سەرباری توند بوونەوەی کێشمەکێشی نەتەوەیی، سەرباری ڕقوکینەی نەتەوەیی کە بەجۆرێک دروستیان کردوە، بەڵام نەیتوانیوە ڕۆبچێتەخوارەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی و تەنها لەئاستی سیاسی و لەچوارچێوەی دەسەڵات و دەوڵەتەکاندا ماوەتەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسن کەریم

ئەگەرچی لەعێراقدا لەسەردەستی ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیۆنالیستی و ئیسلامی عەرەبی و کوردییەوە بەردەوام هەوڵی خۆشکردنی ئەم ڕقوکینەیە دەدرێ، بەڵام هێشتا بەوجۆرە نیە کە لەتورکیادا هەیە. بەمانایەکی دیکە، دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئەم پاشخانە فکرییە شۆڤێنیستییە کۆمەڵایەتییەی ناسیۆنالیزمی تورکی بینات نراوە و ڕاوەستاوە. بۆیە بەبڕوای من زۆر سەختە کە ئاڕاستەکە بەوجۆرە بڕوات کە ئەم دەوڵەت و حزبانەی خۆیان لەسەر ئەم بنەما ئایدیۆلۆژییە ڕاوەستاون، سیاسەت و کەلتوری سیاسییان جیاکاری و شۆڤێنیزمی نەتەوەییە، بتوانن دەستبەرداری ئەم مەزنخوازییە تورکییە ببن. ئەوان ناتوانن کێشەی کورد چارەسەر بکەن، تەنها وەکو پرسێکی تاکتیکی بەدەستیەوەی دەگرن بۆ کێشمەکێش لەگەڵ پەکەکە، دانوسان و هێنانوبردن لەگەڵ پەکەکە تا بتوانن پاشەکشەی زیاتری پێ بکەن. تا لەو ڕێگایەوە حکومەتی ئەکەپە لەکێشمەکێشی ناوخۆیی لەگەڵ نەیارە سیاسییەکانیدا خۆی ڕابگرێ و دەسەڵاتەکەی بهێڵێتەوە. دەوڵەتی تورکیاش لەناو ئەو بارودۆخە جیهانییەدا دەورونەخشی هەبێت و تووشی شکست و پاشەکشە نەبێت.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ موحسین لەپەیوەند بە پەیامەکەی ئۆچەلانەوە بۆچوونێک هەیە دەڵێت هەڵوێستێکی خیانەتکارانەیە و لادانە لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، هەندێکی دیکە دەڵێن سیاسەتێکی حەکیمانەیە و ئاوێکە بە ئاگری شەڕ لە تورکیادا دەکرێ. ڕای ئێوە لەسەر ئەم بۆچوونانە چیە؟**

**موحسین کەریم** : بەرلەوەی لەسەر ئەو دوو لایەنە قسە بکەم حەز ئەکەم مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە. من باسم لەوەکرد کە ئەگەر پەکەکە چەک دابنێ، ئەوە مانای تەسلیم بوونە. ئەوەی کە چەک دادەنێ یان نا پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە. بەڵام چەکدانان هیچ مانایەکی نیە بێجگە لەتەسلیم بوون و ئەوە ڕاستییە، لەبەرئەوەی ئەو حزبە نەیتوانیوە هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بەدەستبێنێ بەرامبەر بەو چەکدانانە. بۆنموونە یەکێتی و پارتی لە کوردستانی عێراقدا ئێستا دەسەڵاتدارن و حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتداریێتی ئەوانی قبوڵ کردووە. پەکەکە هیچ گۆشەیەکی لە دەسەڵاتداریێتی لە کوردستانی تورکیا بەدەست نەهێناوە. ئایا ئەگەر چەکی دانا لەجێگایەک بەشداری پێدەکرێ لە دەسەڵاتدا بەرامبەر بەو چەکدانانەی!؟ من پێموایە هیچ شتێک لەوبارەیەوە ڕوون نیە و ئۆچەلان هیچ مەرجێکی ڕانەگەیاندووە بەرامبەر بەم پێشنیاری چەکدانانە. حکومەتی تورکیاش هیچ شتێکی ڕانەگەیاندووە تەنها ئەوەنەبێ کە ڕێگای بە پارێزەکانی ئۆچەلان داوە کە چاویان پێبکەوێ، ئەویش بۆئەوەی لەزمانی خۆیەوە ئەم پەیامە بۆ لایەنگرانی و پەکەکە بڵاوبکاتەوە، کە پڕاوپڕ لە بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگانە.

## پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە

بێگومان من لایەنگری ئەوە نیم کە هیچ هێزێکی سیاسی یان هیچ دەوڵەتێک پەنا بۆ چەک بەرێت لە ململانێ و کێشەی نێوانیاندا، من لەگەڵ ئەوە نیم خوێن بڕێژرێت و خەڵک ماڵوێران بێت لە ململانێی سیاسی نێوان پارتە ناکۆک و دەوڵەتەکاندا، بەڵام پێم وانیە کە پەکەکە لەو ڕوانگە ئینسانییەوە بڕوای بە دەستبەرداربوون لە چەک و شەڕ بێت. من ئەوە بەشانازی نازانم کە بەشێک لە لایەنگرانی پەکەکە زۆرجار لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شانازی بە کوشتنی سەربازی تورکییەوە دەکەن. بەبڕوای من کوشتنی مرۆڤ جێگای شانازی نیە، بەتایبەتی کە ئەوانە سەربازن کە بەزۆر ڕاپێچی سەربازی کراون و هیچ بژاردەیەکیان نیە بۆ بەشداری نەکردن لە جەنگەکان و بگرە بەشێکیشیان لە مەیدانی جەنگدا نەکوژراون، بەڵکو لەناو بارەگا و سەربازگەکاندا کوژراون! هەر هێزێکی سیاسی یەک تۆز ئینسانییەت لەناو پرەنسیپە سیاسی و فکرییەکانیدا هەبێت ناکرێ شانازی بە کوشتنی ئینسانەوە بکات. ڕەنگە لە شەڕێکدا لەگەڵ دوژمنەکەتدا ناچاربیت بۆ بەرگریکردن لەخۆت سەربازەکانی دوژمنەکەت بکوژیت، بەڵام بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە کە شانازی پێوە بکەی!

من ئەوەم بۆیە باسکرد تا ڕوونی بکەمەوە کە من لایەنگری لە بەکارهێنانی چەک ناکەم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێ سیاسییەکان. خۆزگە دەوڵەتەکان و هێزە سیاسییەکان بەرێگای گفتوگۆ و دانوسان بیانتوانیایە بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان و بەچارەسەری کێشەی نێوانیان بگەیشتنایە. خۆزگە دەوڵەتی تورکیا ئازادیی سیاسی بەڕەسمی بناسیایە و هەموو حزب و هێزێکی سیاسی بیتوانیایە بە ئازادی چالاکی سیاسی خۆی بکات و پەکەکەش لەجیاتی دەستبردن بۆ چەک، خەباتی سیاسی مەدەنی بکردایە، وەکو ئێستا بەجۆرێک هێزەکانی هەدەپە ئەوکارە دەکەن.. ئەمە مەسەلەیەکە کە پێم باشبوو بەر لەوەڵامدانەوە بە ناوەرۆکی پرسیارەکەت، ڕوونی بکەمەوە.

بەڵام ئەو دوو بۆچوونەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، هەردووکیان لەهەمان سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە، هەردووکیان لەسەر هەمان پێگە ڕاوەستاون کە پێگەی ناسیۆنالیزمی کوردە. یەکێکیان لە پێگەی ناسیۆنالیزمێکی ڕادیکاڵەوە دەخرێتەڕوو کە تا ئێستا چاوەڕوانییەکی سیاسی گەورەی لە پەکەکە هەبووە و وەکو ڕابەری ڕادیکاڵیزمی بزووتنەوەی کوردایەتی زانیوە، ئومێدی پێوە بەستووە، پێیوابووە کە ئەو ئامانجەکانی "میللەتی کورد" بەدی دەهێنێ لەبەرامبەر شکستێک و گەندەڵییەکدا کە هێزە سەرەکییەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، گیرۆدەی بوون. ئێستا کە دەبینێ ئۆچەلان کە ڕابەری ئایدیۆلۆژی و ڕۆحیی پەکەکەیە، ئەم سازش و تەسلیم بوونە دەکات، لێی تووڕە دەبێت و پێیوایە خیانەتی لەو پەیامە کردووە کە هەڵیگرتووە و ئەوان بەوهۆیەوە شوێنی کەوتوون

یان لایەنگری پەکەکەیان کردووە. ئەوی دیکەیان کە ئەم سیاسەتەی ئۆچەلان و پەکەکە بە سیاسەتێکی حەکیمانە دادەنێ، ئەو بەشانەی ناسیۆنالیزمی کوردن کە لایەنگری پەکەکە و ئۆچەلانن. دەیانەوێ جۆرێک لە حەقانییەت و عەقڵانییەت بدەن بەم سیاسەتە تەسلیمخوازانەی ئۆچەلان و پەکەکە. من باسم لەوە کرد کە ئەم سیاسەتەی پەکەکە و ئۆچەلان لەکوێوە هاتوە. وتیشم کە پێمخۆشە کەس دەست بۆ چەک نەبات، بەڵام لەم هەلومەرجەدا کە من ڕوونم کردەوە، ئەو بانگەوازەی ئۆچەلان ڕاستییەکەی بانگەوازی تەسلیم بوونە، شکستێکی ستراتیژی سیاسی و سەربازییە کە ڕووبەڕووی پەکەکە بوەتەوە، یان ڕاستتر بڵێم قبوڵکردنی شکستێکی ستراتیژییە کە من وتم دەمێکەیە دەستی پێکردوە. خاوەنەکانی ئەم بۆچوونە ناتوانن بە دەستەواژەی "حیکمەتی سیاسی" ئەم شکستە پینە بکەن، گوایە ئۆچەلان و پەکەکە لە سۆنگەی کۆتایی هێنان بە کوشتن و پێشگرتن بە خوێنڕشتن و هەروەها دەرگاکردنەوە بەڕووی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا پاکانەی بکەن. بەبڕوای من بەم سیاسەتەی ئۆچەلان و پەکەکە مەسەلەی کورد لە تورکیا ناچێتە سەر ڕێچکەی چارەسەربوون. من پێشتر باسم لەوەکرد کە ڕێچکەی چارەسەربوونی کێشەی کورد لە جێگایەکی دیکەیە نەک لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەکەپە و دەوڵەتی تورکیا و ئەم فاشیزمەی ئێستا کە لەناو کۆمەڵگای تورکیادا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: هاوڕێ موحسین لایەنێکی دیکەی پەیامەکەی ئۆچەلان ئامۆژگاریکردنی پەیەدە و هێزە کوردییەکانی دیکەی سوریایە کە حساب بۆ دەوڵەتی تورکیا بکەن، مەبەستی ئۆچەلان لەم قسانەی چیە و سەرەنجام دەیەوێ داهاتووی پرۆژەی پەیەدە و ناوچەکانی ژێردەستی بەرەوکوێ بەرێت؟**

**موحسین کەریم:** من بەجۆرێک لە قسەکانی پێشوومدا ئاماژەم بەوە کرد کە بوونی هێزەکانی تورکیا لەسوریادا بۆئەوەیە کە دەوری هەبێ لە دیاریکردنی نەخشەی سیاسی داهاتووی سوریادا. ئەوەش بەشێکی بریتییە لە دوورخستنەوەی مەترسی پەیەدە لەسەر خۆی، کە دەوڵەتی تورکیا وەکو درێژکراوەی پەکەکەی دادەنێت و لە باکوری سوریادا بەدرێژایی سنورەکەی ئەو لەناوچە کوردنشینەکاندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. تورکیا ئەمە بە مەترسییەکی جدی دەبینێ لەسەر خۆی. زۆرجار ئەوەشی ڕاگەیاندوە کە دەیەوێ مەترسی پەیەدە دووربخاتەوە و پەیەدە بە هێزێکی تیرۆریست ناودەبات و تەنانەت لەم دواییانەدا ئۆردوگان ڕایگەیاند کە داعش مەترسی نیە بەڵکو پەیەدە مەترسییە! چەندین جار هەڕەشەی ئەوەی کردوە کە هێرشی سەربازی بۆسەر ئەو ناوچانەی ژێردەسەڵاتی پەیەدە

ئەنجام دەدات.
لەسەر مەسەلەی دروستکردنی ناوچەی ئارام، کە تورکیا لەژێر ئەو ناوەدا دەیەوێ ناوچە سنورییەکانی باکوری سوریا بخاتە ژێردەستی خۆیەوە یان لەژێردەستی پەیەدەدا دەریبهێنێ، لەگەڵ ئەمریکادا تووشی گرفت هاتوون. ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بەوەی سەربەخۆ هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پەیەدە لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، ناردنی ئەو پەیامە بوو بۆ ئەمریکا تا ناچاری بکات، دەست لە هاوکاریکردنی پەیەدە هەڵبگرێت و ڕازی بێت بەوەی ناوچەی ئارام بەوجۆرەی تورکیا دەیەوێ، پێکبهێنن. بەڵام ئەوەبوو سەرەنجام ئەمریکا ڕازی بوو کە ناوچەیەکی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش لە ناوچەیەکی سەرسنوری سوریا- تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی فورات دروست بکەن. هەڵبەت ئەم هەڕەشانەی تورکیا بۆئەوە بوو کە ئەمریکا ڕازی بکات، دەنا خۆی سەربەخۆ ناتوانێ هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانە، لەبەرئەوەی بێجگە لەوەی سوریا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، هەرجۆرە کارێکی سەربازی لەو وڵاتە بەبێ ڕازیبوونی ڕوسیا، ئیمکانی نیە، هەروەکو هێزەکانی ئەمریکا بەناوی پشتیوانی لە پەیەدە لە شەڕی دژی داعشدا لەو ناوچەیە جێگیربوون. دیارە بوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی فورات، ئەمری واقیعە و بەناوی هاوکاریی پەیەدەوە دژی داعش هاتووە و هاوکات بە ڕێککەوتن و ڕازیبوونی ناڕاستەوخۆی ڕوسیا بووە. بۆیە ئاسان نیە کە تورکیا هەروا بێحساب و کتاب و بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا مل بنێ و خۆی پیابکات! هەڵبەتە وەکو ئاماژەم پێکرد، ئەم مانۆڕە سیاسییەی تورکیا سەرەنجام گەیشت بەوەی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەنێوان هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا دروست بکرێ.
ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا بۆ دوورخستنەوەی مەترسی پەیەدە، سەرباری بانگەشەکانی سەبارەت بە لەناوبردنی تیرۆر و پەیەدە! پێشنیاری ناوچەی ئارام بۆ ئەوەیە کە ناوچەیەک لەنێوان سنوری تورکیا و سوریا داببڕێ و جیای بکاتەوە و دەسەڵاتی پەیەدەی تیا نەمێنێ، تا وەکو قەڵغانیک بێت بۆ پاراستنی خۆی. بۆئەوەی کە ڕێگا بگرێ لەوەی کە لەباری سەربازییەوە پەیەدە ئاسانکاری بۆ پەکەکە و هەر هێزێکی دیکە بکات بۆناو تورکیا. ئەگەر تورکیا بتوانێ ئەوکارە جێبەجێ بکات، ئەوا سەرکەوتنێکی سیاسی بۆخۆی تۆمار دەکات. تورکیا پێویستی بەوەیە. ئەو پەیامەی ئۆچەلانیش بۆ پەیەدە کە دەڵێ ڕەچاوی نیگەرانییەکانی تورکیا بکەن، نیشاندانی وەفایە بۆ ئەو کرانەوەیەی حکومەتی ئەکەپە بەرامبەر بەخۆی. تورکیا دەزانێ کە پەیەدە پەیڕەوی لە پەیام و ئامۆژگارییە سیاسییەکانی ئۆچەلان دەکات، بۆیە ئەو پەیامەی ئۆچەلان بۆ پەیەدە خزمەتێکی سیاسی گەورەیە بە دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئەکەپە و خودی ئۆردوگان.

هەڵبەتە پەیەدە لە شەڕێکدا نیە لەگەڵ تورکیادا تا داوای چەکدانانیش لەو بکات، ئەوەتا پێیان دەڵێ لەگەڵ حکومەتی سوریا ڕێک بکەون. بەڵام بەوەی کە پەیەدە لەسەر بنەمای داواکەی ئۆچەلان نەرمی بنوێنێ بەرامبەر بە تورکیا، ئیتر بەجۆرێک دەستی تورکیا لە سوریا درێژتر دەبێ. پەیەدە دوای ئەو پەیامەی ئۆچەلان بەجۆرێک ملی داوە بەوەی هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژهەلاتی فورات ئامادەییان هەبێت، ئەوەش لەژێر ناونیشانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا بەئاکام گەیشتوە.

**ڕادیۆی پێشەنگ: وەکو دواپرسیار، ئایا ئەم جۆرە پەیامانەی ئۆچەلان و خودی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە ئەگەری بەکردەوە دەرهێنانیدا دەتوانێ کێشەی کورد لەهەردوو وڵاتی تورکیا و سوریادا چارەسەر بکات؟**

**موحسین کەریم:** من بەجۆرێک قسەم لەسەر ئەوە کرد کە ئەو پەیامەی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە عەمەلی نایەتە بەرچاو، لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن. بۆیە ئاکامەکانی ئەم پەیامە و کاردانەوەکانی حکومەتی تورکیا و سوریا پێناچێت ئاسۆیەکی دیکە بخاتە بەردەم چارەسەری کێشەی کورد لە هیچکام لە کۆمەڵگاکانی تورکیا و سوریا. ئەگەر زۆر گەشبین بین ئەوا لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە جۆرێک کرانەوە و هێوربوونەوە و ئاگربەست بەدوای خۆیدا بهێنێ. ئەگەر لەوەش زیاتر بڕۆین و پێمان وابێت کە ڕەنگە بگات بە جۆرێک لە شەراکەتی سیاسی بۆ پەکەکە لە تورکیادا و جۆرێکیش لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی سوریا و قبوڵکردنی پەیەدە لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە وەکو شەریکی سیاسی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، کە لەمە واوەتر ناچێت، ئەمانەش هەموویان ئەگەرن و دنیایەک فاکتەر دەوریان هەیە لەوەی جێبەجێ ببن یان نەبن. تەنها پەیامەکەی ئۆچەلان هەموو شتێک کۆتایی پێناهێنێ. ئایا دەوڵەتی سوریا هەڵوێستی چی دەبێت بەرامبەر بە پەیەدە؟ ئایا دەوڵەتی سوریا ئامادەیە لەگەڵ پەیەدە بکەوێتە گفتوگۆوە؟ ڕەنگە لەگەڵ پەیەدە ڕێک نەکەوێ و هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی و دەریپەڕێنێ لەوناوچانە.

بەڵام با ئێمە سیناریۆ باشەکە وەربگرین. ئەویش ئەوەیە کە پەکەکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەشدار دەکرێ لە دەسەڵاتی سیاسیدا و پەیەدەش لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە قبوڵ دەکرێ و بەشداری پێدەکرێ لە دەسەڵاتی سیاسیدا و لەناوچە کوردنشینەکانی سوریادا دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی ڕەسمییەتی پێدەدرێ. ئەمە سیناریۆ باشەکەیە، ئایا بەڕاست لەمبارەدا کێشەی کورد چارەسەر دەبێت؟ من پێموایە نەخێر. سەیری کوردستانی عێراق بکەین، لێرە پارتی و یەکێتی لەساڵی ١٩٩١ەوە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیان بەدەستەوەیە، بەڵام کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر نەبووە. ڕاستە ستەمی نەتەوەیی لە

کوردستانی عێراقدا نەماوە، بێجگە لەو ناوچانەی بە ناوچەی کێشەلەسەر ناودەبرێن، کە بەجۆرێک و دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، دانیشتوانی کوردزمان هەست بە جۆرێک لە ستەم و جیاکاری دەکەن لە دژیان، هێشتا باسی سیاسەتی تەعریب دەکرێ لە هەندێ جێگای ئەو ناوچانە و...هتد. بەڵام سەربەخۆ لەوەش کێشەی کورد چارەسەر نەبووە لەبەرئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر لەحزەیەک ئەم کێشەیە دەست پێبکاتەوە و کارەساتی لێبکەوێتەوە، وەکو ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بینیمان.
ئەم جیاکارییە نەتەوەییە، ئەم ناکۆکی و کێشە نەتەوەییە ڕیشە و بناغەیەکی هەیە، کە ئەم دەوڵەتانە لەسەر بنەمای جیاکاری و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی، لەسەر بنەمای مەزنخوازی نەتەوەیی دروست بوون. لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی بۆرژوازی لەم ناوچەیەدا دروست بوون، کە ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەشێکە لە پێداویستییە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتییەکانی چینی بۆرژوازی نەتەوەی سەردەست. بۆرژوازی لەم ناوچەیە پێویستی بەمجۆرە نایەکسانییانە هەیە، پێویستی بە نایەکسانی نەتەوەیی هەیە، وەکو چۆن پێویستی بە نایەکسانی نێوان ژن و پیاو هەیە، چۆن دەیەوێ ژن کۆیلەبێت، منداڵ بێماف بێت و...هتد.
بەمجۆرە ئەگەر باشترین حاڵەتەکەی کوردستانی عێراق وەربگرین، دەبینین کە کێشەی کورد چارەسەر نەبووە و وەکو خۆی ماوەتەوە. بۆیە بەبڕوای من لەو سیناریۆ ئیجابییەشدا کە بە گریمان دامان نا بۆ ئەو دوو وڵاتە، کێشەی کورد وەکو خۆی دەمێنێتەوە و چارەسەر نابێ. کێشەی کورد بەو مانایەی کە ستەمێک لەناوچەکە هەیە و کێشەیەکی دروستکردوە، کێشمەکێشی نەتەوەیی دروستکردوە، ڕقوکینەی نەتەوەیی دروستکردوە، ئیحساسی بە بوونی زوڵم و ستەم دروستکردوە لای هاوڵاتیانی کوردزمانی ئەو وڵاتانە. ئەمانە بەبڕاوی من ناتوانێ کۆتایی پێبێت. ڕەنگە کێشەکە هێور بێتەوە، ڕەنگە شێوازە توندوتیژەکەی کەم بێتەوە، بەڵام کۆتایی پێنایەت.
بەبڕاوی من کێشەی کورد لەیەک حاڵەتدا دەتوانێ چارەسەر بێت، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگاکانی ئەم چەند وڵاتەی کوردیان تێدا دەژی بەرەو چەپ وەربچەرخێن. لەبەرئەوەی کێشەی کورد تەنها لە یەک وڵاتدا نیە. کێشەی کورد کێشەیەکی ئاڵۆز و ناوچەیی و چەند وڵاتییە. کێشەیەک نیە تەنها لە عێراق یان تورکیا یان ئێران بێت. کێشەیەکی سیاسییە کە لە چەند دەوڵەتی جیاواز، بە پێناسەی نەتەوەیی جیاواز، بە بەرژەوەندیی جیاوازەوە، سەر بە بلۆکبەندیی جیاوازی جیهانییەوە هەیە و خەڵکی کوردزمان بەسەر چەند وڵات و دەوڵەتێکدا دابەش بووە و ئەمەش ئاڵۆزیی دروستکردوە بۆ پرسەکە. چارەسەری کێشەی کورد لەچوارچێوەی هەلومەرجی ئێستادا بەئاسانی ناکرێ. ئەمە واقعیەتەکەیە. ئەم ئاڵۆزییەی

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسن کەریم

پرسی کورد تایبەتمەندییەکی پێبەخشیوە کە بەبێ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەئاستی ناوچەکەدا و لانی کەم لە یەکێک لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، بۆنموونە ئێران یان تورکیا، کە پێگەی گرنگی سیاسی و ئابووری ناوچەییان هەیە (کە بەبڕوای من ئێستا تورکیا پێگەیەکی هەستیارتری هەیە لە پەیوەند بە کێشەی کوردەوە، بەهۆی زاڵبوونی شۆڤێنیزمی تورکی لەئاستی کۆمەڵگای تورکیادا) ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ڕووبدات و کۆمەڵگا بەرەو چەپ وەربچەرخێت، ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد زۆرزیاتر دەبێت.

مەسەلەکە بەوجۆرەیە کە ئەگەر کۆمەڵگای تورکیا بەرەو چەپ وەرچەرخێت و ئایدیۆلۆژیا و چەمکە ئینسانی و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستییەکان لەناو کۆمەڵگای تورکیادا ڕەواج پەیدابکات (**ڕادیۆی پێشەنگ: ئایا چاوەڕوانییەکی لەوجۆرە واقعیە!؟**)، بەڵێ هەمیشە لەهەموو دنیادا ئەو چاوەڕوانییە هەیە کە کۆمەڵگا ڕێگاچارەیەکی دیکە بخاتەبەردەمی خۆی لە پەیوەند بە هەر پرس و مەسەلە و کێشەیەکی ژیانیەوە. بڕیار نیە کۆمەڵگا دابخرێت و هەر ئەو ڕێگا و تەرحانەی کەهەن، هەرئەوانەبن. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەردەوام شێوازی جیاواز لە بەرەنگاری هەبووە و هەیە. هەمیشە هەوڵی خەڵک و چینە بەشخوراو و چەوساوەکان بۆ ژیانێکی باشتر و بۆ ڕێگاچارەیەکی دیکە و دەربازبوون لەم چوارچێوەیەی کە چینی دەسەڵاتدار بۆیان دروستکردون و بۆیان دروستدەکەن، لەئارادایە و بەردەوام دەبێ. ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بەشێکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان. لە پەیوەند بە تورکیاوە، مەسەلەکە ئاوایە کە ئەو کۆمەڵگایە تەنها کێشەی کوردی نیە، کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە و کێشمەکێشی چینایەتی تێدایە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی تورکیا ناتوانن هەتاهەتایە بارودۆخێکی سیاسی و دەسەڵاتێکی لەمجۆرەی ئێستا قبوڵ بکەن، جا دەسەلات بەدەستی "جەهەپە" یان "ئەکەپە" یان "مەهەپە"وە بێت یان هەر هێزێکی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە. ناتوانن هەتاهەتایە لەم هەژاری و نەبوونی و بێمافییەدا درێژە بەژیان بدەن، بۆیە کۆمەڵگا بەناچاری بۆ بەرگری لەخۆی، لە بەهاکانی. لەژیانی. لە ئایندەی.. چینی کرێکار و ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە، ناچارن بەرەو ئەفکار و جیهانبینی ئینسانی و سۆشیالیستی بچن. کاتێک ئەفکار و بۆچوونە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستییەکان لەناو خەڵکدا برەو پەیدا دەکات، ئیتر جێگا بە ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی و مەزنخوازیی تورکی و ڕقوکینەی نەتەوەیی لەق دەکات و لەجێگای ئەواندا ئینساندۆستی و پێکەوەژیان و خۆشەویستی نێوان دانیشتوانی وڵات بەهێزدەبێت. سۆشیالیزم ناتوانێ لەگەڵ جیاکاری و ستەمی نەتەوەییدا هەڵ بکات. بەوجۆرە کاتێک کۆمەڵگاکانی عێراق، تورکیا یان ئێران بەرەو چەپ بڕۆن، وەکو

# پەیامی ئۆچەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە

پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکان خۆیان، نەک تەنها لەبەرخاتری کێشەی کورد، دیوی ئەودیوی ئەم گۆڕانکارییە، کردنەوەی دەرگایە بۆ چارەسەکردن و کۆتاییهێنان بەهەموو جۆرە ستەم و نایەکسانی و چەوساندنەوە و بێمافییەک و زەمینەکانی کۆتاییهێنان بەو گرفتانەی کۆمەڵگا فەراهەم دەکات.

با نموونەیەکت بۆ باس بکەم. کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەردەکەوێ و حکومەتی کرێکاری و دەسەڵاتی شورایی دادەمەزرێ لە ڕوسیا و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی تزاریدا، بەڵشەفییەکان و لینین تەرحی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیان دەکەن تا ڕادەی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. فنلەندا لەژێر دەسەڵاتی تزار و دواتریش حکومەتی کاتی ڕوسیادا بوو. بەڵام لەژێرسایەی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا، لە ٦ی دیسمبەری ١٩١٧دا پەرلەمانی فنلەندا بڕیاری جیابوونەوەی فنلەندای دا و دوای ١٦ ڕۆژ حکومەتی سۆڤیەتی سەربەخۆیی فنلەندای بەڕەسمی ناسی و دوای ٤ ڕۆژو لە ٢٢ی دیسمبەردا لەلایەن کۆمیساریای باڵای شوراکانی ڕوسیاوە پەسەندکرا. ئیتر پێویستی بەهێنانوبردن نەبوو. دانیشتوانی وڵاتێک و ناوچەیەکی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیەتی بڕیاری جیابوونەوەی داوە، بڕیارەکەی مەشروع و ڕەوایە و هەموو شتێک کۆتایی هات.

من ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر کۆمەڵگا بەرەو چەپ وەربچەرخێت، چارەسەری ئەو کێشانەی کە بۆرژوازی و سەرمایەداری دروستی کردون و هێشتونیەتەوە کارێکی سادە و ئاسانە، ئاڵۆزکردن و سەربادانی ناوێ. بۆیە ئەگەر چەمکە ئینسانی و کۆمۆنیستییەکان بەهێزبن لە کۆمەڵگادا، ڕەوتی عەدالەتخوازی و یەکسانیخوازی لەم کۆمەڵگایانەدا بەهێزدەبێت و لێرەشەوە زەمینەی چارەسەری پرسی کورد دەرەخسێت و کۆتایی پێدێت.

دیارە ئەم بەهێزبوونەی ڕەوتی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئاستی کۆمەڵگادا دەتوانێ بەدوو ئاڕاستەدا کاربکات. یەکێکیان ئەوەیە کەخۆی ڕاستەوخۆ دەسەڵات لەم وڵاتانەدا بگرێتەدەست و دەسەڵاتی کرێکاری و دەوڵەتی کرێکاری دابمەزرێنێ، وەکو ئەوەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ڕووی دا، وە خۆی پرسی کورد چارەسەربکات. یان ئەوەتا لەئاستی کۆمەڵگادا و نەخشی لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدا دەژی، بەهێز و کاریگەر بێت و بتوانێ ببێتە فشارێکی جدی لەسەر دەوڵەت کە دەوڵەتی هاوڵاتی بێت و هیچ پێناسەیەکی نەتەوەیی و ئەتنیکی و مەزهەبی نەدا بە دەوڵەت. لەوبارەدا کێشەی کوردیش چارەسەر دەبێ و بنەمای چەوساندنەوە و جیاکاری نەتەوەیی دژی هاوڵاتیی کوردزمان کۆتایی پێدێت و لەنێودەچیت. بۆنموونە وەکو دەوڵەتانی ئەسکەندنافی کە دەوڵەت هیچ پێناسەیەکی نەتەوەیی نیە و هەموو دانیشتیوانی وڵات هاوڵاتی یەکسانن لەڕووی یاساییەوە. هەڵبەتە

ئەمەش مومکینە، چونکە ڕەنگە چینی کرێکار لە قۆناغێکی دیاریکراودا هێشتا ئامادەی شۆڕش نەبێ، بەڵام ئەوەندە هێزی هەیە کە دەتوانێ دەوڵەت ناچاربکات وەکو سوید یان بەریتانیا کە دەوڵەتانێکی بۆرژوایی و سەرمایەدارین، یان هەر وڵاتێکی دیکەی بۆرژوازی بێت، بەڵام خەڵک لەو وڵاتانە بەسەر نەتەوە و ئەتنیک و مەزهەبدا دابەش نەکراون، بەڵکو لەسەر بنەمای چەمکی هاوڵاتی مرۆڤەکان مافیان دیاریکراوە. کەواتە بەبڕاوی من مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایانە بەرەو چەپ وەربچەرخێن ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد زیاترو واقعیتر و مومکینتردەبێت.

## تێبینیەکان:

(1) لەکاتی ئامادەکردنی ئەم گفتوگۆیە بۆ دیدگای سۆشیالیستی، دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا دا و دوای ئەوەش سوپای تورکیا بەهاوکاری گروپە ئیسلامیە تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی هێرشی کردە سەر ناوچە سنوریەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە.

(2) دانیشتوانی ئەو سێ شارە پێکەوە نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەسە و دانیشتوانی تورکیا نزیکەی ٨٣ ملیۆن کەسە. واتە نزیکەی سێ یەکی دانیشتیوانی تورکیا لەو سێ شارە دەژین.

(3) شەڕی خەندەق، مەبەستی ئەو شەڕانە بوو کە زستانی ساڵی ٢٠١٥ پەکەکە لەناو شارە کوردنشینەکانی تورکیا ئەنجامی دا...



سورەیا شەهابی

# برێکزیت بەکوێ دەگات؟

ئەم گفتوگۆیە وریا نەقشبەندی لە"ڕادیۆی نینا" وە لەگەڵ سورەیا شەهابی، یەکێک لەڕابەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران/ حیکمەتیست، خەتی ڕەسمی، لە 10 سێپتەمبەری 2019 دا، سازی داوە. دوای ئەوەی گفتوگۆکە خراوەتە سەر شێوازی نوسین لە بڵاوکراوەی مانگانەی "کۆمۆنیست"دا، بەزمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە. دواتریش هاوڕێ خەسرەو سایە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ..

وریا نەقشبەندی: هەروەک ئاگادارن، کە نزیکەی سێ ساڵە بەریتانیا، لەڕاپرسیەکدا دەنگیدا بەجیابوونەوە لەیەکیەتی ئەوروپا. بەدرێژایی ئەم سێ ساڵە، لایەنگران و نەیاران لەدوو باڵی جیادا، چ ئەوانەی کە لایەنگری لە دەرچونی بەریتانیا دەکەن" بەبێ ڕیکەوتن" و چ ئەوانەشی کە لایەنگری دەرچوونن بە"ڕێکەوتن"، بە کێشمەکێشێکی توندا تێپەڕیوون. ئەم

## سورەیا شەهابی

**مەسەلەیەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر دۆخی ئابوری و سیاسی کۆمەڵگای بەریتانیا جیهێشتووە. تەنانەت دۆخەکە بەشوێنێک گەیشتوە کە "تیریزا مەی"، سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، لەژێر کاریگەری هەرئەم دۆخە بنبەستەدا ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە. هەروەها بەم دواییانەش بۆریس جۆنسن، سەرۆک وەزیرانی تازە، پەرلەمانی ئەم وڵاتەی هەڵپەسارد تا بتوانێ بەریتانیا، "بەبێ ڕێکەوتن" لەیەکیەتی ئەورپا بباتەدەرەوە. خودی ئەم بابەتەش هەم لەگەڵ ناڕەزایەتیەکی فراوانی خەڵک ودامودەزگای جۆراوجۆری جەماوەری وهەم لەلایەن نەیارانیەوە، لەپەرلەماندا ڕووبەڕوو بوەوە. نوێنەرانی پەرلەمان باسیان لە بەدواداچون ودادگایی کردنی بۆریس جونسن کرد وئاگاداریان کردەوە کە ئەگەر جارێکی تر هەنگاوی لەم جۆرە بنێ ئەوا ڕووبەروی دادگا و زیندان دەبێتەوە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی برێکزیت هەم لەناوخۆی بەریتانیادا وهەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەمجۆرە بایەخی پێ دەدرێ؟**

**سورەیا شەهابی:** ئێوە ئاماژەتان بەوردەکاریەکی زۆر کرد، هەربۆیە من لەسەرەتاوە تەنها ئاماژە بەوە دەکەم کە تا ئەمرۆ توانراوە سەرۆک وەزیران لە هەوڵەکانیدا بۆهەڵپەساردنی پەرلەمان، پاشەکشە پێبکرێ. بەڵام لەبارەی ئەوەوە کە بۆچی برێکزیت هەم بۆ بەریتانیا وهەم بۆ گشت سیاسەتی جیهانی بەم ئاستە گرنگ بۆتەوە، بەبڕوای من برێکزیت یەکێک لە گرنگترین گرێوگۆڵە سیاسی و ئابوریەکانی سیستەمی کاپیتالستی ڕۆژئاوایە. چونکە هێشتا ئەوە ڕۆژئاوایە کە لە سەرەوەی کاپیتالیزمی جیهانیدا راوەستاوە. هەرچەندە نمونەی گەشەی ئابوری لە دەستی چیندایە و ئەوە چینە کە دەیەوێت پەرەبسێنێ وئەوانی تریش ئەم دۆخەی چینیان نییە. بەڵام هێشتا سەرکردایەتی جیهانی لە دەستی ڕۆژئاوادایە و برێکزیت یەکێکە لە گرنگترین گرێوگۆڵەکانی بەردەم دووبارە ئارایشتدانەوەی ڕیزی بۆرژوازی جیهانیدا. چارەنوسی پەیکەرەی ئابوری و سیاسی جیهانی بۆرژوازی دوای برێکزیت، برێکزیتی کردۆتە یەکێک لە گرێ هەستیارەکانی بەردەم نوێ بوونەوەی ئارایشتی بۆرژوازی جیهانی. قسەکردن لەم نوێبونەوەیەی ئارایشی بۆرژوازی، قسەکردنە لەسەر ئەو وێرانکاریەی کە لە پێشماندایە وتەواوی بەڵا و موسیبەتەکانی بۆ سەر چینی کرێکار و خەڵکی بێبەشە. ئەمە یەک ئاسۆیە، هەرچەندە تاکە ئاسۆ نییە.

مەسەلەی برێکزیت بەریتانیا و ڕووداوەکانی تائەوجێگەیەی کە بە بۆرژوازی جیهانی دەگەڕێتەوە، بۆتە سەنتەری ئاڵوگۆڕێکی سیاسی جیهانی بۆرژوازی. پێویست ناکات ئێوە راست بن وەیا چەپ بن، تا موخالیفی برێکزیت بن. چونکە ئێوە کەسایەتیە کۆن وتەقلیدیەکان ودیبلۆماتکارەکانی پێشووی حزبی پارێزگارانتان هەیە کە موخالیفن، حزبی کرێکارانتان هەیە کە ئەویش هەر موخالیفە، لە کۆمەڵگا و لە خوارەوەش دیسانەوە

## برێکزیت بەکوێ دەگات؟

موخالیف هەیە. برێکزیت کردەو هەنگاوێکی پەیکەرشکێنە، بەڵام لە گۆشە نیگای ڕاستەوە، واتە بزاوتێکی پەیکەرشکێن نییە کەلەلایەن بەرەی چەپەوە هەنگاوی بۆ نرابێت، هەرچەندە ئەمڕۆ بۆتە گرێیەک و دوو ڕیزبەندی لەسەر دروستبووە. ڕیزێکیان کە بەرگری دەکا و ناڕەزایەتی دەردەبڕێ ولەوانەشە حزبی کرێکارانی خۆش نەوێت وەیا ئەسڵەن هیچ یەک لە حزبەکانی ناوپەرلەمانی خۆشنەوێت، بەڵام لەپشت پرۆژەی برێکزیتەوە هەست بە پەلاماردانێک بۆسەر دەستکەوتەکانی دەکا، دۆخی خراپی ئابوری دەبینێ و نیگەرانی عەدالەتی کۆمەڵایەتیە، نیگەرانی برینی توانای دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیانی دەستکورت و کەمدەرامەتی چینی کرێکارە بە خزمەتگوزاریەکانی وەک تەندروستی و خانوبەرە وخوێندن و پەروەردە و درێژەکێشانی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابوری و خراپتربوونی دۆخەکەیە. ڕیزیکی تر ڕیزی ڕاستی بۆرژوازیە، کە نایەوێت لەم جیهانە چەند جەمسەری و لەرزۆکەدا، لە لافاوێکی نەزانراودا سەری بەرێتە پێشەوە وهەموو چارەنوس و پەیکەرەی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگا بسپێرێ بە جڵەوی بەربووی بازاڕ و مونافەسەی ئابوریە نەتەوەییەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا ، ئەمریکا و چین و ئەوانی تر ..

بەهەرحاڵ دەمەوێت بڵێم لە کەیسی موخالەفەتکردن بەبرێکزیتدا، خاڵی لێوە دەرچونی جیاواز هەیە. هەم بۆرژوازی حەکیم وتەقلیدیی ڕۆژئاوا وهەم ئەحزابی بەناو چەپ و کرێکاری و هەم خەڵکێک هەیە کە مەترسیەکانی ئەم بزاوتە" پەیکەر شکێنە"، کە لە گۆشەی ڕاستەوە هاتۆتە مەیدانەوە، هەست پێدەکا و هەموو ئەمانەش موخالیفی بریکزیتن.

بەلام ئایا ئەمە بە مانای ئارەزووکردنە بەهێشتنەوەی یەکیەتی ئەوروپا؟ ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە لایەنگری مانەوەی یەکیەتی بۆرژوازین و نیگەرانی هەڵوەشانەوەی ئەوین؟! ئەمانە جێگای باسە. بەڵام شتێک کە براوەیە، ئەوەیە کە چارەنوسی جێگاوڕێگای ئێستای بۆرژوازی ڕۆژئاوا، بە کۆمەڵە بابەتێکی گرنگەوە، لەوانە بە برێکزیتەوە بەستراوەتەوە وەک ئەوەی کە گرێوگۆلێکی گرنگە. گرێوگۆڵێک کە ئاڕاستەی ڕەوەندەکانی دواتری ئەو ڕیزبەندیانەی کە هەن و پاشخانە کۆمەڵایەتیەکانیان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، ئاشکرادەکات.

سەیرکەن ئێستا دونیا دونیای چەند جەمسەریە. ئارایشتەکانی دەورانی جەنگی سارد، لەوانە ناتۆ، یەکیەتی ئەوروپا- ئەمریکا بەڕابەری ئەمریکا و... ئەمجۆرە بابەتانە، کرپیاریان نەماوە. هەرچەندە هەوڵدەدەن جەمسەرەکانی جەنگی سارد لەبەرامبەر ڕوسیادا، زیندوو ڕابگرن، لەکاتێکدا شانسی ڕاگرتنی نییە. ئەمانە هەمویان پێویست نین و کڕیاریان نەماوە و لە کارکەوتوون.

بۆرژوازی ڕۆژئاوای سەرکەوتوو بۆ ئەوەی لە ڕیزی سەرەوەدا بمێنێ، دەبێ بتوانێ

# سورەیا شەهابی

ئابوری گەشەپێبدات! گەشەپێدانی ئابوری کاپیتالستی هەم لە"کار" و هەم لەوەگەڕخستن و چەوسانەوەی هەرچی زۆرتر و فراوانتری هێزی کاردایە. هەموو ئەو وڵاتانەی ناومان بردن ناتوانن ئەم کارە لە شوێنی خۆیان بدۆزنەوە. ئەم کارە لە چینە، لە بەنگەلادیش و هندستانە و لە جوگرافیایەکە کە تێیدا کرێکار خامۆش و بێدەنگ و سەرکوتکراوە و ئەکرێ حەفتا بۆ هەشتا سەعات بخرێتە بەرکارەوە.
کەوایە لەدوا ئاکامدا، ناتوانرێ کرێکاری ئەمریکایی و ئەوروپایی ناچار بکرێن کە لە دۆخی بێمافی و چەوسانەوەی موتڵەقی وەک کرێکارانی چین و بەنگەلادیش وهندستاندا.. کار بکەن. ئەم جۆرە هەوڵانە ئاکامی گەورە و چارەنوسازی دەبێت لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا.
ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ بزوتنەوەیەکی پەیکەرەشکێنی کرێکاری- کۆمۆنیستیتان هەبێت، ئەوا ئەم هەلومەرجە و دابەشبونێک کە لە یەکیەتیە بۆرژوازیەکانی پێشوودا، خەریکە شکڵ دەگرێ، واتە درزێک کە خەریکە لە ڕیزەکانی بۆرژوازی یەکدەستی ڕۆژئاوادا دێتە ئاراوە، دەبێتە باشترین کات بۆ شۆڕشە کرێکاریەکان و شوێنگرتنەوەی یەکیەتیە بۆرژوازیەکان بە یەکیەتیەکانی چینی کرێکار. بەلام لە غیابی بزووتنەوەیەکی ئاوادا، ئەوە بزووتنەوەی پەیکەرەشکێنی راستە کە لە مەیداندایە، بزووتنەوەیەک کە لەنێو یەکەیەتیە بۆرژواییەکانی پێشودا، هەوڵدەدات بۆ قازانجی ماوە درێژی بۆرژوازی، نەک بۆ "ڕیفۆرم" وەیا "گۆڕانکاری" (سەربەخۆ لەوەی کەبتوانی ڕیفۆرم بکات یان نا)، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ بەرەڵا کردنی جلەوی مونافەسەی "نەتەوەیی" و ئابوری-و سەربازی وسیاسیەکانی نێوان هێزەکان. ئەوەی کە ئابووری قەومی سەرئەگرێ یان نا، کە بە بڕوای من سەرناگرێ، پرسیارێکی کراوەیە. بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەم جەنگە بازرگانیانە مەترسی زۆر دەخەنە بەردەم چینی کرێکار و گشت هاوڵاتیان لە ڕۆژئاوادا، هەروەک خستوشیەتی.
بۆرژوازی ڕۆژئاوا هاوپەیمانی بێئەملاولای ئەمریکا بوو. بەڵام بەهۆی ئەو درزەوە کە هاتۆتەکایەوە، خودی رۆژئاوا دەمێکە بۆتە جەمسەرێک. ئەمریکا بۆ خۆی یەک جەمسەرە، ڕوسیا لەڕووی ئابوریەوە جەمسەرێک نییە بەڵام لەڕووی سەربازیەوە جەمسەرێکە، چین لەروی ئابوریەوە جەمسەرە و... ئەمانە ئەو جەمسەرانەن کە هاوسەنگیەکانی پێشوو قەبوڵ ناکەن. ئەمریکا کە لە سەرەوەی هاوسەنگیەکانی پێشوودا ڕاوەستابوو، بە مانای ئەوەی سەرۆکی بەرەی سەرکەوتوو بوو، ئێستا ناتوانێ هاوپەیمانانی پێشووی خۆی، نە لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نە لەدوای وێرانکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و نە لە هیچ شوێنێکی تردا لەپشت سەری خۆیەوە بە" دڵنیایەوە" ڕایانبگرێ.
درزی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا زۆر دەمێکە شکڵیگرتووە، دوای هێرشی یەکەم بۆ سەر عێراق و دوای لێکەوتەکانی یانزەی سێپتەمەبەر، کە ئەمریکا توانی لەڕێگای زۆر نواندنەوە

## برێكزیت بەكوێ دەگات؟

و بە پشتبەستن بە تیرۆریزمی دەوڵەتی، هەموو بۆرژوازی ئەوروپا و جیهان بخاتە پشت سەری خۆی، بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە تەواو بووە.
كەلێنی نێوان ئەمریكا و ئەوروپا یەك واقعیەتە. كەلێنی سیاسی، كەلێنی ئابوری ومونافەسەی نێوانیان لەسەر گێرانی ڕۆڵی سیاسی و ئابوریە لە جیهاندا. ئەمریكا لایەنگری لەبەریەكترازانی یەكیەتی ئەوروپایە. چونكە ئەمە یەكێك لە جەمسەرە مونافیسەكانی لاواز دەكات. بەریتانیا كە هەمیشە هاوپەیمانێكی ستراتیژی ئەمریكا بووە، لەهەمان كاتدا بەبێ نزیك بوونی لەگەڵ ئەوروپا و"یەكبوونی لەگەڵ ئەوروپا"دا، توانای ئەوەی نییە لەرووی ئابوریەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت، هەربۆیە بنبەستە.
بەهەرحال بۆرژوازی ڕۆژئاوا وەڵامی ئابوری و وەڵامی بۆ مۆدێلێكی گەشەی ئابوری پێ نییە. دارمان بەشێوەی ئێستا و لێكترانی یەكیەتیە بۆرژواییەكانی پێشوو وە هەروەها ئەو هاوسەنگیەی كە پێشتر لەئارادابوو، سپاردنی هەموو شتێك بە ململانێی خۆبەخۆ، سەرەرای ئەوەی یەكیەتی بەریتانیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و سەختە ئیتر ئیرلاندا و سكۆتلاندا لەگەڵیا بمێننەوە، ئەمە جگە لەوەی كە زەربەیەك لە ئابوری بەریتانیا دەوەشێنێ و ئاكامەكەی یەخەی هاولاتیان و كرێكاران و موچەخۆران دەگرێ هەروەك لە ئێستادا یەخەی پێ گرتوون، بەڵام گرنگتر لە هەموو ئەمانە ئەم لێكترازانەی ئەوروپا دەبێتە هۆی سەرهەڵدان، وەیا پەرەگرتنی جولانەوەی ناسیونالیست و جوداخوازیەكان  لە فەرەنسا و هەموو ولاتانی تری ئەوروپا.
ئەو ڕێكەوتنانەی كە پێشتر هەبوون زەمینەیەكیان فەراهەم كردبوو بۆ چینی كرێكاری هەموو ئەوروپا كە بتوانن یەكیەتی فرە ولاتی خۆیان پەرەپێبدەن. ئەم شێوە لێك ترازانەی ئەوروپا هاوچارەنوسی و نزیك بوونەوە و یەكیەتی چینی كریكاری ئەورپا دووچاری زەربەیەكی گەورە دەكات، سەربەخۆ لەوەی كە چینی كرێكاری ئەوروپا بە چ ئاستێك لەم دۆخە سودمەندبووە یان نا، كە بە بڕوای من بەو هۆیەوە كە لەژێر نفوزی سونەتی ترەیدیۆنیزمدا بووە نەیتوانیوە سودمەندبێت.
ئەگەر وەڵامی پرسیارەكەتان بەكورتی بڵێمەوە، ئەوە چارەنوسی بۆرژوازی ڕۆژئاوایە، كە لەڕیزی سەرەوەی بۆرژوازی جیهاندایە و لەروانگەی سیاسی و ڕەوەندی ڕوبەروبووەنەوەكان و مونافەسە و جەنگی هێزەكانەوە، كە لەنێوان جەمسەرەكان و هاوپەیمانانی بەناو جەمسەری سەركەوتوی جەنگی ساردا شكڵی گرتوە، برێكزیت خەریكە ئاراستە ورەوەندەكانی ئەم دۆخە ئاشكرا دەكات.
ئێمە هەر زوو، كاتێك كە برێكزیت سەری هەڵدا، وتمان كە كێشە لەسەر چیە. كاتێك كە رۆژهەلاتی ناوەراستیان ویرانكرد وتمان كە كێشە لەسەر گرفتەكانی خودی بۆرژوازی

## سورەیا شەهابی

ڕۆژئاوایە، کێشە لەسەر گرفتی ئەلگۆی گەشەی بۆرژوازی سەرکەوتووی دوای جەنگی سارده و دەیەوێت چۆن وەک سەرۆکی دونیا بمێنێتەوە! کاتێک کە نەتوانێ نمونەیەک لە گەشەی ئابوری بەدەستەوەبدا و لەولاشەوە ببینێ کە پەرەسەندنی ئابوری لە چین لەسایەی کرێکاری بێدەنگ و خامۆشدا و لەرێگای کۆیلەیەتی و بێمافیەوە توانیویەتی نمونەیەک لە پەرەسەندنی ئابوری بەدەستەوە بدات، ئەوروپا چۆن بتوانێ مونافەسەی چین بکات و پاشەکشەی پێبکات. ئەلگۆیەکی ئابوری (چینی) لەوشێوەیەدا کە ئاماژەمان پێکرد، توانیویەتی تەواوی بازاڕەکانی کالآی جیهانی داگیر بکات. ئەمە گرفتی بۆرژوازی ڕۆژئاوا و سەرکەوتوی جەنگی سارده. ئێمە وتمان سەرەنجام ئەم جەنگە دەگەڕێتەوە بۆ " ماڵ"ەکەی خۆی.!. جەنگێک کە زیاتر لە دوو دەیەیە لە"کەنارەکانەوە" لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست، بە پاساوی جۆراوجۆر پێوەی خەریکن و لەڕێگای وەڕێخستنی شەڕی بەوەکالەتەوە .. بەم جۆرەش کێشمەکێشی هێزیان بردە ڕۆژهەلآتەوە و ئەوێیان قەومی ومەزهەبی کردەوە و وێرانیان کرد. ترامپ دوای ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست، هەوڵیدا جەنگ بە پاساوی مەترسی کۆریای سەروو بباتە "ڕۆژهەلآتی دور" و جوگرافیای ئابوری چینەوە، کە بۆی نەکرا! و ئەمڕۆ بە تەواوی گەڕاوەتەوە بۆ"ماڵەوە" . ئێستا ئیتر بە ئاشکرا لەبارەی شەڕی بازرگانی نێوان هێزە ئابوریەکانەوە دەدوێ. "برێکزیت" ڕەوتێک نیشاندەدات کە لە ناو دڵیدا، بەرامبەرکێ و مونافەسە و شەڕی دەسەلآتی نێوان جەمسەرەکانی بۆرژوازی ڕۆژئاوا و ئەمریکای خەواندووە و لە کۆتاییشدا هەر ئەمە چارەنوسەکەی یەکلادەکاتەوە.

یارمەتیم بدە لە درێژەی قسەکاندا ئەوەش بڵێم کە لە بەریتانیا ئەو ڕیزەی لەبەرامبەر برێکزیتدا ڕاوەستاوە، هەمە جۆرن. تا ئەو جێگایەی بە ئەحزابی دەرەوەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، بەرگری خوارەوەی کۆمەڵگایە. لەسەرەوەش ئەحزابی تەقلیدی ناو پەرلەمانە، کە بە ناو نیگەرانن لە لێکترازانی شیرازەی هەموو شتێک و سپاردنی سیاسەت و دیبلۆماسی و ئایدیۆلۆژی بە کارکردی جڵەو پچڕاوی بازاڕ و مونافەسەی دەوڵەتەکان، یانی بەو شتەی کە لە ترامپەوە تا جۆنسۆن ئومێدیان پێوە گرێداوە و لەژێر ئالآی لایەنگری لە"برێکزیت"دا خۆیان نیشان دەدەن. لایەنگرانی گڕاوی "برێکزیت" نوێنەرانی ئەم بزووتنەوە پەیکەرەشکێنانەن، کە لە گۆشەی ڕاستی سەرەڕۆی بۆرژوازیەوە هاتۆتە کایەوە. بەلآم ئەمە ڕەوتێکی سادە نییە و بەرگری لە خوارەوە فراوانە و هەرچی زۆرترە کۆمەڵگای خستۆتە حاڵەتی جەمسەرگیریەوە.

ئێمە هەرئەوکات کە یەکیەتی ئەوروپا پێکهات، لایەنگریمان لێکرد. ئەمەش نە بەو دەلیلەی لایەنگری هەموو یەکگرتنێکی بۆرژوازین. بۆ نمونە یەکیەتی ئەمریکا لەگەڵ کەنەدا و جەمسەرەکانی تر، ئەکرێ مەسەلەی ئێمە نەبێت. ئێمە چاومان لەوەیە ئەم جۆرە یەکیەتیانە

## برێكزیت بەكوێ دەگات؟

چ شتێک بە کرێکاران دەبەخشێ. بەڵام تائەو جێگایەی بە ئەوروپا دەگەڕێتەوە، لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژی وفەرهەنگی وهەروەها لەڕوانگەی بزووتنەوە سیاسیەکان و بزووتنەوە چینایەتیەکانەوە، چەند سەدەیەک پێش ئەمریکا کەوتوە. سەربەخۆ لە یاساکان و بەراوردکردنی یاساکان، لەڕووی کارکردە کۆمەلایەتیەکانەوە ئەوروپا لەپێشترە. بەشێوەیەکی واقعی مەفەکانی کرێکاران و مافەکانی هاولاتیان، جێگاوڕێگایەکی تریان لەئەوروپادا هەیە. ئەمە خۆی بەرئەنجامی دەستکەوتێکی مێژوویی شۆڕشەکانی وەک کۆمۆن وشۆڕشی فەرەنسا وشۆڕشی پیشەسازیە... لەکۆتاییدا، ئەوە دوو جەنگی جیهانی وفاشیزم و وێرانکاریی بوو کە لە ئەوروپا روویاندا، نەک لەئەمریکا. لەئاکامیشدا ئەوە بۆرژوازی ئەوروپایە کە لەم ڕووەوە، لە چاو بۆرژوازی ئەمریکادا حەکیمانەتر مامەڵەبکات لەگەڵ مەترسیەکانی بەربوونی جڵەوەی مونافەسەی دەروونی نێو خۆی، چونکە ئەمەی تاقیکردۆتەوە وئێستا لەبەرامبەریدا بەرگریدەکات.

بەم دەلیلەیە، سەرەڕای ئەو هەموو خیلاف و ڕیزبەستنەی کە لەنێوان چەپ و راستی ئەحزابی پەرلەمانیدا هەیە، بەڵام دەبینین کە چۆن یەک میکانیزم کاردەکات، کە تەنانەت لە ئاستی باڵادا بەرامبەر "بێکزیت"، هەولدەدا و بەرگری دەکات، جا سەربەخۆ لەوەی کە ئەتوانێ یان ناتوانێ، خۆی لەکەنار "خوارەوە"دا رادەگرێ. خوارەوەیەک کە"برێکزیت" بۆی بۆتە چەترێک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین، ناڕەزایەتیەک کە لەواقعدا، لەدژی درێژەکێشانی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابوری ومەترسیەکانی بڕینی بیمە و مافەکان و ئازادیگەلێکە کە لە باری مێژوویەوە چینی کرێکاری بەریتانیا و ئەوروپا، چ لە فەرەنسا، ئەڵمانیا وسوێد بەدەستیهێناوە. ئەمە ئەو مەترسیەیە کە هەستی پێدەکرێ و لە ئەمریکادا بوونی نییە. بێبەشان لە بەریتانیا نیگەرانی ئەوەن کە نمونەی سیستەمێکی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگای ئەمریکایی بێتەکایەوە، واتە بڕینی ئیمتیازات و ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگا دەپارێزێ لەمەترسیەکان و.. بەرەلاکردنی جڵەوی بازاڕی ئازاد و بەپلەیەکی زیاتر وازهێنان لە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر کارکردەکانی سەرمایە و هەموو ئەمانەش لەبەریتانیا بەهۆی برێکزیتەوە پەیڕەویان لێبکرێ.

دیارە سەرنجدانی ئێمە بۆ برێکزیت، لەم گۆشەیەوەیە کە ئاڵوگۆڕ لەپیوەندیەکانی سەرەوەی کۆمەڵگای ئەوروپادا وشکڵگرتنی یەکیەتی وڵاتانی ئەوروپا، ئەو ئیمکانە بۆ چینی کرێکار فەراهەمکردووە کە بتوانێ یەکیەتی فرە وڵاتی خۆی پێکبهێنێ.

**ووریا نەقشبندی: ئێوە ئاماژەتان بەڕیزبەندی و ئەو جەمسەرانە کرد کە لەسەر مەسەلەی برێکزیت شکڵیان گرتووە، هەروەها لەبارەی ئەو کێشمەکێشەوە کە لەنێوان گروپە**

## سورەیا شەهابی

**جوراوجۆرەکاندا هەیە قسەتان کرد، بەڵام ئەمرۆ ئێمە شاهیدی دوو ڕیزبەندین گروپێک لایەنگری "چونە دەرەوەن بەبێ ڕێکەوتن" و گروپی بەرامبەریش لایەنگری "چونە دەرەوەن لەڕێگای ڕێکەوتنەوە". لەهەمانکاتدا نیوەی کۆمەڵگاشمان هەیە کە لە ڕۆژی یەکەمی ڕیفراندۆمەوە نایان گوتووە بە بریکزیت. ئێوە لەم کێشمەکێشەدا، چۆن پێناسە بۆ ئەم ریزبەندیانە دەکەن؟ هاوکێشەی نێوانیان هەم لە کۆمەڵگادا و هەم لە بوعدی سیاسیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**سورەیا شەهابی**: سەیرکەن بەپێی هەمان پێوانەکانی دیموکراسی کە ئێمە وەک دیکتاتۆری بۆرژوازی دەیبینین (کەهەر چوارساڵ یەکجار، ئێوە دەبی بێن دەنگ بدەن تا ژمارەیەک برۆنە پەرلەمانەوە، لەوە بەدوا ئێوە دەستان بەهیچ شوێنێکی تری ئیرادەی خۆتانەوە بەند نییە)، بەپێی موازینەکانی خۆشیان ، کارێک کە ئەمانە دەیکەن یاسایی نییە.

ئەو ڕیفراندۆمەی کە بەو شێوەیە سازدرا، سەراپا درۆ و لەڕێگای ئەندازیاری کردنی پرۆژەگەلێکی سەرتاپا درۆزنانەوە کەوتەڕێ، تا سەرۆک وەزیرانێک، کە نوێنەری کەمایەتیەکی زۆر زۆر بچوکە، بتوانێ بڕیار لەسەر سەرکەوتنەکان و دۆڕانەکان، لەدەرەوەی نوێنەرانی زۆرینەی کۆمەڵگا بدات ئەمەش بەهەمان پێوانەکان ومەوازینی خۆشیان، یاسایی نیە. سەربەخۆ لەوەی زۆرینە ئەکرێ بڕیارێکی هەڵەبدات، بەڵام بریکزیت بە دەنگێکی زۆر کەم لە یەک تەنگانەی ترس و وەحشەت و درۆدا و لەژێر فشاری دژە پەنابەری ناسیونالیزمێکی سەرەڕۆدا.. توانی دەنگ بەدەستبینێ.

بەڵام لەبارەی" دەرچوون بەبێ ڕێکەوتن وبەڕێکەوتن"ی بەریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپا، دەبێ یەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە هیچ یەک لە حزبە تەقلیدیە حەکیمەکانی بۆرژوازی لە ئەوروپا، لایەنگری بریکزیت نین. نە لەفەڕەنسا و نە لە ئەڵمانیا ونە لە هیچ یەک لەم وڵاتانە. ئەوەی کە "لۆپان" ( مەبەست لە مارین لۆپانە کەسەرۆکی حزبێکی ڕاسترەوەبەناوی Front national) مان لەفەڕەنسا هەیە، لەو ڕووەوەیە کە خودی ئەو ئومێدی بەستوە بەوەی تا بریکزیت هێزێک بەدڵی بزووتنەوەی ناسیونالیستی و ڕاستی پەرگیر بدا و بتوانێ پەرەبسێنێ. بەڵام هیچکام لە رەوتە ڕەسمیە بۆرژوازیەکان، لایەنگری بریکزیت نین. لەم ڕوانگەیەوە، بەهەمان ڕادە یەکیەتی ئەوروپا نایەوێت کە بەریتانیا جیابێتەوە و هەروەها ئەلمانیا و فەڕەنساش بەهەمان رادە نایانەوێت جیاببێتەوە، هەربۆیە ئەوەی سەردانەکان ودانوسانەکان چ هێڵ و ئاماژەیەک دەکێشن، لەنێوان ئەم وڵاتانەدا، فاکتۆرێکی بڕیاردەر نییە. ئەمڕۆ هەموان شەفاف وڕۆشن قسەدەکەن ودەڵێن کە بە زیانی "هەمومانە"، دەڵین کەشتیەکە هەمومان پێکەوە غەرق دەکات".

یەکیەتی ئەوروپا بەبێ بەریتانیا، کە یەکێکە لەگەورەترین هێزە سەربازیەکان و یەکێکە

## برێکزیت بەکوێ دەگات؟

لەهێزە بریاردەرە ئابوریەکانی گشت یەکیەتی ئەوروپا، بەچونەدەرەوەی لیدانێکی گەورە بە جێگاورێگای سیاسی وئابوری ئەوروپا دەگەیەنێ، لەبەرامبەر ڕەقیبەکانی وەک ئەمریکا وچین وروسیادا. لەئەنجامدا، لەروانگەی پاراستنی جێگیری دەرونی نێو خۆی یەکیەتی ئەوروپاوە، هیچ وڵاتێکیان لایەنگری لە چوونەدەرەوەی بەریتانیا ناکەن. " دەرچون بەرێکەوتن و بەبێ ڕێکەوتن" لەراستیدا کارتێک بوو کە راستی پەرگیری نێو حزبی پارێزگاران یاری پێوە کرد و دەیوت کە ئێمە لەیەکیەتی ئەوروپا دەردەچین، ئەمەش بەپشتبەستن بە"دژایەتی کردنی پەنابەران وکۆچکردوان" و گێرانەوەی هەموو هۆکارەکان بۆسەرخەڵکی "خارجی". ئێستاش بێمانا بوونی ئەمانە هەمووان دەیزانن.

حزبی پارێزگاران ڕایگەیاند کە: بەبێ ڕێکەوتن وبەرێکەتن بێت، ئێمە هەر جیادەبینەوە! هەروەها دەستبردن بۆ پروپاگەندەی ناسیونالیستیانە لەجۆری ئەوەی کە ئەوان زیاتر پێویستیان بە ئێمەیە وئێمە پێویستمان بە کەس نییە، ئابوری ئێمە باشترە و دەبێ ئەوان منەتمان هەڵگرن.. ئێمە پارەی زۆرمان بە یەکیەتی ئەوروپا داوە .. بەم جۆرە دەماری ناسیونالیستییان بەرداوە و کەوتونەتە پروپاگەندەی ناسیونالیستیەوە.

"دەرچون بەبێ ڕێکەوتن" دەیەوێت بڵێ کە بابەتەکە وەکو مافی جیابوونەوەیە، کەوایە من سەری خۆم دادەنەوێنم و لەماڵ دەچمە دەرەوە! ئێوەش هەرکارێک کە دەتانەوێت بیکەن! دەتانەوێت گڕ بەردەنە ماڵ وەیا گڕی تێبەرنەدەن من هەر بەرێگای خۆمدا دەرۆم! بەم بۆچونەوە من دەمەوێت هەم بەریتانیا وهەم یەکەیەتی ئەوروپا بخەمە چاڵێکی نەزانراوەوە. واتە ئەم دیدگایەی کەدەڵێت: "بەبێ ڕێکەوتن" من دەچمەدەرەوە، هەمو پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکان وخودی چارەنوسی یەکیەتی ئەوروپا، دەسپیرێ بە کارکردە خۆبەخۆکانی هەمان سیستەمی ئابوری، واتە کێ دەسەڵاتی زۆرتر دەروات، با بەوی بسپێرین!. ئەمە لەکاتێکدایە هەموان دەزانن کە ئابوری ئەمریکا ناتوانێت بە فریای بەریتانیا بکەوێت. کەوایە چیرۆکەکە لەسەر سپاردنی چارەنوسی کێشمەکێشە سیاسی و چینایەتی و نەتەوەییەکانە، بەیەک ئاسۆی نەزانراو و یەک هاوکێشەی زۆر نارۆشن.

بەبڕوای من ئەگەر ئەمڕۆ چینی کرێکارێک بە حزبێکی کۆمۆنیستیەوە لەئارادا بوایە و بیتوانیبایە دەسەڵات بەدەستەوەبگرێ دەیتوانی وەڵامێک بەم دۆخە بداتەوە. دەیتوانی ئەم جیابوونەوەیە و ئەم کەلێنە و ئەم بنبەستەی بۆرژوازی، بە قازانجی خۆی لەرێگای بەدەستەوەگرتنی ئابوری سۆشیالسیتیەوە چارەسەرکات. دیارە ئێمەش دەمانتوانی برۆین کاری خۆمان بکەین، بەڵام بەداخەوە دۆخەکە بەو جۆرە نییە.

سەرەنجام "بەبێ ڕێکەوتن" ئەومانایەی هەیە کەدەڵێت من بەپشتبەستن بە دەمارگیری ناسیونالیستی وگوایە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەم و هەموو دونیا دەبێ منەتی من هەڵگرێ و..

## سورەیا شەهابی

هەر بۆیە چاوم دادەخەم و دەچمە دەرەوە. باسی کێشەی سکۆتلاند و ئیرلەندا لەگەڵ بەریتانیادا، کە دەیانەوێت لەگەڵ یەکیەتی ئەوروپادا بمێننەوە، خۆی هێنانەکایەوەی کێشمەکێش وکەلێن و دەستەبەندیە ناچینایەتیە قەومی و مەزهەبیەکانە... هەر ئەمەش ویستە دەستبەجێکانی دەرچونە "بەبێ ڕێکەوتن". ئەمە لەکاتێکدایە "دەرچون بەبێ ڕێکەوتن" تا ئەم ساتە لەڕێگەی پەرلەمانەوە پەشەکشەی پێکراوە و جڵەوکراوە.

" جیابونەوە بەڕێکەوتن" کە هەم ئەوروپا وهەم بۆرژوازی پایەدار و بەهۆش دەیخوازێ، ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵێک مەوازن لەنێوان خۆماندا پەیڕەوی لێبکەین، کەهەمان هاوکێشەی پێشوو نەبێت، بەڵکو هاوکێشەیەک بێت کەهەموامان قەبوڵی بکەین وکۆنترۆڵی دۆخەکەی پێبکەین!

ئەمانە بە کردەوە دەتوانن چیبکەن؟ لەڕوانگەی یاساوە دەوڵەت مەجبور نییە برێکزیت جێبەجێ بکات. لەڕووی یاساوە دەتوانێ ڕیفراندۆم بەرپابکات و بپرسێت، بەڵام بەکردەوە مەجبور نییە ئەنجامەکەی جێبەجی بکات. لەم دۆخەدا هەوەسێک کە بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی لەپشت برێکزیتەوە خەواندویەتی و لە حالەتی جێبەجی نەبوونیدا، هاوکات لەگەڵ بوونی ناسیونالیزمێکدا کە لەخوارەوە شکڵیگرتووە، برین وکەلێنەکە دوبارە قوڵتر دەبێ و لەجێی خۆی دەمێنێتەوە. کەلێنێک کە بنەمای چینایەتی نییە! ئەمەش لەسەر بنەمای پاساوی ئەوەی کە مادام برێکزیتان جێ بەجێ نەکردوە، پۆپۆلیزمی دەستەراستو توندڕەو، ئەتوانێ گەشەبکات. سەرەنجام " جیابوونەوە بەبێ ڕێکەوتن و بەڕێکەوتن"، بە هەردوو باردا چاڵێکی نادیار و نەزانراوە کە بەر لەهەر شتێک ئاکامەکانی یەخەی هاولاتیانی ئەوروپا وچینی کرێکاری هەموو جیهان دەگرێ.

لەلایەکیترەوە کۆمەلگای بەریتانیا ماندووە، سێ ساڵە لەچاوەڕوانی ئەوە دایە کە برێکزیت ئەنجام دەدرێ یان نادرێ. سێ ساڵە هاولاتیان هەنگاو بەهەنگاو بە درۆ دەرچوونی بەڵێنەکان دەبینێ، خراپ و خراپتربوونی دۆخی ئابوری دەبینێت، هەربۆیە دیواری متمانە بە ڕژێم وپەیکەرە، بەیەکجاری روخاوە. ئیتر بە گران کەسێک دەتوانێ بەرگری لە برێکزیت بکات. بەڵام ئەوە پەرلەمانتاریزمی بۆرژواییە کە دەڵێت، دەبێ ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بەو هەموو درۆ و پیلانگێریە نهێنی وئاشکرایەوە، جێبەجێبکرێت.

**وریا نەقشبەندی: باشە بە بۆچونی ئێوە برێکزیت بەو بنبەستەوە کە تێی کەوتووە، خودی حکومەتی پارێزگاران کە ئەم شکستەی تەحەمول کردووە، ئاسۆی مەسەلەکە لە کوێدا کۆتایی پێدێت؟ کاتێک دەبینین برێکزیت بە کردەوە بە بنبەست گەیشتووە وهەموو ئەم مەسەلەیەش سێ ساڵە درێژەی هەیە.**

## برێکزیت بەکوێ دەگات؟

**سورەیا شەهابی:** ئەگەر ئەو بزووتنەوە نارازیەی کە لە خوارەوە سوورە لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بە بەهانەی برێکزیتەوە دەڵێت ئێوە دەتانەوێت قوتابخانەی منداڵەکانمان، پەروەردە و فێرکردنمان، دەستڕاگەیشتن بە دکتۆری خۆاڕییمان ببڕن، بتوانن خۆیان ڕێکخراوبکەن، یەکیەتیە کرێکاریەکان، وەک بناغەی ئەم بزووتنەوەیە، بتوانێ پێداگری لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیە سیاسیەکان بکات و داکۆکیکەری دەستکەوتەکانی چینی کرێکاری ئەوروپا بێت و لە بەرامبەر بەهێرشبردن بۆ ئەم مەسەلانە کورت نەهێنی، ئەوا ئەم بزووتنەوەیە ئەتوانێ لاپەرەیەکی تر هەڵداتەوە.
ئێمە لە ولاتانی ئەوروپای پێشکەوتوو، دیاردەیەکمان نییە بەناوی " ڕێکەوتننامەی سپی" و" کاتژمێری سفر"ەوە. لە بەشێکی زۆری ولاتانی پێشکەوتووی ئەوروپایی، ئێوەی خاوەنکاران ناچاربوون لەگەڵ کرێکاراندا گرێبەست ببەستن. هەروەها کرێکارانیش ناچاربوون ببنە ئەندامی سەندیکا و ڕێکخراوەی کرێکاری، ئێوە مافی مانگرتنتان هەیە و بزووتنەوەیەکتان هەیە بۆ کەمکردنەوەی سەعاتکاری ڕۆژانە بۆ خوار 37 سەعات لە هەفتەدا، بەڵام ئەمڕۆ هەموو ئەمانە کەوتونەتە بەردەم پەلاماردانەوە و بەشێکی زۆریان سەندراونەتەوە.
لە ئەنجامدا بەرگریکردن لە بەرامبەر لێسەندنەوەی دەستکەوتەکان وڕاوەستانەوە لە بەرامبەر هەژاری و نەداریەکدا کە خەریکن دەیسەپێنن، ڕەوتی پێشرەوی ئێمە و بزووتنەوەکەمانە. تا ئەوجێگەیەشی بە"برێکزیت" دەگەڕێتەوە، بەر لەهەر شتێک دەبێ بڵێم برێکزیت یەکێک لە دەرکەوتەکانی قەیرانی دیموکراسی پەرلەمانیە. جیهەتگیری ئێمە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕەوتە بۆرژوا پەیکەرشکێنە ڕاسترەوە توندەکانە، پێداگری و تەئیدکردنمانە لەسەر خۆشگوزەرانی و ئازادی و ئاسایش وخۆبەڕێوەبردن.
تەنانەت ئەگەر هەر ئەم پەرلەمانە بۆمبگوزاری بکەیت و ئەنجومەنەکەی بتەقێنیتەوە و... فاشیزمێک سەردەردەهێنی کەبەر لەهەموان پەلاماری بێبەشان و چینی ئێمە دەدات. هەرچەندە ڕوداوێکی لەم جۆرە لە ئەوروپادا ئیمکانی روونی نییە، هاوکات ڕوودانی جەنگی جیهانیش بەو شێوە کلاسیکەی جاران ڕوونادات، بەڵام ئەم جۆرە ڕووداوانە بۆ خەباتی ئیمە دۆخێکی زۆر زیانبارە.
سەرەنجام بەجیا لەوەی کە ئەتوانرێ لەبەرامبەر ئەو بنبەستەی کە برێکزیت تێیکەوتوە "ڕیفراندۆمیکی تر" سازبدرێ یان نا، بەڵام خودی ئەوەی کە لە ڕواڵەتدا دیموکراسی، یانی ئەوەی دەبیت گوێ لەقسەی خەڵک بگیرێت، جا هەرچەندە ئەو خەڵکەش بەفریودان و درۆ خرابێتە پشتی ئەم ڕیفراندۆم و دیموکراسیەوە، بەڵام دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنجامەکەی بخرێتە لاوە و کارییێنەکرێت. برێکزیت بۆ ئێمە تا ئەوشوێنەیە کە فشارەکانمان

بۆسەر ئەحزاب و چینی دەسەڵاتدار دەگیەنێت.
لە ئێستادا، کە خودی برێکزیت، سێبەری خستۆتە سەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی. پێداگری لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتیش پێداگریە لەسەر دەستکەوتەکان و دیفعاکردنە لێیان وراوەستانەوەیە بەرامبەر لێسەندنەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بیست ساڵە چینی کرێکاری ئەورووپا لەژێر فشاردا تەسلیم نابێ، ئەمەش گرنگترین مەیدانی کاری ئێمەیە. تا ئەو شوێنەی کە بە برێکزیت دەگەڕێتەوە، کێشان بەدەمی ئەو جوڵانەوە راستە توندڕەوەدا، کە هاتۆتە مەیدانەوە، کارێکە بە قازانجی ئێمە و چینی کرێکارە. پاشەکشەی برێکزیت بەوهۆیەوە کە ناتوانێ "بەبێ ڕێکەوتن" جێبەجێبێت، بەقازانجی چینی کرێکار وهاوڵاتیانە وفرسەتێکیان پێدەدات کە بتوانن ڕیزەکانی خۆیان کۆبکەنەوە.
بەڵام لەئاکامدا چارەنوسی برێکزیت چی دەبێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە توانای ئەم بزووتنەوەیەوە هەیە، بەهێزی بزوتنەوەی کرێکاری و پێشڕەوی ئەو جوڵانەوە بەرگریکارەوەیە کە لەئێستادا بوونی هەیە و ڕەنگدانەوەی بەسەر پەرلەمانیشەوە دەبینین. ئەوە دروستە کە پەرلەمان پەرلەمانی بۆرژوازیە و ڕەخنەی بونیادیمان لێی هەیە، بەڵام کێشە لەسەرەوە ڕەنگدانەوەی فشارە لە خوارەوە. واتە ئەوە فشاری خوارەوەیە کە دەکێشێ بەدەمی ئەم یان ئەو سەرۆک وەزیردا و ناچاریان دەکات بەدەست لەکارکێشانەوە ورووبەڕوی بنبەستیان دەکات. لەئاکامدا ئەمانە ناچار نین کە برێکزیت جێبەجێ بکەن و دەتوانن هەر جێبەجێی نەکەن، ئەمە یەکێک لەبژاردەکانە. لە ڕوانگەی ئێمەوە هەلومەرجەکە گونجاوتر دەبێ ئەگەر هەر جێبەجێ نەکرێ. بەڵام ئەوە "تریزا مەی" بوو کە وەک کەمپەینەری هەڵبژاردنەکانی حزبی پارێزگاران، دەستی برد بۆ جێبەجێکردنی برێکزیت، هەروەک دەوترێت "بەتۆپبارانکردنی پەرەگرافی پەنجا"، دەستی پێکرد! تائەو شوێنەی بە هەموو حزبەکانی ناو پەرلەمان دەگەڕێتەوە، ئەمانە دۆخەکە تاقی دەکەنەوە، بەڵام شانۆکە بەتەنها لە ئیختیاری ئەمانەدا، واتە لە ئیختیاری سەرەوەدا نییە. لە خوارەوە بزوتنەوەیەکی چەپ و فراوان، خەریکە خۆی لە دەوری عەدالەتی کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە. پێویستە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئەوە ڕێبکەوێ کە بە هەر ئەندازەیەک پاشەکشە بە برێکزیت بکرێ، فرسەتی زیاتر بۆ پێشڕەوی بزووتنەوە نارەزایەتیەکان لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی وماف و ئازادیە مەدەنیەکان فەراهەم دەبێت. ئەگەر ئەم کارە بکرێ زۆر بە قازانجی هاوڵاتیان و چینی کرێکارە.
من لایەنگری ئەوەم کە پاشەکشە بە برێکزیت بکرێ. لایەنگری سازدانەوەی دووبارە ڕیفراندۆم نیم، چونکە ڕاستەکان بەهێز دەبن و دەبنە دارعەسایەک بەسەر سەری کۆمەڵگا و چینی کرێکار وخەڵکانێک کە پێشینەی کۆچبەریان هەیە. پروپاگەندەی ئەوەی کە دەڵێت

## برێکزیت بەکوێ دەگات؟

"ئێمە" دەنگمانداوە تا لەیەکیەتی ئەوروپا جیاببینەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کەس نازانێ لە سازدانەوەی دوبارە ڕیفراندۆمدا جارێکی تر برێکزیت دەنگ ناهێنێتەوە. ئەمە مەیدانێکی ژەهراویە و هەرچۆنیک بێت بۆ هاولاتیان دۆڕانێکە. دۆخی بێسەرەو بەرە و قەیرانی ئابوری ناکرێ بەم شێوەیە وەلام بدریتەوە، بۆرژوازی ناتوانێ وەلامی پێبداتەوە. چینی کرێکار دەبێ بەرگری لە بژێوی و خۆشگوزەرانی خۆی بکا، لە ئازادیە سیاسیەکان کە لە مێژوودا بەدەستهاتووە، تا لەم ڕێگایەوە پێشرەوی بکا. کرێکاری بەریتانی، کرێکاری ئەلمانیا وکرێکاری فەرەنسی ناتوانن وەکو کرێکاری بەنگەلادیشی و چینی ژیانیان بە ئاسانی ڕابکێشرێتە نێو هەلومەرجی چەوسانەوەی زۆر و بێمافی موتلەق و بێدەنگ وسەرکوتکراو و حەفتا سەعات کارەوە. چی ڕوودەدات، پەیوەندی بە هێزی ئەم بزووتنەوانەوە هەیە. خودی ئەو ئاستە لە پاشەکشەکردن کە بەسەر راستدا داسەپێندراوە، جێگای خۆشحالیە. بەلام ئەگەر چەپ پێشڕەوی نەکات و لە پێستی بەرگریدا نەیەتە دەرەوە، وە ئەگەر خوارەوە بە پەیامێکی هێرشبەرانەوە کار نەکات، پەلاماردانێک کە هێزنمایی لەبەرامبەر راستدا بکات، ئەوا تاسەر ئەم چوونە دواوە و چوونە پێشەوەیە ناتوانێ درێژە بکێشێ و سەرەنجام لە شوێنێکدا، یەکێک لە بالەکانی بۆرژوازی خۆی بالادەست دەکات.



نوری بەشیر

# برێگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتوو!

## سەرەتا:

پاش سێ ساڵ و چوار مانگ لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک بۆ چونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، هێشتا ئەم مەسەلەیە سەراپای کۆمەڵگای بەریتانیای داگرتوەو ئاسۆیەک بۆ عەمەلی بوونەوە یان دەربازبوون لێی نابینرێت. باڵی ڕاستی بۆرژوازی بەریتانیا کە لایەنگری دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا بوو، سەرباری دەنگدانی زۆربەی بەشدارانی ڕیفراندۆم بە دەرچوون لە یەکیتی ئەوروپا، کەچی لەناو گێژاوێکی سیاسیدا پەل دەکوتێ و هیچ ئاسۆیەکی نیە بیخاتە بەردەم دەنگدارانی خۆی. حکومەتی پارێزگاران ڕووبەڕووی گەورەترین قەیرانی سیاسی و ناخۆیی، تەنانەت قەیرانەکە ڕووی لەناوخۆی حزبەکەش کرد. لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا حزبی پارێزگاران ناچاربوو دوو سەرۆک وەزیران بگۆڕێت. لێکترازانی ناو پەرلەمان و یاخیبوونی ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی پارتی فەرمانڕەوای لێ کەوتەوە. قەیرانی برێکزیت نەک هەر حیزبی پارێزگارانی تووشی شڵەژان کرد، بەڵکو دای

## برێگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتوو!

بەبنی ئەو دەزگایەشدا کە وەکو هێمای دیموکراسی و بەها بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بەریتانی دەناسرێ! پەرلەمان بوە گاڵتەجاڕ بەدەست سەرۆک وەزیرانێکەوە کە نەک نوێنەری زۆرینەی خەڵک نیە، بەڵکو نوێنەری زۆرینەی ئەندامانی حزبەکەی خۆشی نیە!

ئەگەرچی برێگزیت وەکو بوومەلەرزەیەکی گەورە بەریتانیای هەژاندووە، بەلام نە هۆکارەکەی و نە ئاکامەکەشی بە تەنیا لەچوارچێوەی بەریتانیادا تەنگەبەر نابێتەوە. برێگزیت ئاکامی قەیرانێکی ئابوری سەراپاگیر و ئاڵوگۆڕێکی جیۆ-سیاسییە لە پێگەی ئەوروپای یەکگرتوودا ڕوویداوە، ئەوروپای سەردەمی قەیران و شلەژاوی و بەرەوکۆتایی چوونی دنیای یەک جەمسەری بەسەرکردایەتی ئەمریکا. ئەوروپا دوبارە دەبێت خۆی پێناسە بکاتەوە. ئەوروپای دوای تەوابوونی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هاتوە. یەکێتی ئەوروپا ئاکامی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دامەزراندن و ڕەسمیەت وەرگرتنی دنیای دوو جەمسەری بوو. دنیای دوو جەمسەری نزیکەی ٣ دەیەیە کۆتایی هاتوە.. دنیای یەک جەمسەری ئەمریکاو ڕۆژاوا ناتوانێ زیاتر لە ٣ دەیە خۆی ڕابگرێ. بیانوی بوونی نەماوە. بەکردەوە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی دەستی پێکردوە. بۆرژوازی بەریتانی و بەتایبەتی باڵی ڕاستی، کە درێژکراوەی تاتچەریزم و بلێریزمە پێیانوایە بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا نەماوە، ئەوان دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ جەمسەری ئەمریکادا گرێبدەنەوە. چ لەڕووی پێگەی بەریتانیا لەناو بلۆکبەندیە جیهانیەکاندا و چ لە ڕووی مۆدێلی ئابوری ئەمریکاوەو سەپاندنی هەمەلایەنەو سەراپاگیری ئابوری نیولیبراڵیزم و دوورکەوتنەوە لەهەرجۆرە پاشماوەیەکی ئابوری دەوڵەتی یان دەوڵەتی خۆشگوزەران!. چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، قەیرانێکی سیاسی، بازرگانی و بگرە کۆمەلایەتی بۆ خودی ئەوروپا دروست دەکات. کاریگەریەکانی برێکزیت، ئەوروپاش وەکو جەمسەرێکی جیهانی لاوازتر دەکات.

بۆرژوازی ئەوروپی یەکێتی ئەوروپایان دروستکرد تا لەو چوارچێوەیەدا بازاڕێکی هاوبەش بۆ سەرمایە و گەشەو کەڵەکەی سەرمایەی دوای جەنگی جیهانی دووەم دروستبکەن. ئاسانکاری بۆ جوڵەی سەرمایەو هێزی کار پێک بهێنن. تا دووبارە و پێکەوە ئابوری سەرمایەداری ببوژێینەوەو لەژێر داروپەردی کاریگەریەکانی جەنگدا دەربیهێنن. هاوکات ڕوبەڕووی جەمسەری دژ بە ڕۆژاوا، یەکێتی سۆڤیەت بوەستنەوەو لەژێر ڕابەری و سەرکردەیی ئەمریکادا پارێزگاری لە سیستەمی بازاڕی ئازاد بکەن. بەلام دوای کۆتایی دنیای دوو جەمسەری و قەیرانی دنیای یەک جەمسەری، ئیتر قەیرانی مانەوەی یەکێتی ئەروپاش دەست پێدەکات و بە ترۆپکی خۆی دەگات. برێگزیت ماکی ئەم نەخۆشیەو

نیشانەی دەرکەوتنی نەخۆشیەکەیە.
هاوکات برێگزیت کاریگەری لەسەر جێگاورێگای کۆمەلایەتی و سیاسی حزبەکانیش کردوە. لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە فشارێکی زۆری لەسەر حزبەکانی ناو پەرلەمان دروستکردووە نەک تەنیا ڕیزەکانی حزبی پارێزگارانی لە مێژووی خۆیدا لەهەموو کات زیاتر لەبەریەک ترازاندووە، بەڵکو نفوزی حزبە چەپەکانی دەرەوەی پەرلەمان و چەپی کۆمەڵگای بەشێوەیەکی گشتی و چالاکیە کرێکاریی و یەکێتیە کرێکاریەکانی بەرەوسەربردوە. حزبی کرێکاران" لەیبەر پارتی " کە پێشتر و لەسەردەمی تۆنی بلێردا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ حزبی پارێزگاراندا نەمابوو، لەوحزبە زیاتر دوورخستەوە. فرسەتی کردەوە بۆ باڵی چەپی ناو ئەم حزبە کە ڕابەرایەتی حزبەکە بگرنە دەست. هەروەکو برێگزیت یەکپارچەیی بەریتانیای خستۆتە مەترسیەوەو کێشەی سکۆتلەنداو ئێرلەندای زیاتر کردووەو ئەگەری جیابوونەوەی ئەو دوو وولاتەی لە بەریتانیا زیاد کردوە.
بەگشتی برێگزیت هەموو ئەحزابی بۆرژوازی بەریتانیای بە ئەورووپاشەوە لەبەردەم ئەزمەیەکی قوڵدا ڕاگرتووە، کە وەلامێکی دروست و کارسازیان بۆ هەلومەرجەکە پێ نیەو لە خوارەوەی کۆمەڵگاش فشارێکی زۆری ناڕەزایەتیان لەبەرەی چەپ و کرێکاران و ئازادیخوازانەوە لەسەرە. ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگای ئەوروپا و بەتایبەتی بەریتانیا لەبەردەم دوو ڕێیانێکدا دابنێت، کە یان سەرەنجام باڵی ڕاست بارودۆخەکە بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوەو باڵەکانی دیکەی بۆرژوازی دەخاتەوەژێر باڵی خۆی، یان کرێکارو چەپی بەریتانیا و ئەوروپا ڕێگایەکی دیکە دەخەنە بەردەم خەڵکی بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپا، کە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار بشکێتەوە.

## قەیرانی برێگزیت قەیرانی یەکێتی ئەوروپا!

هەروەکو ووتمان، پرسی برێکزیت، تەنیا پرسێکی ناوخۆیی بەریتانیا نیەو قەیرانێک کە ئەو وولاتە دەرگیری هاتوە، بە تەنیا یەخەی چینی دەسەلاتداری ئەو وولاتەی نەگرتوە. برێکزیت و قەیرانی برێکزیت، نمایشی قەیرانێکی سەراسەری تر لە ئاستی یەکێتی ئەوروپادا دەکەن. بۆرژوازی ئەوروپی ئێستا دەبێت جێگاو پێگەی خۆی لە ئاستی جیهانیداو لەناو ململانێ و کێشمەکێشەکاندا بۆ دوبارە سازدانەوەی نەخشەی جیهان دوبارە پەیدا بکاتەوە. دەمێکە ئەوروپا دەیەوێ خۆی لەژێر کارکردو ڕابەری ئەمریکا بکێشێتە دەرەوە. جیهانی ڕۆژاوا، کە لەبەرامبەر جەمسەری ڕۆژهەلات و بلۆکی سۆڤیەت دروست بووبوو، بە نەمانی خودی جەمسەری سۆڤیەت، ئەویش فەلسەفەی مانەوەی خۆی لەدەست دا. لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئەوروپا ڕەوتی دوورکەوتنەوە لە هەژمونی ئەمریکا دەپێوێ. پشتیوانی نەکردنی

## بریگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتوو!

ئەوروپا بۆ شەڕی ئەمریکاو داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا و ناونانی جەمسەرە سەرەکیەکانی یەکێتی ئەوروپا ( واتە فەرەنساو ئەڵمانیا...) بە ئەروپای کۆن لەلایەن ئەمریکاوە سەرەتای ئاشکرابوون و دەستپێکردنی ئەم ڕەوەندی دوورکەتنەوەیە بوو. لەوکاتەوە تا ئێستا ئەوروپا بەشوێن  پێناسەی دوبارەی خۆیدا دەگەڕێ. دواتریش هەڵوێستی ئەوروپا لە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی نێوان ئێران و وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، دوای کشانەوەی ئەمریکا لەو ڕێکەوتنە، هەڵوێستیان سەبارەت بە پرسی سوریا و هێرشی تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا و ڕاگەیاندنی ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا سەبارەت بە پێویستی دروستکردنی هێزی سەربازی سەربەخۆی ئەوروپا، بە کردەوە بزمارێک لە تابووتی پەیماننامەی(ناتۆ) دەدات و پرۆسەی دەرکەوتنی ئەوروپا وەکو جەمسەرێکی جیهانی ئابوری- سیاسی- سەربازی سەربەخۆ دەکاتە میحوەری ستراتیژی داهاتووی وولاتانی یەکێتی ئەوروپاو بە پلەی سەرەکی ئەڵمانیاو فەرەنسا.

پرسی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا( بریگزیت) پرسی دوبارە پێناسەکردنەوەی ئەوروپایە بە بێ بەریتانیا. پرسی دوورکەتنەوەی بەریتانیا لەو یەکێتیەو خۆگرێدانەوەیە بە جەمسەری ئەمریکاوە. بۆرژوازی بەریتانی دەمێکە دەیەوێ خۆی لەگەڵ جەمسەری ئابوری -سەربازی ئەمریکادا گرێبداتەوە. ئەم ڕەوەندە لە سەردەمی شەڕی ئەمریکا لە ٢٠٠٣ەوە دەست پێدەکات، کاتێک وولاتانی فەرەنساو ئەڵمانیا نەچوونە پشتی ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی ئەو شەڕە، بەریتانیا بە سەرکردایەتی تۆنی بلێر بووە تەواوکاری پرۆسەکەی ئەمریکا.

بۆرژوازی بەریتانی، بە سەرکردایەتی حزبی پارێزگاران و حزبی کرێکاری ژێر سەرکردایەتی بلێر، لە دەورانی تاتچەرەوە کەمپینێکی هێرشبەرانەی بۆسەر چینی کرێکاری بەریتانیا و دەسکەوتەکانی دەیان ساڵەی ئەو چینە دەست پێکردوە. ئەم هێرشەی بە فرۆشتنی دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی ژێرخاوەنداریێتی دەوڵەت بە کەرتی ئەهلی و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان بەئەنجام گەیاندوە. ئاخرین دەسکەوتی کۆمەڵگای بەریتانیا و چینی کرێکار، سیستەمی تەندروستی نیشتمانی(National Health Services)، کە لەژێر خاوەنداریێتی دەوڵەتدا ماوەتەوە، دواهەمین سەنگەرە کە باڵی ڕاستی بۆرژوازی بەریتانیا دەیەوێ لەدەستی خەڵکی دەربهێنێ. بەریتانیا دەیەوێ وەکو ئەمریکا سەرجەم بنەما و پێوانەکانی سیستەمی بازاڕی ئازاد و بێنەخشی دەوڵەت لە ئابوریدا تا ئەوپەڕی بەرێت و دواهەمین پاشماوەکانی سیستەمی دەوڵەتی خۆشگوزەران(Welfare State) بەخاک بسپێرێ. هەروەها دەیەوێ بەهەمان شێوەی ئەمریکا بزوتنەوەی کرێکاری پاشەکشە پێبکات و دەورونەخشی ڕێکخراوە و سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریەکان لە سفر نزیک بکاتەوە. دەیڤید کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری پارتی پارێزگاران، یەکێتیە کرێکاریەکانی بە

## نوری بەشیر

داینەسۆر ناودەبرد کە کاتیان بەسەرچووەو بوون بە بەشێک لە مێژوو. دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، ڕزگارکردنی بۆرژوازی ئەو وولاتەیە لەم بارگرانیانەی لەسەر شانی سەرمایەو بۆرژوازی بەریتانیایە، بەتایبەتی لەهەلومەرجی قەیرانگرتووی ئەم سەردەمەی بۆرژوایدا کە دەبێ هەموو قورساییەکانی قەیرانی ئابوری بخرێتە سەرشانی چینی کرێکار و بە قیمەتی هەژارترکردن و برسیکردن و بێمافکردنی زیاتری کرێکاران ڕەورەوەی سەرمایە بسوڕێتەوەو سەرمایە پرۆسەی کەڵەکەبوونی خۆی بێ گرێ و کێشە باتە پێشەوە.

یەکێتی ئەوروپا بەپێی پێداویستی جەمسەرگیریەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم پێکهاتوە کە ڕابەری ئەمریکای تێدا مسۆگەر ببێت بەرامبەر بە بلۆکی ڕۆژهەلات. تەنانەت فراوانکردنەوەی یەکێتیەکە دوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕاکێشانی کۆمەڵێک وولاتی بچووکی خاوەن ئابوری لاواز هەر لەسەر بنەمای ئەم جەمسەرگیریە سیاسی- سەربازیە بوو، واتە فراوانکردنەوەی ناوچەی نفوزی ناتۆ بوو. ئێستا خودی ناتۆ وەکو جەمسەرێکی سەربازی پێویستی بوونی نەماوە. بوونی وڵاتانێکی پاشماوەی بلۆکی ڕۆژهەلات بە ئابوریەکی لاوازەوە، قورساییەکی بۆ خودی ئەوروپاو سەرمایەی ئەوروپی پێکهیناوە. ئەگەر ئەمە دەورەیەک لەلایەن وولاتانێکی سەرەکی ناو یەکێتی ئەروپا وەکو ئەڵمانیاو فەرەنسا و بەپلەیەکی دیکەش بەریتانیا مایەی قبوڵکردن بووبێت، ئێستا خەریکە ئەو بایەخەی نامێنێ بۆیان و دەبێت خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، یان پێناسەیەکی دیکەی بکەنەوە. ئەمە خۆی پرۆسەیەکی ئالۆزەو بەئاسانی ناتوانرێ وەلامی پێبدرێتەوە. ئایا دەرکەوتنی ئەوروپا وەکو هێزکی سەربازی لەبەرامبەر بالادەستی سەربازی ئەمریکاو ڕوسیادا عەمەلیە، یاخود چۆن دەبێت؟ ئەمە هێشتا ڕوون نیە. شەڕەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە ڕاستەوخۆ ئەمریکاو ڕوسیا یاریزانی سەرەکین تیایدا و ئەوروپا تا ڕادەیەکی زۆر تەنها دەوری چاودێریان هەیە تێیاندا، ڕاستەوخۆ دووکەڵ و بۆنی باروتەکەی دەچێتە ناو لووت و چاوی ئەوانەوە. ئەوروپا دەبێت دەورێکی کاریگەرتر بۆخۆی پەیدا بکات. دەبێ لانی کەم لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ببێتە یەکێک لە یاریزان و جەمسەرە سەرەکیە خاوەن بڕیارەکان، دەنا ئەو پێگەیەی ئێستاشی لەدەست دەدات. ئەمە کێشەیەکی گرنگی ئێستای یەکێتی ئەروپاو بە پلەی سەرەکی دوو ئابوریە بەهێزەکەیەتی، واتە فەرەنساو ئەڵمانیا. بەریتانیا بە دەرچوونی لە یەکێتی ئەوروپا خۆی لەم سەرئێشەیە ڕزگار دەکات. خۆی لە پابەندبوونە یاساییەکانەوە بە ئەوروپاوە ڕزگار دەکات، بۆنمونە ملیۆنەها کرێکاری ئەوروپی و بەتایبەتی ئەوروپای ڕۆژهەلاتی کۆن لەناو بەریتانیادا کاردەکەن و سوود لە خزمەتگوزاریە گشتیەکان وەردەگرن! بە چوونە دەرەوەی بەریتانیا ئەم قورساییە لەسەر

## برێگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتوو!

شانی بۆرژوازی بەریتانی نامێنێ. بۆرژوازی باڵی ڕاست، دەرچوونی بەریتانیا بە ڕێگایەک بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابوری ئەو وولاتە تەماشا دەکات.
گومان لەوەدا نیە کە بۆرژوازی ئەوروپا لەم بڕیارەی بۆرژوازی بەریتانی، واتە بڕیاری دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا نیگەران و ناڕەحەت بوون. فەرەنساو ئەڵمانیا کە دەیانویست جەمسەرێکی جیهانی بەهێز دروست بکەن و لەناو دنیای فرە جەمسەریدا کە لەسەروبەندی درووستبوون و شکڵگرتندایە، جەمسەرێکی بەهێزی سیاسی-ئابوری- سەربازی پێکبهێنن، تا لە پرۆسەی دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزو بازاڕی جیهانیدا بەشی شایستەی خۆیان وەربگرن، بەم بڕیاری چوونە دەرەوەیەی بەریتانیا بەرنامەکەیان تووشی گرفت دەبێت. جۆرێک لە تێکەڵبوونی ئابوری ئەم وولاتانەو کۆمەڵێک ئاسانکاری یاسایی کە لەماوەی دەیان ساڵی ڕابرووددا جێگیرو قایم بووە، لە پرۆسەیەکی پڕ پێچ و گرفتدا یەکلایی دەبێتەوەو چارەسەر دەبێت، ئەوە بێجگە لەوەی کە جۆرێک لە پەیوەندی سیاسی و یاسایی و ئابوری و بازرگانی ئاڵۆز جێگای پەیوەندیەکانی ئێستای نێوان یەکێتی ئەوروپاو بەریتانیا دەگرێتەوە. بەتایبەتی کێشەی سکۆتلەندا و ئایرلەندای باکوڕ، کە لەحاڵەتی دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپادا، کێشە و سەرئێشە بۆ پەیوەندی نێوان ئەوروپاو بەریتانیا دروست دەکات، لەکاتێکدا کە سکۆتلەندا پێداگری لەسەر مانەوە لە یەکێتی ئەوروپا دەکات و لە حاڵەتی دەرچووندا ئەگەری ئەوە هەیە دوبارە ڕیفراندۆمێک بۆ پرسی جیابوونەوە یان مانەوەی سکۆتلەندا لە بەریتانیا ئەنجام بدرێتەوە و سکۆتەلندا بڕیاری جیابونەوە لە بەریتانیا بدات! باکوڕی ئیرالەنداش کێشەیەکی دیکەی بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا دەبێت، کە بەریتانیا داوای بارێکی تایبەتی بۆ سیاسەتی گومرگی دەکات لە ئەوروپا بەرامبەر بە ئیرلەندای باکوڕ.( 1)

## کاریگەریەکانی برێکزیت لە سەر بەریتانیا و ئەوروپا

هەروەک ئەوەی بریگزیت قەیرانی بۆرژوازی ئەوروپا وبەریتانیا نمایش دەکات، ئاواش کاریگەری سەرەکی لەسەر چینی کرێکاری چ لە ئەوروپاو چ لەبەریتانیا دەبێت. شێواوی بارودۆخی ئابوری و سیاسی ئەوروپا، نیگەرانیەک و لێڵیەکی لای چینی کرێکار دەربارەی ئایندە دروست کردوە. چینی کرێکاری ئەوروپا لەبەردەم هێرشی باڵی ڕاستی بۆرژوازیدایە، کە کەم تا زۆر لە زۆربەی ئەو وولاتانەدا دەسەڵاتی حکومەتیان بەدەستەوە گرتوە. ناڕوونی ئابوری و سیاسی، لاوازی بزوتنەوەی چینی کرێکار و لاوازی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی کرێکاریی، دیارنەبوونی ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی بۆ وەڵامدانەوە بە هێرشەکانی بۆرژوازی بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەران و دەسکەوتەکانی

## نوری بەشیر

دەیان ساڵەی چینی کرێکار، دەستی ئەوچینەی ئاوەڵا کردوە بۆ توندکردنەوەی هێرشەکانی بۆسەر چینی کرێکارو سەپاندنی هەلومەرجی سەختی کارو ژیان بەسەر چینی کرێکاردا. خەڵکی ئەوروپاو بەریتانیا بەگشتی ترسیان لە داهاتووی نادیاری خۆیان هەیە. ترسیان لە داهاتووی کارەکانیان هەیە، لە لێسەندنەوەی دەسکەوتەکان و دابەزاندنی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و خۆشگوزەرانیان هەیە.

بێگومان سەربارى ئەو بارودۆخە، بەڵام چینی کرێکارو جەماوەری کەمدەرامەت و چەوساوەی ئەوروپاو بەریتانیا بەرامبەر بەم هێرش و پەلامارانە بێدەگ نین و کاردانەوەی جۆراوجۆریان نیشان داوە. جموجوڵێکی بەرچاو دژی سیاسەتەکانی بۆرژوازی بۆ لێگرتنەوەو شکاندنەوەی باری قەیرانی ئابوری بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا سالآنێکە سیمای شارە گەورەکانی ئەوروپاو بەریتانیای داگیرکردوە. شەڕێکی چینایەتی بەمانای ووشە لەنێوان بۆرژوازی و چینی کرێکاردا بەرپابووە. ئەم شەڕەش خۆی لە خۆپیشاندانەکانی هێلەک زەردەکانی فەرەنسا، لە بزوتنەوەی گەنجان و لاوان دژی وێرانکردکنی ژینگە لەلایەن کۆمپانیاکانی سەرمایەداریەوە، تا بزوتنەوەی جەماوەری بەریتانیا دژی سیاسەتەکانی بۆریس جۆنسون بۆ لەژێرپێنانی مافە دیموکراسیەکانیان و بەرگری لە ئایندەی خۆیان درێژبۆتەوە.

بۆرژوازی ئەوروپا و بەریتانیا، دەیانەوێ باری خراپی بریگزیت بەخەنە سەرشانی چینی کرێکارو قوربانیەکانی ئەم ململانێیەش لێسەندنەوەی دەسکەوت و مافەکانی چینی کرێکارو ئاستی ژیان و گوزەرانیان بێت. سەپاندنی هەلومەرجی سەختی کارکردن و کەمکردنەوەی کرێ و زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن و نەهێشتنی گرێبەستەکان و خۆدەربازکردنی سەرمایەداران بێت لەژێر هیچ جۆرە پابەندبوونێکی یاسایی بەرامبەر بە کرێکار. هەڵبەتە بریگزیت قەیرانەکانی بەریتانیای گەورەتر و قوڵتر و بەرچاوتر کردەوە چ لەبواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و چ لەبواری ئابوریدا.

چەند ساڵ لەمەوبەر بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی باڵی ڕاستی بۆرژوازی توندڕەوی پارێزگاران و بۆرژوا ناسیونالسیت و دواکەوتوی وەک نایجل فەرج لە حزبی UKIP، خەڵکیان بردە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بۆ هاتنە دەرەوە لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، خەڵک بۆیان دەرکەوت کە بەڵگەکان بۆ دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا لەسەر بنەمای چەواشیکاری بەڕێوەچووە. ئەو چاوەڕوانیانەی کە لەئاکامی دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا خستبوویانە بەردەم خەڵک هەرزوو ناڕاستی و ناواقعی بوونی دەرکەوت. ئەمەش وایکرد کە پرۆسەی جێبەجێبوونی بریکزیت تووچی جۆرێک لە گێژاوو وبگرە بنبەست بێتەوە. باڵی ڕاستی بۆرژوازی بەناوی ڕێزگرتنی مافی دیموکراتی

## بریگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتووا

خەلک دەیانەوێ بەهەر نرخێک بوە بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بکێشینە دەرەوە. بەلام "سیاسەتی بەهەر نرخێک بوە" نەیتوانی پشتیوانی جەماوەری و بگرە پەرلەمانیش بەدەست بهێنێ. ئێستا پرسی بریگزیت بۆتە یەکێک لە قەیرانە سیاسی و حکومەتی و پەرلەمانیە هەرە هەستیارەکانی مێژووی بەریتانیا کەدەستی سیستەمی دادوەری ئەو وولاتەشی هێنایە ناو پرسی برێکزیتەوە.

دابەشبوونێکی کۆمەلایەتی لەسەر پرسی برێکزیت لەناو کۆمەلگای بەریتانیدا دروست بووە. نەک هەر حزبەکانی دەرەوەی حکومەت، بەلکو خودی حزبی فەرمانڕەوای پارێزگارانیشی تووشی گرفتی جدی کرد. لەئاستی کۆمەلایەتیدا لەخوارەوە ڕەوتی چەپ و سۆشیالیستی وورده وورده جولەیان دەست پێکردەوە. حزبی کرێکاران( لەیبەر) کە سالانێکی زۆر بوو لەدەستی بالی سەنتەری ئەو حزبەدا بوو، کە لایەنگرانی بۆچوونەکان تۆنی بلێر ڕابەرایان دەکرد، کەوتە دەستی بالی چەپی ئەو حزبەو لەماوەیەکی کەمدا نفوزی حزبی کرێکاران بەرەوسەرچوو.. تەنانەت لە هەلبژاردنە پێشوەختەکەی تێریزا مەی، دەنگێکی بەرچاوی هێناو پرۆژەکەی تیرێزا مەی بۆ بەدەستهێنانی زۆرایەتی پەرلەمانی تووشی شکست کرد. نەک هەر ئەوە بەلکو بالی چەپی بۆرژوایشی لەناو پەرلەماندا بەهێزتر کرد. سەرەنجام ئەو فشارانە وایکرد کە نەک تیرێزا مەی ناچار بە دەست لەکارکیشانەوە بکات، بەلکو بەشێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی پارێزگارانی فەرمانڕەوا ڕیزەکانی حزبەکەیان بەجێبهێلن و لە فەرمانی سەرۆکی حزبەکەیان کە سەرۆکی حکومەتیشە، یاخی ببن و شکستێکی گەورە بەنسیبی سەرۆکی حکومەت بۆریس جۆنسون بکەن، کە سەرەنجام ئایندەی سیاسی خۆی و حزبەکەشی لەبەردەم مەترسیدایە.

بەپێچەوانەوە شکستی سیاسەتی بالی ڕاستی بۆرژوازی و درۆو بەلێنەکانی بە خەلک، بوە هۆی فراوانبوونی پێگەی جەماوەری پارتی کرێکاران و بگرە بەرزبوونەوەی دەنگی ڕادیکالیزم و سۆشیالیزم لەناو کۆنفرانسی حزبی ناوبراودا کە ئەمسال ئەنجامیدا. لە کۆنفراسی حزبی کرێکاراندا، بەدیلی سۆشیالیستی و تەرحی حکومەتی سۆشیالیستی وەکو بەدیلی سیاسی بۆ حکومەتی ئێستاو بۆ سیستەمی ئابوری نیولیبرالیزم بەرزکرایەوە. هەر ئەمەش وایکرد کە لە کۆنفرانسی حزبی پاریزگاراندا لەمانگی نۆی ئەمسالدا بۆریس جۆنسن لەبەرامبەر حزبی کرێکاراندا هستریا بیگرێ و دژایەتی خۆی بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم هەلبڕێژێت و لە پەرلەمانیشدا هەمان دژایەتی دوبارە بکاتەوە.

دەورەی بریگزیت دەورەی تێکدانی ئابوری بەریتانیایە کە ڕۆژانە ئابوری ئەم ولاتە لە هەلبەزو دابەزیندایە، پاوەندی بەریتانیا لە مێژووی چەندین دەیەدا زۆرترین دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. بەدەیان کۆمپانیا کە ئەوروپی بوون داخران و بەهەزاران کرێکار بێکار

## نوری بەشیر

کران، زۆرێک لەکرێکاران و کارمەندانی بەشە جیاجیاکان لەنەخۆشخانە، قیتار و پاسەکان، مارکێتەکانی وەک "تێسکۆ" و "ئازدا" بە بەهانەی زیان و بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرە خزمەتگوزاریەکانی خەڵک خۆیەوە، بێکار دەکرێن. هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی خەڵک، لێگرتنەوەکان لەکەرتی پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی، زۆربوونی بێخانەو لانەکان، ئاشکراکردنی ئەوەی کە برێگزیت بەهاتنە دەرەوە کۆتایی بێت ئەوە بە ملیار دۆلار مانگانە زیان دەکات، هەواڵی میدیاکان هەر لەئێستاوە ڕایانگەیاند کە بەریتانیا توشی کێشەی کەمی دەرمان و خواردەمەنی دەبێت بۆیە خەڵک شت دەکڕێت لەترسی گرانی و هاوکات نرخی پێداویستیە ڕۆژانەییەکان بەرزدەبێتەوە... هتد ئەمە سیمای کۆمەڵگایە بە پێچەوانەی جاڕدانی ئەوەی برێگزیت ژیانی خەڵک خۆش دەکات. دەورانی بریگزیت، بەریتانیا لە مێژووی ئەم سەردەمەی خۆیدا بە لاوازترین و پڕکێشەترین دەورانی پەرلەمانەکەیدا تێدەپەڕێت کە گاڵتەجاڕی دنیای سەرمایەداری بۆ دیموکراتی و پەرلەمانەکەی لەیەکێک لە گەورەترین وڵاتانی سەرمایەداری دنیا، لەهەموو کات زیاتر کەوتۆتە بەردەم نارەزایەتیەکانی جەماوەرەوە، حزبێک کە کەمترین دەنگی کۆمەڵگای بەدەستهێناوە خۆی بەدەمڕاستی کۆمەڵگا ناوزەد دەکات. سەرۆک وەزیرانێک کە لەسەدا یەکی دەنگی کۆمەڵگای بەدەستهێناوە، نوێنەرایەتی هەموو خەڵک دەکات و بەریتانیا بەهەر شێوەیەک بووە لە یەکێتی ئەوروپا دەهێنێتە دەرەوەو باکی بەوەنیە کە هەلومەرجێکی قەیرانگرتوو ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی ٦٠-٧٠ ملیۆنی دەکاتەوە.

### ئەلتەرناتیڤی برێگزیت!

پرسی دروستکردنی یەکێتی ئەورپاو ئێستاش دەرچوونی بەریتانیا لەو یەکێتیە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاری ئەوروپا نەبووە، بەڵکو لە پێداویستیەکانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەی ئەوروپیەوە لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا هاتۆتەگۆڕێ و دەستی بۆ براوە. دەوری کرێکاری ئەوروپی و بەریتانی لەم دوو پرسەدا تەنها مۆری ڕەزامەندی، یان دژبوون بوە لە سیاسەت و بڕیارێکی چینی بۆرژوازی. بۆیە یەکێتی ئەوروپا بە بەریتانیاوە یان بێ بەریتانیا ناوەڕۆکی کێشەی چینی کرێکارو بۆرژوازی پێک ناهێنێ.

گومان لەوەدا نیە کە چینی کرێکار لەگەڵ چوارچێوەی سیاسی- جوگرافی گەورەتردایە. ئەمە بۆچوونێکی کۆنی مارکسیستیە. بەڵام هیچ چوارچێوەیەکی سیاسی- جوگرافییش لای پیرۆز نیە. یەک مەسەلە براوەیە کە بریتیە لە توندکردنەوەی خەباتی چینایەتی دژی بۆرژوازی بە ئامانجی گرتنی دەسەڵات و سەندنەوەی لە بۆرژوازی و دامەزراندنی

## برێگزیت قەیرانی بەریتانیا و ئەوروپای یەکگرتوو!

دەسەلاتی چینی کرێکارو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.
بەرژەوەندی چینی کرێکاری ئەوروپا و بەریتانیا لەوەدایە کە ئەورپایەکی سۆشیالیست دابمەزرێت. بەرژەوەندی لەوەدایە کە بەریتانیایەکی سۆشیالیست دابمەزرێت. خەباتی چینی کرێکاری ئەوروپی و بەریتانی دەبێ ئاراستەکەی بەرەو ئەم ئامانجە بێت. هاوپشتی چینایەتی چینی کرێکاری ئەوروپی و بەریتانی دەبێ لەدەوری ئەو ئامانجە بێت کە پایەکانی بەریتانیاو ئەوروپای سۆشیالیست دابمەزرێنن. بەریتانیا لەناو ئەوروپادا بمێنێتەوە یان نا، دەبێ چینی کرێکاری بەریتانیا خەبات بکات بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی بۆرژوایی بەریتانیا و دامەزراندنی دەوڵەتی پرۆلیتاری لەجێگایەدا. هاوکات دەبێ بەریتانیا ببێتە ناوەندێکی پشتیوانی بۆ خەباتی سۆشیالیستی چینی کرێکاری ئەوروپایی. بە پێچەوانەشەوە، خەباتی چینی کرێکاری ئەوروپا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری و سۆشیالیستی دەبێت و ئەوروپاش دەکاتە ناوەندی بەهێزکردن و پشتیوانی لە چینی کرێکاری بەریتانیا بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم. وەڵامی برێگزیت لەلایەن چینی کرێکارەوە لەهەردووبەری دەریای باکوردا سۆشیالیزم و دامەزراندنی دەسەلاتی چینی کرێکارە. خولانەوە لەدەوری دەرچوون یان مانەوە لەناو یەکێتی ئەوروپادا هەنگاوێک چینی کرێکار بەرەو ئامانجەی نزیک ناکاتەوە.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری 2019**

### تێبینی:

(۱) مەسەلەی سەرەکی لە گفتوگۆکانی برێکزیت دا مەسەلەی سنوری نێوان ئێرلەندای باکوڕ و کۆماری ئێرلەندایە. سنوری نێوانیان بایەخێکی گرنگی هەیە لەڕووی سیاسی، ئەمنی و دیپلۆماسیەوە بۆ ئیرلەندا. بەم هۆیەوە بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە ئاکامی برێکزیت هەرچی بێت، نابێ کاریگەری بکاتە سەر پشکنینی ئەفراد و کەلوپەل لە سنوری نێوانیاندا۱.
https://www.bbc.com/news/uk-northern-ireland-politics-44615404



ئەمان کەفا

# دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، قەیران و ناجێگیری

زیاتر لەساڵێک بەسەر دوایین "جەنگی بازرگانی" نێوان ئەمریکا و چیندا تێپەڕ دەبێت. ئەوە یەکەمجار نیە کە کێشمەکیش و ململانێ لەسەر توانای ئابووری و دابەشکردنی ناوچەکانی نفوز، لەنێوان وڵاتان و بلۆکە سەرمایەدارییە جیهانییەکاندا، ڕوودەدات. بەڵام تایبەتمەندی کێشمەکێشەکانی ئەمڕۆ بەو شێوەیەی کە لەئارادایە، تەنانەت ئەگەری "سەرکەوتن"ی هەر یەک لە لایەنەکانی خستۆتە ژێر پرسیارگەلێکەوە و دەبێ دۆخەکەش وا سەرنج بدرێ کە ئەم کێشمەکێشانە بەتەنها لەنێوان ئەمریکا و چیندا نیە، بەڵکو تایبەتمەندییەکی جیهانی ئەمڕۆیە، جیهانی دەورانی "ئاشتی".

ترامپ چەند ساڵ لەمەوبەر و بەتایبەتی لەسەردەمی هەڵبژاردنەکاندا، هەموو کاتێک ناڕازی بوو لە "کێشە"ی لاسەنگی و نایەکسانی هاوکێشەی بازرگانی نێوان ئەمریکا و چین و گەشەی بەرەو سەرەوە هەڵکشانی کورتهێنان لەتەرازووی هەنارده و هاوردەی کاڵاکاندا. خستنەڕووی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لەسەر پەیوەندی بازرگانی وڵاتان، بۆ

هەرکەسێک ئەگەر بچوکترین ئاشنایەتی هەبێ بە پەیوەندییە بازرگانییە نێونەتەوەییەکان، دەزانێ کەتا چەند ڕواڵەتییە. لەکاتێکدا ئەم سەرنجە و ئامارەکان "تەئیدی" ئامانجێکی تر دەکەن. گەڕانەوە بۆ ئەم "ئامارانە"و ئەم "فاکتانە" لەلایەن ترەمپ وەک هەر بۆرژوا و حکومەتێکی بۆرژوازی تر، بابەتێکە بۆ داپۆشینی ڕاستییەکانی پەیوەندییە زاڵەکانی سەرمایە ئەویش لەئاست جیهاندا. ئامار و ژمارەکان و ڕێژەی هاوردەکردن و هەناردەکردنی هەر وڵاتێک، ڕاستەوخۆ نیشانەی شێوەیەکی دیاریکراوی بازرگانییە. ئامارێک کە تێیدا، ئاماژەن بۆ ئەو میکانیزمانەی کەهەن و وەک "قانونی" جێگیربووی ئاڵوگۆڕی سەرمایە دەردەکەون و ڕۆڵی بانکەکانیش لە دنیای ئاڵۆزی ئەمڕۆدا، بێدەنگ ناهێڵێتەوە، بەهیچ جۆرێک دەرخەری پەیوەندی واقعی بازرگانی، وەیا پەیوەندی ئابووری نێوان جەمسەرە بۆرژوا جیاجیاکان بەیان ناکات. تەنانەت پێوانەکردنی پەیوەندی بازرگانی لەسەر بنەمای پێوانەی ئەو بەرهەمانەی جێگای ئاڵوگۆڕە وەکو مەوادی خام، کاڵا پیشەسازییەکان، کاڵای کشتوکاڵی، پۆشاک و هیتر، لەباشترین حاڵەتەدا، تەنها نیشانەیەکە لە بەشێک لە پەیوەندییەکانی بۆرژوازی جیهانی کە پێکەوە دەستیان داوەتێ و ئەمەش لەم ئاستەیدا و لە ڕوانگەی کۆمەڵگای بەشەریشەوە، هێشتا دەرخەری هیچ شتێک نیە.

لەمێژە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەرهەمهێنان وارێکخراوە کە ڕووی لە وەڵامدانەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا نەبێت، لێرەشەوە نەهەناردەکردن لەسەربنەمای زێدەبەرهەم لە کۆمەڵگادا بەڕێوەدەچێت و نەهاوردەکردن کردنیش لەسەر بنەمای ویستەکانی کۆمەڵگا دەچێتەڕێوە. لەم یاریەدا بەراوردکردنی کاڵا ئاڵوگۆڕپێکراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان، بۆنموونە گەنم لەبەرامبەر پارچەی فڕۆکەی جەنگیدا، هەردووکیان بەکاڵا ئەژمار دەکرێن، تەنانەت کاتێک کە یەک کاڵای دیاریکراو دەبێتە جێگای بەراوردکردن، دیسانەوە دیاریکردنی بەهاکەی لەسەر بنەمای بازاڕ و قازانج پێوانە دەکرێ نەک سودی کاڵاکە وەیا پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. خاڵی بڕیاردەر لە هەناردەکردن وەیا هاوردەکردنی یەک کاڵادا، وەڵامدانەوە بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، جێگای مەبەست نیە لای کابرای بازرگان، بەڵکو جیاوازی تێچوونی بەرهەمهێنان، لەوانە جیاوازی تێچوون لەسەر بنەمای هۆکارە سروشتییەکانی وەک بەدەستهێنان و دەرهێنانی کانزاکان بەئاسانی، وەیا ئاو و هەوای گونجاو لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا، بەهای هێزی کار، ئاستی کرێ، پلەی پسپۆڕی و شتی تر و لێرەشەوە بەرهەمهێنانی کاڵای هەرزان و قازانجی بەرزی هەرکاڵایەک، ئەمە یەکەمین لۆژیکی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستییە!

سەرەڕای ئەمە لە سەردەمی جیهانی بوونەوەی سەرمایەدا، ڕێکخستنی پەیوەندی

## ئەمان کەفا

ئابووری بەپێوانەیەکی جیهانی، بەتایبەت لەبابەت هەنارده و هاورده کردنەوە، هەرگیز ناتوانرێ لە چوارچێوەی یەک وڵات و بەسەربەخۆ و لەبۆشاییدا، دەستی بۆببرێ. کاردابەشکردنی جیهانی نێوان هێزە ئابوورییەکان لەسەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە بڕیاردەرن و هەر وڵاتێک ڕۆڵێک لەم کاردابەشکردنەدا دەگێڕێ. لەم چوارچێوەیەدایە کە بۆنموونە بەرهەمهێنانی فولی سۆیا -تەنانەت بەنرخی ئاگرتێبەردانی جەنگەڵەکانی ئەمازۆنیش بێت- لە بەرازیل قازانجهێنەرترە تا لە فەرەنسا، وەیا نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دیسانەوە لەسەر بنەمای هەمان ئەو کاردابەشکردنە جیهانییەیە، کە بۆنموونە سەرەڕای ئەوەی کە ئێران یەکێکە لە وڵاتانی هاوردەکەری نەوت، بەڵام خەڵکەکەی لەگەڵ کەمیی بەنزین بەرەوڕوون، بەهەمان شێوەش لە بەرازیل، هەموو ڕۆژێک دەیان تەن فولی سۆیا و میوە هەنارده دەکرێ، کەچی خەڵکەکەی لەگەڵ برسێتی و کەم خۆراکیدا ڕووبەڕوون. سەردەمی هەناردەکردنی کاڵا لەسەر بنەمای زێدەبەرهەم، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەمێژە کۆتایی پێهاتووە.

خاڵێکی گرنگی تر ئەو سەرنجە ڕواڵەتی و عامیەیە کە گلەیی لە ناهاوسەنگی، بەمانای "یەکسان بوونی بازرگانی" لەنێوان وڵاتاندا دەکات. لایەنگرانی یەکسانی تەرازووی بازرگانی نێوان وڵاتان وای بۆ دەچن کە گوایە دنیای ئەمڕۆ بەهەمان شێوە لە درێژەی یاساکانی دەورانی مونافەسەی ئازاددایە. گوایە "یەکسانی" لەنێوان وڵاتان لە بازاڕدا، حاڵەتێکی لەپێشەوە بەفەرزگیراوە و دەبێ ئەم مەسەلەیەش لەنێوان ئەمریکا و چیندا پەیڕەوی لێبکرێ! لەکاتێکدا زیاتر لە سەدەیەکە فاتیحا بەسەر مونافەسەی ئازاددا خوێندراوە و جیهان زیاتر لە سەدەیەکە لەنێوان تراست و مۆنۆپۆڵەکاندا دابەشکراوە و کاردابەشکردنی جیهانی و بازاڕیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەچەرخێ. ڕۆڵی وڵاتە جیاوازەکان لە ئابووری جیهانیدا، بەرهەمهێنانی ئامرازە ئەلەکترۆنییەکان لە تایوان وەیا چین، هەروەها بەرهەمهێنانی گۆشتی بەرخ لە نیوزیلاند و.. ، بەشێکە لە کارکردەکانی سەرمایە، ئەویش لەشکڵی مۆنۆپۆڵەکەیدا، کە لەمێژە خۆی جێگیر کردووە. ئەوەی کە چ کاڵایەک دەخرێتە بازاڕی جیهانییەوە و چۆن دەخرێتە ڕوو، لە کۆتاییدا بچوکترین هۆکاری دەخاڵەتگەر لەم کردەیەدا، هەر هەمووی لە بەرئەنجامی ئەو لۆژیکەوەیە کە زاڵە بەسەر ئەو پەیوەندی و کاردابەشکردنەدا، کە لەئاست جیهاندا لەلایەن سەرمایەوە، دیاریکراوە. پەیوەندییەک کە لەڕێگای بەرنامەوە دیاری نەکراوە، بەڵکو پەیوەندییەکە پڕیەتی لە تێکەولێکە. پەیوەندییەک کە تەنها یاسایەکی زاڵ بەسەریدا، بەدەستهێنانی هەرچی زۆرتری قازانجە. مونافەسە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئەمڕۆدا، بەپێچەوانەی ئاماژەگەلێک کە دەوڵەتە بۆرژوازییەکان، بەتایبەتیش کە ترامپ لەمبارەوە دەیدات، هەرگیز

## دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، قەیران و ناجێگیری

لەسەر بنەمای مونافەسەی ئازادانەی سەردەمی کۆن نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای یەکیەتی و ڕێککەوتنی نێوان مۆنۆپۆلەکان و کارتێلە گەورەکان شکڵی گرتووە. پەیوەندییەک کە لەئاست سەرخان و سیاسەتدا، خۆی لە چوارچێوەی بلۆکبەندییەکان و دووری و نزیکی دەوڵەتاندا نیشان دەدات. لە یەک وتەدا، وڵاتانی "سەربەخۆ" لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ مانایەکی نیە. هەر وڵاتیک و هەر بازاڕێک بەشێکە لە دابەشبوونێکی جیهانی دنیای ئیمپریالیستی، کە لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکدا و لەگەڵ هەر دابەشبوونێک لەنێوان تراست و سەرمایە مالیە جیهانییەکاندا، لەگەڵ خۆیدا و هاوشانی خۆی کاردابەشکردنێکی تازەی جیهانی دەسازێنێ، کە تیایدا ڕۆڵ و جێگای هەریەک لەم وڵاتانە بۆ جارێکی تر دیاری دەکرێنەوە.

لە کۆتاییدا ئەو بۆچوونەی کە "نایەکسانی بازرگانی" دەکاتە بابەتێکی گرنگ بۆ بۆرژوازی، شاردنەوەی ئەم پەیوەندییە و ڕۆڵی سەرمایەیە لە بەرچاوی کرێکار و لادانیەتی لەبەردەم خەباتی ئەم چینەدا. بۆ ئەم داپۆشینەش، کێوێک لە پڕوپاگەندە و ڕێکخراوی جۆراوجۆری بۆرژوازی، بەردەوام خەریکن. ترامپ تەنها یەک نموونەی بەرجەستەی ئەم پڕوپاگەندەیەیە کە بەشێوەی عامیانە و پۆپۆلیستیانە خۆی نیشانداوە.

"نایەکسانی بازرگانی" وشەیەکە، ڕەمزێک و پاساوێکە تا کاربەدەستانی ئەمریکا لە کێبەرکێیاندا بەرامبەر بەیەکتر، "تەمەڵی" وەیا "کەمکاری" و تەنانەت "بێمەیلی" کرێکارانی پێوە ئاوێزان بکەن و بۆ بەکارکێشانی هەرچی زیاتر و "هەوڵی هەرچی زۆرتر"ی کرێکارانی لەسەر بەرێبخەن، هاوکات بیکەنە هۆکار و فاکتۆرێک بۆ هەژاری و بێکاری و پەلاماردان بۆ سەر بژێوی چینی کرێکار. هەروەها ئەم پەیوەندییە "نایەکسانیەی بازرگانی" بەهۆکارێک بۆ "نەبوونی پارە" و کەمهێنانی بەردەوامی بودجە و داهاتەکانی دەوڵەت و کێشەی نێوان هێزە ئابوورییە حەریفەکان، بناسێنرێت. ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بۆ تانەلێدان لە کرێکار و کەمکردنەوەی ڕاستەوخۆی کرێ و بێکاری بێت، ئەوا دووەمیان "بەڵگەیەکە" بۆ خۆدزینەوە لە ویستە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەقسەی خەباتی کرێکاران، خراوەتە ئەستۆی دەوڵەتە بۆرژوازییەکان.

ئەمجۆرە پڕوپاگەندانە لەدژی کرێکاران و ئەو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتییانەی کە بەسەر بۆرژوازی و حکومەتەکەیدا داسەپێندراوە، تەنها تایبەت و سنوردار نیە بەدەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاوە. ئەمە نموونەیەکی ناسراوە لەلای هەموو حکومەتە بۆرژوازییەکان. خودی هەمان پڕوپاگەندە، ئەڵبەتە لەشێوەی ئەوپەڕی زەبر و توندوتیژییەکەیدا، چینی کرێکاری ئێران ڕۆژانە تاقیدەکاتەوە. سیناریۆکان و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداران، بۆ بەرگرتن بەکاڵای هاوردەکراو، وەیا خواستی

هاوسەنگ کردنی هەنارده و هاوردەی کاڵاکان، کاڵای نەوتی و هیتر، قسەوقسەڵۆکی "ئابووری بەرگری" و.. هەموو ئەمانەمان تەجروبە کردووە. وە دیسانەوە بڕیارە گرفتەکە هەر کرێکاری ئێرانی بێت کە لەڕادەبەدەر "هەوڵ" نادات: "کاڵای مەرغوب دروست ناکات"، "دڵی بۆ پەرەدان بە بەرهەمهێنانی ناوخۆ لێنادات"و...

بەڵام سیاسەتی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمڕۆی ئەمریکا لەبەرامبەر چیندا، ناتوانرێ بڵێین کە تەنها بۆ مەبەستی بردنە پێشەوەی ئەم پڕوپاگەندە بۆرژوازییانە لەدژی کرێکار گیراوەتەبەر. هەروەها ناکرێ ئەمە بەڵگەیەکی کافی بێت بۆ بردنەپێشەوەی جەنگی بازرگانی و دانانی ڕسوماتی گومرگی. جەنگی بازرگانی لەدژی چین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قەوارە زۆرەی کاڵا کە هەردوولایان پێکەوە ئاڵوگۆڕی پێدەکەن، بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی فراوانتری هەیە. ئەم جەنگە بازرگانییە لەسەرێکیەوە ڕێگرییەک لەبەرامبەر سەرمایەی ئەمریکایی نێردراو بۆ چین دادەنێ و لەسەرێکی تریشەوە بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایانەی بەدواوە دەبێت کە لەچینەوە هاوردە دەکرێن. مەسەلەیەک کە نە تەنها دەبێتە مایەی چوونە سەرەوەی هەڵاوسان، بەڵکو برەو بە ناجێگیری بازاڕ و ناڕۆشنی ئایندە دەدات. سەرەڕای ئەمەش بردنەپێشەوەی جەنگێکی بازرگانی ئاوا، لەنێوان دوو هێزی سەرەکی ئابووری دنیادا، ناتوانێ کاریگەری بەسەر بازاڕی جیهانی و پەیوەندییە بازرگانییەکانی گشت جیهانەوە نەبێت. ئەو ڕێگرییانەی لە ئەنجامی ڕسوماتە گومرگییە دانراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن، نەفرۆشتن و مانەوەی کاڵاکان لە کۆگاکاندا و..هیتر، ئەمەش کاریگەریی خۆی بەسەر سووڕانەوەی سەرمایە لەئاستی نێونەتەوەییدا بەدواوە دەبێ و لەدرێژەی خۆیدا، لەدۆخی ئەمڕۆدا، دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ ڕاگرتنی سووڕانەوەی سەرمایە و سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکان.

جەنگە بازرگانییەکانی ئێستا، بەتەنها کێشمەکێشی بازرگانی نێوان چین و ئەمریکا نیە و ئاکامەکان و کاریگەرییەکانی بۆسەر چین و ئەمریکا سنووردار نابێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بۆرژوازی ئەمریکا و چین ئامادە نین دانوسانەکانی نێوانیان بەسەرەنجام بگەیەنن؟ بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕواڵەتیی میدیاکانەوە، گرفتەکە نە "سەرەڕۆیی" ترامپە و نە "کەللەڕەقی" حکومەتی چینە. بەڵکو گرفتەکە لە ڕێککەوتنێکدایە لەسەر بابەتە ماوەدرێژ و فراوانەکان لەپێناو ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مۆنۆپۆڵ و کارتێلەکانی سەرمایەی مالیدا، لەئاستی سیاسی نێوان ئەم وڵاتانە و جەمسەرە ئیمپریالیستییەکانیاندا. مەسەلەیەک کە سەرمایەی مالی لەپێناو بەرەوپێشەوە بردنیدا، سەرەڕای کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەسەر سەرمایەی پیشەسازیدا، هەر پێداگری دەکات.

بە واتایەکی تر، بڕیارە دەستڕاگەیشتن بەبازاڕی چین، دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵیدا،

ئەنجامگەلێکی ئەم جەنگە بازرگانییە بێت. قسە لەسەر دابەشکردن نیە، بەڵکو قسەیە لەسەر دووبارە دابەشکردنەوە و گەیشتن بە رێککەوتنی تازەیە. بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتەش لەسەر بنەمای لۆژیک نیە، هەروەها لەسەر بنەمای دابینکردنی پێداویستییەکانی چەند ملیار ئینسان نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای زۆر هێنانە. زۆر نواندنێک کە بە قسەی لینین خۆی لەشێوەی جەنگدا نیشان دەدات: "لە بارودۆخی سەرمایەداریدا چ ئامرازێک جگە لە جەنگ ئەتوانێ ئەو نا هاوسەنگییەی کە دەکەوێتە نێوان پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کۆبوونەوەی سەرمایە لەلایەک و دابەشکردنی موستەعمەراتەکان و "ناوچەکانی نفوز"ی سەرمایەی مالی لەلایەکی ترەوە، لەنێو بەرێت؟".
ئەمرۆ ئەم جەنگە جەنگێکی سەربازی نیە، بەڵکو جەنگێکە لەرێگای ڕووبەڕووبوونەوە و گرێبەستە بازرگانییەکانەوە بەرەوپێشەوە دەبرێ.
هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژی پێکرا ئەم جەنگە، لەجەرگەی دۆخی تایبەتی ئەم دەورەیە وگونجاو لەگەڵیدا، بەرەو پێشەوە دەڕوا. لەسەرەتادا لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا، دەستڕاگەیستن بەم جۆرە رێککەوتنانە لەرێگای جەنگی جیهانییەوە مەیسەر بوو. جەنگێک کە بەسەرهەڵدانی دنیای دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات گەیشت و هاوسەنگییەکی بەسەر جیهاندا زاڵکرد. بەڵام ئەم دووجەمسەربەندییە لەئاکامی پەرەسەندنی زیاتر و زیاتری سەرمایە و چەقبەستن و کامڵ بوونە تازەکانی ئابووریی سەرمایەداریدا، بەهەڵوەرینی بلۆکی ڕۆژهەڵات وداڕوخانی دیواری بەرلین بەئەنجام گەیشت. ڕۆژئاواش بەڕابەریی تاتچەر و ڕیگان، خۆی وەکو سەرکوتووی ئەم جەنگە ناساند. سەرکەوتنی بازاڕی ئازاد بەسەر سەرمایەداریی دەوڵەتیدا، واتایەکی تری نەبوو جگە لە بەربوونی جڵەوی تەواو و بەرکەماڵی سەرمایە و بۆرژوازی. بەپێچەوانەی پڕوپاگاندە و هاتوهاواری دژی کۆمۆنیستیی بۆرژوازییەوە، کۆتاییهاتنی جیهانی دووجەمسەری، خاڵی کۆتاییهاتن بە جەنگە ئابوورییەکان نەبوو، کۆتایی کێشمەکێشەکان و مونافەسەی نێوان هێزە ئابوورییە بۆرژوازییە یەکگرتوو ویەکپارچەکانی ژێر ئاڵای "بازاڕی ئازاد" و "دیموکراسی" نەبوو، بەپێچەوانەوە کۆتایی جیهانی دووجەمسەری لەهەمانکاتدا سەرەتایەک بوو بۆ هەڵوەرینی بلۆکی سەرکەوتوو، وەهەروەها ناپێویست بوونی چیتری "یەکیەتییەکان" و ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە لەنێوان حەریفەکاندا، بەرامبەر بەدوژمنی هاوبەشی نێوانیان، واتە بلۆکی ڕۆژهەڵات، لەسەری وەستابوون.
ئەم دەورەیە کە بڕیار بوو جەنگی خلیج ئاڵای "نەزمی نوێی جیهانی" و جیهانی یەکجەمسەری بەڕابەری ئەمریکا، زاڵبکات، بەڵام بەتوندی ناجێگیر و ماوەکورت بوو. مونافەسە و کێشمەکێش لەپێناو دابەشکردنەوەی جیهان لەنێوان وڵاتانی جەمسەری

## ئەمان کەفا

سەرکەوتوودا، بەخێرایی دەستی پێکرد. فشاری زیاتر و زیاتری کارتێلەکان و پێداویستی بەشێک لە بۆرژوازی ڕۆژئاوا لەپێناو شکڵدان بە یەکجەمسەری ئەورووپایی درێژەی پێدرا. یەکیەتی ئەروپا و ئەڵمانیای یەکگرتوو پێکهات. دنیای یەکجەمسەری ئەویش بەهەمان ئاڵای ڕابردووی ڕۆژئاواوە کە ئەمریکا لەسەرەوەیدا ڕاوەستابێت، نەیتوانی بەردەوام بێت. بەڵام چین لەڕێگای سەرکوت و چەوسانەوەی وەحشییانەی چینی کرێکاری چینەوە، توانای ئابووریی خۆی بەرەوسەرەوە برد. ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، بەپشتبەستن بەتوانای سەربازیی خۆی و لەژێر ئاڵای "خەبات لەدژی تیرۆریزم"دا، توانی هاوسەنگییەک هەرچەند سنووردار بەسەر جەمسەرە جیهانییەکانی سەرمایەدا داسەپێنێ. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی ئینفۆرماتیک و بەرهەمهێنانی سەرسوورهێنەرانە و کەمکردنەوەی ماوەی بەرهەمهێنان بەچەند سەدجار کەمتر لەچاو ڕابردوودا، ئاستی چاوەڕوان نەکراوی قازانجهێنان و پەرەسەندنی سەرمایە لە بوعدی جیهانیدا توانرا بەدیبێت. ئاستێک لە قازانجهێنان کە بەپشتبەستن بە سەرکوتی چینی کرێکار لەسەراسەری دنیادا توانرا بەدی بێت. لەم دەورەیەدا ئیتر ڕاگرتنی چین لە دەرەوەی یانەی سەرمایە جیهانییەکاندا، لەتوانادا نیە. هەربۆیە لەسەرەتای سەدەی ٢١دا و لەجەرگەی ئەم تەوازنەدا بوو کە کلینتۆن داکۆکی لە ئەندامێتی چین کرد لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا و بڕیارەکەش بەوە گەیشت کە دەبێ پەیوەندییەکان و ڕێکخستنە بەڕەسمی ناسراوەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەتایبەت لەپەیوەند بە بازرگانی و پشکەکانەوە لەبەرچاو بگیرێت. لەمەش زیاتر ئەمریکا چینی وەک "وڵاتێکی دۆست و نزیک"ی خۆی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا بەڕەسمی ناسی و پەیوەندییەکی نزیک و کراوەی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەچەند پلە بەرەو سەرەوە برد.

بەڵام لەگەڵ پەرەسەندن و باڵادەستیی نفوزی سەرمایەی مالی و کارتێلەکان و مۆنۆپۆلە جیهانییەکاندا، پەیڕەوکردن لە ڕێسا و بەڵێندانەکانیان هەرچی زیاتر و زیاتر پوچ دەرهات و ئیتر کردەی هێز و زۆرنواندن، وەک تەنها پێوانەیەکی بنەڕەتی مایەوە. لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم هێزەی سەرمایەی مالی و توانای بێ ڕەقیبی بانکەکان بەسەر ئەوانی تردا، ئەمجارەیان بە ڕیسواترین شێوە، بۆگەنبوون و داڕزیوی ئەم سیستەمە خۆی لەو شتەدا نیشاندایەوە کە پێی دەڵێن قەیرانی دارایی/ بانکی. قەیرانێک کە بە لەناوبردنی ترلیۆن دۆلار و بە لەنێوبردنی قەوارەیەکی گەورەی سەرمایەی کەڵەکەبوو، ڕاستەوخۆ گشت بازاڕی جیهانی لەکۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١دا بردە نێو چاوەڕوانییەوە. قەیرانێک کە ئاسەوارەکانی لەهەموو وڵاتانی بۆرژوازیدا، ڕاستەوخۆ بەدەستبردن بۆ سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و داشکانەوەی بەسەر خەڵک و چینی کرێکاردا گەیشت.

## دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، قەیران و ناجێگیری

لەم دەورەیەدا بۆرژوازی چین و بازنەی نفوزی لە ڕۆژهەلاتی دووردا، بەهۆی دەستبردن بۆ سیاسەتی سەرکوتگەرانە لەلایەکەوە و بە کۆنترۆلکردنی زیاتری ئابووری لەڕێگای دەوڵەتەوە، لەلایەکیترەوە؛ هەروەها بە پشتبەستن بە وەلامدانەوە بە پێداویستییەکانی بۆرژوازی جیهانی، ئەویش بە هەوڵدان بۆ زامنکردنی بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان لە چیندا، بەهەر نرخیک بووە، ئەوا زەرەرو زیانێکی کەمتر دەخاتە سەرشانی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

لەدوای هەر ئەم دەورەیەدا بوو کە چین سیاسەتی پەرەدان بەبازاڕی خۆی و بردنەپێشەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆی لەڕێگای خستنەڕووی پرۆژەی پشتێنەی وڵاتیەوە (بی ئاڕ ئەی) بردەپێشەوە. ئەمە سیاسەتێک بوو کە چین بەهۆیەوە، لەژێر ناوی "دەخالەت پێدانی وڵاتانی ناوچەکە"دا، سیاسەتی پەرەدان بە بازرگانی خۆی لەگەڵ ئەفریقا و ئەوروپادا، وەک یەک سیاسەتی سەرەکی و ڕێگاکەرەوە بەدەستەوە گرت. ئەم سیاسەتەش لە جەرگەی قەیرانی ئابووری و ویستەکانی بۆرژوازی وڵاتانی جیاواز، بۆ هاتنە ناوەوەی سەرمایە و "بووژانەوەی ئابووری"، بووە جێگای پێشوازی بەشێک لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و تەنانەت هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپاش. دەورەیەک بەتایبەتی کە ئەمریکا لە ڕوانگەی سیاسییەوە، دەستی لە بەشێکی زۆر لەم وڵاتانە بەردابوو.

بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی چینەوە کە دەڵێت بنەمای ئامانجی پرۆژەکە "کۆمەک کردن و پێشخستنی ئەم وڵاتانە"یە، ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە لێکگرێدانی هێزی کاری فراوان و دەست لێنەدراوی ڕۆژهەلاتی چینە لەگەڵ ڕیزی سەدان و سەدان ملیۆن کرێکاری چەقبەستوو لە ڕۆژئاوای چیندا. سەرمایەگوزاری و "کۆمەک"ی چین بە وڵاتە جیاوازەکان لە چوارچێوەی دانی قەرزی زەبەلاحدایە پێیان. قەرزگەلێک کە بەکردەوە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئەم وڵاتانە لە چین نزیک دەکاتەوە. گرنگیی یەکسەرەی وڵاتانێکی وەک پاکستان، ئێران، کۆریای باکور بۆ چین دەبێ لەم گۆشەیەوە سەرنج بدرێ. بەتایبەتی کە بەشێکی پرۆژەکە ڕێگا لە چینەوە بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەڕێگای وڵاتانێکی وەک پاکستان و ئێرانەوە دەکاتەوە، هەروەها لەڕێگای کۆریای باکورەوە، چین لەڕێگای دەریاوە خۆی بە ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاتەوە گرێدەداتەوە. ئەم سیاسەتە و پەرەسەندنی نفوزی ئابووری و سیاسی چین لەو ناوچانەدا کە لەکۆنەوە ناوچەی نفوزی ڕۆژئاوا، بەدیاریکراویش ئەمریکایە، لەگەڵ بەرگری و دژایەتی کردنی بەشێک لە بۆرژوازی ڕۆژئاوا بەرەوڕوو بووەوە.

بەشێکی زۆر لەو تەنگژانەی کە لەم دەورەیەدا لە دنیادا بینیمان، ڕاوەستانەوەی ئەمریکایە بەرامبەر بەم سیاسەتە و پەرەگرتنی چین. هەروەها ڕووی لە ئارایشتدانەوە و

## ئەمان کەفا

دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزە. تەنگژەی نێوان ئەمریکا و کۆریای باکور، نزیکی نێوان ئەمریکا و هندستان و پارێزگاری کردنی بەکردەوە لەسیاسەتی دەوڵەتی هندستان لە قەیرانی کشمیردا، قوڵکردنەوەی قەیرانی نێوان پاکستان و هندستان، بەردگرتنە پەیوەندییەکانی نێوان چین و پاکستان، هەروەها دەخالەتی ڕاستەوخۆی هەندێجاری ئەمریکا لە ئەفغانستاندا، قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قوڵکردنەوەی ناجێگیری لە ناوچەکانی ژێر نفوزی چیندا و لەژێر فشاردا ڕاگرتنیان و سنوردارکردنی ئاستی ئیختیاراتەکانی سەرمایەی ئیمپریالیستی چین، فشار هێنان بۆ چین لەپەیوەند بە بازرگانی و سزاکانەوە بۆسەر ئێران... هەموو ئەمانە بەشێک لە سیاسەتی تایبەتی ئەم دەورەیەی ئەمریکا بووە.

قوڵکردنەوەی ناجێگیری لە ناوچەکانی ژێرنفوزی چیندا، سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکایە لەبەرامبەر وێنایەکدایە کە چین لەخۆی بەدەستیەوەداوە، ئەویش پەیوەندە بە بەرەوپێشەوە بردنی پرۆژەی هێڵی پشتێنەی وڵاتانەوە. ئەمریکا و هەروەها یابان بەپلەیەکیش ئەوروپا، هەوڵدەدەن کە هەرجۆرە دانی قەرزێک بە وڵاتانی ناوچەکە لەلایەن چینەوە لەگەڵ بە "دیلکردنی سیاسی"دا ڕووبەڕوویان بکەنەوە و قەرزەکانیش لەڕێگای بانک و سەرمایەی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە، بەم وڵاتانە بدرێت. لەم کێشمەکێشەدا ڕۆژئاوا وەک پیشەی هەموو کاتێکی سودی لە کارتی "نەبوونی دیموکراسی" و "مافی مرۆڤ" لەم وڵاتانەدا وەرگرتووە.

هەروەک ئاماژەمان پێدا "جەنگی بازرگانی" و کێشمەکێش لەسەر ڕسوماتی گومرگی و.. لەنێوان ئەمریکا و چیندا، ئەمڕۆ بەشێکە لە یەکلابوونەوەیەکی فراوانتر لەنێوان گشت ڕیزەکانی بۆرژوازی جیهانیدا. یەکلابوونەوەیەک کە جەمسەرەکانی تری بۆرژوازی جیهانی، هەریەکەیان بەجۆریک کاریگەرییان لەسەری هەیە و هەروەها کاریگەریشی لێ وەردەگرن. تا ئەم جەنگە لەڕێگای دانوسانەکانەوە بەکۆتایی بگەیەنن. کێشمەکێشەکانی ئێستای دنیا جێگاوڕێگای جەمسەرێکی تری بۆرژوازی لەجیهاندا، گرێوگۆڵەکان و هەندێک جاریش قەیرانە دەروونییەکانی هەریەک لەم هێزانە، لە بریگزیتەوە تا جێگاوڕێگای ترامپ، لە هۆنگ کۆنگەوە تا هاتنەخوارەوەی جێگاوڕێگای یابان و کێشەکانی پۆتین... هەموو ئەمانە ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی نێوان ئەم جەمسەرانە، لانیکەم لە ماوەکورتدا، کەم دەکاتەوە.

ئەم دۆخە زیاتر لەهەرکاتێکی تر بنبەستی ئابووریی کاپیتالیستی و بۆگەنبوونی ئەم سیستەمە و گرفتەکان و بێئاسۆیی و بێوەڵامیی بۆرژوازی جیهانی لەئاستی نێونەتەوەییدا، دەخاتەوە بەرچاو. قەیران و بنبەست و بێئاسۆییەک کە چارەسەرەکەی تەنهاوتەنها لە

## دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان، قەیران و ناجێگیری

گرەوی سەرەوژێر کردنی بونیادە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سیستەمە حاکمەدایە.

**٣٠ سێپتەمبەری ٢٠١٩**



ڕێبوار ئەحمەد

# وەڵام بە هاوڕێیەک، دەربارەی تایبەتمەندییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

کورتەی ئەم نوسراوە لە سەرەتادا لە شێوەی نامەیەکدا ئامادەکرابوو لە وەڵام بە ڕەخنەی هاوڕێیەک لە کۆمۆنیزمی کرێکاری کە داوای لە من کردبوو ڕای خۆمی بۆ بنوسم. دواتر لەسەر داوای گۆڤاری "دیدگای سۆسیالیستی" و بڵاوکراوەی "الی الأمام" بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر بۆ بڵاوکردنەوە بەم جۆرەی ئێستا ئامادەم کرد.

**هاوڕێی ئازیز......**

زۆر سوپاس کە نوسراوەکەی خۆتت بۆ ناردبووم. بەردەوام ڕای منت پرسیوە دەربارەی نوسراوەکەت و ئەو سەرنج و ڕەخنانەی باست کردون.. من وەکو گرنگیدان بە پێداگریت لەسەر خەبات و تێکۆشان و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکانتدا، هەروەها لەوبارەیەوە کە ئەوانەی تۆ باست کردوون، وەکو خۆشت ئاماژەت بۆ کردووە،

پرسیار و سەرنجی زۆرکەسی تریشن، هەوڵمداوە لەسەر زۆربەی خاڵ و لایەنە سەرەکییەکانی نوسراوەکەت، وەڵام و سەرنجی خۆم بنوسم. هیوادارم دایەلۆگێکی بەسود بێت بۆ هەمووان.

## کۆمۆنیزم وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی:

پێش هەرشتێک دەمەوێ دەربارەی باسی "پیرۆزکردنی تیئوری و بەکاریزما کردنی کەسایەتی" لە کۆمۆنیزمدا، بڵێم لە دیدگا و نەریتی ئێمەدا وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاری (ک.ک) هیچ کەس و هیچ بۆچوون و هیچ کتێب و تێکستێک پیرۆز نیە، هەرکەسێک دەتوانێ لە مارکسەوە تا ئەنگلس و لینین و مەنسور حیکمەت و هەرکەسێکی تر، هەروەها لە مانیفێستەوە تا کەپیتاڵ بداتە بەر ڕەخنە، کەسێکی وەکو منیش بۆچوونەکانی دەخوێنێتەوە و ئەگەر قانعی کرد پێشوازی لێ دەکات و ئەگەر قانعی نەکرد دەڵێ هەڵەیە. هەر ئەوەندە و تەواو!

هەر لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە هەرکەس بیەوێ وەکو هەڵسووڕاوێکی سیاسی دەست بەکار بکات، دەبێ ئامانجەکان و بزووتنەوەی خۆی بدۆزێتەوە. هەر بزووتنەوەیەک کە ئامانجی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا شێوە و مەیدانی خەبات و ئامڕاز و ڕێگەی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بۆنموونە بەبڕوای من ئەگەر کەسێک خۆی بە هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری نەزانێ و ڕێگای تێکۆشان لەپێناو کۆتایی هێنان بە چەوسانەوە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان هەڵنەبژێرێت، ئیتر باسکردن لە سۆسیالیزم و تەحەزوبی کۆمۆنیستی و نەریت و پرەنسیپە کۆمۆنیستییەکان، مانایەکی نیە. بزووتنەوەکان پایگای کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانیان و هەر بەمپێیەش ئامڕاز و ڕێگا و شێوەکار و نەریت و دیدگا فکرییەکانیان لەیەک جیاوازن. جیاوازییەکانیان دروستکراو و ئارەزوومەندانە نیین، واقعین. بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار و تەنانەت خودی کۆمۆنیزمیش مارکس دروستی نەکردوە، بەڵکو بەر لە مارکس و بەرلەوەی مارکس هیچ لە بارەیەوە بڵێ ئەم بزووتنەوەیە لە مەیدان بوو. مارکس پێوەی پەیوەست بوو و تیئۆری بۆ داڕشت و نەخشەی هەلومەرجی خەبات و ڕێڕەوی سەرکەوتنی خستەبەردەمی. بۆیە ناکرێ و ناتوانرێت بزووتنەوەگەلی وەکو بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمان، دژی ئەمپریالیستی، دیموکراسی، ڕیفۆرمیستی، فیمینیستی..و.. بە تیئۆر و پرەنسیپ و نەریتە کۆمۆنیستییەکان لەقاڵب بدرێن. نوسراوەکەت وانیشان دەدات کە هێشتا بەتەواوی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی خۆت نەکردبێت. واتە بە یەکجاری لەسەر ئەوە یەکلا نەبوویتەوە کە بۆ سەرخستنی کام بزووتنەوە تێدەکۆشی. بۆیە لە هەندێک ڕووەوە بزووتنەوەگەلی

## ڕێبوار ئەحمەد

جیاواز و مەکاتبی فکری جیاواز، بەیەک دەگری و دەتەوێ شتێکی بەیناوبەینی گەڵاڵە بکەی لەسەر بناغەی دەستگرتن بە لایەنە باشەکانی ئەوانە و وەلانانی لایەنە خراپەکانیان. بۆنموونە پێتوایە چەند بزووتنەوەی جیاواز دەکرێت لە خەبات بۆ سۆسیالیزم هاوبەش بن. بەڕای من ئەمە نادروست و ناواقعییە. بزووتنەوەکان بەشێوەی واقعی و بەوجۆرەی لەسەرەوە ڕوونم کردەوە لە یەکتر جیاوازن. هەر هەڵسووڕاوێکی سیاسی سەرئەنجام ناچارە بەوەی هەڵبژاردنی خۆی بکات و لەسەر ئەوە یەکلابێتەوە کە خۆی لە ئاسۆ و ئامانج و ڕوانگە و نەریتەکانی کام بزووتنەوەدا بە هاوبەش دەزانێ. ک.ک بزووتنەوەی چینی کرێکارە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمۆنیستی و ڕوخاندنی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزم. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بەوەیە حزبی سیاسی مەحکەم و توندوتۆڵی خۆی پێکبهێنێت، سۆسیالیزم وەکو ئاسۆ و ئەڵتەرناتیڤێکی ڕزگاریبەخش و یەکێک لە هەڵبژاردەکان لە کۆمەڵگادا بخاتەڕوو، پێویستی بەوەیە جەماوەری کرێکاران لە ڕێکخراوەی جۆراوجۆری وەکو شورا و سەندیکا و یەکێتییەکاندا ڕێکخراو بکات، پێویستی بەوەیە هەموو ئەو توێژ و بەشانەی کۆمەڵگا کە بەدەست نەهامەتییەکانی سەرمایەدارییەوە گرفتارن لە دەوری بەدیلی کۆمۆنیستی ڕێکبخات. پێویستی بەوەیە ڕێبازی سیاسی و تاکتیکی و ستراتیژی ئەوتۆ بگرێتەبەر کە بتوانێ سەرکەوتنی مسۆگەر بکات. بەڵام هەموو ئەم مەسەلانە بۆ هەر بزووتنەوەیەکی تر جیاوازە.

کۆمۆنیزم لەگەڵ هەوڵی بێوچانی لەپێناو ئامادەکاری بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، لە هەموو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازانە نەک هەر پشتیوانی دەکات، بەڵکو هەوڵدەدات ڕابەرایەتییەکی کارامە و سیاسەت و تاکتیکی کارسازی بۆ دابین بکات و بە سەرکەوتنی بگەیەنێ. بۆنموونە بزووتنەوەی؛ دژی ستەمی میللی، دژی ستەم لەسەر ژنان، بزووتنەوەی سیکولاریستی و هەر خەبات و بزووتنەوەیەک بۆ بچوکترین ڕیفۆرم لە هەر بوارێکدا بێت.

سەرباری دەخاڵەتی کۆمۆنیزم لە بزووتنەوە ئازادیخواز و پێشکەوتووانەکاندا، هەروەها لەگەڵ ئەوەی خەبات بۆ بچوکترین ڕیفۆرم و باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکار و توێژە ستەمدیدەکان، مەیدانێکی ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی کۆمۆنیزمە، بەڵام شۆڕشی کۆمۆنیستی ناسپێرێت بە ئایندەیەکی نادیار. بەڵکو هەر ئەمڕۆ هاوشان لەگەڵ خەبات بۆ چاکسازی، هەرکات توانای بەرپاکردنی شۆڕشی هەبێت ڕۆژێک دوای ناخات. ئەوەی کە تۆ دەپرسیت "چۆن دەبێت مەنسور حیکمەت دەڵێ " ئێمە هەر ئەمڕۆ ⟸ شۆڕشی کۆمۆنیستیمان دەوێت" کوا ئێستا ئەم ئامادەییەمان هەیە؟" باسەکەی ئەویش ئەوە نیە کە ئێمە هەر ئەمڕۆ ئامادەیی ئەوەمان هەیە شۆڕشی کۆمۆنیستی بەرپا بکەین.

نەخێر مەبەستی ئەو، وەڵامە بەو دیدگا و بۆچوونانەی کە دەڵێن هێشتا کات و قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی نەهاتووە، دەڵێن هەلومەرجی بابەتی ئامادە نیە، ئیستا قۆناغی شۆڕشی دیموکراتییە، قوناغی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانییە و... ئەو دەڵێ نەخێر هەر ئێستا کۆمەڵگا لە ڕووی بابەتی و گەشەی تەکنیک و پیشەسازییەوە ئەوەندە گەشەی کردووە کە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران بەرپا بکەین. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها ئامادەیی زاتی خۆمانە. واتە چینی کرێکار و کۆمۆنیزم ئامادە نیە، هەموو گرفتەکە ئەمەیە. باسی ئەم ئامادەییەش بەو شێوازانە دەبێت کە لەسەرەوە باسم کرد.

## کۆمۆنیزم زانستی هەلومەرجی ڕزگاری چینی کرێکارا!

من وای دەبینم کە تۆ مارکسیزم و کۆمۆنیزم وەکو زانستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مجرد و ئەکادیمی مامەڵە دەکەی. وەهەر بەوجۆرەش تەماشای ناسیۆنالیزم و ئاین و...هتد دەکەی. لەم ڕوانگەیەشەوە لە هەمووواندا لایەنی باش و خراپ دەبینی و هەوڵتداوە بەشێک لەو لایەنانە دیاری بکەی. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە باشی و خراپی هەریەک لەم دیدگا و نەریتانە بۆ کام چین و کام بزووتنەوە و کام ئامانج و کام ئاسۆی سیاسییە؟ لە ڕوانگەی منەوە ناکرێت لە دەرەوەی بەرژەوەندی چینەکانەوە باشی و خراپی ئەم دیدگا و ئاسۆیانە دیاری بکرێت. هەر بەم پێیەش ئەوەی بۆ چینێک باری پۆزەتیفی هەبێت، بۆ چینێکی تر باری نێگەتیفی هەیە. بۆنموونە لە ڕوانگەی منەوە، یان دروستتر وایە بڵێم وەکو ئەنگلس باسی دەکات؛ کۆمۆنیزم تەنها زانستی ڕزگاری چینی کرێکارە، نەک هیچ شتێکی تر. بێگومان ئەوەش حوکمێکی مارکسیستییە کە چینی کرێکار ناتوانێ ڕزگاری بێت مەگەر لەگەڵ خۆیدا هەموو بەشەرییەت ڕزگار بکات. کەواتە لە ڕوانگەی منەوە تەنها کۆمۆنیزم وەڵامە بە هەموو ستەم و نایەکسانی و نەهامەتییەکانی دنیای هاوچەرخ. واتە لەگەڵ ئەوەی کۆمۆنیزم زانستی هەلومەرجی ڕزگاری چینی کرێکارە، بەڵام وەڵامی بۆ سەرجەم کێشە و گرفت و ستەم و چەوسانەوە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئەمڕۆ هەیە، ئامانجی ئەوەیە کۆمەڵگایەکی خاڵی لە هەرجۆرە چەوسانەوەیەک بەرپا بکات. بەڵام زانستێک نیە کە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە پێڕەوی لێ بکات و بەکارییەرێت. هەربۆیە ئەوانەی ویستویانە کۆمۆنیزم و مارکسیزم بۆ ئامانج و سەرخستنی بزووتنەوەی دیکە بەکاربهێنن، ناچاربوون دەستکاری ناوەرۆکەکەی بکەن و لە ناوەرۆکی خۆی دایتەکێنن. مارکسیزم ڕەخنەیەکە لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە لە دۆخی ئێستا و لە کەپیتالیزم. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ناسیۆنالیزم و ئاین و دیموکراسی و لیبرالیزم و... بزووتنەوە و ڕوانگە و

## ڕێبوار ئەحمەد

نەریت و مەکاتبی جۆراوجۆری بۆرژوازین بۆ ڕاگرتن و پاراستنی کۆمەڵگای چینایەتیی هاوچەرخ. ئەم لایەنە ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانەیەی کۆمۆنیزم بە هیچ جۆرێک لە لایەنە زانستییەکەی جیاناکرێتەوە، ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە ئیمکانی ببوایە، گومان لەوە نیە کە زانستی مارکسیزم بەتایبەت لە بواری ئابووریدا "کاپیتاڵ" دەکرا بە مەنهەجی خوێندن لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا.
ئەگەر لەنێو ئەو بزووتنەوە و نەریتە بۆرژوازییانەی لەسەرەوە ناوم بردن، بۆنموونە ناسیۆنالیزم وەرگرین، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە بریتییە لە بزووتنەوەیەک بۆ گەیشتنی بۆرژوازی خۆماڵی بەدەسەلات یان دامەزراندنی دەوڵەتی بۆرژوازی خۆماڵی، بریتییە لە نەریت و ڕوانگەیەک بۆ پەردەپۆش کردنی ئەوەی کە بۆرژوازی خۆماڵی چینی کرێکاری خۆماڵی دەچەوسێنێتەوە. ڕوانگەیەکە بۆئەوەی لەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی، بۆرژوازی و کرێکاری نەتەوەیەک بە برا و کرێکارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان بە بێگانە بە یەکتری بناسێنێ. بۆیە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و ئامانجی ڕزگاری چینی کرێکارەوە جگە لە پاراستنی ستەمی سەرمایە هیچ لایەنێکی باشی نیە. هەربۆیە ناتوانرێ وەکو تۆ دەڵێی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم بخەیتە قاڵبێکەوە، ئەوان لە مەیدانی واقعی کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازن و بەرامبەر یەکیان گرتووە.

## ڕەخنەی ڕاشکاو لە ئاین و ناسیۆنالیزم

بە بۆچوونی تۆ نابێ دژایەتی ئاین و ناسیۆنالیزم بکەین، یان لانیکەم فەرامۆشیان بکەین و ڕاشکاوانە ڕەخنەیان لێ نەگرین، ئەگینا کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ حزب. دواتر دێمەسەر ڕۆڵی ئاین و ناسیۆنالیزم. لێرەدا بەکورتی تەنها چەند ڕستەک لەسەر ئەم سەرنجەت دەڵێم.
بەتایبەت لە کۆمەڵگای لە بابەت عێراق و کوردستاندا بەلامەوە سەیر دەبێت باسی پێویستی فەرامۆش کردنی ناسیۆنالیزم لەوەش زیاتر باسی لایەنی پۆزەتیفی بکرێت. تەنها با چاوێک لەوە بکەین کە کۆمەڵگای عێراق نزیکەی نیوسەدە لەژێر ڕکێفی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرجەستەبوو لە ڕژێمی فاشیستی بەعسدا کرایە مەیدانی بەشێک لە گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی بەشەر. لە کوردستانیشدا چەندین ساڵە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و کۆمەڵێک حزبی ناسیۆنالیست حەقیرانەترین یاری بە هەست و شعوری نەتەوەپەرستی و نان و چارەنووسی خەڵکەوە دەکەن. سی ساڵە ئەم حزبانە نیشانیانداوە کۆنەپەرستن، دز و تالانگەرو فریوکارن، قاتل و تیرۆریست و شکەنجەگەرن، پیاوسالار و ژنکوژن، بەکرێگیراو و وابەستە و سەوداگەرن، وەڵامی داخوازی هاوزمانەکانیان بە فیشەک دەدەنەوە و تەنانەت منداڵ و هەرزەکاری خۆپیشاندانەکانیش دەکوژن و بکوژەکانیش دەپارێزن... بەڵام لە کاتی

## وەڵام بە هاوڕێیەک، ..

هەموو هەڵبژاردنێکدا خەڵکی بەوە فریو دەدەنەوە کە ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن نەکەن و دەنگ نەدەنەوە بەوان، ئەوە بەشی کورد لە عەرەب کەمتر دەبێت و گوایە ماڵوێران دەبن!!. دوای هەموو هەڵبژاردنێکیش هەر خودی ئەم حزبانە دەکەونە بەندوبەست و دەسەت لەدەستنان لەگەڵ هەمان ئەو ناسیۆنالیستە عەرەبانەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا خەڵکیان پێ دەتۆقێنن. بەڕاستی ئایا دەکرێت ئەم یاری کردنە بە هەستی خەڵک فەرامۆش بکەین؟! ئایا تەنها سەرنجدان لە تاوانە سامناکەکانی بەعس و دەسەڵاتی نزیک بە سی ساڵی ناسیۆنالیزمی کورد، بەڵگە نین بۆ توڕهەڵدانی خورافەی ناسیۆنالیزم؟

یان با لە دیوێکی ترەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین. گریمان وەکو تۆ دەڵێی وتنی ئەم ڕاستییانە خەڵک لە حزب دوور بخاتەوە! ئایا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بۆ بەرژەوەندی خۆمان (دوورنەکەوتنەوەی خەڵک لە حزب) بێدەنگ بوون و چاونوقاندن لەئاست ئەو هەموو ڕاستییانە هەڵبژێرین؟! چەندین حزب و حزبۆکەی قەومی و ئیسلامی لە کوردستاندا هەن کە نزیکەی سی ساڵە بەوجۆرە دەکەن کە تۆ پێشنیارت کردووە. ئایا ئەزموونی ئەوان هیچ خاڵێکی درەخشانی تیایە تا ئێمە چاوی تەماح ببڕینە ئەزموونی ئەوان؟! بێگومان ئەمە لەگەڵ نەریتی کۆمۆنیستی هیچ سازگارییەکی نیە. بەڵام جیاواز لەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، کە پردی پەیوەندی پتەوی حزبی ئێمە لەگەڵ خەڵک هەر دەبێ لەسەر تارومار کردنی خۆشباوەڕیی خەڵک بە ناسیۆنالیزم و حزبەکانی بینا بکرێت. ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی نابێ فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێ ناوەرۆکی کۆنەپەرستانە و بۆرژوازییانەی بخرێتەڕوو و ڕەخنەبکرێت و شکست بدرێت. هەڵبژاردنێکی ترمان نیە.

هەروەها لەبارەی ئاینەوە؛ با تەنها سەرنج لەوە بدەین کە چۆن پاساو بۆ کۆمەڵگای چینایەتی دەهێنێتەوە. بۆنموونە ئیسلام وەرگرین بزانین دەکرێت بە ئەندازەی سەرەدەرزییەک لایەنی باشی بۆ قایل بین! ئیسلام بەرامبەر کۆمەڵگای چینایەتی و زوڵم و ستەمی چینایەتی یەک قسەی هەیە، کە دەکاتە پارێزگارییەکی موتڵەق لە ستەمی چینایەتی. دەڵێ خوا مرۆڤەکانی بە جیاوازی دروست کردووە، هەندێکیانی باڵادەست کردووە بەسەر هەندێکی ترياندا، دەوڵەمەندی و هەژاری خوا دەیدا بە مرۆڤ، مرۆڤ دەبێ بە بەشی خواپێداوی ڕازی و شوکر بێت و تەماح نەکاتە ئەو سەروەتە زۆرەی خوا بە کەسێکی تری داوە. یان دەڵێ خوا لە چارەی مرۆڤەکانی نوسیوە کە چی بن، چارەنوس ناگۆڕدرێت. ئەمە جگە لەوەی ئاینیش لەسەر بناغەی هاوئاینی بۆرژوا و کرێکاری پێڕەوکاری ئاینێک بە برای دینی لە قەڵەم دەدات، بەڵام کرێکاری سەربە دوو دینی جیاواز بە نەیاری دینی یەکتر دادەنێ. هەروەها لە ڕووی فیکرییەوە ئامرازێکە بۆ گێژوکاس کردنی جەماوەری چەوساوە تا دەست لە ئەژنۆ دانیشن و خۆیان دوور بگرن لە هەر جۆرە هەوڵێکی خەباتکارانە و

**ڕێبوار ئەحمەد**

شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا و چاوەڕوان مانەوە بە دیار وەهمی"خۆشبەختی" لە دنیایەکی تردا.
بێگومان مەسەلەکە لە دنیای واقعدا بەم سادەییە نیە کە لەسەرەوە باسم کرد، ئاینیش جۆرەها پاساو و پۆششی هەیە، تەنانەت خۆی وەکو لایەنگری هەژاران و ئاینی ئەوان نیشاندەدات. زەکاتی لەسەر دەوڵەمەندان داناوە کە بیدەن بە هەژاران، یان وەکو تۆ باسی دەکەی چەندین دامودەزگای خێری دامەزراندووە لەوانە مانگی سوور. بەڵام هەموو ئەمانە هەوڵێکە بۆ داپۆشینی ڕۆڵە سەرەکییەکەی کە ڕەوایەتی دانە بە دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا بۆ چینێک کە نوقمی سەروەتە و چینێکیش کە نوقمی هەژاری و نەدارییە. تا ڕاشکاوانە پەردە لەسەر ڕووی ئاین و ناسیۆنالیزم لانەدەین، ئەوان وەکو قەڵغانی پارێزگاری لە ستەمی سەرمایە و هۆکاری دووبەرەکی لە ڕیزی چینی کرێکار و خۆڵپرژاندن بە چاوی کرێکاران و چەوساوەکاندا، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

## چاکسازی لە ئیسلام و "کۆمەڵگای ئیسلامی"

ئەوەی کە تۆ پێتوایە ئیسلام قابیلی چاکسازییە، بۆنموونە سعودیە و ئەفغانستان و ئێران لەگەڵ میسر و سوریا و تورکیا جیاوازییان هەیە، ئەو جیاوازییە واقعییە و ئینکار ناکرێت. بەڵام هۆکارەکەی ئەوە نیە کە جۆری ئیسلامەکەیان فەرقی هەیە، بەڵکو جیاوازییەکە لە هاوسەنگی هێزی نێوان ئیسلام و نەریت و بزووتنەوە و ئاسۆکانی تردایە لەو کۆمەڵگایانەدا. هۆکارەکەی ئەوەیە کە سەنگی ئیسلام لە هەریەک لەو دەوڵەتانە و لە دەستور و یاسا و ژیانی خەڵکەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا فەرقی هەیە. ئەم هێزهاوسەنگییەش هۆکاری خۆی هەیە. من پێموایە لە هەر جێگایەک ئیسلام دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت، وەکو سعودیە و ئەفغانستانی کاتی تالیبان و ئێران و ...هتد حوکمڕانی دەکات، بەڵام لەو جێگایانەی وەکو میسر و تورکیا و عێراقی پەنجا ساڵ لەمەوپێش، تەنانەت لە ئێرانی ئێستاشدا ئیسلام ئەو هاوسەنگی هێزە و ئەو توانایەی نیە کە وەکو سعودیە و ئەفغانستان بکوژ و ببڕ بکات. ئەگینا ئیسلام لە هەر جێگایەک بتوانێ، هەمان ئەحکامی ئیسلامی وەرگیراو لە قورئان و وتەکان و نەریتەکانی محمد دادەسەپێنێ.
دەربارەی ئەوەی کە دەڵێی ٩٠%ی ئەم کۆمەڵگانە موسڵمانن، بڕۆ لە هەر گۆشەیەکەوە تەماشای عێراقی پەنجا ساڵ لەمەوبەر، یان ئێرانی چل ساڵ لەمەوبەر بکە! تەماشای وێنەی خوێندکارانی زانکۆکانیان بکە بزانە چەند کچی حیجاب پۆش دەبینی؟! پاشان بەراوردی بکە لەگەڵ ئێستا. یان لە هەرگۆشەیەکی ترەوە چاوی لێ بکە، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەکە ئەوە نیە کە "٩٠%"ی ئەم کۆمەڵگایانە موسڵمانن، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە لەم

٤٠-٥٠ ساڵەدا ئەم کۆمەڵگایانە ئیسلامیزە کراون. بە هاتنەسەرکاری جمهوری ئیسلامی لە ئێران، سەنگی ئیسلام لە هاوکێشەی سیاسەت و دەوڵەت و دەستور و یاساکانی ناوچەکەدا بەهێزبوو، نەریتەکانی ئیسلام بەزۆر سەپێنران بەسەر خەڵکدا.

سەرباری سەپاندنی بەزۆری ئیسلامیش هێشتا ئەوەی کە تۆ پێتوایە ٩٠%ی کۆمەڵگاکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست موسڵمانن، من بە دروستی نازانم. تۆ خۆت باش ئەوە دەزانی کە هەرکەس ئەو ڕۆژەی لە دایک دەبێت لە ناسنامەکەی دەنوسن موسڵمان. تەنانەت من و تۆشیان لەسەر ئیسلام تۆمار کردوە. بێدینی لەو وڵاتانەدا هەر لە بنەڕەتەوە ڕێگەپێنەدراوە، بە هەزارویەک شێوە هەوڵی ئیسلامیزەکردنی خەڵک و کۆمەڵگا دەدرێت. بەڵام سەرباری ئەوەش بەشی هەرەزۆری خەڵکەکەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لە نوێژ و ڕۆژووەوە، لە جلوبەرگ و ئارایشی ڕوخسارەوە، لە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانییەوە، لە تێکەڵاوبوونی ژن و پیاو و لە مەیخواردنەوە و... پەیڕەوی لە ئیسلام ناکەن. سەرباری ئەو هەموو دەستور و یاسا و دامودەزگایەی کە لەکاردان بۆ سەپاندنی نەریتەکانی ئیسلام، هێشتا لە ڕەمەزاندا با زەختوزۆر لەسەر خەڵک هەڵگرن، ئەوکات بە پێوەری ڕۆژووگرتن ڕێژەی موسڵمان لەو کۆمەڵگایەدا بپێون. تا ڕوون بێتەوە کە ڕێژەی ٩٠% چەندە لە ڕاستییەوە دوور یان نزیکە. موسڵمان بوونی خەڵکێک هەربەوەندە نابێت لە ناسنامەکەی نوسرابێت موسڵمان، بەڵکو دەبێ فەرزەکانی ئیسلام "شایەتمان، نوێژکردن، حەجکردن، ڕۆژووگرتن، زەکاتدان" جێبەجێ بکات. هەروەها نەریتەکانی ئیسلام پێڕەوی بکات (حیجاب و خۆداپۆشین، تیکەڵاو نەبوونی کوڕ و کچ و ژن و پیاو، گوێنەگرتن لە گۆرانی، دوورکەوتنەوەی لەوانەی ئیسلام حەرامی کردووە...). با بەم پێوانەیە تەماشای کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بکەین و بزانین لەسەدا چەندی موسڵمانە. ئێستا کە من ئەم دێڕانە دەنوسم، لە کوردستاندا هەرایەکی گەورە بەرپابووە لەسەر ئەو گۆرانییەی کە "ماریا هەورامی" لە شەقامێکی شاری سلێمانیدا کلیپی کردووە، گەنجانی کچ و کوڕ بە جلوبەرگی مۆدێرنەوە سەما و هەڵپەڕکێی "ڕەشبەڵەک"ی بۆ دەکەن. ئیسلامییەکان وەکو هەمیشە هەراسان بوون و کەوتنە هەراو پەخشانەوەی تیروتوانجی پوچ و کۆنەپەرستانە لەدژی گۆرانیبێژەکە و سەرزەنشت کردنی ئەوانەی "ڕەشبەڵەک"یان بۆی کردووە. ئەم هاتوهاوارانەی ئیسلامییەکان لەگەڵ کاردانەوەی توند و فراوانی خەڵکی مۆدێرن و ئازادیخوازی کوردستان بەرەوڕوو بووەوە. هەر ئەم نموونەیە نیشانیدەدا کە ئەگەر ڕێگابدرێت خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە چەندە پێشوازی لەم نەریتە "حەرامکراو"انە دەکەن.

نموونەی هاوشێوەی ئەمە لە شاری کەربەلا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ئەوشارەی کە وەکو یەکێک لە قەڵا پیرۆزەکانی ئیسلام ناسراوە. ئەگەر لە ئاخوندەکانی شیعە بپرسی دەڵێن

## ڕێبوار ئەحمەد

تەنانەت ئەو پەلەوەرانەش کە بە ئاسمانی ئەو شارەدا دەفڕن، تەریقەتی ئیسلامیان وەرگرتوە. لە ئاهەنگی کردنەوەی دەورەی فوتبۆڵ بۆ خۆرئاوای ئاسیا، دەرکەوتنی کچێک بە جلوبەری مودێرن و قژی ڕووتەوە کە کەمانی دەژەند، پەتی تەحەمولی مەرجەعیەتی شیعە و نوری مالکی پچڕاند. چونکە ئەم ڕووداوە پیرۆزی شاری کەربەلای لکەدار کردووە. جگە لە هاتوهاوارێکی زۆر، داوایەکی قەزائییان لەدژی ئەو یەکێتییە تۆمارکرد کە دەورەکەی سازماندابوو. بەڵام هەم هاتوهاوارەکەیان و هەم داوا قەزائییەکەیان لەگەڵ کاردانەوەیەکی توند و فراوانی خەڵک و ڕەوتی پێشکەوتنخوازی شارەکە و کۆمەڵگای عێراق بەرەوڕوو بووەوە. جۆرەها ئیبتکارات بۆ بەگژاچوونەوەی هاتوهاواری مەرجەعیەت و ڕەوتە شیعەکان لەلایەن خەڵکەوە نیشاندرا، تا ئەو ڕادەیەی کە ناچارکران لە هاتوهاوار بکەون و داواکەشیان بکێشنەوە و سەری تەسلیم دانەوێنن. ئەم ڕووداوە نیشانیدا کە تەنانەت لەو شارانەش کە بە قەڵای پیرۆزی ئیسلام ناوزەد دەکرێن، ڕەوتی مەدەنیەت ئەوەندە فراوانە کە توانای بەچۆکدا هێنانی مەرجەعیەت و ڕەوتە ئیسلامییەکانی هەیە.

لە هەردوو ئەم بەرامبەرکێیەدا، ئیسلامییەکان هاواریان لێ هەستا و دادوبێدادیان کرد، وتیان نەریتەکانی ئیسلام پێشێل کراوە. بەڵام لەو ساتانەدا کە ئیسلام و مۆدێرنیزم و ئازادیخوازی بەرامبەر یەکیان گرتبوو، بەشی هەرەزۆری خەڵک نەک لە سەنگەری بەرگری لە ئیسلام و لە هاوشانی ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان، بەڵکو لەسەنگەری کەمپی بەرامبەر بە ئیسلام ڕاوەستان. سەرباری شینوشەپۆڕی ئیسلامییەکان، بەشی زۆری خەڵک پێداگر و سووربوون لەسەر نەریتی حەرام و مۆدێرنی خۆیان. تەنانەت نەفرەتێکی ئەوتۆیان لەو ئیسلامییانە کرد کە نەریتەکەی ئەوانی حەرام کردبوو، کە لە هەردوو بەرامبەرکێکەدا، ئیسلام شکاو پاشەکشەی کرد. تەنانەت هەندێکیان ناچارکران پەشیمانی ڕابگەیەنن.

بەم مانایە بەبڕوای من ئەو قسەیە دروست نیە کە ٩٠%ی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایانە موسڵمانن. بە پێی ئەحکامی ئیسلام، لە ڕۆژی حەشردا ئەوانەی ڕەوانەی بەهەشت دەکرێن، ئەوانە نین کە لە ناسنامەکەیاندا نوسراوە موسڵمان، بەڵکو ئەوانەن کە فەرز و نەریتەکانی ئیسلام و محەمەدیان جێبەجێ کردووە.

### لایەنی "پۆزەتیڤ"ی ناسیۆنالیزم و ئیسلام

ئەوەی کە تۆ پێتوایە ئیسلام و ناسیۆنالیزم و... لایەنی باش و خراپیان هەیە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و ئاسۆی ڕزگاری کۆمەڵگای بەشەرییە، وانیە. بەڵکو بە تەواوی پێچەوانەیە. بێگومان دەزانم لە ڕووی ئەکادیمی و سەفسەتەی فەلسەفییەوە ڕەنگە بشێ ئەم تەفسیرە بکرێت. بەڵام لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە ناسیۆنالیزم و ئاین لە

بەرامبەرکێی چینایەتیدا یەکلایەنە لەسەدا سەد لە پاڵ نیزامی سەرمایەدارین. دەزانم ئەگەر بە مجردی و لە دەرەوەی ناکۆکی چینایەتیدا هەر بزووتنەوە و ڕوانگە و نەریت و حزبێک شەن و کەو بکرێ، دەتوانرێ لایەنی سلبی و ئیجابی بۆ دابتاشرێت. بەڵام ئەمە وەکو ئەوەیە بڵێین ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس بە هەموو سەرکوتگەری و فاشیستی و تاوانکارییەکانییەوە، بەڵام "لایەنی ئیجابیش"ی هەبوو. چونکە بۆنموونە کارەبای باشتری بۆ خەڵک دابین دەکرد، مەوادی خۆراکی و سووتەمەنی و خزمەتگوزاری تەندروستی زۆر باشتری بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر دەکرد. یان بۆنموونە دەڵێن جەنگی کەنداو باش بوو چونکە توانی ڕژێمی سەدام حسێنی سەرکوتگەر بڕوخێنێ.. تەنانەت دەڵێن هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ کەنداو لایەنی پۆزەتیڤی هەبوو بۆ ژنان، چونکە کە سەربازە ژنە ئەمریکاییەکان جگەرەیان دەکێشا، بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی باسی مافی جگەرەکێشان بۆ ژنانی سعودیە بێتەکایەوە. یان بەوهۆیەوە کە سەربازە ژنەکانی سوپای ئەمریکا شۆفێرییان دەکرد، دەروازە کرایەوە بۆ باسی ئازادی لێخوڕینی سەیارە بۆ ژنانی سعودیەش و... لە کاتێکدا بەهۆی جەنگەوە چ کارەساتێکی ئینسانی خوڵقا! لە جێگای سەدام حسێنێک دەیان سەدام حسێنی کوردی و عەرەبی، شیعی و سوننی... دروست بوون. مەدەنیەتی کۆمەڵگەیەک بە تەواوی خاپور وێران کرا، پاشەکشەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی سەپێنرا... بۆیە ئەم جۆرە لێکدانەوە و سەفسەتە و پاساوانە لە ڕووی سیاسییەوە جگە لە گومڕایی و سەرلێشێوان هیچی تر نیە. دەبێ ڕژێمی بەعس بەگشتی ببینین و تەقیمی بکەین، کە ڕژێمێکی فاشیست و دڕندە بوو. یان جەنگی کەنداو کۆنەپەرستانە و هۆکاری وێرانی بوو. ئیتر دۆزینەوەی خاڵی ئیجابی ناتوانێ ماهیەتی ڕژێمی بەعس یان ماهیەتی وێرانکاری و کۆنەپەرستانەی جەنگی کەنداو.. بگۆڕێ. من ئاین و ناسیۆنالیزم و...هتد بەگشتی و لە بنەڕەتەوە بە لایەنگری کۆنەپەرستی و ستەم و ئاپارتاید دەزانم. وە ناکۆکن بەو ئەسڵەی کە ئینسان بنەمایە. ئینسان بەدەر لەوەی بە چ زمانێک قسە دەکات و ڕوو ئەکاتە کوێ بۆ نوێژکردن و لە کوێ لەدایک بووە و ڕەنگی سەر و چاوی چۆنە، خودی خۆی پیرۆزە، نەک هیچ بیروباوەڕ و ئاین و قەومییەت و داب و نەریتێک. تۆ ڕەخنەت لەوە هەیە کە ک.ک پێی وایە هیچ کاتێک بۆنموونە ئیسلام لایەنی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی نەبووە. بەڵام من دەڵێم هەر ئەو تێزە ئیسلامییەی کە دەڵێ خوا مرۆڤەکانی جیاواز دروست کردووە و هەندێکیانی باڵادەست کردووە بەسەر ئەوانی تردا. یان دەڵێ دەوڵەمەندی و هەژاری هەردووکی خودا دەیدات و "وهذا من فضل ربي"، هەرکەس دەبێ بە بەشی خۆی ڕازی بێت، ئەم ڕوانگەیە لە هەموو مێژووی کۆمەڵگای چینایەتیدا کۆنەپەرستانە و بەرگرییە لە چینی باڵادەست و ستەمکار. لە ڕۆژی یەکەمەوە

ئاینێکی پیاوسالار بووە. تەنانەت لە یەکەم ڕۆژی پەیدابوونی ئاینی ئیسلامیشدا ئەمە نەک ڕوانگەیەکی پێشکەوتووانە و شۆڕشگێڕانە نەبووە، بەڵکو کۆنەپەرستانە و لایەنگری بووە لە چینی دەوڵەمەند و ستەمکار. بێگومان هیچ ڕوانگەیەکی ستەمکارانە هەروا سادە و ئاسان دیوی ستەمکارانەی خۆی نیشان نادات، بەڵکو هەوڵدەدات جۆرەها پاساو و پۆششی بۆ بهۆنێتەوە. هەروەکو لەسەرەوە بۆنموونە باسی زەکاتمان کرد بۆ ئەوەی خۆی وەکو لایەنگری هەژاران نیشان بدات. لە کاتێکدا خودی زەکات مانای ئەوەیە ڕەوایەتی داوە بەوەی کۆمەڵگا دابەش بێت بۆ هەژار و دەوڵەمەند. بەڵام داوا لە دەوڵەمەندان دەکات یارمەتی هەژاران بدەن. یان جۆرەها پاساو دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان بکاتە مرۆڤی پلەدوو. تەنانەت پاساوەکانی جۆرێک هۆنیوەتەوە کە گوایە لەبەرخاتری پلەوپایەی بەرزی ژنان، ئەوانی وەکو مرۆڤی پلەدوو داناوە! ڕەنگە لای خەڵکێکی سادە ئەم پاساو و پۆششە وەکو لایەنی پۆزەتیفی ئیسلام چاوی لێ بکرێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە ڕووپۆشن بۆ شاردنەوەی ناوەرۆکی ستەمکارانە و پیاوسالارانەی.

ئاماژەت بەوە کردووە کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان، وەکو حەماس بە هەڵبژاردن لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا هاتوون و زوربەی خەڵکیان لەگەڵدایە و...هتد. دیارە ئەوە ڕاستە خەڵکیان لەگەڵدایە، تەنانەت خەڵکێکی زۆر وەکو ئەڵتەرناتیڤی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان لێیان دەڕوانن. هەروەها من هاوڕام لەسەر ئەوەی کە بەداخەوە لە نەبوونی بەدیلێکی چەپ و کۆمۆنیستی و ئازادیخوازدا، حەماس سەنگەری بەرگری لە فەلەستینییەکانی لێداوە لە بەرامبەر ملهوڕیی ئیسرائیلدا. من ئەم ڕاستییە ئینکار ناکەم. بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەیەک بۆئەوەی کە ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژە ئازادیی حەماس بگۆڕێت یان چاوپۆشی لێبکەین و ڕەوایەتی پێبدەین. هەرچۆن وەستانەوەی حەشدی شەعبی و پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی بەرامبەر داعش بەڵگەیەک نیە بۆ ڕەوایەتی دان بەو میلیشیایانە و ماهییەت و دەسەڵاتی ستەمکارییەکانی ئەو حزب و لایەنە قەومی و ئیسلامییانە. واتە داننان بەو ڕاستییەی کە حەماس بەرامبەر ملهوڕیی ئیسرائیل ڕاوەستاوە، ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەگەر فەلەستین لەلایەن حەماسەوە بەڕێوەببرێت، بارودۆخی ژیانی خەڵک و مافەکانیان شتێک دەبێت لە بابەت ئێستای خەڵکی ئێران یان ئەفغانستان یان سعودیە یان ئێستای عێراق بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای فەلەستینەوە. هەروەها ئەمە ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئایندەیەکی درەخشان بۆ خەڵکی فەلەستین لە گرەوی تێپەڕاندنی حەماس و ڕەوتە بۆرژوازییەکانی تر و هاتنەمەیدانی ئەڵتەرناتیڤێکی ئازادیخواز و سۆسیالیستیدایە. حەماس و هەر لایەنێک دەبێ لەسەر بناغەی ماهییەت و بەرنامەی خۆی هەڵبسەنگێندرێت نەک لەسەر بناغەی نەیار یان دوژمنەکەی. خودی ئەوەی خەڵکی فەلەستین لە هەڵبژاردندا دەنگ

دەدەن بە حەماس هیچ لەبارەی ماهییەتی ئەو ڕەوتەوە ناڵێت. هیتلەر و حزبەکەشی بە دەنگدان هاتنە سەرکار و خەڵکێکی زۆریشیان لەگەڵ بوو. یان ئەوەی کە ڕەوتی سەدر و لایەنە شیعە و سوننیەکان و یەکێتی و پارتی کە هەمیشە براوەی هەڵبژاردنەکانن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئەم ڕەوت و حزبانە ئەو کۆمەڵگایەیان نوقمی ستەم و نەهامەتی و نەداری کردووە. ئایا خودی بردنەوەیان لە هەڵبژاردن ئەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئێمە ڕەوایەت بە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان بدەین؟ ترەمپ بە هەڵبژاردن بووە بە سەرۆکی ئەمریکا، ئایا لەسەر ئەم بناغەیە تۆ ڕەوایەتی بە سیاسەت و پلاتفۆرم و کارکردەکانی دەدەی؟ ئەڵتەرناتیڤی پێشڕەو بەوە پێشڕەو نیە کە دوای خەڵکی خۆشباوەڕ و هەڵدێر بکەوێت، بەڵکو بەوە پێشڕەوە کە ڕێگای دەرچوون لە خۆشباوەڕی بخاتەڕوو و خەڵک بخاتە پشتی ئەو ڕێگایە. بۆ ئەم مەبەستە دروست لەو جێگایەی کە دەبینی خەڵک بە لێشاو کەوتونەتە دوای ئەڵتەرناتیڤێکی کۆنەپەرستانە، دەبێ کۆمۆنیزم بێتەمەیدانەوە و بە دەنگی بڵند و ڕاشکاو بەو خەڵکە بڵێ ئێوە هەمووتان هەڵەن! بە ڕێگایەکی هەڵەدا ڕۆیشتون و دەبێ ڕێگاکەتان بگۆڕن. ئەوە حوکمێکی زانستی و مارکسیستییە کە ئایدۆلۆژی زاڵ لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئایدۆلۆژی چینی دەسەڵاتدارە لەو کۆمەڵگایەدا. بۆیە زۆر ئاساییە کە لە فەلەستین دەنگ بە حەماس بدرێت و لە ڕۆژگارێکی ئەڵمانیادا دەنگ بە هیتلەر و لە ئەمڕۆی عێراق و کوردستانیشدا دەنگ بە سەدر و بەدر و حەشد و یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان بدرێت. لەڕاستیدا ئێمە باوەڕمان بەو تێزە زانستییە هەیە کە عادەتەن بۆچوونی دروست لای ئەقەلییەتە نەک ئەکسەرییەت. ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەموو ئەقەلییەتێک ڕاست و لەسەر حەقن، بەڵکو مانای ئەوەیە لەو مەوریدانەی حەق یەکێکە لە ئەڵتەرناتیڤەکان، ئەوە لە پێشدا لەلایەن ئەقەلییەتێکەوە دەخرێتەڕوو.

لە ساڵی ١٩٩٢ یەکێتی و پارتی و ئەو حزبانەی لە بازنەی ئەواندا دەخولانەوە، هەرای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی خۆماڵیی کوردییان بەرپاکرد. ئەمەیان وەکو مژدەی کۆتاییهێنان بە هەموو نەهامەتییەکان دەرخواردی خەڵکیدا. خەڵکی کوردستان بە لێشاو دوای ئەم هەرایە کەوتن و لە ئاستێکی زۆر فراواندا بەشدارییان تیایدا کرد و دەنگیان بەو حزبانە دا. بەڵام ئێمە کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بنەمایەی خەڵکی دەنگی بەوانداوە، ڕەوایەتیمان بەو خۆشباوەڕییەی خەڵک نەدا. چونکە سوور دەمانزانی ئەم حزبانە بەپێی ماهیەتی سیاسی و چینایەتییان، کۆمەڵگا و خەڵکی کوردستان ڕاپێچی نەهامەتی و کارەسات دەکەن. بۆیە دروست لەوکاتەدا ئێمە ئەم ڕاستییەمان بە خەڵک وت. ڕاستە لە سەرەتاوە گوێگری ئەم قسانە زۆر کەم بوو، بەڵام دوو ساڵ دوای ئەوە لە مەراسیمەکانی ١ی ئایاردا لێشاوێکی جەماوەری چەپڵەیان بۆ ئەم قسانەی ئێمە لێدا.

## ڕێبوار ئەحمەد

ئەوەی تۆ پێشنیاری دەکەیت دەربارەی مامەڵە لەگەڵ ئاین و ناسیۆنالیزم، شتێکی تازە نیە، سەدویەک جار بە کردەوە تاقی کراوەتەوە. باشترین تاقیکردنەوەش، ئەوەی حزبی شیوعییە. ئەو حزبە لەگەڵ ناسیۆنالیست ناسیۆنالیستە، لەگەڵ موسڵمان موسڵمانە، لەگەڵ عەشایەر عەشایەرە، کۆتا تاقیکردنەوەشیان دروست وەکو ئەوەی تۆ دەڵێی لەگەڵ ڕەوتی موقتەدا سەدر کە بە هەڵبژاردن بردویانەتەوە، چوونەتە بەرەیەکەوە. بەم جۆرە ڕۆڵیان بووە بە بەهێزترکردنی ڕەوتێکی زۆر کۆنەپەرست و ملۆزم بۆ گیانی خەڵک. حزبی تودە لە ئێران هەر وای کردووە، حزبی شیوعی لە سوریا هەر وای کردووە. ئەمە داستانی ژیانی سیاسی دەیان و سەدان حزبی بەوجۆرەیە. تەنانەت لەگەڵ ئەحزابی حاکم بەرەیان پێکهێنا. پرسیار ئەوەیە؛ ئەم ئەزموونانەی ئەو حزبە چی دەسکەوتێکی هەبووە کە هانمان بدات بۆ ئەوەی چاویان لێ بکەین؟!

لە کۆمەڵگا و هەلومەرجێکدا کە ناسیۆنالیزم و ئاین قورساییەکی زۆر دەکەن لەسەر بیری خەڵک و دەسەڵاتیان هەیە، پێویست دەکات کۆمۆنیزم خەباتێکی هەمەلایەنە لە دژی ئەم ئاسۆ و نەریت و بزووتنەوانە بەرپا بکات. واتە دروست وەکو ئەوەی ئێستا لە عێراق و کوردستاندا لە ئارادایە؛ دەیان ساڵ لەسایەی ڕژێمێکی ناسیۆنالیستی فاشیستدا دڕندانەترین سەرکوت و کوشتار و بێدەرەتانی بەسەر دانیشتووانەکەیدا سەپاوە. هەر ئێستا ناسیۆنالیزم حەقیرانەترین یاری بە هەستی نەتەوەپەرستی خەڵک دەکات و کردویەتی بە هۆکارێک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی مافیایی خۆی بەسەر خەڵکەوە. لەم کۆمەڵگایەدا ئیسلام تاوانی لەبابەت "کوشتار و کەلەپاچەکردنی نزیکەی ٥٠ کەسی لە ئاوایی حەمە" ئەنجامداوە. هەروەها ڕۆژانە فتوای قەتلی نەیارانی خۆی بڵاودەکاتەوە و خەڵات بۆ بکوژانی نەیارەکانی دیاری دەکات. تێزابی ڕشتوە بە دەستوپێی ژناندا و سەدویەک تاوانکاری تری ئەنجام داوە. لە ڕاستیدا لە جێگایەکدا کە دەسەڵات بە دەست ناسیۆنالیزم و ئیسلامە، ئەگەر خەبات دژی ئەوان ڕابگیرێت و بەوجۆرەی تۆ پێشنیاری دەکەی "گوێیان پێنەدرێت"، ئەی کەواتە ڕێڕەوی گۆڕینی ئەو دۆخە چیە؟! ئەگەر گوێ بەوان نەدەین و فەرامۆشیان بکەین، ئەی چۆن بتوانین کۆمەڵگا لە ڕکێفی ئەوان دەربکەین؟ لەڕاستیدا دروست پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. واتە لەبەرئەوەی ئەوان هەیمەنە و دەسەڵاتیان هەیە، دەبێ چەقی قورسایی خەبات ئاڕاستەی ئەوان بکرێت. با بەکورتی ئەوەش بڵێم کە بێگومان شێوەی مامەڵەی کۆمۆنیزم لەگەڵ ئاین، بۆنموونە ئیسلام وەکو بیروباوەڕێک کە خەڵکانێک باوەڕیان پێی هەیە و پەیڕەویی لێ دەکەن، جیاوازە لەگەڵ مامەڵەی ئەحزاب و دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی، کە بوونەتە هەڕەشەی گەورە لەسەر ژیان و ئەمنییەت و هەموو سیمایەکی مەدەنی. یەکەمیان کاری هەمەلایەنە دەخوازێ بۆ نەجاتدانیان لەم بیروباوەڕە خورافی و

دواکەوتووانەیە. لە کاتێکدا دووەمیان خەباتێکی هەمەلایەنە دەخوازێ بۆ ناکامکردنەوە و شکستدانیان. ئەوە سەیر نیە لەم کۆمەڵگایەدا ئیسلام و ناسیۆنالیزم تاڵان و کوشتار و تیرۆر و سەرکوت و دەمکوت و دزی و جەردەیی و ملهوڕی دەکەن، کەچی سەرزەنشتی کۆمۆنیستەکان بکرێت لەسەر ئەوەی تەنها ڕەخنە و قسەی ڕاشکاو (توندڕەوانە)یان ئاڕاستە دەکەن؟!

## ئاین، سیکولاریزم و ئاتەئیزم

سەرئەنجام با بەکورتی چەند شتێک دەربارەی سیکولاریزم لەگەڵ خەبات دژی ئاین باس بکەم. بە بڕوای من سکولاریزم لانی کەمە، بە مانای جیایی دین لە دەوڵەت و لە پەروەردە و فێرکردن. بەڵام ئەگەر لە سەر ئەوە هاوڕابین کە ئاین ئەفیونی جەماوەرە، خورافات و کۆت و بەندی نەزانییە لە دەست و پێی مرۆڤ، وە هۆکار و پاساوێکە بۆ شەرعییەتدان بە نایەکسانی و هەڵاواردن و چەوسانەوە و کۆمەڵگای چینایەتی؛ کەواتە خەبات بۆ لەبەینبردنی شتێکی جیانەکراوەیە لە خەبات بۆ لەبەینبردنی چەوسانەوە و هەڵاواردن. چونکە ناکرێ و نابێ لێگەڕێین خەڵک بە خورافات و ئەفیون گرفتار بن. ناکرێ دەستەوئەژنۆ بەرامبەر ئەو خورافاتە دانیشین کە بانگەشە بۆ هەڵاواردن و نایەکسانی و چەوسانەوە دەکات. تەنانەت لە دنیای هاوچەرخدا ئاین، بە دیاریکراوی ئیسلام، زۆر لەوە زیاترە کە پێی بوترێت ئەفیونی جەماوەر. بووە بە نەریتێک کە بەوپەڕی قینلەدڵییەوە کوشتاری بە لێشاوی منداڵ و پیر و گەنج دەکات. مرۆڤ دەکات بە بۆمبی کۆکوژ بۆ کوشتاری بە کۆمەڵی مرۆڤ. چۆن دەکرێت بەرامبەر ئەم مەترسییە سامناکە دەست لەئەژنۆ دانیشین؟! بۆیە بۆ کۆمۆنیزم سیکولاریزم بەس نیە، بەڵکو بێخودایی (ئاتەئیزم) پێویستە. خەبات لە دژی ئاین مەیدانێکی گرنگی خەباتە لەپێناو ئازادی و یەکسانی. بەڵام ئەم خەباتە بە هیچ جۆرێک و لە هیچ کاتێکدا مانای قەدەغەکردنی ئاینداری نیە. بە مانای ئەوە نیە کە بۆ تاقە ڕۆژێکیش ئازادی دینداری لە کەس زەوت بکرێت. لە ڕاستیدا لە بنەڕەتەوە ناکرێ ئاین لە ڕێگای قەدەغەکردنەوە کۆتایی پێ بهێنرێت. بەڵکو کارێکی زۆر ئاڵۆزتر و هەمەلایەنتر دەخوازێ. بەڵام هەرچۆن ئایندارەکان ئازادن لەوەی هەر ئاینێکیان هەبێت و پروپاگەندەی بۆ بکەن و ڕەخنە لە بێدینی بگرن و هەوڵدەن بۆ بڵاوکردنەوەی دینەکەیان، بە هەمان شێوە بێدین و ئاتەئیستەکانیش مافی خۆیانە ڕەخنە لە دین بگرن و هەوڵدەن بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە دینداری. دەوڵەتی کرێکاری ئەرکێتی بە دوو ئاڕاستەدا بەرامبەر بە ئاین کاربکات؛ لەلایەک بۆ لەبەینبردنی ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ ئەسیری خورافاتی ئاینی دەکات، لەگەڵ لەکارخستنی

## ڕێبوار ئەحمەد

پیشەسازی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئاین. لەلایەکی ترەوە کاری هۆشیاردەرانە دژی ئەو خورافاتانە. لە ڕاستیدا لە دنیای هاوچەرخدا ئاین بووە بە پیشەسازی و هەمیشە بەرهەم دەهێنرێتەوە. دەریایەک داهات و ئیمکانیاتی کۆمەڵگا بۆ ئەم پیشەسازییە تەرخان دەکرێت. ئەگەر ئەم پیشەسازییە لەکار بخرێت، کۆڵەکەیەکی گەورەی ئاین دەڕوخێت. خەبات دژی ئاین شتێکە لە بابەتی خەبات دژی نەخوێندەواری. تا ئەو جێگایەی بە ڕۆڵی بڕیار دەگەڕێتەوە، ڕەنگە سیکولاریزم و بەربەستکردنی پیشەسازی ئاین بە داهاتی کۆمەڵگا ئەوپەڕی بێت. بەڵام سەرئەنجام لەپاڵ ئازادیی تەواوی دینداری و بێدینییەوە، پێویستە کۆمەڵگای بەشەری بە ئاراستەی ڕزگار بوون لە هەموو خورافەیەک ڕابەری بکرێت.

دەربارەی ئیلاهیاتی ڕزگاری بەخش، بەبڕوای من لە دنیای واقعدا هیچ جۆرە ئیلاهیاتێکی ڕزگاری بەخش بوونی نیە. هەرچەندە هەموویان کەمامەی دڵسۆزی بۆ هەژارانیان لەسەر ڕوخساریان داناوە، بەڵام بە سەدویەک شێوە پاساو بۆ کۆمەڵگای چینایەتی و ستەم و نەهامەتییەکانی دەهێننەوە. هەوڵدەدەن بە ئومێدی بەختەوەرییەکی نەبڕاوە لە دنیایەکی تردا نەهامەتییەکانی ئەم ژیانە واقعییە بە چەوساوەکان بقەبڵێنن. لە جیاتی نارەزایەتی و خەبات دژی ئەم کۆمەڵگا سەرەوخوارە، داوای شوکرانەبژێری دەکەن. لە باشترین حاڵەتدا گلەیی لە چەوسێنەران دەکەن و داوایان لێدەکەن دڵیان بە چەوساوەکان بسووتێ و ڕەحمیان پێ بکەن. داوا دەکەن بەشێک لەو سەروەتەی بە مژینی خوێن و شیلەی گیانی چەوساوەکان کەڵەکەیان کردوە، وەکو زەکات و سەدەقە و خێر بەسەریاندا دابەش بکەن بۆئەوەی تەحەمولی چەوسانەوە و کۆمەڵگای چینایەتی بکەن. ئەوەی کە ئاماژەت پێ کردووە وەکو ئاینی هەژاران یاخود قسەکانی پاپا کە گوایە هێندە ڕادیکاڵانە بووە لێدوانەکانی لە میدیاکاندا بڵاونەکراوەتەوە، تەنها نموونەیەکە لە سەرزەنشتکردنی چەوسێنەران کە ڕەحم بە هەژاران ناکەن. ئەم جۆرە لێدوانانە هەم بێبەرین لە هەر جۆرە ئەڵتەرناتیڤێکی ئازادیخوازانە و هەم یەک هەنگاویش بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە نانێن. بەڵکو دروست بەپێچەوانەوە لەو جێگایەی کە هەست بە سەرهەڵدانی مەترسی لەسەر دۆخی مەوجود دەکەن، هەوڵدەدەن بەم لێدوانانە جڵەوی بگرن. دەیانەوێ خەبات بۆ هەڵپێچانی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری بگۆڕن بە کۆمەڵێک گلەیی و گازندەی جڵەوکراو. ئەو قسانەی پاپا کە ئاماژەت پێ کردووە، لە دڵی هەلومەرجێکدا کراون کە لە ٢٠٠٨دا ئەزمەی ئیقتسادی جیهانی بۆ جارێکی تر و بەتوندی سەریهەڵدایەوە، لەم کاتەدایە پاپا لەسەر هەژاری و نەهامەتییەکانی ئێستا قسەگەلێک دەکات کە هەندێک میدیای بۆرژوازی بە "سۆشیالیست" ناوی دەبەن! دروست لەو کاتەدایە کە کتێبی کەپیتاڵی مارکس هاتە ڕیزی

سەرەوەی ئەو کتێبانەی بە تایبەتی گەنجان عەوداڵی بوون و بەدوایدا دەگەڕان. لە جەرگەی ئەو ئەزمەیەدا دووبارە تیئۆرییە زانستی و ئایدیا شۆڕشگێڕانەکانی مارکس برەوی پەیداکردەوە. قسەکانی پاپا لەم نێوەدا تەنها ڕۆڵی ئەوەی پێدەبڕێت کە خەڵکی هەژار و برسی و چەوساوە لە جیاتی دەستبردن بۆ ئایدیاکانی مارکس پەنا بەرنەوە بۆ خولانەوە بە دەوری خۆری وەهمی ئایندا. من دەپرسم ئایا هیچ کات چ پاپا بێت چ هەر نوێنەرێکی دیکەی هەر ئاینێک، بە نوێنەرایەتی خودا لێدوانێکی داوە بڵێ ئەمە چ سیستەمێکە کە لەبەرامبەر هەر ملیاردێرێکدا کە دەست لە تەڕ و وشک نادات، ملیۆنەها مرۆڤی ڕەنجدەر هەیە کە کاردەکەن و بەرهەم دەهێنن؟ لەکاتێکدا خۆیان تەنانەت ژیانی هەژارانە و نان و ئاوی بە زیندوومانەوەیان بە زەحمەت پێدەبڕێت؟! نوێنەرێکی ئاین پەیدا دەبێت ڕەخنە لە دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا بگرێت و بڵێ ئەمە چ سیستەمێکە کە کەمایەتییەک نوقمی سەروەت و زۆرایەتییەکی زۆر گەورە نوقمی هەژارین؟! خۆ ئەگەر تەنها گلەیی و گازندەی لەبابەتی ئەوەی پاپا بێت، ئەوە لە ناوخۆی خودی بۆرژوازی و بزووتنەوە و نەریتەکانیدا، هەمیشە باڵ یان ڕەوتگەلێک هەن پێیانوایە قازانجی سەرمایە وا دەخوازێ کە هەندێک چاکسازی بکرێت. بۆ ئەوەی چینی کرێکار تەحەمولی چەوسانەوە بکات و ناچار نەبێت دەست بۆ شۆڕش بەرێت. بۆنموونە سۆسیال-دیموکراتەکان. بەڵام ئەمە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای چینایەتی و بەرژەوەندی چەوساوەکانەوە نیە، بەڵکو بەپێچەوانە پێی وایە بەم جۆرە هەلومەرج و بەرژەوەندی سەرمایە پارێزراوتر دەبێت.

ئەوەی کە تۆ وەکو لایەنی پۆزەتیڤی ئاین دەیبینی، بۆنموونە خاچی سووری نێودەڵەتی و مانگی سوور و دەیان دامەزراوەی خێری دیکە. کە لەکاتی کارەساتەکاندا فریای خەڵکی بێدەرەتان دەکەون و هاوکاری مرۆییان پێشکەش دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمانە ڕووپۆشن بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی ئاین وەکو لایەنگری کۆمەڵگای چینایەتی و ستەمی چینایەتی داپۆشن. تەنانەت بەرگی دادپەروەری و لایەنگری هەژاران بکەن بە بەرخۆیاندا. ئەمە نەریتێکی باوە کە هەموو ڕێباز و نەریت و بزووتنەوە و حزب و دەوڵەت و... ستەمکارەکان ناوەرۆکی ستەمکارانەی خۆیان بە ڕووپۆشێکی ئینساندۆستانە و خێرخوازانە دادەپۆشن. هیچ یەک لەوانە لێ ناگەڕێن خەڵک سوک و سادە بە دیوە زبر و دزێوەکەیان بیناسێت. ئەگەر بڕیاربێت مەسیحییەت بە خاچی سوور و ئیسلام و دەوڵەتانی ئیسلامی بە مانگی سوور و زەکات و سەرفترە هەڵسەنگێندرێن. ئەگەر یەکێتیی نیشتمانی بە دەزگای منداڵپارێز و پارتی بە دەزگای خێرخوازی بارزانی و حزب و دەسەڵاتەکەی ئەردۆگان بەو شارەوانییانەی نان و سەمونی نیوەقیمەت بەسەر خەڵکدا دابەش دەکات هەڵسەنگێندرێن. هەروەها ئەگەر بڕیاربێت دەوڵەتانی زلهێز بە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و... و...

## ڕێبوار ئەحمەد

بناسرێنەوە و لەسەر ئەم بناغەیەش لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤیان بۆ دابتاشرێت، ئیتر لە جیهاندا هیچ ئاین و بلۆک و دەوڵەت و حزب و بزووتنەوە و تەنانەت مەکتەبێکی فکری نادادپەروەر نامێنێت. لەوەش زیاتر ئەم شێوە بیرکردنەوەیە ڕاماندەکێشێت بۆ ناو گێژاوی پووچی مەکتەبی پۆست مۆدرێنیتە کە لە بنەڕەتەوە نکۆڵی دەکات لەوەی هیچ مەبدەئێکی نەباش و نەخراپ! هیچ ڕەوەندێکی نە ڕوولەپێش نە ڕوولەپاش، هیچ شتێکی باشترە لەوەی ئێستا هەیە یان هەر لە بنەڕەتەوە شتێکی باش و باشتر... و... بوونی هەبێت.
لەڕاستیدا کام ڕوانگە و بزووتنەوە و حزب و دەوڵەت و... و... هەیە خۆی بە دادپەروەر و ئینساندۆست دەرنەخات؟ بەڵام سەرەتاییترین هۆشیاری مانای ئەوەیە ناوەرۆک و ماهییەتی هەموو شتێک لەودیوی پەردە و ڕووپۆشەکانەوە بناسێتەوە. ئەمریکا و غەرب و دەوڵەتە زلهێزەکان بە بۆمب و باروت کۆمەڵگاکان خاپور و وێران و خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ دەکەن، پاشان لەژێر ناوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرگی ئاشتیخوازی و ئینساندۆستی لەبەر دەکەن. گوایە بە فریای ئەو خەڵکەوە دەڕۆن کە خۆیان کوشتار و دەربەدەریان کردون. بۆرژوازی خۆی شیلەی گیانی کرێکار دەگوشێ بۆ قازانجی زیاتری سەرمایەکەی، هەرخۆشی لەولاوە ڕێکخراو و دامەزراوە کرێکارییە جڵەوکراوەکان بۆ دەستەمۆکردنی خەباتی چینی کرێکار، بەڵام لەژێر پەردەی بەرگری لە مافی کرێکاراندا دروست دەکات. پارتی لە کوردستاندا هەموو سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاسمانی کوردستان بەتاڵان دەبات و خەڵکی کوردستان لەژێر خەتی هەژاری ڕادەگرێت، کەچی هەرخۆی لەولاوە بە بەشێکی زۆر زۆر کەمی ئەو داهاتە بەتاڵانبراوە دەزگای "خێرخوازی بارزانی" دروست دەکات. گوایە بە هانای ئەو خەڵکەوە دەڕوات کە خۆی هەژار و برسی و نەداری کردوون. یەکێتیی نیشتمانی لایەکی داهاتی کۆمەڵگا دەدزێت و منداڵانێکی زۆری ناچارکردووە لە تەمەنی ٦-٧ ساڵییەوە لە جیاتی چوونە قوتابخانە و یاریکردن، لەسەر شەقامەکان بە بنێشت و دەسەسەڕ فرۆشتن نان و بژێو پەیدا بکەن. لەولاشەوە بە بەشێکی یەکجار کەمی ئەو داهاتە دزراوە دامەزراوەی منداڵپارێزی دامەزراندووە و گوایە خەمی منداڵان دەخوات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دووڕوویی و فریوکارییە. تەنانەت ئینسانەکانیشی توشی دووڕوویی کردوە. بۆ تێگەیشتنی دروست دەبێت لەودیوی ڕووپۆشە خەڵەتێنەرەکانەوە "لایەنی پۆزەتیڤ" ناوەرۆکی ڕاستەقینە ببینین. ئەگینا دوچاری تەفرە و گومڕایی دەبین.

### دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا

دەربارەی ئەوەی کە دەڵێی هەندێک دەستەواژە بۆنموونە "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" کۆن

بووە و پێویستە وەلابنرێن و دەستەواژەی سەردەمیانە لە جێگایان دابنرێت. ئەگەر مەبەستت تەنها دەستەواژەکە بێت، ئەوە هەر ئێستا ئێمە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا زۆرتر بە حکومەتی کرێکاری یان جمهوریی سۆسیالیستی بەیان دەکەین. بەڵام ئەگەر مەبەستت ناوەرۆکەکەی بێت، بەڕای من دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا لە کۆمۆنیزم وەرگرینەوە ئیتر سۆسیالیزم دەبێتە خەیاڵ و هیچی تر. چونکە بەبێ حکومەتی کرێکاری واتە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، ناکرێ و ناتوانرێت سیستەمی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە. با ئەوەش بڵێم کە دەستەواژەی دیکتاتۆری لە مەجرای مێژوودا مانایەکی جیاواز لەوەی وەرگرتووە کە کۆمۆنیزم مەبەستیەتی. دیکتاتۆرییەت لە مەفهومی کۆمۆنیستیدا لەگەڵ سەرکوت و ئیستبداد یەک شت نین. دیکتاتۆرییەت مانای "دیکتەکردنە- Dictation". واتە داسەپاندن یان "ئەمر بە بەجێبەجێ کردن" و ئیجراکردنی بەرنامەی چینێکە لە کۆمەڵگادا. دیکتاتۆرییەت ڕەنگە لە شکڵی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان یان حوکمی کڵێسا و مزگەوت بێت و شمشێر بەڕێوەی بەرێت، یاخود دەوڵەتانی سەردەمی فیدالیزم و سەدەکانی ناوەڕاست بێت، یان  دەوڵەتە جیاجیاکانی ئەم سەردەمەی بۆرژوازی بێت. لە مەفهومی مارکسیستیدا دەوڵەتی تاڵیبان و سعودیە و ئێران و سوید و کەنەدا و فەرەنسا، هەرهەموویان لەوەدا هاوبەشن کە دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازین. واتە بەرنامەی سیاسی و ئیقتسادی بۆرژوازی دیکتە دەکەن و دەسەپێنن. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش کە ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی و ڕادەربڕین و ئازادی دینداری و بێدینی و ئازادی ویژدان لە بەرزترین ئاستدا فەراهەم دەکات، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە دیکتاتۆرییەتی چینی کرێکارە. بەو مانایەی بەرنامەی سۆسیالیستی چینی کرێکار دادەسەپێنێ بۆ قەدەغەکردنی چەوسانەوە. دیارە بۆرژوازی هەوڵی داوە و بەردەوامیش هەوڵ دەدات دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکو ئیستبدادی سیاسی پێناسە بکات لە چەشنی دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ئێستا... ئەمە چەواشەکارییەکی گەورەیە. ئەگەر دیکتاتۆریی بۆرژوازی پرۆسێسێکی بەردەوام و نەبڕاوەیە، دیکتاتۆریی ئەقەلیەتێکە بەسەر زۆرینەدا، دیکتاتۆرییە بۆ پارێزگاری لە سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و چەوسانەوە... لەبەرامبەردا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکو لینین دەڵێت: بەرزترین شێوەی دیموکراسییە، چونکە ١/دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسەلآتی زۆرینەیە بەسەر کەمینەدا ٢/دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تەنها بۆ دەورەیەکی گوزارە، بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینی چەساوە و چەوسێنەر. پاش ئەوە ئیتر خودی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و بە گشتی دەوڵەت وەکو دیکتاتۆریی چینێک بەسەر چینێکی تردا زەمینە و پێویستی نامێنێت و دەپوکێتەوە. لەو دەورە گوزارەدا بۆرژوازی لەدەسەلآتخراو هەوڵ دەدات دووبارە کۆمەڵگا بگێڕێتەوە بۆ

## ڕێبوار ئەحمەد

سیستەمی کاری بەکرێ و موڵکداریی تایبەتی بۆرژوازی و ڕێگا لە پیادەکردنی بەرنامەی سۆسیالیستی بگرێ. لە بەرامبەردا چینی کرێکار وەکو چینێکی ڕێکخراو و دەسەڵاتدار، دەزگای دەوڵەتی خۆی (حکومەتی کرێکاری یان جمهوری سۆشیالیستی یان دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا)، بەکاردەهێنێ بۆ بەشکست کێشانی مقاوەمەتی بۆرژوازی و جێبەجێ کردنی بەرنامەی کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا.
دیکتاتۆرییەت بە مانای دیکتەکردن و سەپاندنی بەرنامەی ئەو چینەی دەسەڵاتدارە، خەسڵەتی هەموو جۆرەکانی دەوڵەتە بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. جا چ دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان بێت، یان دەوڵەتی فیئۆدالەکان، یان بۆرژوازی و یان کرێکاری. لە دنیای هاوچەرخدا دەوڵەتی سوید وەکو نموونەییترین دەوڵەتی دیموکراسی بۆرژوازی ناسراوە. بەڵام ئەم دەوڵەتەش بەو مانایەی دیکتاتۆری کە باسم کرد، لەسەداسەد دیکتاتۆرییە و بەرنامەی چینی بۆرژوازی دەسەپێنێ، بەبێ ئەوەی هیچ ئیستبدادێک لە کۆمەڵگای سویددا لە ئارادابێت. بەڵام ئەم دەوڵەتە هەموو دانیشتوان ناچار دەکات ئەو بەرنامەیەی کە کردویە بە دەستور و یاسا و بڕیار پەیڕەوی لێ بکەن. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش هەروا دەکات، لە سایەی ئەودا ئازادییەکی بێسنور بەرقەرارە؛ ئازادی بە مانای ئازادیی بێقەید و شەرتی سیاسی، بە مانای ئازادیی بێقەید و شەرتی پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوەی سیاسی و جەماوەری و مانگرتن و خۆپیشاندان، بە مانای ئازادی بیروباوەڕ و ڕەخنە لە هەموو شتێک، تەنانەت بە مانای دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە مانای ئازادی دینداری و بێ دینی بە جۆرێک کە پێڕەوکارانی ئاینەکان دەتوانن بە خەرجی خۆیان مزگەوت و کەنیسا و پەرستگای خۆیان دروست بکەن و شەو و ڕۆژ خەریکی ئیتاعەت بن و تەنانەت نانی ژەمەکانیشیان لەوێ بخۆن. بەڵام داهاتی کۆمەڵگا نە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکان و نە بۆ بڵاوکردنەوەی هیچ بیروباوەڕێک تەنانەت کۆمۆنیزمیش، خەرج ناکرێت. لە سایەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا هیچ خەبەرێک لە ئیستبداد لە ئارادا نیە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەوڵەت بەرنامەی چینی کرێکار دیکتە دەکات و دایدەسەپێنێ و ڕێگا لە چەوسانەوە دەگرێت.

## ڕۆڵی شەخس

دەربارەی باس و ڕۆڵی شەخس و شەخسیەت لە مێژوودا یان لە ژیانی ئەحزابی سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمە واقعیەتێکە کە ئینکار ناکرێت. سەرئەنجام هەر نەریت و مەکتەبێکی فکری و هەر حزب و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە شەخسیەتی کەسانێکدا بەرجەستە دەبێت کە ڕۆڵی سەرەکی و چارەنوسسازیان لە بنیاتنان و پەرەپێدانیاندا گێڕاوە.

لە ڕاستیدا شەخسیەت بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەسەلەیەکی گرنگ و زۆریش گرنگە. بۆنموونە با نەک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بەڵکو لە بزووتنەوە و ئەحزابی ترەوە دەست پێ بکەین. باسی نازیزم، هیتلەر وەبیردێنێتەوە. باسی شەڕی پارتیزانی، گیڤارا وەبیردێنێتەوە. باسی بەعس، سەدام دەهێنێتە بەرچاو. ناکرێت تەسەوری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بکرێت بەوجۆرەی لە واقعدا هەیە، بەبێ جەلال تاڵەبانی و ڕۆڵی فەردی ئەو. بارزانیش بۆ پارتی هەروایە. بە هەمان شێوە کەسایەتی لینین لەگەڵ کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا جۆرێک پێکەوە گرێیانخواردوە کە لە جیاکردنەوە نایەن. ئەوەی کە ئەحزاب و بزووتنەوە و مەکاتبە فکری و فەلسەفییەکان، لە شەخس یان لە شەخسیاتێکدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، ئاکامی میکانیزمێکی واقعی و کۆمەڵایەتییە. ئەو شەخسیاتە لە داڕشتنی میسۆد و مەنهەج و چوارچێوەکانی ئەو مەکاتب و نەریت و حزبانەدا ڕۆڵی بەرجەستەیان بینیوە، بۆیە بە شەخسی ئەوان دەناسرێنەوە. تەنانەت ئەمە مەسەلەیەک نیە کە تەنها لەلایەن هاوبیران و پەیڕەوکارانی ئەو نەریت و حزبانەوە ئەو شەخسیاتانە بەرجەستە بکرێن، بەڵکو لەلایەن نەیارانیشیانەوە هەروا چاویان لێدەکرێت. بۆنموونە تەداعی بوونەوەی ک.ک بە مەنسور حیکمەتەوە، زیاتر لەوەی کە ئێمەی هاوبیرانی ئەوکارەمان کردبێت، نەیارانی ئەم بزووتنەوەیە بۆنموونە تاڵەبانی ئەم کارەی کردوە. تا ئێرە هیچ پەیوەندی نیە بە دروستکردنی بت و کاریزما و پێغەمبەری بێبەری لە هەڵە و کەموکڕی. بەڵکو لەڕاستیدا یەکێک لەوانەی کە هەمیشە لەلایەن ک.ک و شەخسی مەنسور حیکمەتەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا، هەر ئەم بت دروستکردنە بوو لە ڕابەر. من ئەو مەنهەجە هەمەلایەنەی کە مەنسور حیکمەت دایڕشتوە، یان بە مانایەکی تر ئەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزمی مارکس، کە حیکمەت لەم سەردەمەدا گەڵاڵەی کردوە، بە حیکمەتیزم ناو دەبەم، کە یەکێک لە چمکەکانی وەستانەوەیە لەدژی بت و کاریزما دروست کردن لە شەخس. بەڵام بە حیکمەتیزم ناوی دەبەم تەنها لەبەرئەوەی حیکمەت بنەما و چوارچێوەکەی داڕشتوە، هەرئەوەندە و بەس. وەکو ئەوەی زۆرجار لە بواری پزیشکیدا کەسێک دەرمانێکی تازە بۆ نەخۆشییەک دەدۆزێتەوە، دەرمانەکە بە ناوی ئەوکەسەوە ناو دەنرێت کە دۆزیویێتیەوە. یان ڕەنگە لە بواری تەکنۆلۆجیا و لایەنە زانستییەکانی تردا ئەم شتە ڕوودات.

## مەنسور حیکمەت و حیکمەتیزم

دوور لە بت و کاریزما دروست کردن، ڕێگە بدە ڕای تایبەتی خۆم لەسەر مەنسور حیکمەت بڵێم. من ئەو بە بیرمەند و ڕابەرێکی زۆر گەورە دەزانم، بەڕاستی ئەو ڕۆڵێکی

## ڕێبوار ئەحمەد

چارەنوسسازی گێڕا لە بەرجەستەکردنەوەی کۆمۆنیزمی مارکس و بەردەوامیدان بەو نەریتە، تەنانەت پەرەپێدان و ئابدەیتکردنەوەی بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلەکانی دنیای ئەمڕۆ. بیهێننە بەرچاو لە دوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە کۆمۆنیزمی مارکس لە مەیدانی فکری و سیاسی و حزبی و نەریتیدا، کەوتەژێر تەپوتۆزی جۆرەها کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی بۆرژوازییەوە؛ کۆمۆنیزمی ڕوسی، کۆمۆنیزمی چینی، کۆمۆنیزمی ئەلبانی، کۆمۆنیزمی ئەوروپایی، کۆمۆنیزمی ئەمریکای لاتین، کۆمۆنیزمی جیهان سێیەمی، ترۆتسکیزم، چەپی نوێ، پۆپۆلیزم... چەندین مەکتەبی فکری و سەدان حزب و ڕێکخراوەی سیاسی و بلۆکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و دەیان بزووتنەوەی جۆراوجۆری بۆرژوازی و... هەر هەموو ناوی مارکس و کۆمۆنیزمیان بەدوای خۆیاندا بەکێش کردبوو، بەبێ ئەوەی بە ئەندازەی سەرەدەرزییەک پێی پابەند و وەفاداربن. حیکمەت هات و ئاڵای کۆمۆنیزمی مارکسی بەرزکردەوە، بەرگرییەکی زۆر بەهێز و جەسورانەی لێ کرد، وەڵامی سەرجەم ئەو کۆمۆنیزمە ناکرێکارییانەی دایەوە، جیاوازی و دووریی ئەوانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی مارکس ڕوون کردەوە، لەوەش زیاتر کۆمۆنیزمی مارکسی بە وەڵامدانەوەی مەسەلەکانی ئەم سەردەمە ئابدەیت کردەوە. ئەمە بەڕاستی کارێکی عەزیم بوو. بۆیە بەڕای من حیکمەتیزم، کۆمۆنیزم و مارکسیزمی هاوچەرخە و مەنهەجێکی هەمەلایەنە و پوخت و تۆکمەیە.

### نەریتپارێزی و مارکسیزمی ئەرسەدۆکس

دەربارەی ئەوانەی لەژێرناوی نەریتپارێزیدا باست کردوە، سەرەتا لەوەدەچێت هەڵە تێگەیشتنێک بۆ دەستەواژەی نەریت هەبێت. نەریت بە زمانێکی سادە یانی عورف و عادەت. بۆنموونە ئەگەر لە جێگایەک عورف و عادەتی ئیسلامی باو و باڵادەست بێت، ڕیش و عەمامە و حیجاب و پەچە و عابا دەبێت بە عادەت، چەندژنە و لێدان و سوکایەتی بەژنان دەبێت بە عادەت، لێدان و چاوسوورکردنەوە لە منداڵ دەبێتە بەشێک لە پەروەردە. لە جێگایەکیشدا نەریتی کۆمۆنیستی باوبێت، جلوبەرگ و سیمایەکی مۆدێرن، یەکسانی و ڕێزگرتن لە ژنان و مافەکانیان دەبێتە عادەت و ئەگەر کەسێک دەست لە ژن بەرزکاتەوە لە هەموو لایەکەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە، چەندژنە دەبێتە نەریتێکی نەفرەت لێکراو، ڕێزگرتن لە منداڵان و قەدەغەی هەرجۆرە لێدان و چاوسوورکردنەوەیەک دەبێتە عادەت، لەسەر بناغەی "لەپێشدا منداڵان" ڕەفتار لەگەڵ منداڵ دەکرێت... هەر بەم جۆرەش لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و خەبات و تەحەزوب و... دەکرێت نەریتە جیاوازەکان باس بکرێن. نەریتی کۆمۆنیستی وەکو هەر بوارێکی تری کۆمۆنیزم چەقبەستوو و نەگۆڕ نیە، بەڵکو پێبەپێی

چوونەپێشی ڕەوتی مێژوو ئەوانیش گەشە دەکەن. بۆنموونە ئەگەر نەریتی کۆمۆنیستی لە بواری تەحەزوبدا باس بکەین، ئەوە ئەم نەریتە لە سەردەمی مارکس و ئەنگلسدا زۆر سەرەتایی و کەم تەجروبە و ساوا بوو، نموونەگەلێکی زۆر سادەی بەدەستەوە داوە کە لە "کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان" و ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمدا بەرجەستە بووە. لەسەردەمی لینیندا زۆر هەنگاوی بۆ پێشەوە هەڵگرتوە، حزبی سیاسی تۆکمە کە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە شۆڕشگێرانی پیشەیی دامەزراوە و زەبت و ڕەبتێکی زۆر تۆکمەتری بووە. لە ئێستاشدا ئێمە دیدێکی چەقبەستوومان نیە بۆ تەحەزوب کە بریتی بێت لە دوپاتکردنەوەی دەقاودەقی تەجروبە و نەریتەکانی مارکس و لینین، بەڵکو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزمونەکان دیدێکی سەردەمییانەمان بۆ تەحەزوبی کۆمۆنیستی هەیە. لە نەریتی تەحەزوبی ئێمەدا بڕبڕەپشتی حزب و حزبییەت کادرە، کادران و ڕابەری پارێزگاری لە بونیەی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی حزب دەکەن و بەرەوپێشچوونی زامن دەکەن. بنەما ڕێکخراوەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە تەنها لایەنێکی زۆر بەرتەسکی تەحەزوبە، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی سەردەمی مارکس و لینین، جیاوازییەکی زۆری هەیە.

ئەوانەی باسم کرد نموونەگەلێک بوون دەربارەی نەریت. بەڵام ئەوەی تۆ لەژێرناوی نەریتپارێزی باست کردوە و وەکو پێداگری لەسەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس مانات کردووە مەسەلەیەکی ترە. لەم بوارەشدا باسی ک.ک باسی پێداگریی یەکلایەنە لەسەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس نیە. بەڵکو بە هەمان جیهانبینی و دیدگای مارکس و ڕوانگە ڕەخنەگرانەکانی لە سیستەمی سەرمایەداری، وەڵامێکی سەردەمییانەی بە پرس و مەسەلە و کێشەکانی سەردەم داوەتەوە. تەنانەت گەشەی پێداوە و دەرسی تازەی خستوەتە سەر گەنجینەی مارکسیزم. بۆنموونە لەڕوانگەی مانیفێستەوە "دنیایەکی باشتر"ی گەڵاڵە کردووە. بەڵام بێگومان ئەمە بە مانای فەرامۆش کردنی جیهانبینی و میسۆد و دیدگای مارکس نیە، بەڵکو مانای بەدەستەوەگرتنی ئەوانەیە بۆ وەڵامێکی سەردەمییانە بە مەسەلەکانی ئەمڕۆ. ئەمەش بەمانای پیرۆزکردنی مارکس و تیئۆرییەکانی مارکس نیە، تەنانەت مەسەلەکە ئەوەش نیە کە وەکو تۆ دەڵێی "بۆ دەبێ هەرچی مارکس وتویێتی هەر ئەوە ڕاست بێت"، بەبێ بەڵگە و لێکدانەوەی مەنتقی و زانستی، بڵێین هەرچی مارکس و ئەنگلس و لینین و حیکەمت وتویانە ڕاستە و جێگای جەدەل نیە. ئەم بزووتنەوە و نەریتەی ئێمە لە دەیان باس و لێکدانەوەی بەڵگەدار و ڕۆشندا نیشانی داوە و سەلماندویەتی کە مارکس و ڤێرژنی ئەرسەدۆکسی مارکسیزم لەسەر حەقە. نیشانیداوە کە ڤێرژنە دەسکاری کراوەکانی مارکسیزم و ئەوانەی کە تیئۆری مارکسیان تەحریف کردووە، بزووتنەوەی جۆراوجۆری

## ڕێبوار ئەحمەد

بۆرژوازی بوون و بۆ ئامانجگەلێک کەڵکیان لە ناو و ئیعتباری مارکس و کۆمۆنیزم وەرگرتوە کە هیچ پەیوەندیی بە ڕزگاریی چینی کرێکار و بەشەرییەتەوە نەبووە و نیە. ئەم باسە لەبەرامبەر ئەوەدایە کە بەتایبەت لە دوای شکستی شۆڕش و حکومەتی کرێکاری لە ڕوسیا، دەیان و سەدان حزب و بزووتنەوە و مەکاتب و... بە ناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە پەیدا بوون و بەناوی ئەوەی مارکسیزم لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەگونجێنن، مارکسیزمیان لە ناوەڕۆکی خۆی داتەکاندووە. مارکسیزمیان کرد بە ئاڵای بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمان، کردیان بە بزووتنەوەی پەرەپێدانی ئابووری و دامەزراندنی پیشەسازیی بەهێز، کردیان بە بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە ئیمپریالیزم، کردیان بە ئاڵای سەرمایەداری دەوڵەتی و... جۆرەها بزووتنەوەی دیکە کە هیچ پەیوەندییان بە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکارەوە نیە بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی و ستەمی سەرمایە. سەرئەنجام لە هەموو ئەو تەجروبانەدا دوای سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانە، سەرمایەداری بە هەموو ستەم و خوێنمژییەکی لە جێگای خۆی مایەوە. ستەمی جۆراوجۆری ناوکۆمەڵگا، نایەکسانی و هەڵاواردن، تەنانەت سەرکوت و داپڵۆسین بەردەوامی پەیداکرد. لەسەر ئەم بناغەیە بزووتنەوە و نەریتی ک.ک بە باس و لێکدانەوەی تیئۆری و بەڵگەدار نیشانیداوە کە دروست وەکو ئەوەی مارکس وتویەتی جگە لە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری چینی کرێکار لەدەوری ئاسۆی سۆسیالیزم بۆ سازدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هیچ ڕێگایەکی تر بۆ ئازادی بەشەر لە ئارادا نیە. ک.ک نیشانیداوە چ ئەوانەی ڕاشکاوانە بەناوی ڕیڤیژینیزم و چ ئەوانەی بە ناڕاشکاوانە و بەناوی گونجاندنی مارکسیزم لەگەڵ سەردەم و لەگەڵ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، مارکسیزم و کۆمۆنیزمیان کردووە بە ئاڵای بزووتنەوە و ئامانجگەلی جیاواز لە شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیزم، پووچن و هیچ حەقانییەتێکیان نیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسی ک.ک تەنها پێداگریی یەکلایەنە نیە لەسەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس. هەروەها بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە لەبەرامبەر دەیان و سەدان مەسەلەی دنیای هاوچەرخدا هەر قسەکانی ١٧٠ ساڵ پێش ئێستای مارکس دووپات بکرێنەوە. ک.ک ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بۆنموونە مانیفێست هەروەکو خودی مارکس دەڵێ لە زۆر ڕووەوە کۆن بووە و ئیتر وەڵامدەرەوەی مەسەلە و هەلومەرجەکانی ئەم سەردەمە نیە. لەوانە ئەو شێوە سۆسیالیزمە ناکرێکارییانەی لەوێ باسکراون و ڕەخنەیان لێ گیراوە، ئیتر ڕەوتی مێژوو ئەوانەی تێپەڕاندووە. ئێستا چەندین جۆری سۆسیالیزم و تەنانەت کۆمۆنیزمی ناکرێکاری دیکە پەیدابوون کە ک.ک دیاریی کردوون و لە هەمان ڕوانگەی مانیفێستەوە ڕەخنەی لێ گرتوون. نەک هەر ئەمە بەڵکو بە هەمان میتۆد و

مەبادئی مارکس و لە درێژەی ئەو نەریتەدا وەڵامێکی سەردەمیانەی بە زۆرێک لە مەسەلەکانی دنیای هاوچەرخ داوەتەوە. دەکرێت ئەدەبییاتی ئەم بزووتنەوەیە بخوێنرێتەوە و قەزاوەتی لەسەر بکرێت. هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشم کە بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانین و ئایدیاکانی مارکس، پێویستە ڕاستەوخۆ لە خوێندنەوەی خودی مارکسەوە دەستپێکرێ نەک لە کەسانێکی تر کە لەم سەردەمەدا یاخود لەسەردەمی خۆیدا، خۆیان بە مارکسی یان لایەنگر لە ئەو و تیۆرییەکانی ناساندووە. من پێشنیاری کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی (لانی کەم ٨٠-٩٠ لاپەرەی پێشەکییەکەی دەربارەی فیورباخ و بەرامبەرکێی ماتریالیزم و ئایدیالیزم) و مانیفیست دەکەم بۆ تێگەیشتن لە میسۆد و مەنهەجی مارکس. هەروەها ئەگەر بتەوێ تصویرێکی هەمەگیر لە ک.ک وەرگری، پێشنیار دەکەم بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری-سمیناری دووەمی منصور حیکمەت لەساڵی ٢٠٠٠، هەروەها خەباتی چینایەتی و ئەحزابی سیاسی و بەرنامەی دنیایەکی باشتر بخوێنرێتەوە. هەرگیز نابێ هەوڵبدرێ ئەمانە لە زمانی کەسانی ترەوە بناسرێن و قەزاوەتیان لەسەر بکرێ.

دەربارەی ئەوەی کە ئاماژەت بە دەسکەوتی بزووتنەوە و ئەزمونەکانی تر کردووە، بێگومان لەگەڵ ئەوەی کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریی چینی کرێکارە، نرخ بۆ هەموو بزووتنەوە و خەباتێکی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازانە و تێکۆشان بۆ بچوکترین ڕیفۆرم دادەنێت. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی یان جەماوەری، توانیبێتی ڕۆڵێک بە قازانجی ئازادی و بوژاندنەوەی ئیرادەی بەشەرییەتی چەوساوە یان توێژێکی کۆمەڵایەتی بگێڕێت... کۆمۆنیزم پشتیوانی کردووە و دەیکات. وەکو نموونە شۆڕشی میسر و تونس و جەنگی مقاوەمەتی کۆبانی دژی تیرۆریزمی داعش... تەنانەت لە کوردستانیشدا حزبی ئێمە لەسەر هەر مەسەلەیەکی تایبەتی کە بچوکترین خێری بۆ کۆمەڵگا و بۆ خەڵکی کرێکار و ستەمدیدە هەبێت، ئامادەی کاری هاوبەشە لەگەڵ حزب و لایەنی سیاسی دیکە، بۆ نموونە لەسەر مەسەلەکانی وەکو؛ وەستانەوە دژی تیرۆریزم، بەرگری لە ئازادی سیاسی، مەسەلەی ژنان،... چاوگێڕانێک بەسەر مێژوو و ئەدەبیاتی ک.ک و حزبدا، دەتوانێت کۆمەک بە ڕۆشن بوونەوەی ئەو لایەنە بکات.

## خەبات بۆ ڕیفۆرم

ک.ک ڕەخنەیەکی قووڵی لە ڕیفۆرمیزم هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆی نەریت و بزووتنەوەیەکی پەیگیرە لەپێناو بچوکترین ڕیفۆرمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. ڕەخنەی ک.ک لە ڕیفۆرمیزم لەوێوەیە کە چاکسازی ببێتە ئاسۆ و ببێتە بەدیلی ئاڵوگۆڕی

شۆڕشگێڕانەی نیزامی سەرمایەداری. ئێمە ڕیفۆرمیزم بە بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی دەزانین بۆ لە قاڵبدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی چینی کرێکار. ک.ک هەر لەو کاتەدا کە ئاڵای شۆڕشی سۆسیالیستی بەرزدەکاتەوە هاوکات خەبات بۆ بچوکترین ڕیفۆرم لە هەر بوارێکدا بێت بە مەیدانێکی گەرمی خەباتی خۆی دەزانێ. ئێمە ڕیفۆرممان دەوێت بەڵام ئەو ڕەوتەی کە لەبەردەرگای بۆرژوای دەستی پان کردوەتەوە بۆ وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیاز بە مەرجی ئەوەی دەست بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم سیستەمە نەبرێت، بە ئاسۆیەکی بۆرژوازی دەزانین بۆ جڵەوکردنی خەباتی دژی سەرمایەداریی چینی کرێکار. لە ڕاستیدا پێداگریی توندی ک.ک لەسەر خەبات بۆ بچوکترین ڕیفۆرم، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە و یەکێکە لە جیاوازییەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمە بۆرژوازییەکان. ئەگەر بەناوی ک.ک قسەیەکی تر کرابێت، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ک.ک نیە.

## دیموکراسی و ئازادی

دەربارەی دیموکراسی، ڕەخنەی ئێمە لە دیموکراسی لەوێوە نیە کە بۆنموونە دژی هەڵبژاردن یان ئەو مافانە بین کە لە نموونەییترین سیستەمی دیموکراسیدا دەستەبەر دەبن، بەڵکو باسی ئێمە ئەوەیە کە دیموکراسی زۆر زۆر کەمە لەچاو ئەوەی بە شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمەی دەزانین. باسی ئێمە ئەوەیە کە دیموکراسی لێکدانەوەیەکی بۆرژوازی و ڕوانگەیەکی زۆر بەرتەسکە بۆ ئازادی. ک.ک کە پێداگریی توند لەسەر ئازادییەکی تەواو و کەماڵ دەکات، ئیتر پێویستیی بەوە نیە پەیوەست بێت بە ڕوانگە و بزووتنەوەیەکی بەرتەسکترەوە بۆ ئازادی. ئێمە لە ڕوانگەی ئازادیی هەمەلایەنەوە ڕەخنەمان لە دیموکراسی هەیە. کە دەڵێین سۆسیالیزم پێویستی بە دیموکراتیزە کردن نیە، مەبەستمان ئەوەیە سۆسیالیزم کە ئازادیی هەمەلایەنە دەستەبەر دەکات ئیتر پێویستی بەوە نیە بە شتێکی کەمتر لە ئازادی (دیموکراسی) موتوربە بکرێت. بۆرژوازی وا نیشان دەدات کە گوایە ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزم بۆ دیموکراسی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە، بەڵام ئەمە چەواشەکارییەکی گەورەیە. دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری بەدیلی کۆمۆنیزمە لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازیدا، ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزم بۆ دیموکراسی، ئازادییە. باسی ئێمە ئەوەیە کە ئەو ماف و ئازادییانەی دیموکراسی دەیدات زۆر ڕواڵەتی و پووچترە لەوەی بوار بە دەخاڵەتی خەڵک بدات لە دەسەڵات و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا. بۆنموونە چوارساڵ جارێک مافی ئەوە دەدات بە خەڵک بێن و لەڕۆژێکدا لەنێوان دیموکرات و کۆماریخوازەکانی ئەمریکادا دەنگ بدەن بەلایەکیان بۆ ئەوەی چوارساڵ حوکمڕانی بکەن بەسەر خەڵکدا و ئەو پرۆژە و بەرنامانە پیادە بکەن

کە ژیانی خەڵکی لە مەحرومییەتدا لە قاڵبداوە. ئەوە بیست دەورەیە ئەم یاری دیموکراسییە لە ئەمریکادا لە ئارادایە، بیست سەرۆک گۆڕا و بیست کابینە هات و چوو، چی لە دۆخی ژیانی خەڵک گۆڕیوە؟! لە وڵاتانی ئەوروپاش هەر بەوجۆرەیە. لە سایەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا ئازادییەکی یەکجار زۆرتر لەوەی لە سایەی دیموکراسی بۆرژوازیدا هەیە، لە هەموو بوارێکدا فەراهەم و دەستەبەر دەبێت. لە بواری حاکمییەتیشدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەجیاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی چوارساڵ جارێک، لەسەر بناغەی سیستەمی شورایی بوار دەڕەخسێنێ بۆئەوەی جەماوەری خەڵک بەشێوەی بەردەوام و ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت، هەم لە داڕشتنی یاساکان و هەم لە بەڕێوەبردنی یاساکاندا.

## حیکمەت و شەڕی ئەفغانستان

دەڵێی حیکمەت هەڵوێستێکی زۆر جەنگخوازانەی هەبوو. بە بڕوای من هەڵە تێگەیشتنێک هەیە لەم بارەیەوە. چونکە یەکەم؛ لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە "ڕوخاندنی تاڵیبان لەلایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خۆی لەخۆیدا مەحکوم نیە. شەڕ ڕاگەیاندنی هیچ کەسێک، تەنانەت ئەمریکا و غەربیش لەدژی تاڵیبان ناکرێ مەحکوم بکرێت" بە جەنگخوازی نادروستە. دەسەڵاتی تاڵیبان دەسەڵاتی تاقمێکی چەقۆکێش و خوێنڕێژ بوو کە چەقۆی دەهێنا بە ملی سەرەتاییترین ماف و ئازادیی مەدەنیدا، هیچ ئاسەوارێکی مەدەنییەتی لەو کۆمەڵگایەدا بەپێوە نەهێشتبوو، ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئەم چەتانە لەلایەن هەر هێزێکەوە بێت بۆچی دەبێ مەحکوم بکرێت؟! جەختی حیکمەت لەسەر "خۆی لەخۆیدا" زۆر مانابەخشە! ئەمە واتە ئەگەر جەنگێک <u>بە تەنها یان بەتایبەت یان بە دیاریکراوی بۆ لێدان و ڕوخاندنی تاڵیبان بێت مەحکوم نیە.</u> دووەم؛ ئەو ڕستەیەی سەرەوە بە نیوەناچڵ ماوەتەوە، بۆیە هەڵوێست و لێکدانەوەی تەواوی حیکمەت لەسەر شەڕی ئەفغانستان بەیان ناکات، تەنها دەربارەی گۆشەیەکی ئەو مەسەلەیەیە. بۆ نیشاندانی هەڵوێستی تەواوی حیکمەت دەبێ سەرنج بدەینە تەواوکەری ئەو ڕستەیە. لە کۆتابەشی باسی "دنیا دوای ١١ی سەپتەمبەر" کە دەربارەی شەڕی ئەفغانستانە دەڵێ "شەڕ ڕاگەیاندنی هیچ کەس، تەنانەت ئەمریکا و غەربیش لەدژی تاڵیبان، ناتوانرێت مەحکوم بکرێت. تاڵیبان دەبێ بڕوات و سەرئەنجامیش هەر دەبێ بە ڕێگای زۆر و کردەوەی سەربازی بڕوات. دوژمنایەتی غەرب لەگەڵ تاڵیبان باشترە لە دۆستایەتی تا ئێستایان لەگەڵیدا. کەس ڕێگا لە هەڵپێچانی ئینسانکوژانێک ناگرێت کە خودی غەرب هێناونیە سەرکار. <u>بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان جەنگ و تیرۆر. کردەوەکانی ئەمریکا و ئینگلستان لە ئەفغانستان تیرۆرستییە. بۆردومانی شارەکان و ناوچەکانی نیشەجێبوونی خەڵکی ئەفغانستان دەبێ بەتوندی مەحکوم بکرێت و کۆتایی پێبێت.</u>" هێڵی تەکیدەکە من

کێشاوەمە.

## مەرجەکانی بوون بە کۆمۆنیزمی کرێکاری

دەربارەی ئەوەی کەسێک ببێت بە ک.ک، باسی ئەوەت کردووە کە نابێ دژایەتی کردنی ئاین و ناسیۆنالیزم بکرێت بە مەرج. نازانم مەبەستت لە بوون بە ک.ک چیە؟ ئەگەر مەبەستت ئەندام بوونە لە حزب، ئەوە حزبی ئێمە ئیمتحان و تەحقیقی ئایدۆلۆجی لە هیچ کەس ناکات کە بیەوێ ببێ بە ئەندام. مەرجی ئەندامەتی هەر ئەوەیە کە خۆی لە ئامانجەکانی حزب بە هاوبەش بزانێ و ئامادەبێت بەوجۆرەی دەتوانێ و خۆی دیاری دەکات، کارێک بۆ حزب بکات و فۆرمی ئەندامێتی پڕبکاتەوە. بێگومان کاتێک کە دەبێت بە ئەندام دەبێ ئابوونەی ئەندامەتیش بدات. ئیتر لە هیچ کەس پرسیاری ئەوە ناکرێت کە هەڵوێستی لەسەر ئاین و ناسیۆنالیزم و فیمینیزم و دیموکراسی و... هیچ شتێکی تر چیە و چی نیە. هیچ پشکنینێک بۆ بیروباوەڕی ناکرێت. من وەکو ڕای خۆم ئەوە بە ناکۆکی دەزانم کە کەسێک هەم ئەندامی حزبی ئێمە بێت و هەم ئەهلی مزگەوت و شایی و لۆغانی قەومپەرستی و ناسیۆنالیزم بێت. بەڵام ئەمە وەکو ناکۆکییەک لە ژیان و باوەڕەکانی ئەوکەسە خۆیدایە و خۆی ئازادە لەوەی چۆنی چارەسەر دەکات.

## "تائیفەگەری" و فیرقەگەری

ئەوەی تۆ بە ناونیشانی تائیفەگەری باست کردوە؛ لەوەدا کە زەقکردنەوەی ناکۆکییەکان و پارچەپارچە بوون بوەتە نەریتێکی چەپ بە گشتی و "ک.ک لەمەدا بێ بەش نیە" من بە تەواوی هاوڕام لەگەڵت، بەڵام لە نموونەکانتدا جیاوازیمان هەیە. بەڵێ ئەمە نەریتێکی چەپی فیرقەیی و ناکۆمەڵایەتییە و بەداخەوە هێشتا ک.ک (مەبەستم ئەو بزووتنەوە و ئەحزابەیە کە لەژێر ناونیشانی ک.ک کاردەکەن) نەیتوانیوە بە عەمەلی دەست و پێی خۆی لەم نەریتە ڕزگار بکات. لە ڕووی تیئورییەوە ک.ک پێداگری لەسەر دامەزراندنی حزبی سیاسی یەکپارچە دەکات، بوونی بۆچوونی جیاواز لەناو حزبی سیاسیدا بە دیاردەیەکی ئاسایی و چارەهەڵنەگر و تەنانەت پۆزەتیفیش دەزانێ، کە کۆمەک دەکات بە چوونەپێشەوە و خاراوبوونی سیاسی و فکری و عەمەلیی حزب. بە مەرجێک هەموو بۆچوون و خەتەکانی ناو ئەو حزبە سیاسییە سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری بن، نەک بزووتنەوەگەلی جیاواز.

بەڕای من ئەو پارچەپارچە بوونەی لە ڕیزی حزبەکانی ک.ک دا ڕوویاندا هەتا بڵێی بێمانا بوون. لەگەڵ ئەوەی کە بەڕای من ئێستا ئەو ڕەوتانە زۆر لێک دوور کەوتوونەوە، بەڵام

## وەڵام بە هاوڕێیەک، ..

لەکاتی خۆیدا هیچ زەرورەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی نەبوو بۆ جیابوونەوەکان. ئەوەی کە ڕوویدا ئاکامی مانەوەی ئاسەواری چەپی فیرقەیی غەیرەکریکاری بوو لەو حزبانەدا. چەپێک کە حیکمەت بەشێکی زۆر لە ژیانی سیاسی خۆی بۆ خۆجیاکردنەوە لەو تەرخان کرد. حیکمەتیزم نەک هەر لایەنگری ئەو ڕوانگە سیکتییە نیە کە تۆ بە "حزب دەبوایە یەکپارچە، هاوڕەنگ، یەکجۆر و لێکچوو بێت" گوزارشت لێکردووە، بەڵکو بوونی بۆچوونی جیاواز لە حزبی سیاسیدا بە دیاردەیەکی بەتەواوی سروشتی و ئاسایی و مایەی بەرەوپێشچوون دەزانێت. لە تەحەزوبی کۆمۆنیستیدا بۆیە ئەو یاسایە پەیڕەو دەکرێت کە هەر سیاسەت و بڕیارێک بە دەنگی زۆرینە دەبڕدرێتەوە، چونکە ئەوە بە فەرز گیراوە کە جیاوازی و ناکۆکی لەسەر هەر مەسەلەیەک دێتە ئاراوە. بەداخەوە ئەم ڕوانگەیە بە تایبەت لە ک.ک لە ئێراندا سەرنەکەوت. تا ئەم نەریتە فیرقەییە لە ڕیشە دەرنەکێشرێت بەردەوام هەڕەشە لە یەکپارچەیی حزبەکانی ک.ک دەکات.

بەلام نموونەیەک کە تۆ ئاماژت پێکردوە "هاتنەدەرەوەی ڕەوتی ک.ک لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حزبەدا"، شتێکی جیاوازە. بۆ کاتی خۆی ئەگەر هەر سەختییەک لەئارادا بووبێ بۆ تێگەیشتن لە دروستیی ئەو ڕێگایە کە ک.ک هەڵیبژارد، ئێستا ئیتر دوای تێپەڕینی نزیکەی سی ساڵ سەخت نیە. ئەو بەشەی کە مانەوە و خۆیان وەکو کۆمۆنیست هەڵدەخست و سەرزەنشتی حیکمەتیان دەکرد لەسەر ئەوەی کە پێویست نەبوو لە حزب بڕۆنە دەرەوە، دوای چوونە دەرەوەی مەیلی ک.ک خۆیان بوون بە ٥-٦ بەشەوە، ڕەوتی ئەوتۆیان تیا پەیدابوو کە جگە لە باندی فالانژ و قەومپەرست هیچ ناوێکی تر نیە بتوانێ گوزارشیان لێ بکات. چەند ڕەوتیان لێ پەیدا بووە کە سەرتاپا دژی کۆمۆنیستین. بیهێننە بەرچاوتان ڕەوتی موهتەدی هێزی چەکداری ئاسایشی یەکێتییان بردە سەر کۆنگرەی کۆمەڵە و بە زەبری چەک فشاریان خستەسەر هاوڕێ حزبیەکانی خۆیان بۆئەوەی نیوەی کۆمیتەی ناوەندی بدەن بە باڵەکەی ئەوان. لەوەش زیاتر بەرنامەی ئەوەیان دانابوو کە ڕەوتی عەلیزادە کۆمەڵکوژ بکەن، بە ڕێکەوت پلانەکەیان ئاشکرا و پووچەڵ بووەوە. ئێستا ئەمانە هەمووان خانەوادەی یەک بزووتنەوەن کە خۆیان ناویان ناوە "بزووتنەوەی کوردستان" و لەسایەی دەسەلاتی حزبی ئامۆزایان "یەکێتی نیشتمانی" و تاڵەبانی براگەورەیان ئەم جۆرە لەگەڵ یەک دەکەن، ئاخۆ ئەگەر ڕەوتی ک.ک لەو حزبەدا بمایەتەوە و بۆنموونە لە کۆنگرەی چواردا کە بڕیاربوو سەرکەوتنی مەیلی ک.ک تیادا ڕابگەیەنرێت، ئەم باندانە چ پلانێکیان لەدژی دەگێڕا. بەڕاستی ئەوە بڕیارێکی دروست و زۆر حەکیمانە بوو کە حیکمەت هەڵیبژارد و ئەو حزبەی بە هەموو ئیمکاناتیەوە بەجێهێشت، بەم جۆرە لانی کەم ڕێگای گرت لەوەی دنیا شایەتی ئەوە بێت باڵەکانی حزبێکی

## ڕێبوار ئەحمەد

کۆمۆنیست لەسەر ناوی حزب و ئیمکانیات و پۆستە حزبییەکان چەک لەیەکتری ڕاکێشن. باڵی ناسیۆنالیستی کورد بەکردەوە نیشانیدا کە ئامادەیی ئەوەی تیابوو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان دەست بۆ چەک بەرێت. ئەمەش لە ناوچەیەکدا کە بە ئەحزابی چەکدار تەنرابوو، چەندین حزبی چەکداری ناسیۆنالیستیی کورد تەراتێنیان تیا دەکرد، ئەگەری گەورەی ئەوە لەئارادا بوو کە ناکۆکییە سیاسییەکان بگەنە ئاستی بەرامبەرکێی چەکداری و خوێنڕشتن. ک.ک بەنرخی دەستهەڵگرتن لە ناوی حزب و وازهێنان لەو هەموو ئیمکانیاتەی کە خۆی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە پەیداکردنیدا، بەری ئەم ئەگەرەی گرت. هەڵبەت جیاواز لەمە بنەمای بڕیارەکەی مەیلی ک.ک سیاسی و مەبدەئی بوو. بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی باسەکەمان لانەدەم، لەوە زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە ناڕۆم.

## دژ یان جیاوازی

لەبارەی ئەوەی کە پێتوایە ک.ک بەشێوەیەکی نادروست و لەڕادەبەدەر دژایەتی هەموو بزووتنەوە و نەریت و مەکاتبە فکرییەکانی تر دەکات، لیستێکی درێژ لە ڕەوت و بزووتنەوە و مەکتەبی فکری و مەیلی جیاجیات ناوبردووە و دەڵێ ک.ک دژی هەموویانە (سۆسیالیزمی "غەیرە کرێکاری"، ئورۆکۆمۆنیزم، ماویزم، سۆسیالیزمی سۆڤیەتی، ڕیڤیژینیزم، سۆسیال دیموکراسی، ترۆتسکیزم، ئەنارکیزم، کۆمۆنیزمی چەپ، ئەنارکۆسەندیکالیزم، چەپی نوێ، پۆپۆلیزمی ئەمریکای لاتینی، دیموکراسی، ناسیونالیزم، ڕیفۆرمیزم، مارکسیزمی غەربی، و هتد.) لە پێش هەموو شتێکدا دەمەوێ بڵێم ئەمانەی کە ناوی جیاجیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، نیشانەی ئەوەیە کە خۆیان دیاردەی لەیەک جیاوازن، واتە خۆیان پێش ئەوەی ئێمە هیچیان لەبارەوە بڵێین بە شێوەی واقعی لە یەکتر جیاوازن. جا هەرچۆن ئەوان هەموویان لەگەڵ یەکتری جیاوازن، ک.ک یش بزووتنەوە و نەریتێکی جیاوازە لەگەڵ ئەوانە. بەڵام بەکاربردنی دەستەواژەی "دژ" بۆ هەڵوێستی ک.ک بەرامبەر سەرجەمی ئەوانە بە هیچ جۆرێک گونجاو و دروست نیە. ک.ک باسی جیاوازیی خۆی دەکات لەگەڵ ئەو ڕەوت و مەکاتب و نەریتانە نەک "دژ" بوون. تەنانەت ڕەنگە لە زۆربواردا لەگەڵ هەندێک لەوانە ئامادەی هاوکاری و لە مەواردی تایبەتدا کاری هاوبەش بێت. بە کردەوەش بۆنموونە لە بزووتنەوەی دژی شەڕی ئەمریکا و هێرشکردنە سەر عێراق کاری هاوبەشمان لەگەڵ هەندێک لەوانە کردووە. هەروەها هەر ڕەوتێک لەمانە هەر دەسکەوتێکی بۆ بەشەرییەت بووبێ، هەر لە قەڵاچۆی نەخوێندەوارییەوە کە تۆ باست کردووە تا بیمەی تەندروستی، ئێمە ئەو دەسکەوتە دەنرخێنین. لەم بارەیەوە سەرنج ڕادەکێشم بۆ خوێندنەوەی وتارێکم کە بەبۆنەی مەرگی فیدڵ کاسترۆ نوسیومە، وەکو نموونەیەک لەو بابەتەی کە نرخی

دەسکەوتەکانی هەر بزووتنەوەیەک بۆ مرۆڤایەتی دەزانین. لە ڕوانگەی ئێمەوە هەندێک لەو بزووتنەوانە ڕەنگە لایەنی پۆزەتیڤیشی هەبێت، بۆنموونە بزووتنەوەی دژی ئەمپریالیستی، خودی خەباتەکەی لە دژی ئیمپریالیزم پۆزەتیڤە، من ڕێزێکی زۆر بۆ گیڤارا دادەنێم وەکو سیمبولێکی نەریتی دژی ئەمپریالیستی و بەتایبەتی وەستانەوە بەرامبەر ملهوڕیی ئەمریکا، بەڵام بە کۆمۆنیستی نازانم. ئێمە کە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەترمان لە گشت کەپیتالیزم هەیە، ڕەخنە و ڕوانگەی ئەوان بە بەرتەسک و ڕێڕەوی خەباتیان بە هەڵدێر دەزانین. ئەوان کاتێک لە ڕوانگەی دژی ئیمپریالیستییەوە چاو لە جیهان و کێشمەکێش و ڕووداوەکان دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە بۆنموونە لە شەڕی نێوان بزووتنەوە ئیسلامییەکان و ئەمپریالیزمی ئەمریکادا، پشتیوانی لە بەرەی ئیسلام و تەنانەت تیرۆریزمی ئیسلامی دەکەن.

بەهەرحاڵ باسی ئێمە لەسەر ئەو نەریت و ڕەوت و مەکتەبە فکرییانە (جگە لە ناسۆنالیزم) باسی جیاوازییەکانمانە، باسی ئەوەیە کە ئێمە ڕەخنەی ئەوان لە جیهانی هاوچەرخ و کەپیتاڵیزم بە ڕەخنەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار نازانین، باسی ئەوەیە کە ئەوان خاوەن ڕێگایەکی واقعی و ئەڵتەرناتیڤێک نین بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. با وەکو نموونەیەک باسی حزبی شیوعی عێراق بکەین. دروشمی ستراتیژیی ئەو حزبە "نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار"ە، با ئەوە لەولاوە بوەستێ کە "نیشتمانی ئازاد" زەمانەتی "بەختیاری گەل" ناکات، کەم نین ئەو "گەلانە"ی نیشتمانەکەیان ئازادە بەڵام خۆیان هیچ بەختەوەرییەکیان نیە. بەڵام ئێمە دەڵێین ئەمە هیچ پەیوەندی بەو بزووتنەوە کرێکاری و کۆمۆنیستییەوە نیە کە بۆ "هەڵوەشانەوەی نیزامی کاری بەکرێ و موڵکداریی تایبەتی" تێدەکۆشێ.

لە ڕوانگەی ک.ک وەوە ئەمانە بزووتنەوەگەلی ناکرێکارین کە ناوی کۆمۆنیزم و مارکسیزمیان لەسەر خۆیان داناوە. بۆنموونە بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی، بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی، بزووتنەوەی دیموکراسی، بزووتنەوەی گەشەپێدانی ئابووری سەرمایەداری، بزووتنەوەی کۆتاییهێنان بە وابەستەیی و... ئەمانە با ناوی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان لەسەر خۆیان دانابێت، بەڵام بەشێک نین لە بزووتنەوەی ڕوخاندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزم.

لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە دنیا مەیدانی بەرامبەرکێی مەکتەب و دیدگا فکرییەکان نیە لەسەر ئایدیاکان بۆنموونە؛ دیموکراسی یان سۆسیالیزم یان ئازادی یان..و...، بەڵکو مەیدانی بەرامبەرکێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. هیچ لایەن و بزووتنەوەیەک لەسەر بناغەی ئەوە هەڵناسەنگێندرێت کە خۆی لەبارەی خۆیەوە چی دەڵێ و چ ناوێکی لەسەر خۆی داناوە. لە دنیای واقعدا سەرکوتگەرترین دەوڵەت و حزبی سیاسی بەخۆی دەڵێ دیموکرات،

**ڕێبوار ئەحمەد**

بزووتنەوە و ڕەوتە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکان بە خۆیان دەڵێن ئازادیخواز یان سۆسیالیست. بەڵام دەبێ ئەوانە لەسەر بناغەی پراتیک و ڕۆڵی واقعییان هەڵسەنگێندرێن. ڕەخنەی ئێمە لە سۆسیالیزمە ناکرێکارییەکان ئەوەیە کە ئەوان لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا بۆ ئامانجی دیکە هەڵدەسووڕێن، ئەوەی ناویان ناوە سۆسیالیزم هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی نیە، بەڵکو ئامانجگەلی بۆرژوازییە لەبابەت کۆتاییهێنان بە وابەستەیی، گەشەپێدانی پیشەسازی و ئابووریی خۆماڵی، ڕزگاریی نیشتمان، دامەزراندنی دەوڵەتی بۆرژوازی خۆیی و...هتد.

**ئابی ٢٠١٩**

موحسن کەریم

# حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی

**ڕوونکردنەوە:**

ئەم باسەی بەردەستان بابەتی سیمینارێک بوو کە لایەن ڕادیۆی پێشەنگەوە بۆ من سازکرا سەبارەت بە حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری( دیدگای سۆشیالیستی) دا خراوەتە سەر شێوەی نوسین و دەسکاری پێویستی تێداکراوە.

بابەتی سیمینارەکە بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکیدا دابەشکرابوو:

١/ حزب وەکو ئەداتێکی سیاسی – ڕێکخراوەیی بەدەست چینەکانەوە لە ململانێی سیاسیدا، بایەخی چیە، بۆچی گرنگە؟ ئایا بەبێ حزب دەکرێ خەباتی سیاسی چینایەتی بەڕێبخرێ یان بە جێگەیەک بگات!؟ بۆچی هەموو چینە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا حزبی سیاسی خۆیان دروست دەکەن؟

٢/ بایەخی حزبی سیاسی بۆ چینی کرێکار.. حزبی سیاسی کۆمۆنیستی.... جێگای لە خەباتی چینایەتی کرێکاردا؟ حزب و مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی... حزب و شۆڕش... بۆچوونە نادروستەکان سەبارەت بە پێگەی حزب لە پرسی خەباتی چینایەتی و شۆڕشدا.... بۆچی بۆرژوازی هێرشی سەرەکی لەسەر حزبیەتی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە؟

٣/ حزبیەت و بنەماو پرەنیسپ و نەریتە ڕێکخراوەییە کۆمۆنیستیەکان و بایەخی لە خەباتی چینایەتی کرێکاردا. لە کێشمەکێش لەگەڵ چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتی بۆرژوازیدا؟ زەبت و ڕەبت و دیسپلینی ڕێکخراوەیی لە ژیانی ڕێکخراوەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا. ئازادی فەردی و کاری سیاسی- ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی... بنەماکانی کاری حزبی و بەرپرسیارێتی و شێوازی بڕیاردان و .□

**موحسین کەریم**

**ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**

هاوڕێیان و دۆستان ئەم کاتەتان باش. بابەتی سیمیناری ئەمڕۆمان حیزب و حیزبیەتی

کۆمۆنیستیە. لەم فرسەتەی کە هەمانە لەسەر بایەخی حیزب و حیزبیەتی کۆمۆنیستی قسە دەکەین. هەوڵ دەدەم ئەوەندەی بکرێت بەشێوەیەکی چڕوپڕ قسەکانم بگەیەنم . بۆ ئاسانکاری تێگەیشتن باسەکەم بەسەر چەند تەوەرەو بڕگەیەکدا دابەشکردووە.

## حزب وەکو ئەداتێکی سیاسی - ڕێکخراوەیی بەدەست چینەکانەوە لە ململانێی سیاسی و پرسی دەسەڵاتدا:

حیزب و حیزبیەتی کۆمۆنیستی مەسەلەیەکی زۆرگرنگە لەخەباتی چینایەتی کرێکارو لە مەسەلەی شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیدا. هەموو چینە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی بەدەسەڵاتی سیاسی بگەن، یان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، ئەحزابی سیاسی خۆیان دروست دەکەن. ئەگەر سەرنجی هەرشوێنێکی ئەم دنیایە بدەن، لەکاتێکدا پڕوپاگەندەیەکی زۆر لەدژی حیزبیەت و حیزب دەکرێ لەلایەن دەزگا ڕەسمی و نارەسمیەکانی بۆرژازیەوە، بەڵام هەموو هێزە بۆرژوازیەکان، ئەحزابیان هەیە. حکومەتەکانیان لەڕێگەی ئەحزابەکانیانەوە پێک ئەهێنن. حیزبەکانن کە زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست دەهێنن و حکومەت دروست دەکەن. بەمانایەکی تر لەهیچ شوێنێکی دنیا شتێکت دەست ناکەوێ کە دەسەڵاتێک هەبێت، حکومەتێک هەبێت، چینێک دەسەڵاتداربێت، بەڵام لەڕێگەی حیزبەوە نەبێت. هەموو چینەکان و بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانیان حزبە سیاسیەکانی خۆیان دروست دەکەن. پاشان لەڕێگای ئەو حزبانەوە هەوڵ دەدەن بچنە دەسەڵات و حکومەت و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دابمەزرێنن.

من لە سیمینارێکی تردا کە لەژێر ناوی (خەباتی چینایەتی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی)دا پێشکەشم کرد، باسی پەیوەندی نێوان ئەحزابی سیاسی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و خەباتی چینایەتیم کرد. دەتوانن گوێی لێبگرن لەسەر پەیجی ڕادیۆی پێشەنگ یان لە دیدگای سۆشیالیستی ژمارە(١٢) بڵاوبۆتەوە بەشێوەی نوسین. نامەوێ لێرەدا بەڵگەکان دووبارە بکەمەوە، بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ کە دووبارە ئاماژەی پێدەکەمەوە ئەوەیە کەهیچ چینێک و هیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی جدی ناتوانێ بەبێ حیزبی سیاسی بەدەسەڵات بگات. وەکو دەزانین پرسی سەرەکی چینەکان لە کۆمەڵگادا پرسی دەسەڵاتە.

سەیری دەوڵەتان و حکومەتە بۆرژواییەکان بکەن. لەهەر جێگایەکی دنیادا تاماشا دەکەیت، بۆرژوازی لەڕێگای حزبێک یان چەند حیزبی سیاسی دیاریکراوەوە هەژمونی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندوە، وە لەڕیگای ئەحزابی سیاسیەوە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن! بۆنمونە لە ئەمریکا دوو حیزبی سەرەکی ( حزبی کۆماری و حزبی دیموکرات) بۆ دەیان

## حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی

ساڵە دەستاو دەستی دەسەڵات ئەکەن لەنێوان خۆیاندا. لەبەریتانیا دەسەڵات چەندین ساڵە لەنێوان حیزبی کرێکاران و حیزبی پارێزەراندا دێتودەچێت! لە وولاتانی ئەسکەندناڤیا لەنێوان چەند حزبێکی سۆشیال دیموکرات و دیموکرات مەسیحی و سۆشیالیست و ڕاستڕەودا دەسەڵات دەستاودەست دەکات!

لە وولاتانی جیهانی سێیەم، بۆنمونە لە ئێران و عێراق و میسرو تورکیا و تونس و سودان و ... تاد. ئەحزابی سیاسی هەیەو بۆرژوازی لەرێگای ئەو حزبانەوە، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنیشی تیا نەکرێت، یان هەڵبژاردنی فەرمایشی تێدا ئەنجام بدرێ، دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات. سەیری کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن، دەسەڵاتێکی توتالیتاری و ڕەها، بەڵام حزبی کۆماری ئیسلامی هەیە، لە عێراقی سەردەمی بەعس، حزبی بەعس هەبوو، لە میسری سەردەمی حوسنی موبارەک، لە سودانی سەردەمی عومەر بەشیر.. تاد. هەموو حزبی سیاسی خۆیان هەبوو. بێجگە لە شێخنشینەکانی کەنداو و ڕەنگە چەند وولاتێکی دیکە کە بۆرژوازی لەرێگای حزبەوە دەسەڵاتی خۆی پیادە ناکات، لەهیچ شوێنێکی دنیا نیە کەدەسەڵات لەدەرەوەی ئەحزاب و بەدەر لە ئەحزاب بێت.

چینە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێگەی ئەحزابەوە دەسەڵات ئەگرن، لەڕێگەی ئەحزابەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگا ئەکەن، بەدیلە سیاسیەکانی خۆیان،بۆچوونە سیاسی و ئەولەویەتە سیاسی و ئابوریەکانیان دەخەنەڕوو و کۆمەڵایەتی دەکەنەوەو دەیکەنە بیروبۆچوونی خەڵک. ئەم باسەم بۆئەوەیە کە لەئێستادا هێرشێک بۆسەر حزبیەت هەیە، بەتایبەتی بۆسەر حزبیەتی کۆمۆنیستی هەیە لەلایەن ڕۆشنبیرانی بۆرژوازیەوە. ئەم پەتایە کوردستانیشی گرتۆتەوە. بگرە لەلایەن بەشێک لەوانەی خۆیان لەسەر کرێکارو کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم هەژمار دەکەن!

بۆرژوازی دەیان ئەحزابی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی و حیزبی کرێکاری و ئەوەی کە دەبێ کرێکاریش حیزبی سیاسی خۆی هەبێت، یەکسەر ئەڵێن نابێ، کرێکار حیزبی بۆچیە ؟ حیزب دیکتاتۆریەتە، حیزب سەرکوتگەرە، یان حیزب ئازادیی تاک پێشێل و تەنگەبەردەکاتەوە... تاد. بۆرژوازی لەپاڵ ئەحزابەکانیدا هەزارویەک شێوازی تری دەسەڵاتداریێتی هەیە. ئەو بەتەنها لەڕێگەی حیزبەکانیانەوە دەسەڵات ناگرێت، من پێشتر باسی ئەو نمونانەم کرد، لە ئەوروپا و ئەمریکا لە وولاتانی جیهانی سێهەم.. بەڵام هاوشانی ئەوانەش کۆمەڵێک دەزگای دیکەی دەسەڵاتداریێتی بەدەستەوەیە کە حوکم دەکات و ئیدارەی کۆمەڵگا دەکات. بۆرژوازی پەرلەمەنی هەیە، پۆلیسی هەیە، سوپا و دەزگاکانی سەرکوتی هەیە، دەزگاکانی پۆلیسی نهێنی هەیە، چەندین گروپ و میلیشیای ڕەسمی و ناڕەسمی هەیە. با ئەمریکا بە نمونە بهێنینەوە. لە ئەمریکا لەپاڵ { ئێف بی ئای - پۆلیسی

فیدراڵی} و { سی ئای ئەی } دا، لەپاڵ کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیران، لەپاڵ سوپایەکی دەیان هەزارکەسی و هەزاران جۆری چەکی پێشکەوتووی وێرانکەرو .. چەندین دەزگا و دامەزراوەی سیخوڕی جۆراوجۆری دیکەی هەیەو لە ئاستی دنیادا بڵاوی کردونەتەوە کە بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی( لۆس ئەنجلس تایمس) لەساڵی ٢٠١٥دا بودجەی ئەو دەزگایانە بریتی بووە لە نزیکەی ٦٧ ملیار دۆلار!(1)

وەکو باسم کرد بۆرژوازی حیزبی خۆی هەیە، دەسەڵاتی خۆی هەیە، سوپای خۆی هەیە و بێجگە لەوەش لەرێگای دەزگا سەرکوتگەرەکانیەوە سەرکوتی چینی کرێکارو بزوتنەوەو رێکخراوەکان و جموجوڵە کرێکاریەکان دەکات. بۆنمونە لەناو دڵی دیموکراسی رۆژاوادا، لە ئەمریکا، لە بەریتانیا، لە فەڕەنسا سەرکوتی خەڵکی ناڕازی دەکرێت. لە تازەترین خۆپیشاندانەکانی فەڕەنسادا کە بەهێلەک زەردەکان ناسراون، بینیتان چۆن پۆلیسی فەڕەنسا دڕندانە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا دەجولایەوە. چۆن مامەڵەی ئەوخەڵکەی ئەکرد کە تەنها بۆ مافی خۆیان هاتونەتە سەرجادە، بێئەوەی هیچ کارێکی توندوتیژئامێزیان ئەنجام دابێت. لە سودان، خەڵک خۆپیشاندان دەکەن لەدژی بێکاری و بێمافی ژنان و لە پێناو ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خۆیاندا، بەڵام چۆن ئەنجومەنی سەربازی میراتگری عومەر بەشیر و دوای ئەوەی گوایە عومەر بەشیریان لە دەسەڵات لاداوەو زیندانییان کردوە، دڕندانەو بەڕاستو چەپدا قەتڵوعامی خۆپیشاندەران و مانگرتوان دەکەن بۆئەوەی کۆتایی بە مانگرت و پەناگیریەکەیان بهێنن. بەپێی هەواڵەکان زیاتر لە١٠٦ کەس کوژراون، بێجگە لەوەی بەسەدان کەس بریندار بوون. لەئەمریکا، سەردەمی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٢ کە بەبزوتنەوەی ٩٩٪ خۆیان دەناساند، بەشێوازی جۆراوجۆر پەلاماری خۆپیشاندەران درا. بەوجۆرە بۆرژوازی، بێجگە لە شەڕەکان و کارەساتەکان کە بەسەر کۆمەڵگەی بەشەریدا دەیهێنێ، بێجگە لەوەی تەنانەت بووەتە کێشە بۆخودی مانەوەی مرۆڤایەتی، بوەتە هەڕەشە لەسەر ژینگەو بگرە لەسەر ژیانی ئاژەڵان نەک مرۆڤەکان، بەڵام کاتێک باسەکە دێتە سەرکرێکار و حیزبی کرێکار و دەسەڵاتی کرێکار، یەکسەر شەیتانێکت بۆ وێنا دەکێشن کە دەیەوێ جیهان وێران بکات! خەڵک سەرکوت و قەتڵوعام دەکات و دیکتاتۆریەت دادەسەپێنێ!

## پڕوپاگەندەی بۆرژوازی، ئازادی تاک و حزبی کۆمۆنیستی و دەسەڵاتی کرێکاری:

هەمیشە پڕوپاگەندەی بۆرژوازی لە دژی کۆمۆنیزم لەسەردەمی مارکسەوە تا ئێستا

بەردەوام بووە گوایە دژی ماف و ئازادیەکانی تاکەو تایبەتمەندی تاک لەناو دەبات و لەناو گشتێتی کۆمەڵگادا دەیتوێنتەوە. کۆمۆنیزم خاوەندارێتی تایبەتی کە مافێکی پیرۆزی تاکەکانە و بنەمای گەشەو هەوڵدانی تاک و کۆمەڵگایە، لەنێو دەبات. بۆرژوازی ئازادیی تاک لە مافی خاوەندارێتی تایبەتیدا فۆرمۆڵە دەکات. سەندنەوەی مافی خاوەندارێتی تایبەتی لە تاک لەلایەن کۆمۆنیزمەوە، لای بۆرژوازی مانای سەندنەوەی ئازادیەکانی تاکە و بەوەش کۆمۆنیزم بە سەرکوتگەرو دیکتاتۆری تاوانبار دەکات. بەلای بۆرژوازیەوە ئازادیی تاک مانای ئازادیی بەدەستهێنانی سەرمایەو سامانە. پاراستنی مافی تاک لای بۆرژوازی پاراستنی مافی خاوەندارێتی تایبەتە. لای بۆرژوازی تاک ئازادە خاوەنی موڵک و سەرمایە بێت. ئەگەر توانی بەدەستی بێنێ، ئەوا مافی خۆی جێبەجێ کردوەو ئەگەریش نەیتوانی ئەوە هەرمافی خۆی جێبەجێکردوە، بەڵام دەبێ ئیتر وەکو خاوەنی تەنها هێزی بازووی خۆی بەکرێ کار بکات بۆئەوانەی کە توانیونایە لە کەشوهەوای ئازادیدا ببنە خاوەنی سەرمایە.

کاتێک مارکسیزم و کۆمۆنیزم و کرێکار باس لە خاوەندارێتی گشتی دەکەن بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، بەسەر سەرچاوەکانی سامان و بەسەر بەرهەمی گشتی کۆمەڵگادا، لەپێناو بەکارهێنانی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی و گەشەی کۆمەڵایەتی و گەشەی مرۆڤ و لێهاتوویی و کارامەیی مرۆڤ، ئەوان بەمە دەڵێن زەوتکردنی ئازادی تاک، دەڵێن دیکتاتۆریەت، دەڵێن زەوتکردنی خاوەندارێتی تاک بەسەر تواناو لێهاتوویی و داهێنانەکانیدا. سەردەمی لینینش هەمان تۆمەتیان دەخستە پاڵ کۆمۆنیزم. پڕوپاگەندە لەدژی کۆمۆنیزم و بەلشەفیزم وەکو ڕەوتێکی شۆڕشگێرو ڕادیکاڵی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو سەردەمەو  دژی حیزبی کۆمۆنیستی ، حزبی شێوە لینینی کۆمۆنیستی بەزەبتو ڕەبت، لەئاستی ڕوسیاو ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو بەڕێوە دەبرا، نەک تەنها لەلایەن بۆرژوازیەوە بەڵکو  لەلایەن بەشێک لەخودی ئەوانەی کە لە ژێر تایتڵی چەپ و کۆمۆنیزمدا هەڵدەسوڕان! مەنشەفیەکان نمونەیەکی بەرچاوی ئەوجۆرە ڕەوتە بوون کە دژی حزبی تۆکمەو بەزەبتو ڕەبتی کۆمۆنیستی و کرێکاری بوون. ئانارشیتەکان ئەو کاتەش و ئێستاش بەناوی ئەوەی کە حزب دیکتاتۆریەت دروست دەکات و دژی ئیرادەی ئازادانەی کرێکارە، دژی هەرجۆرە حزبیەتێکی کرێکاری و کۆمۆنیستین. بەڵگەی ئەم جۆرە لێکدانەوەیان ئەوەیە کە ئەوەی لە ڕوسیادا ڕوویدا و حکومەتی کرێکاری لەو وڵاتە شکستی هێنا،هۆکارەکەی حزب بوو، چونکە حزب بەرەو دیکتاتۆریەت ڕۆیشت و کۆمەڵگای ڕوسیاو شۆڕشی کرێکارانی ڕوسیای بەو ئاکامە گەیاند! ئانارشیستەکان ئەم بۆچونە ڕەواج پێدەدەن. تەنانەت ئەو گروپە ئانارشیستەی لە کوردستان سەریان هەڵداوە،

دژایەتیان لەگەڵ حزب و حزبیەتی کرێکاریە! چونکە ئەوان ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان حزبی بۆرژوازی و حزبی کرێکاریدا.
هۆکاری ئەوەی کە بۆرژوازی و ڕۆشنبیرەکانی کە لە کوردستانیش دەنگدانەوەی ئەم جۆرە بۆچوونە دەبیستریٚ، بەوجۆرە دژی حزبیەت قسە دەکەن، کە ڕاستیەکەی ئامانجەکەیان تەنها حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستیە، چییەو لە کوێوەیە، ئێستا لەوبارەوە قسە دەکەم. بەڵام بێجگە لەوە، ئەو بەشەی ناو خودی چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری کە دژی حزبیەتن و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە کرێکار پێویستی بە حزب نیە، بەڵکو ڕێکخراوە جەماوەریە ئاسۆییەکان و خۆبەرێوەبەریەکان و هەرەوەرزیەکان تەنها شێوازی گونجاوی ڕێکخراوبوونی کرێکارن، پێموایە ئەمانە ڕاستەوخۆکەوتونەتە ژێرکاریگەری پڕوپاگەندەی بۆرژوازیەوە دژی حزبیەتی چینی کرێکارو پێویستبوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تۆکمەو توندوتۆڵ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری. بۆچی ئەم هێرشە لەسەر حزبیەتی چینی کرێکار هەیە، من هەوڵ دەدەم لەو بارەوە بدوێم.

## حزب و مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی... حزب و شۆڕش:

هاوڕێیان من لە باسێکی پێشووترمدا باسم لەوە کرد کە پەیوەندیەکی زۆر ڕاستەوخۆ لەنێوان شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسی و حیزبدا هەیە. هیچ چینێک ناتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێت بەبیٚ حیزبی سیاسی. لە کتێبی[دەبیٚ چی بکریٚ] دا لینین بەڕوونی باسی بایەخی حزبی سیاسی دەکات بۆ چینی کرێکار. هیوادارم دەرفەتتان هەبێت و بیخوێننەوە یان دووبارە بۆی بگەڕێنەوە. لینین لەو کتێبەدا زۆر بە ووردی باسی زەوبت و ڕەبت و توندوتۆڵی ڕێکخراوەکانی حزبی سیاسی کرێکاری دەکات، باسی یەکێتی ئیرادەو بڕیارو ئینسجام و تۆکمەیی ناوخۆیی حزب دەکات. حزبێکی بە زەبتوڕەبتی سیاسی شۆڕشگێر، کە لەسەر بنەمای هوشیاری سیاسی و چینایەتی ئەندام و کادرەکانی ڕاوەستاوە، هەر خۆی ئەو کەسە بوو کە خاوەنی تیۆری ڕێکخستنی ئەم حزبەو بەکردەوە پێکهێنەرو دروستکەری ئەو حزبەو ڕابەری ئەو جۆرە لە حزبی سیاسی کرێکاری بوو. نمونەی حزبی لینینی نمونەی حزبێکی سیاسی کرێکاری و کۆمۆنیستیە کە فەلسەفەی بوونەکەی شۆڕشی کرێکاریەو بۆ دەسەڵاتی سیاسی کرێکار هەوڵ دەدات و بەکردەوەش خۆی ئەوەی بەسەرەنجام گەیاند. لینین بە حزبێکی تۆکمەو بەرچاورروونی سیاسیەوە توانی شەڕی بۆرژوازی بکات و دەسەڵاتی لیٚ بسەنێت. ئەگەر دەمانەویٚ شەڕی چینایەتی کرێکار بۆ دەسەڵات ڕێک بخەین و ڕابەری بکەین دەبیٚ حزبی لەجۆری حزبەکەی لینین و بگرە لەو

قایمتر و پتەوترمان هەبێ.
پیادەکردنی دەسەڵات و درێژەپێدانی دەسەڵاتی بۆرژوازی، لەپاڵ دەزگا سیاسی و ئیداری و ئەمنیەکانی دیکەدا، لەرێگای ئەحزابەوە دەبێت. جا یان حزبێک لەرێگای کۆدێتایەکەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت و کۆمەڵگا دەخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوەو وەکو نوێنەری چینی بۆرژوازی ئیدارەی کۆمەڵگا دەکات، یاخود بە میکانیزمی هەڵبژاردن، دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا دەستاودەست دەکەن. لەپرۆسەی هەڵبژاردندا حزبەکان دەچنە ناو ململانێی هەڵبژاردنەوەو ئەو حزبەی دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا دەسەڵاتی حکومەتی دەدرێتە دەست و بەوجۆرە.. هەڵبەتە ئەمە کاتێک مومکینە کە سەرجەم جومگە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دیکە بۆ بۆرژوازی براوەتەوە، نەریت و فەرهەنگی بۆرژوازی بەسەر کۆمەلگادا زاڵکراوە. ئەوەی کە ڕوودەدات ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە لەناوخۆی خێزانی بۆرژوازیدا بۆ ئیدارەی کۆمەڵگاو پارێزگاری لە پەیوەندیە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی و هێشتنەوەی لە کۆمەڵگادا.
چینی کرێکاریش میکانیزمی گەیشتنی بەدەسەڵات هەر لەرێگای حزبەوە دەبێ و رێگای دیکەی نیە. بەڵام بێگومان چینی کرێکار ناتوانێ بە میکانیزمەکانی بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست. لەرێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ناکرێ چینی کرێکار دەسەڵات و حکومەتی خۆی دابمەزرێنێ. میکانیزمی دەنگدان و پەرلەمان لەگەڵ بنەماکانی دەسەڵاتداریتی بۆرژوایدا هاوجووتە، چونکە لە پێشەوە دەسەڵاتی ئابوری بۆرژوازی براوەتەوە. وەکو چۆن یەکەمجار بۆرژوازی لە مێژوودا ناچاربوو دەست بۆ شۆڕش بەرێت دژی دەسەڵاتی سیاسی دەرەبەگایەتی، تا دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابمەزرێنێ، وەکو ئەوەی لە شۆڕشی بۆرژوایی فەرەنسادا ساڵی ١٧٩٢ ڕوویدا، بەهەمانشێوە کرێکار بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دواتریش دامەزراندنی شێوازی ئابوری سۆشیالسیتی پێویستی بەشۆڕشە. شۆرش ئەو میکانیزمەیە کە کرێکار دەتوانێ لەرێگایەوە دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی وەربگرێتەوە. بە پێچەوانەی بۆرژوازیەوە، شێوازی ئابوری سۆشیالیستی لەناو شێوازی ئابوری سەرمایەداری و لەپاڵ ئەودا سەر هەڵنادا، وەکو ئەوەی لەهەناوی شێوە بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیدا، شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوایی سەری هەڵداو گەشەی کردو دواتر دەبوایە دەسەڵاتی سیاسیش لە دەرەبەگایەتی بسەنێت. شێوازی ئابوری سۆشیالیستی دوای ئەوە دەست پێدەکات کە چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی دەسەنێت و پاشان ئەو دەسەڵاتە سیاسیە دەخاتە خزمەت پرۆسەی بیناتنانی ئابوری سۆشیالیستی. هەنگاوی یەکەم لە پرسی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، گرتنی دەسەلاتی سیاسیەو ئەوەش لەرێگای حزبی سیاسی چینی کرێکارەوە

دەتوانرێ ئەنجام بدرێ. پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان چین و حیزب و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە.

مەسەلەی بنچینەیی لەفکری مارکسیزمدا سەبارەت بە کێشمەکێش و خەباتی چینایەتی مەسەلەی دەسەڵاتە. بەڕوونی دەتوانین ئەم بۆچوونەی مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا ببینین. لینین بەباشترین شێوە ئەم بۆچوونەوەی مارکس و ئەنگڵسی جێبەجێ کرد و بەئاکام گەیاند. لینین بەکردەوە حیزبێکی سیاسی کرێکاری شۆڕشگێڕی توندوتۆڵ و تۆکمەی دروست کرد. هەوڵی زۆری داو ململانێی زۆری کرد لەناو بزوتنەوەی کرێکاری وسۆشیال دیموکراسی ئەو سەردەمەدا تا ئەوجۆرە حزبە سیاسیە کرێکاریە شۆڕشگێڕەی بنیات نا. خەباتێکی بێووچانی کرد لەبەرانبەر هەموو ئەو ڕەوتانەی کە دژی تەحەزوبی کۆمۆنیستی و کرێکاری بوون، ئەو ڕەوتانە چ لە ئاستی سۆشیال دیموکراسی ڕوسیا و چ لەئاستی سۆشیال دیموکراسی ئەوروپی و جیهانیدا بەرەنگاری زۆریان دژ بە تیۆری و حزبیەتی سیاسی چینی کرێکار کرد. ئەو ڕەوتە دژە حزبیانە بڕوایان وابوو کە کرێکاران خۆیان بەبێ نەخشی حزبی سیاسی تۆکمەو توندوتۆڵ و بە زەبتوڕەبت دەتوانن سەربکەون. لە باشترین حاڵەتدا بەشێک لەوان ئەوەیان قبوڵ کردبوو کە چینی کرێکار حزبی خۆی دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوجۆرە حزبە نەبوون کە لینین دەیویست دروستی بکات. ئەوان حزبێکیان دەویست کە لەرووی بنەما و زەوابتە ناوخۆییەکانەوە شلوشێواو بوو! ئەوەبوو ئەم ڕەوتە لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیا سالی ۱۹۰۳ دا بەڕوونی جیاوازی خۆی لەگەڵ شێوازی حزبی لینیندا بەرجەستەکردو بەناوی مەفشیزمەوە لەناو بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراسی و کۆمۆنیستیدا ناسران!

لینین پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە حزبی بەوجۆرەی مەنشەفیەکان دەیانوسیت، ناتوانێ ڕابەری چینی کرێکار بکات بەرەو شۆڕش. ئەو ڕاستیەش بە کردەوە سەلمێنرا. ئەوەبوو لینین و حزبەکەی ئەو توانییان دەسەڵاتی سیاسی بگرن و شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیستی لە ڕوسیا بەرپا بکەن و حکومەتی کرێکاری دابمەزرێنن. مەنشەفیەکانیش چوونە پاڵ بۆرژوازیەوەو دژی چینی کرێکار و بەلشەفیەکان و دەسەڵاتی کرێکار وەستانەوە.

لینین ووتی کە کرێکاران لەڕەوتی خەباتی خۆیاندا ئەتوانن نەقابەو سەندیکاکان دروست بکەن، ئەتوانن خەباتی ئابوری بەرنەپێشەوە، ئەتوانن لەڕووی تەشریعاتی قانونیەوە هەندێ پاشەکشە بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنن و لەخەباتی سیاسی خۆیاندا خواستەکانیان بکەن بەیاسا، بەڵام بەبێ حزبی سیاسی ئیمکانی نیە کە شۆڕش ئەنجام بدەن. چینی کرێکار

دەتوانێ لەڕێگای خەباتی پەرلەمانیەوە کۆمەڵێک ریفۆرم بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ، بەڵام لەڕێگای خەباتی پەرلەمانیەوە چینی کرێکار ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی لەبۆرژوازی وەرگرێتەوە.

بۆچی بۆرژوازی دژی تەحەزوبی کۆمۆنیستیە!؟ ئەگەر کێشەی دەسەڵات نەبێت، ئەگەر کێشەی شۆڕش نەبێت، ئەگەر کرێکار تەنها خەباتی ئابوری بکات بۆ باشبونی ژیان و بۆ زیادبوونی کرێی و هەقدەستەکەی، بۆ باشبوونی هەلومەرجی کارکردنەکەی، بۆکەمکردنەوەی سەعات کارەکەی، بۆ پشووی زیاتر، ئەوا بۆرژوازی تەحەمولی ئەکات. بەڵام کاتێک مەترسیەکە وەکو مارکس دەڵێ ڕوودەکاتە تاجەکەی، ڕوودەکاتە دەسەڵاتەکەی، ئیتر ئەمە مەترسیە گەورەکەیە. ئێمە لەشۆڕشی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا کاتێک کرێکارانی پاریس بڕیاریاندا دەسەڵات لەبۆرژوازی وەرگرن، بینیمان چۆن قەتڵوعام کران. نزیکەی (٤٠٠٠) کەس لە کۆمۆنارەکان لە شەقامەکانی پاریسدا کۆمەڵکوژ کران. لەفەرەنسای دوای شۆڕشی بۆرژوازیدا، لە فەرەنسای دروشمی( برایەتی و ئازادی و دادپەروەری)دا قەڵوعامی کرێکارانی پاریس کرا! لەشۆڕشی ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٩ئەوەمان بینی کە چۆن بۆرژوازی شۆڕشگێڕانی چینی کرێکاری ڕەشەکوژ کرد. تەنانەت حکومەتە سۆشیال-دیوکراتەکەی بۆرژوازی ئەڵمانیا هەردوو ڕابەری کۆمۆنیست و بەلشەفی و شۆڕشگێڕی چینی کرێکاری ئەڵمانیا( کارڵ لیکنخت و ڕۆزا لۆکسمبورگ) دەستگیرو تیرۆر دەکەن و تەرمەکانیان فڕێ دەدەنە ناو ڕووباری راینەوە. دەیان نمونەی دیکە هەیە. بۆرژوازی ترسی لە دەسەلاتەکەیەتی. دەزانێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئامانجی ئەوەیەو بۆ ئەوە تێدکۆشێ کە چینی کرێکار لەڕێگای ڕێکخستنی حزبی سیاسیەوە بۆ شۆڕش و گرتنی دەسەڵات ڕێک بخات. لەبەرئەوەیە بۆرژوازی دژی حیزبیەتی کۆمۆنیستی و کرێکاریە. لەبەرئەوەیە کە حزب و حیزبیەت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵات و شۆڕشەوە هەیە. هەموو هەوڵەکان بۆ ناشیرینکردنی تەحەزوبی کرێکاری و کۆمۆنیستیە، بۆیە بە دیکتاتۆریەت لەقەڵەمی دەدات و دەیەوێ کرێکار لە حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی و چینایەتی خۆی دووربخاتەوە.

## پڕوپاگەندەی بۆرژوازی دژی حزبیەتی کۆمۆنیستی،

## پاساوەکانی حزب و دەسەڵات لە بلۆکی سۆڤیەت، و کاریگەریەکانی :

بەداخەوە دوای شکستی تەجروبەی سۆڤییەت لەڕوسیا لەساڵی ١٩٢٨دا و دوای ئەوەی ستالین کۆنترۆلی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی کرد، جارێکی تر دەسەڵاتی بۆرژوازی

بەشێوەیەکی تر ئەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیاو دەسەڵاتێک کە بەناوی کرێکارەوە، بەناوی کۆمۆنیزمەوە بووە و ستالین خۆشی یەکێک بوو لە کەسایەتیەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، گۆڕدرا بۆ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری بۆرژوازی لەژێر ناوی کۆمۆنیزمدا. ئەمە زۆرکاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمۆنیزم و حزبیەتی کۆمۆنیستی و کرێکاری و دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار داناوە. بۆرژوازی زۆر سوودی لەوە وەرگرتوە کە حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیای ژێر ڕابەرایەتی ستالین و دەسەڵاتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین بەناوی کۆمۆنیزمەوە بناسێنێ. تاوانەکانی ستالین بەرامبەر بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ڕوسیاو تەنانەت بەرامبەر بە هاوڕێ حزبیەکانی خۆی، کەرەستەیەکی باشی ڕاگەیاندنی داوەتە دەستی بۆرژوازی بۆ شێواندن و شکاندنی سیمای کۆمۆنیزم و حزب و دەوڵەتی کرێکاری.

کاریگەری پڕوپاگەندەی بۆرژوازی دژی حزبی کۆمۆنیست و حکومەتی کرێکاری، لەناو خودی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا دەنگدانەوەی دەبینرێ! ئەو ڕەوتەی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە خۆی بە ڕەوتی ترۆتسکیست دەناسێنێ، لەبەرامبەر ستالین و ستالینیزمدا خۆیان پێناسە دەکەن. بگرە ڕەخنەی ترۆتسکی و پەیڕەوانی ئێستاشی لە حزب و حکومەتی کرێکاری ئەوەبوو کە دیموکراسی نەبوەو بیرۆکراسی هەموو بەدەنەی حزب و دەوڵەتی گرتبوەوە! واتە ڕەخنەکەیان هەر لەچوارچێوەی هەمان پڕوپاگەندەی بۆرژوازیدا دژی تەجروبەی سۆڤیەت دەسوڕێتەوە کەدەیانەوێ لەگەڵ ستالین و دەسەڵاتی ئەودا پێکەوە گرێی بدەن و بیکەن بەیەک و بەوجۆرە بە دیکاتۆریەت و سەرکوتگەر بیناسێنن.

لە کوردستانیشدا خۆتان شاهیدی ئەوەن کە ئەو پڕوپاگەندە دژی حزبیەی کۆمۆنیزم لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٠ ەوە سەری هەڵداو تارادەیەکیش کاریگەری هەبووە لەئاستێکی دیاریکراودا. سەرەتا دوای هێرشی چەکداری بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەلایەن یەکێتی نیشتمانیەوە، پڕوپاگەندەیەکی فراوان دژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و دواتریش دژی حزبیەتی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیزم دەستی پێکرد. ماوەیەک گروپی پۆست مۆدێرنە کەوتنە هیرشکردن بۆسەر کۆمۆنیزم و مارکسیزم و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و یەکسانیخوازی، کەوتنە ووتنەوە و دوبارەکردنەوەی هەڵیتوپەلیتەکانی بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی بۆرژوازی لایەنگری بازاری ئازاد. کەوتنە دژایەتی هەموو پرسێکی گشتی و یونیڤیرساڵ، گاڵتەیان بە هەرچی چەمکێک و مافێکی جیهانداگری مرۆڤ دەکرد! فۆکۆیاما بۆ ئەم تەیفە بووە سەرچاوەی ئیلهام، و چەمکەکانی یەکسانی، عەدالەت، ئازادی، شۆڕش، کرێکار لای ئەمان بووە گاڵتەجاڕ. ئەم تەیفە بەشێک بوو لەو ڕەوتەی پۆست مۆدێرن کە جۆرێک لە پووچەکگەراییان ڕاگەیاند! لەگەڵ فۆکۆیاما کۆتایی مێژوویان ڕاگەیاند!

دواتریش ڕەوتێکی سیاسی سەر دەردەهێنێ کە هەمان پەیامی دژە حزبی و کۆمۆنیستی رادەگەیەنێ، ئەویش بزوتنەوەی گۆران بوو. زۆربەی ڕۆشنبیرانی پۆست مۆدێرنە لەگەڵ سەرهەڵدانیدا خۆیان کرد بەناو گۆڕاندا. ئەم ڕەوتە لە پڕوپاگەندەکانیدا هێرشێکی فراوان بۆسەر تەحەزوبی کرێکاری و کۆمۆنیستی دەست پێدەکات. لەزمانی رێکخەرەکەیەوە هێرشی دەکردە سەر شێوە ڕێکخستنی حزبی و بە پاشماوەی شێوە حزبی لینینی ناودەبرد کە باوی نەماوەو بەسەرچووە! ئەگەربیرتان بێت، زۆرجار باسیان لەوە دەکرد کەئەوان حیزبی دەنگدەرن! هەڵبەتە ئەم ڕاگەیاندنەی نەوشیروان مستەفاو بزوتنەوەی گۆڕان دژی حزبی لینینی، ئەگەرچی بە ڕواڵەت بۆ خۆجیاکردنەوە لە حزبە ناسیۆنالیستە تەقلیدیەکانی کوردستان بوو کە بەقسەی ئەو لەسەر شێوازی حزبی لینینی دامەزرابوون، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجەکەی دژایەتیکردنی خودی کۆمۆنیزم و تەحەزوبی کۆمۆنیستی و حزبی لینینی بوو لە کوردستان بۆئەوەی کرێکاری کوردستان لە حزبی سیاسی خۆی دووربخاتەوەو هەمیشە لەناو کۆتوپێوەندی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی بۆرژوازی کوردیدا بیهێڵێتەوە.

دیارە شێوازی حزبی لینینی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، نەک تەنها لە روسیاو یەکێتی سۆڤیەتدا بەڵکو لە زۆربەی دنیادا لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیدا، بووە شێوازی گونجاوو قبوڵکراوی حزبی سیاسی. تەنانەت لەناو بەشێک لە بزوتنەوە بۆرژواییەکاندا، بەتایبەتی شێوازی میکانیزمی ناوخۆیی و پەیوەندی ناوخۆیی حزبی لینینی لەلایەن ئەوانیشەوە وەرگیراو بەپێی بەرژەوەندی خۆیان پیادەکرا. شێوە حزبی لینینی رێکخراوێکە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، لە کۆمەڵە ئۆرگانێکی رێکخراوەیی پێکدێت و خوارەوە پەیرەوی بڕیاری سەرەوەی خۆی دەکات و بەپێی زەوابتێکی رێکخراوەیی پەیوەندی نێوانیان دیاریکراوە کە لەسەر بنەمای سانترالیزمی دیموکراتیک دامەزراوە. ئەندام بەپێی زەوابتێکی رێکخراوەیی ئازادانە بیروبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو وە نەخشی دەبێ لە ژیانی سیاسی حزبدا، لە رێگای کۆنفرانس و کۆنگرە حزبیەکانەوە، هاوکات هوشیارانە پابەند دەبێت بە بڕیارە حزبیەکانەوە و جێبەجێیان دەکات. بۆرژوازی ئەم جۆرە زەوابتە حزبیە بە دیکتاتۆریەت ناوزەد دەکات و تاڕادەیەک ئەم پڕوپاگەندەیە، وەکو ووتم بەهۆی کارکردی ستالینەوە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، کاریگەری خۆی کردوەو لە کوردستانیشدا تاڕادەیەک گوێگری بۆ پەیدابووە و جۆرێک دوورکەوتنەوە لە حزب و حیزبیەتی کۆمۆنیستی کرێکاری هەیە.

ئەوەی کە جاران جێگەی شانازی بوو ئەگەر ئەندامی حزبێکی مارکیستی بیت، حزبێکی شێوە لینینی بیت، ئێستا وەکو خاڵی لاواز لێی دەڕوانرێ! بگرە لەناو تەیفێکی تاڕادەیەک

## موحسن کەریم

بەرچاو لەو ڕەوتەی خۆی بە چەپ دەناسێنێ، حزبی لینینی مایەی سڵەمینەوەو پەرەنگانەوەیە! قەناعەتی بە تەحەزوب و کاری حزبی نیە، ناتوانێت ببێت بە ڕەوتێکی حیزبی، لەبەرئەوەی کێشەی هەیە لەگەڵ تەحەزوبی کۆمۆنیستیدا! ناتوانێ لە بایەخی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆشۆڕشی کرێکاری، بۆدەسەلاتی سیاسی، تێیگات! تا ئەم گرفتە فکری و سیاسیە چارەسەر نەبێ، تا ئەوکاتەی هەر ڕەوتێک، هەر گروپێک وهەرکەسێک قەناعەت بەم جێگەو پێگەیەی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ نەکات، بە حیزبی کۆمۆنیستی نەکات، ناتوانێ جێگاو پێگەیەکی جدی و ئەوتۆی لە خەباتی چینایەتیدا و لە خەبات بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی چینایەتی کرێکاردا هەبێ.

دیارە من باسی ئەوە ناکەم کە ئەم جۆرە ڕەوتانە ناتوانن بۆنمونە لە ئەوروپا سەندیکای کرێکاری دروست بکەن، یان ناتوانن خەبات بکەن بۆ باشترکردنی ژیانی کرێکاران، بۆنمونە ڕەنگە بتوانن کرێ زیاد بکەن، هەندێ چاکسازی بکەن لە ژیانی کرێکاردا، بەڵام بەوکارەی ئەوان یەک ڕۆژ تەمەنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورت تر نابێتەوە! نزیکەی سێ سەد ساڵە بۆرژوازی لە بەریتانیا دەسەڵاتدارەو تائێستاش دەسەڵاتدارەو سەدان سەندیکاو یەکێتی کرێکاری گەورەش هەیە. لە فەرەنسا هەروا، لە ئەمریکا هەروا و تاد... دەیان جار ئەحزابی کۆمۆنیستی کە خاوەنی نفوز بوون لەناو چینی کرێکاردا، بەڵام چونکە ئیدعاو تەوەجوهی دەسەڵاتیان نەبووە، نەیانتوانیوە وەکو حزبێکی سیاسی شەڕی دەسەڵات بکەن لەگەڵ بۆرژوازیدا. کەواتە فەلسەفەی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەسەڵاتی سیاسیە.

حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا (2) لە ساڵەکانی ٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا یەکێک بوو لە گەورەترین حزبە کۆمۆنیستیەکانی ڕۆژاوا کە نزیکەی (٢،٣٠٠،٠٠٠) ئەندامی هەبوو وە لە ٣٤٪ ی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٦ ی بەدەست هێنا، بەڵام نەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست، لەبەرئەوەی حیزبی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، حزبێک نەبوو کە ئیدیعای دەسەلات و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری هەبێت. حزبێک بوو کە لەچوارچێوەی خەباتی پەرلەمانی و ریفۆرمی ئابوری سیاسی بۆرژواییدا تێپەڕی نەدەکرد، وەکو هەموو حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە کەمپی سۆڤیەت و کۆمۆنیزمی ڕەسمی ڕوسی. دواتر و لە سەردەمی شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا بەرەو سۆشیال- دیموکراسی ڕۆیشت و سەرەنجام تووشی لێکترازان بوو.

کەواتە هەر حزبێکی کۆمۆنیستی کە کار بۆ گرتنی دەسەڵات نەکات و بۆ ئەو ئەرکە خۆی سازو ئامادە نەکات، ئیتر ئەوە حزبی سیاسی نیە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا گروپێکی فشارە کە لە پەراوێزی کۆمەڵگادا دەمێنێتەوەو درێژە بەژیانی خۆی دەدات، بەبێ ئەوەی بتوانێ گۆڕانکاریەکی جدی لە ژیانی کرێکار و زەحمەتکێش و لە کۆمەڵگادا بەدیبهێنێ.

## حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی

حیزبی سیاسی لە بنەڕەتدا بۆئەوەیە کەدەسەڵاتی سیاسی بگرێت. لەو ڕوانگەیەوەیە کە ئێمە پێداگری لەسەر حزبی سیاسی کۆمۆنیستی دەکەین، لەسەر حزبیەتی کۆمۆنیستی چینی کرێکار دەکەین.
کاتێک ئێمە باسی حزبێک دەکەین کە بۆ دەسەلات تێدەکۆشێت و هەوڵی بۆدەدات، بۆرژوازی و ڕۆشنبیرەکانی بۆمان بەرزدەبنەوەو پێمان دەڵێن حزبی چی!؟ حزبی کۆمۆنیستی چی!؟ دەتانەوێ دەسەڵاتی تاک حزبی و تۆتالیتاری و دیکتاتۆریەت داسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا!؟ دەتانەوێ ئازادیی تاک زەوت بکەن و ئازادی بیرکردنەوەو داهێنانی مرۆڤەکان زەوت بکەن!؟ وەکو ئەوەی کە لەدنیاکەی ئەواندا و لەژێرسایەی ئەواندا مرۆڤەکان قرقێنەی ئازادی و خۆشگوزەرانی بدەنەوە! وەکو ئەوەی کە مرۆڤی کرێکارو زەحمەتکێشی ژێر دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی ئەوان هەموو رۆژێک بەشوێن پەیداکردنی نانی خۆی و خێزانەکەیدا ڕانەکات و خاترجەم بێت لەوەی کە ژیانی مسۆگەرەو فرسەتی داهێنانی لەبەردەمدا کراوەیە! وەکو ئەوەی ملیۆنەها گەنجی ئامادەبەکار کە خوێندنیان تەواوکردوە هەوداڵی پەیداکردنی کار نەبن و خەریکی توێژینەوەی زانستی و داهێنان بن!
بەداخەوە ئەم پڕوپاگەندەیەی بۆرژوازی گەیشتۆتە ناو بزوتنەوەکەی ئێمەش، ناو بزوتنەوەی چینەکەمان و بەشێکمان لەپاڵ بۆرژوازیدا ئەوە دەڵێینەوە کە کرێکار پێویستی بە حزب نیە، حزب سەرکوتگەری دەهێنێ، کرێکار خۆی شۆڕش دەکات و حزبی سیاسی پێویست نیە. ئاخر ئەوە لینین نەبوو حزبی دروستکرد و لەرێگای حزبەکەیەوە کۆدێتای کردو دەسەڵاتی حزبی دامەزراند کە سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆریەت رۆیشت! بەداخەوە ئەم بۆچوونە لەلایەن ئانارشیستەکان و بەشێکی دیکە لەوەی خۆی لەسەر کۆمۆنیزم و کرێکار هەژمار دەکات، وەکو قەوان لێدەدرێتەوە!

## بایەخی حزب بۆ چینی کرێکارو بۆ خەباتی بۆ سۆشیالیزم:

هاورێیان بایەخی حزب بۆ چینی کرێکارو بۆ خەباتەکەی و بۆ پاراستنی ژیان و نان و ئایندەی وەکو نانی سەر سفرەکەی پێویستە. خەباتی چینی کرێکار بەبێ حزبی سیاسی بە هیچ جێگایەک ناگات. بۆرژوازی ناتوانێ دەستبەرداری حزبی خۆی بێت و دەیان حزبی جۆراوجۆری دروست کردوە. کرێکاریش ناتوانێ دەستبەرداری حزب بێت. چینە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بەبێ حزب ناتوانن ململانێی سیاسی خۆیان بەئاکام بگەیەنن و بەرەو سەرکەوتنی بەرن. بەڵام ئەمە بۆ ووردەبۆروژازی وانیە. ووردەبۆرژوازی چینێکی سەرەکی کۆمەڵگا نیەو هیچ کات نە دەتوانێ و نە ئیدیعای دەسەڵاتی هەیە. چینی ووردەبۆرژوازی بە حوکمی سروشتە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەی لەرزۆک و ناسەقامگیرە.

## موحسن کەریم

لەنێوان بۆرژوازی و پرۆلیاریادا دێت ودەچێت و هیچ مۆدێلێکی ئابوری تایبەت بەخۆی و هیچ سیستەمێکی سیاسی- ئابوری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی نیە، بۆیە کاری بەدەسەڵات نیە، حزبی سیاسیشی ناوێت. بەڵام بۆ بۆرژوازی و کرێکار بەوجۆرە نیە. بۆ ئەوان حزبی سیاسی بەشێکە لە پێناسەی بوونی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەوان.
حیزبی سیاسی بایەخێکی حەیاتی هەیە بۆ چینی کرێکارو خەباتەکەی بەرەو سۆشیالیزم. بەبێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەنانەت چینی کرێکار ناتوانێ لە چوارچێوەی خەباتی ( تریدیۆنۆنی) و نەقابەگەری تێپەڕێت، لەکاتێکدا پرسی سەرەکی لە خەباتی چینی کرێکاردا مەسەلەی خەباتە بۆ هەڵگێڕانەوەی هەلومەرجی سیاسی-ئابوری ئیستا، بۆ ژێرەوژورکردنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و کۆتاییهێنان بەخاوەندارێتی تایبەت، بۆ زاڵکردنی خاوەندارێتی گشتی ئەندامانی کۆمەڵگا بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە، بەسەر کاڵاکان و سەرچاوەکانی ساماندا... تاد.
چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش دەبێ هەتاهەتایە لەژێر ستەم وچەوسانەوەی بۆرژوای و سەرمایەدا بن، ئەگەر بێتو دەست بۆ دەسەڵاتی سیاسی نەبەن و دەسەڵاتی سیاسی نەگرنە دەستی خۆیان، ئەو کارەش بەبێ حزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی لەتوانادا نیەو نابێ. چینی کرێکار ئەوکاتە لە چەوساندنەوەو ژێردەستەیی رزگاری دەبێ کە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوایی هەڵبوەشێنێتەوەو خاوەندارێتی گشتی بەسەر سەرچاوەکانی سامان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەدا لەجێگای دابنێ. بەبێ هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی و کاری بەکرێ، ناکرێ کۆتایی بە چەوساندنەوەی چینی کرێکار بهێنیرێ، نەک ئەوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار باشتر نابێ!
ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان کەڵەکەبوونی سامان و سەرمایەی بۆرژوازیدا لەگەڵ ڕێژەی باشتربوونی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکاردا، دەبینین کە بەردەوام سەرباری هەندێ باشبوونی ڕێژەیی، بەڵام بارودۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار خراپترو بەشی کرێکار لە داهاتی کۆمەڵایەتی کەمتربووەتەوە. ئەوە ڕاستە کە بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لەچاو ٢٠-٣٠ ساڵی ڕابردوودا باشتر بووە، بەڵام بەراوردی بکەین لەگەڵ هەڵکشانی سامان و سەرمایەی دەوڵەمەندان و چینی بۆرژوازی لە کوردستان، دەبینین کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەو جیاوازیە زیادی کردوەو بەشی بۆرژوازی کورد لە داهاتی گشتی سەد بەرامبەرو بگرە هەزار بەرامبەر زیادی کردوە. ڕەنگە ئەوکاتەی کە تێکرای کرێی مانگانەی کرێکارو کارمەندێک (٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ) دینارێک بووبێت، تێکڕای سامانی سەرمایەدارێک لە چەند ملیۆن دینارێک تێپەڕی

نەکردبێت، بەڵام ئیستا کرێکارو کارمەند ڕەنگە تێکڕای کرێیان لەنیوان( ٣٠٠هەزار دینار تا ٦٠٠هەزار دینارێک) بێت کە تاڕادەیەک هەمان ئەو کرێیەیە کە پێشتر وەریان گرتوە یان ڕەنگە کەمێک زیاتر بێت، بەڵام سەرمایەی دەوڵەمەندان و سەرمایەداران بە ملیارو تریلیۆن دینار حساب دەکرێت!

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

## چ جۆرە حزبێکە!؟ پرەنسیپەکان و زەوابتەکان:

ئێستا دێمە سەر ئەو بەشەی باسەکەمان کە دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ چ جۆرە حزبێک بێت. ئەگەر حزب ئەوەندە گرنگە بۆ رزگاری چینی کرێکار، بۆ کۆتاییهێنان بەچەوسانەوەو دامەزراندنی دەسەلاتی کرێکاری، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی، تەنانەت بۆ پارێزگاری لەمانەوەی فیزیکی و ژیانی کرێکار، ئەوا دەبێ ئەم حیزبە ئەبێت چ جۆرە حیزبێک بێت؟

هەڵبەتە هاوڕێ مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی کۆمەڵێک باسی پڕبایەخی نوسیوە، لەوانە باسەکانی حزب و کۆمەڵگا و حزب و دەسەلاتی سیاسی، هەروەها لە ساڵانی هەشتاکاندا هەندێ بابەتی نوسیوە لە سەر ڕێکخستنی کرێکاری و پەیوەندی حزب و چینی کرێکار و.. تاد. کە بەشێوەی نامیلکەی بچووک و بە زمانی کوردیش هەن، هەموو ئەوانە کۆمەک دەکەن بە ڕۆشنبوونەوەی ئەم پرسە. سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ خوێندنەوەیان.

من سەبارەت بە بایەخ و گرنگیی حزب قسەم کرد. بەڵام حزب خۆی چیە؟ بۆنمونە سەرنجی بۆرژوازی بدەن. چەندین حزبی دروستکردوە بە میکانیزمێک کە چینی بۆرژوازی تەرحی کردوە. ئەو پەیوەندیانەی لەناو چینی بۆرژوازیدا هەیە، هەر ئەوجۆرە پەیوەندیە لەناوخۆی حزبەکانیشیدا کاردەکەن. واتە هەمان پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەریت و تەقلیدی سیاسی بۆرژوازی لەناو حزبەکانیدا بەڕێوەدەچن. با دوور نەڕۆین. سەیری پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، هەر ئەو شیوازە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆرژوازی کورد، لە نەریتی سیاسی کەلەناو کۆمەڵگادا باڵادەستە لەناو ئەو حزبەشدا کاری خۆی دەکات و پێڕەوی لێدەکرێ. پەیوەندی و نەریتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە سەرکوت و دواکەوتویی و پلەبەندی کۆمەڵایەتی تێیدا ڕەواجی هەیە، لەناو ئەم حزبەشدا ڕەواجی هەیەو پیرۆز دەکرێت. بەوجۆرە پارتی وەکو حزبێکی بۆرژوایی، حزبێکە کە هەموو بنەماکان و یاساو ڕێساکانی سەرکوتی ناوخۆیی و پێشێلکردنی ئازادی بیروڕاو

پەرستنی سەرۆک و بنەماڵەی دەسەڵاتداری ناو حزب تێیدا بەڕێوەدەچێت. بۆرژوای کورد ئەم حزبەی قبوڵ کردوە. ئێستا هێزی یەکەمی بۆرژوازی کوردە لە کوردستانی عێراق، دەسەڵاتی کوردستانی بەدەستەو خاوەنی (٤٥) کورسی پەرلەمانە.
بەڵام ئەگەر سەیری حزبە بۆرژواییەکانی ئەوروپا بکەین، بەجۆرێک ئەوانیش ڕەنگدانەوەی پێوانەو چەمک و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەقلیدیە بۆرژواییەکانی کۆمەڵگاکانی خۆیانن. لە پەیوەندی ناوخۆییدا و لە نەریتی سیاسی و یاساو رێسا حزبیەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەن کە بەجۆرێک لیبراڵیزم و چەمکە لیبراڵیەکان باڵادەستن و کار دەکەن لە ئاستی کۆمەڵگادا. لەویش لەرێگای میکانیزمەکانی دەنگدانەوە سیاسەت و بڕیارە حزبیەکان دادەڕێژرێن و پەیڕەوییان لێدەکرێ و جێبەجێ دەکرێن. وەکو چۆن لە ئاستی کۆمەڵگا ئەم میکانیزمە کار دەکات. بۆیە لە ئەوروپاش کۆمەڵێک میکانیزم و پێوانەو زەبتوڕەبتی حزبی ناوخۆیی هەیە، وەکو چۆن لە وولاتانی رۆژهەلات و لە کوردستان هەیە، و هەریەکەیان بەپێی واقعیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و کەلتوری و تەقلیدی سیاسی کۆمەڵگاکان ڕەنگدانەوەی لەناو حزبەکانیاندا دەبینرێتەوە، بۆیە ناکرێ حزب وەکو چایخانە یان وەکو یانەیەکی وەرزشی و ڕۆشنبیری مامەڵە بکرێ، کە بەپێی زەوق و سەلیقەی تاکەکەسی و ئاماتۆریزمی ئەندامەکانی پەیوەندیە نێوخۆییەکانی رێکبخرێت.
من نمونەی پارتیم باس کرد وەکو حزبێکی سیاسی بۆرژوایی لە کوردستان، کە بێگومان پەیوەندیە ناوخۆییەکان و زەوابتەکانی کەمترین بوار بۆ ئازادی ئەندامان دەهێڵێتەوە. بەڵام ئەگەر پارتی نمونەی حزبێکی تۆتالیتاری بۆرژوایی بێت، ئەوا ئەحزابی بۆرژوایی ئەوروپایی، کە پەیرەوی لە بەهاو نەریتە لیبراڵی و سۆشیال دیموکراتەکان دەکەن، کۆمەڵێک زەوابت و بنەمای کاری رێکخراوەیی خۆیان هەیە، بەوجۆرە نیە کە هەرکەسێک بە ئارەزووی خۆی لەناو حزبدا چی بوێ بیکات و بڵاوی بکاتەوە. لەوێش ئەندام و کادر ناچارن کە پابەند بن بە کۆمەڵێک زەوابتی حزبەکەیەوە کە بڕیاری لەسەر دراوە. بۆنمونە وەکو چۆن ئەگەر لە فەرمانگەیەک کار بکەیت دەبێت پابەند بیت بە کۆمەڵێک زەوابت و رێنمایی ناوخۆیی ئەو فەرمانگەیەوە. لەهەر جێگایەک کاری پێکەوەیی و دەستەجەمعی بکرێ، زەوابت و یاساو رێسایەک کاردەکات بۆ رێکخستنی کاری ئەو کەسانەی لەو شوێنە پێکەوە کاردەکەن یان هەڵدەسوڕێن. ئەوکاتە تاکەکان دەچنە ناو پەیوەندیەکی پێکەوەییەوە و ناچار دەبن پەیڕەو لە کۆمەڵێک پێوانەو پێودانگی گشتی بکەن کە خۆیان بروایان پێیەتی و هوشیارانەو ئارەزوومەندانە هەڵیان بژاردوون، هەربۆیەش دەستبەرداری بەشێک لە پرسە شەخسیەکانی خۆیان دەبن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و کاری گشتی و پێکەوەییدا. بۆ حزبی کۆمۆنیستیش هەمان پێودانگ و بنەما حوکم دەکات.

با نمویەکی دیکەی حزبی بۆرژوازی باس بکەین لەڕووی پەیوەندیە ناوخۆییەکان و زەوابتە حزبیەکانەوە. یەکێتی نیشتمانی، تا ئەوکاتەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری بوو، کۆنترۆڵی ڕەهای بەسەر یەکێتیدا هەبوو. حزبێکی سیاسی بوو کە دەیتوانی لە کێشمەکێشە سیاسیەکاندا و بەتایبەتی لەگەڵ نەیارە سەرەکیەکەیدا(پارتی) پێگەیەکی هەبێ. بەڵام ئێستا سەیری بارودۆخی ئەو حزبە بکەن. خراپترین حزبی سیاسیە لە کوردستاندا لەڕووی بنەما ڕێکخراوەیەکان و پەیوەندیە نێوخۆییە حزبیەکان و زەوابتە حزبیەکانەوە! بێسەرەوبەرەیی حزبی باڵی بەسەریدا کێشاوە. هەرکەسە لە خۆیەوە قسەدەکات و تەسریحات دەدات. ئەندامی مەکتەبی سیاسیەو بە ئاشکرا دژی هاورێکەی خۆی لە سەرکردایەتی حزبەکەیدا قسەدەکات و تەشهیر دەکات! بە پێچەوانەی پارتیەوە کە پەیوەندیە ناوخۆییەکان و زەوابتە حزبیەکانی توندوتۆڵ و لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی بڕیاری سەرۆک دامەزراندوەو هەموو پەیڕەوی کوێرانەی لێدەکەن، یەکێتی نیشتمانی نمونەی حزبێکی شلوشێواوو بێ زەبتو ڕەبت و بێ ئینسجامی ناوخۆییە. میکانیزمەکانی بڕیاردان و پەیوەندیە ناوخۆییە حزبیەکان و بنەما ڕێکخراوەییەکانی بەپێی زەوق سەلیقەی سەرکردەکانی دەڕواتەڕێوە و فرە ناوەندی بڕیارە و میکانیزمەکانی حزبیەت تێدا کار ناکات! ئەم شێوازە لە حزب پێموانیە لە وولاتانی ڕۆژاواشدا هەبێت!

ئەمجۆرە لە حزب، نمونەیەکی خراپی حزب و حزبیەتە. ئەوەی دەگوزەرێ لە یەکێتیدا مانای ئازادی بیرکردنەوەو بۆچوون و ئازادی تاک نیە لەناو بەدەنەی حزبدا. ئەوەی هەیە شپرزەیی ڕێکخراوەیی و سیاسی ئەو حزبەیەو هیچی دیکە کە هیچ بنەماو ریسایەکی ڕێکخراوەیی و حزبی تێیدا کارناکات. بێگومان ئەم هەلومەرجە شێواوو شپرزەی ناو یەکێتی بەرهەمی بێ ئاسۆیی سیاسی و تێکەولێکەی سیاسی ناو ئەو حزبەیە کە تا ئاستی پەیوەندیە حزبیەکان و یاساو ڕێسا حزبیەکان شۆڕبۆتەوەو بەدەنەی ئەو حزبەی کرمێ کردوە! ئێستا دەتوانین بڵێین کە یەکێتی هیچ خاسیەتێکی حزبێکی سیاسی خاوەن زەبتو ڕەبت و میکانیزمی حزبی تێدا نەماوە.

## ئەوپەڕی ئازادی بیرکردنەوەو ئەوپەڕی دیسپلین:

بۆ حزبی کۆمۆنیستی، هاورێیان ئەم مەسەلەیە زۆر مەترسیدارترە. زۆر سەختتر و بە بەهای گران لەسەرمان تەواو دەبێت. وەکو باسمان کرد ، بۆرژوازی چەندین وەسائیلی بەدەستەوەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی. ئەگەر یەکێتی نیشتمانی حاڵی حزبەکەی بەوجۆرەیە، بەڵام لەولاوە چەندین وەسیلەی دیکەی دەسەڵاتداریێتی و سەپاندنی هەژمونی خۆی بەدەستەوەیە. دەزگای ئاسایشی هەیە، دژە تیرۆری هەیە، پێشمەرگەی

هەیە، چەکی هەیە، پارەی هەیە و میدیای زەبەلاحی هەیە. ئەمانە هێشتا ئیمکاناتەکانی یەکێتی بۆ دەسەڵاتداریتی دابین دەکەن. بەڵام بۆ کرێکارو حزبی کرێکاری مەسەلەکە بەوجۆرە نیە. ناکرێ حزبێکی شلوشۆڵ و شێواوت هەبێ و بتەوێ دەسەڵاتی سیاسی بگری، نەک هەر ناتوانی دەسەڵات بگری، بەڵکو ناتوانی یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێی. ناتوانی خۆت لە بەرامبەر پروپاگەندەو هێرش و پەلاماری بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیدا بپارێزی. لەبەرئەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حزبی سیاسی چینی کرێکار، دەبێ لەوجۆرە حزبە بێت کە لینین باسی دەکات. دەبێ حزبێکی تۆکمەو توندوتۆڵ و بەزەبتو ڕەبت بێت، کە پرەنسیپ و زەوابتە حیزبیەکانی ، پەیوەندیە ناوخۆییەکانی، بڕیارەکانی تۆکمەو پتەوبێت، ئەوەش لەسەر بنەمای ئینسجام و هاودڵی و قەناعەتی ئەندامەکانی دادەمەزرێت.

کەواتە هاودڵی و یەکانگیری ناوخۆیی ڕێکخراوەیی و پەیرەوکردنی زەوابت و بڕیار و ڕیسا حزبیەکان لە حزبی کۆمۆنیستیدا لەسەر بنەمای قەناعەت و باوەڕی سیاسی و چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئەندامانە و نەک هیچ جۆرە فشارێکی سیاسی و ئەخلاقی و پەیرەوکردنی کوێرانەی بڕیاری سەرۆک و بەرپرسانی حزبی. وەکو ئەوەی کە لە حزبە بۆرژواییەکانی کوردستاندا هەیە. بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان و ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەوپەڕی ئازادیەوە هاتوینەتە ناو حزبەوەو لە ریزەکانیدا هەڵدەسوڕێین و بەوپەڕی ئازادیەوە لە ریزەکانیدا دەمێنینەوەو ئەوپەڕی ئازادی رادەربڕین و بۆچوون لەناو حزبدا بەرقەرارە. بەوپەڕی ئازادی و هوشیاریەوە پابەست دەبین بە بڕیارو ڕێساو زەوابت و بنەما حزبیەکانەوە، بە بڕیار و شەرعیەتی ئۆرگانە حزبیەکانەوە. هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانەو هوشیارانەی ئەندامان دەبێت، لەسەر بنەمای هوشیاری چینایەتی و پێویستبوونی حزب و بایەخی حزب لە خەباتی چینایەتی و سیاسی کرێکار و سەرخستنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی چینی کرێکاردا راوەستاوە و بنیات نراوە.

چینی کرێکار بەبێ حزبێکی سیاسی توندوتۆڵ ناتوانێ خەباتی خۆی دژی سیستەمی سەرمایەداری بەرەو سەرکەوتن بەرێت. بۆیە ئەگەر سەرکەوتنمان دەوێ دەبێ حزبی سیاسی تۆکمەو توندوتۆڵ و بە زەبتو ڕەبتمان هەبێ. ئەگەر پەیکەری حزب بەراورد بکەین بە پەیکەری خانوویەک، بۆئەوەی ئەو خانوەی دروستی دەکەین بەرامبەر بە ڕەشەباو لافاو و بومەلەرزە بەرگە بگرێ، دەبێ بە دیزاینێک و بە کەرەستەی گونجاوی ئەوتۆ دیزاین و دروست بکرێ کە بەرگەی ئەو مەترسیانە بگرێت. ئەگەر ئەو خاسیەتانەی نەبێ ئەوا بە ئاسانی دەڕوخێت بەسەر دانیشتوانەکەیدا. بۆ حزبیش هەروایە. حزبێکی کۆمۆنیستی و حزبێکی سیاسی کرێکاریی تۆکمە دەتوانێ بەرگەی پڕوپاگەندەو هێرشە فکری و

سیاسیەکان و پەلامارو سەرکوتگەریەکانی بۆرژوازی بگرێ. تەنانەت بە بەراورد بە حزبە بۆرژواییەکان دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری توندتۆڵ تر وخاوەن زەبتورەبتی رێکخراوەیی تۆکمەو قایمتر بێت.

حزبی کرێکاری کۆمۆنیستی تاکە وەسیلەیەکی رێکخراوەیی سیاسی چینی کرێکارە کە دەتوانێ لەرێگایەوە بەرەو دەسەڵات بچێت و دەسەڵات لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوەو بیپارێزێت لە پیلانگێریەکانی بۆرژوازی و هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی کۆنی بۆرژوازی. بەڵام وەکو باسمان کرد، ئەم پابەندبوونە بە زەبتورەبتی رێکخراوەیی حزبەوە و پەیڕەویکردن لە بڕیارە حزبیەکان و ئۆرگانە حزبیەکان، لەسەر بنەمای هوشیاری سیاسی و فکری و چینایەتی ئەندامان و کادرانی حزب ڕاوەستاوە. هاودڵی و هاوسۆزی و هاوچارەنوسی و بەرژەوەندی هاوبەشی چینایەتی ئەندامان و کادران، بناغەی ئەوجۆرە ئینسجامە رێکخراوەیی و پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی بڕیارو پرەنسیپە حزبیەکان و زەوابتە رێکخراوەییەکانە.

ئێمە هەموومان ئازادانە هاتوینەتە ناو حزبەوەو بە قەناعەتی خۆمان هاتووین. بڕوامان بە ئامانجەکانی حزبە، بڕوامان بەوەیە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، پێویستمان بە حزبێکی خاوەن زەبتو ڕەبت و تۆکمەیە. بە قەناعەتی خۆمان پەیڕەوی لە بنەما رێکخراوەییەکانی حزب دەکەین، لە بڕیارەکانی دەکەین و جێبەجێی دەکەین. ئێمە لەسەر بنەمای زەرورەتی سیاسی- چینایەتی، زەرورەتی شۆرش و پیویستی حزب بۆ شۆڕش ئەم حزبەمان هەڵبژاردوە. لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەمانەوێ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە سیاسەت و ئابوری و فەرهەنگ و کەلتوری سیاسی و لە نەریتی کۆمەڵایەتی و لە یاساو لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا ئەنجام بدەین، دەمانەوێ کۆمەڵگایەکمان هەبێ کە مرۆڤەکان تێیدا یەکسان بن و لە ژیانێکی شایستەی هاوچەرخ بەهرەمەندبن، ئازادو خاوەن کەسایەتی خۆیان بن، مافیان پارێزراوو رێزلێگیراوبێت.... تاد. بۆیە ئەم حزبەمان هەڵبژاردوەو کاری تێدا دەکەین و هوشیارانە پەیڕەوی لە بنەما رێکخراوەییەکانی دەکەین.

ئێمە نامانەوێ مرۆڤ برسی بێت، منداڵ کاربکات، ژنان پلەدووبن، خەڵکی بێخانەولانە بێت، مرۆڤەکان هەموو ژیانیان ڕاکردن بێت بەشوێن پاروە نانێکدا. دەمانەوێ مرۆڤەکان یەکسان بن، کەسایەتیان پاریزراو بێت، ئازاد و خۆشگوزەران بن، بۆیە ئەم حزبەمان هەڵبژاردوە. نامانەوێ کۆمەلێک مفتەخۆر خاوەنی هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگایەک بن و لە کۆشکەکانیاندا ژیانی شاهانە بژین و خەڵکانێکیش هەبن کە لەژێر خێمەو خانووی دارو تەنەکەو لە کەلاوەدا بژین! نامانەوێ کەسانێک بەهۆی ئەوەی کە دەستیان بەسەر کارو ڕەنجی کەسانێکی دیکەدا گرتوە، لە خۆشی و سەیران وگەڕان وسەردانی وڵاتاندا بن و

ئەوانەی کاریان بۆدەکەن و سامان بۆ ئەوان کەڵەکە دەکەن تا ژیانیان بەوجۆرە بگوزەرێنن، کەچی خۆیان بۆ نانی شەوی منداڵەکانیان موحتاج بن، نامانەوێ ئەوان وا بژین و دەیان هەزار گەنجی رۆڵەی خێزانە کرێکاری و زەحمەتێکشەکان موحتاجی پارەی پاس و هاتوچۆبن و ..تاد. ئێمە لەبەرئەوانە ئەم حزبەمان هەڵبژاردوە. بۆیە پەیڕەویکردن لە بڕیارەکانی، لە سیاسەتەکانی، لە ئۆرگانەکانی، لە پێوانەو بەها رێکخراوەیی و مرۆییەکانی بەلامانەوە گرنگ و پڕبایەخن. بۆئەوە هاتوینەتە ناو ئەم حزبەوە تا هەوڵەکانمان یەک بخەین بۆئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە دروست بکەین. بۆئەوەی ئەوشتانەی نامانەوێ، لەنێویان بەرین و ئەوانەی دەمانەوێ بەدییان بهێنین.

ئێمە پێمانوایە کاتێک بەوجۆرە لەپاڵ یەکتردا و لە حزبێکدا کارەکانمان ئەنجام دەدەین دەتوانین گۆڕانکاری بکەین. هەریەکەمان بە تەنیان لە بارودۆخی ژیان و گوزەران و لەشێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ناڕازین، کرێکار ناڕازیە، جەماوەری بێبەش و ستەملێکراو ناڕازیە، گەنجانی بێکار ناڕازین، ژنانی مافخوراو پەراوێزخراو ناڕازین، بەلام کاتێک دەتوانین ئەم ناڕەزایەتیانەمان بە شوێنێک بگەیەنین کە هێزمان بخەینە پاڵ یەکتر. ئەوەش لە حزبی سیاسی کۆمۆنیستیدا مەیسەر دەبێت. ئەوکاتە دەتوانین بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو هەڵبگرین کە بڕوامان پێیەتی و بۆی تێدەکۆشین.

مەنسوری حیکمەت دەربارەی زەبتوڕەبت و پرەنیسپی حزب لە بنەما رێکخراوەیەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا باس لە زەرورەتی تۆکمەیی و پەیڕەوکردنی بنەماو زەوابتە حزبیەکان و بایەخیان دەکات بۆ حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری کە دەیەوێ شۆڕشی کرێکاری ئەنجام بدات و دەسەلاتی سیاسی بگرێتە دەست. دیارە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە بارودۆخی سیاسی ئێران و کارکردنی حیزبێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕو ڕادیکاڵ دەکاتە لەژێر هەلومەرجێکی ئەمنی و پۆلیسیدا لە وولاتێکی وەکو کۆماری ئیسلامیدا. باسی ئەوە دەکات کە لە وولاتیکی بەوجۆرەدا چەندە پێویستە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تۆکمەو پتەوو خاوەن زەبتوڕەبتی رێکخراوەیی تۆکمە بێت، چەندە ئەمە حەیاتیە بۆ حزب و رێکخراوە حزبیەکان و بەردەوامکاریان و بۆ پاراستنی ژیانی ئەندامان و کادرانی حزبیش، بەلام هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت لەدەوڵەتانی لیبراڵیشدا ئەم تۆکمەییە و ئەم ڕەچاوکردنەی زەوابت و بنەما رێکخراوەییەکان چەندە گرنگە. باس لەوە دەکات کە هەلومەرجی شێوە دیموکراسی ئەو وڵاتانە ئەندامانی حزبێکی کۆمۆنیستی نابەخشێت لەوەی کە پرەنسیپە حزبیەکان شل بکەنەوەو پێوانە و زەوابتە رێکخراوەییەکان لەبەرچاو نەگرن.

لە خاڵی (١٤)ی بنەمای رێکخراوەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەڵێ: " <u>ئینزباتی پتەوی</u>

رێکخراوەیی مەرجێکی سەرەکی بەردەوامبوونی کار و پێشرەوی حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاریە لە هەلومەرجی نالەبار و بەرتەسکی ئێستادا تەنانەت لە لیبراڵترین وڵاتاندا"، واتە نەک لەو وولاتانەی کە هەلومەرجی خەباتی چینی کرێکارو تێکۆشانی رێکخراوەیی و حزبی ئەو چینە ڕوبەڕووی سەرکوت و داپڵۆسین دەبێتەوەو هەڵسوڕاوانی چینی کرێکار ڕاودەنرێن و دەستگیر و زیندانی دەکرێن و یان دەکوژرێن، ئەم ئینزبات و زەبتوڕەبتە حزبیە بایەخێکی یەجگار گرنگ و حەیاتی هەیە، بەڵکو تەنانەت لە لیبراڵترین وولاتدا کە ئەو مەترسیە لەسەر هەڵسوڕاوانی چینی کرێکارو رێکخراوی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار بەوڕادەیە نیە، هێشتاش دیسپلینی حزبی و زەبتو ڕەبت و ئینزباتی حزبی بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پیویست و گرنگە.
هەروەها دەڵێ:" ئەو ئینزباتەی کە لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدایە ئینزباتێکە پشتی بەستووە بە هوشیاری ئەندامان سەبارەت بە پێداویستییە عەمەلیەکانی خەباتی کۆمۆنیستی و هەلومەرجی چالاکی حزبەوە" . هەروەها باس لەوە دەکات کە دیسپلین و زەبتوڕەبتی حزبی بەرهەمی ئینسجامی سیاسی و مەعنەوی کادران و ئەندامانی حزب و هوشیاری ئەوانە:" دیسپلینی حزبی بە پلەی یەکەم پاشکۆی ئینسجامی سیاسی و مەعنەوی حزب و پوختی و هوشیاری ئەندامان و هەڵسووڕانیانە."
بەمجۆرە پابەندبوونی ئەندامانی حزب بە پرەنسیپ و زەوابتە حزبیەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بەستراوەتەوە بە رادەی هوشیاری ئەوانەوە. کادرو ئەندامانی حزبی لەسەر بنەمای هوشیاری و قەناعەت نەک پەیرەوی کوێرانە، پابەندبوونەکانی خۆیان بەرامبەر بە بنەماو پرەنسیپە حزبیەکان ئەنجام دەدەن. بۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەردەوام پیویستی بەوەیە کە ئەندامانی فێربکات و پەروەردەیان بکات لەسەر پرەنسیپە حزبیەکان و بنەما رێکخراوەییەکان، لەسەر پێویستی ئەم پرەنسیپانە بۆ خەباتی چینایەتیمان و بایەخی پابەندبوون بپێیانەوە. هاوکاتیش بەرامبەر بە هەر لادانێک لەو پرەنسیپانە هەنگاوی دیسپلینی و لێپرسینەوە لەبەرامبەریدا دانراوە. بەڵام گرتنەپێشی هەنگاوی دیسپلینی بۆ تەمێکردن و تۆڵەکردنەوەو سزادانی ئەندام نیە، بەڵکو بۆ پەروەردەکردن و سەرنج ڕاکێشانیەتی بۆ پابەندبوون بە زەبتو ڕەبت و دیسپلینە حزبیەکانەوە. بۆ پاراستنی یەکپارچەیی حزب، بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەندامانە، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارو رێسا حزبیەکانە، بۆ پاریزگاریکردنە لە بنەما رێکخراوەییەکان و بنەمای کاری هاوبەش و دەستەجەمعی حزبیە. بۆیە بەرامبەر بە هەر پێشێلکردنێکی پرەنسیپی حزبی سزایەکی لەبەرامبەردا هەیە.
هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە لەناو کاری دەستەجەمعی و پێکەوەییدا بۆچوونی جیاواز

دروست بێت کە دەبێ میکانیزمێک هەبێ بۆئەوەی کاری حزب ڕانەوەستێ، یان کێشەو گرفتی تێدا دروست دەبێ و لادان لە بنەماو پرەنسیپە حزبیەکان ڕووبدات، کەدەبێ جۆرە میکانیزمێک و ئیجرائاتێک هەبێ بۆ پێشپێگرتنی و چارەسەرکردنی. بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی ئەندامان و هاوکات لە پرەنسیپە حزبیەکان بەرامبەر بە پێشێلکاریەکان. لەهەمان برگەی (١٤) دا مەنسوری حیکمەت دەڵێت:" حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەگەڵ کۆششی بەردەوامی بۆ فێرکردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزکردنی ئەم ئاگایی و هوشیارییە لەنێو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی خۆیدا، لەبەرامبەر هەر جۆرە لادانێک لە دیسپلینە حزبیەکان ئیجرائاتی ئینزباتی دیاریکراو دەگرێتەبەر، ئاگادارکردنەوەی ڕەسمیی کەمترین و دەرکردن (لێسەندنەوەی ئەندامەتی) توندترین ئیجرائاتی ئینزباتییە لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا."

هەڵبەتە پێویست دەکات ئاماژە بە مەسەلەیەک بکەم ئەویش ئازادیی دەربڕینی بۆچوونە لەناو حزبی کۆمۆنیستیداو چۆنیەتی مامەڵەکردنیەتی. باسی ئەوەمان کرد کە پابەندبوونی ئەندامان وکادران بە پرەنسیپە حزبیەکانەوە بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حەیاتیە، هەروەکو ئەوەشمان باس کرد کە ئەم پابەندبوونەش ئاکامی هوشیاری سیاسی و چینایەتی ئەندامان و کادران و زەرورەتی خەباتە بۆ کۆمۆنیزم لای ئەوان. بەڵام لەناو حزبدا ئەو پەڕی ئازادیی فکری و بۆچوونی سیاسی ڕێگاپێدراوە. بێگومان لەسەر مەسەلەو پرسە جیاوازەکان بۆچوونی سیاسی جیاواز دروست دەبێت. لەکۆمیتەی ناوەندی حزبەوە تا هەموو کۆمیتەو شانەیەکی حزبی ڕەنگە بۆچوونی جیاواز لەناو ئەندامان و کادراندا سەبارەت بە هەر پرسێکی سیاسی بێتەئاراوە. کۆمەڵگا پرسی جۆراوجۆر دەخاتەڕوو و ڕەنگە وەڵامی جۆراوجۆریشی پێبدرێتەوە. نەک هەر بۆ حزبی کۆمۆنیستی بەڵکو بۆ هەموو حزبێکی سیاسی ئەم مەسەلەیە ئەگەری ڕوودانی هەیەو بەشێوەیەکی ئاساییش ڕوودەدات. بەڵام حزبی لینینی چۆن مامەڵەی ئەم حاڵەتە دەکات؟ لەرێگای میکانیزمی دەنگدان و ڕەچاوکردنی زۆرینەو کەمینەوە، دوای ئەوەی کەلەناو ئۆرگانە پەیوەندیدارەکاندا بەپێی پێویست گفتوگۆی ئازادانەی لەسەر دەکرێ و بۆچوونەکان دەخرێنەڕوو. ئەو بۆچوون و پێشنیارە سیاسیەی کە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئۆرگانەکەی بەدەست هێنا دەبێتە بڕیاری ئەو ئۆرگانەو دەبێ جێبەجێ بکرێ لەلایەن ئۆرگانی ناوبراوەوە. بەڵام ئەندامی نەیار بە بڕیاری زۆرینە، مافی ئەوەی هەیە کە کار بۆجێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نەکات کە بڕوای پێی نیە، بەڵام مافی ئەوەی نیە بەئاشکراو لەئاستی کۆمەڵگاو لەدەرەوەی ئۆرگانەکەی خۆیدا لەدژی ئەو سیاسەتە بوەستێتەوەو پڕوپاگەندەی لەدژ بکات. هەروەکو بڕیاری ئۆرگانە باڵاکانی حزب بەسەر ئۆرگانەکانی خوارەوەدا جێبەجێ دەبێت. هەر بڕیارێکی

ئۆرگانی خوارەوە نابێ پێچەوانەی بڕیارە پەسەندکراوەکانی ئۆرگانەکانی سەرەوەبێت، هەروەکو نابێ بڕیارو سیاسەتەکانی کۆمیتەی ناوەندی پێچەوانەوەی بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی حزب بێت و بەمجۆرە.

لە بڕگەی (١٣)ی بنەما ڕێکخراوەیەکاندا مەنسوری حیکمەت دەڵێت: "هاوفکری لە دەستنیشانکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاوی خەباتی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنی، مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لە پەیوەندیەیە ناوخۆییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا، بەرفراوانترین ئاڵوگۆڕی بیرورا و هاوفکری و زۆرترین ماوەدان بۆ دەربرینی بیرورا و بۆچوونی جیاوازی کەسەکان لەکاتی بڕیاردان لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، لەگەڵ زۆرترین پێداگرتن لەسەر ئینزبات و هاوهەنگاوی یەکپارچەیی عەمەلی لە بردنەپێشەوەی سیاسەتەکان و پەسەندکراوەکاندا، کۆڵەکەیەکی لێکجیانەکراوەی پەیوەندیەیە ناوخۆییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێکدێنن"

## بۆچوونی نادروست؛ حزب و زەوتکردنی ئازادیی تاک:

دیارە ئەو بۆچوونە دژی حزبیە بەڕواڵەت بەرگریکارە لە ئازادی تاک، کە پێیوایە ئەندام بوون لە حزبدا کۆتکردنی فکری و سیاسی و زەوتکردنی ئازادی بیرکردنەوەو بڕیاری ئەندامانی حزبە، ڕەخنەکەیان لێرەدایە کە دەڵێن نابێ ئەندامی حزب پەیرەوی لەبڕیاری ئۆرگانەکەی بکات و نابێ ئۆرگانەکانی خوارەوە لەسەرەوە، بەپێچەوانەوە ئیتر پەراوێزێک بۆ ئازادی تاک لەناو حزبدا نامێنێتەوە! بەڵام ئەم جۆرە بانگەشەیە لەژێرناوی ئازادیی تاکدا دەخرێتەڕوو خودی بنەمای کاری دەستەجەمعی و حزبی دەخاتەژێر پرسیارەوە. بەتایبەتی ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئێمە باسمان لەوە کرد کە ئەوپەڕی ئازادیی بۆچوون بەرقەرارە و تەنانەت کەمایەتی نارازی لە بڕیارێکی سیاسی حزب دەتوانن کاری بۆ نەکەن، مادام بروایان پێی نیە، کە ئەمە لەهیچ حزبێکی سیاسی ئەم ناوچەیەدا و بگرە لە هیچ حزبێکی چەپیشدا نیە چ جای لەناو حزبە بۆرژوایە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و بگرە شێوە لیبراڵەکانیشدا هەبێ. بەڵام ئەگەر کاری دەستەجەمعیمان بوێ، ئەگەر حزبمان بوێ، دەبێ ئەوەشمان قبوڵ بێت کە حزب دەبێ کاری خۆی بکات و نابێ لەسەر بوونی بۆچوونی جیاواز کارەکانی پەکی بکەوێ. ناکرێ تا ئەوکاتەی خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان بە ڕێکەوتن دەگەن، یان قەناعەت بە شتێکی هاوبەش دەکەن، کاری حزب و ئۆرگانە حزبیەکان رابوەستێ. بۆیە پرسی زۆرینەو کەمینە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات و بڕیاری زۆرینە دەبێتە بڕیاری ڕەسمی حزب و ئۆرگانەکانی و کەمینە مافی ئەوەی هەیە کە بیروباوەڕەکەی دەست پێوە بگرێت و لەفرسەتەکانی داهاتوودا هەوڵ بدات

## موحسن کەریم

دەنگی بۆ کۆبکاتەوەو بیکات بە بڕیاری زۆرینە و بەوجۆرە.
ئەگەر حزبێکمان بوێ کە توندوتۆڵ بێت و بەرگەی شەڕی بۆرژوازی بگرێ، ئەگەر دەمانەوێ پێکەوە کاربکەین بۆئەوەی بە ئامانجە هاوبەشەکانمان بگەین، دەبێت قوربانی بە بەشێک لە ئازادیە شەخسیەکانی خۆمان بدەین بە پەیرەوکردن لە بڕیارە دەستەجەمعیەکانی خۆمان، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، لەپێناو ئازادی گشتیدا، چونکە لەدوا لێکدانەوەدا ئازادیی شەخسیی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان لە ئازادیی گشتی کۆمەڵگادا بەرجەستەو عەمەلی دەبێتەوە. لە رزگاربوونی کۆمەڵگا لە دەست خاوەنداریێتی تایبەتی و کاری بەکرێ لە توانادایە و مومکینە. ئازادی شەخسی لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا بۆ چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوە، تەنها ئازادیەکی ڕواڵەتی و ساختەیە. بە حزبێکی تۆکمەو بە زەبتوڕەبت و توندتۆڵ دەتوانین شەڕی بۆرژوازی بکەین کە لە سەریەوە تا پەنجەکانی پێی چەکدارە، بە هەموو شتێک نەک تەنها بە چەک!
با سوپایەک بێنینە پێشچاومان کە لەمەیدانی جەنگدا ڕووبەڕووی سوپای دوژمن وەستاوەتەوە. ئەگەر ئەو سوپایە لەڕووی سەربازیەوە شلوشۆڵ بێت، بێزەبت و ڕەبت، بەگوێی فەرمانی سەرکردەکانی نەکات، بەشێوەیەکی گونجاو خۆی ڕێک نەخستبێت و دابەش نەبووبێت بەسەر شوێنەکان و سەنگەرەکاندا، بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بۆی دانراوە پێشڕەوی نەکات و هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوەو بەپێی بڕیاری خۆی بجوڵێتەوە، ئەوا بێگومان لەیەکەم هێرشی دوژمندا، ئەو سوپایە پرشوبڵاو دەبێت و تێک دەشکێت و قوربانی قورسیش دەدات.. و تاد. بەڵام کاتێک سوپایەکمان هەبێت کە ڕێکخراوبێت، هونەری شەڕکردن بزانێت، خۆی ئامادە کردوەو لەژێر ڕابەرایەتی فەرماندەکانیدا دەجوڵێتەوەو دەزانێ لە کوێوە هێرش دەکات و لە کوێوە پاشەکشە دەکات.. چ جۆرە ئارایشێک بەخۆی دەدات و تاد... گومانی تێدا نیە ئەو سوپایە ئەگەر سەریش نەکەوێ بەرامبەر بە سوپایەکی خاوەن ئەزمونتر و ڕێکخراوتر و بە تواناتر، بەڵام دەتوانێ بەرەنگاری بکات و تووشی شکست نەبێت و بگرە ئەگەری سەرکەوتنیشی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سوپایە خاوەنی بڕوایەکی پتەو و عەقیدەیی بێت. حزبیش بەهەمانشێوە سوپایەکی ڕێکخراوە کە لەشەڕێکی چیایەتیدایە لەگەڵ بۆرژوازیدا. ئەم شەڕەش بە دەزگایەکی حزبی پتەوی ئەوتۆ دەکرێ کە لەپاڵ بوونی ئەوپەڕی ئازادیی بۆچووندا، ئەوپەڕی پابەندبوونیش بە پرەنسیپە حیزبەکانەوە تێیدا پەیرەوبکرێت.
با نمونەیەک بهێنمەوە. ئەگەر بۆنمونە من لە ئۆرگانەکەی خۆمدا بۆچونێکم هەبوو، بەڵام نەیتوانی دەنگی زۆرینە دابین بکات، ئەوسا دەبێ پەیرەوی لە شەرعیەتی بڕیاری زۆرینەی ناو ئۆرگانەکەم بکەم. نابێ بچم لە دەرەوەی حزب دژ بەو بڕیارە سیاسیە قسە بکەم و

ووتار بنوسم. مافی ئەوەم هەیە بۆچوونەکانم لای خۆم بپارزیم و لە فرسەتێکی دیکەدا هەوڵ بدەم هاورێیانی ناو ئۆرگانەکەم قانع بکەم و بەوجۆرە بیکەم بە دەنگی زۆرینەو  بە بڕیاری ڕەسمی حزب کە کاری پێ بکرێ. هەروەکو مافی خۆشمە کە کار بۆ ئەو سیاسەتە نەکەم کە بڕوام پێی نیە. ئەمە بەڕای من ئەو پەڕی ئازادیە لە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستیدا. تەنها ئەو مافەم نیە کە بچم پڕوپاگەندەی ئاشکرا دژی سیاسەتی حزب بکەم، چونکە ئەگەر ئەوەم کرد ئیتر هیچ مانایەک بۆ حزب نامێنێتەوە، بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نامێنتەوە، کە دەبێ تا چ ڕادەیەک توندوڵ و خاوەنی پرەنیسپی حزبی بێت. ئەگەر بە پێچەوانەوە لەدەرەوەی حزب و لەناو ئۆرگانەکانی دەرەوەی ئۆرگانەکەی خۆمدا چووم دژی سیاسەتی ڕەسمی ئۆرگانەکەم قسەم کرد، دەبێ لێپێچینەوەم لێ بکرێ، دەبێ ئیجرائاتی رێکخراوەیم لەگەڵدا بکرێ. پرەنیسپی حزبی کۆمۆنیستی بۆ پاراستنی حزب و مافی حزب و ماف و کەسایەتی ئەندامەکانیەتی.

## میکانیزمەکانی دابینکردنی

## ئازادی بۆچوونەکان و بەڕێوەبردنی حزبی:

کەواتە بە پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەوە کە دژی حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەکرێ، گوایە سەرکوتی ئازادی ئەندامەکانی دەکات، ئەوەندە ئازادی بیروبۆچوون هەیە کە لەهیچ حزبێکی بۆرژوایدا و بگرە لە حزبە لیبراڵە ئەوروپیەکانیشدا نیە. بڕانەوەی بڕیارە سیاسیەکان لەناو حزبدا دوای گفتوگۆی ڕاشکاوو ئازادانەو تێروتەسەل، بە دەنگدان و دوای بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان دەبێت. ئەمەش سەرەتاییترین بنەماکانی دیموکراسی حزبیە کە بۆرژوازی وەکو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی شانازی بە دیموکراسیەوە دەکات! لە پرەنیسپی دیموکراسیدا دەنگی زۆرینە شەرعیە ئەگەر هەڵەش بێت، وەکو ئەوەی کە لە ریفراندۆمی تایبەت بە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا ناسراو بە (برێکزیت) ڕوویدا و زۆرینە دەنگیان بۆ دەرچوون داو ئێستاش گیریان خواردوە بەدەستیەوەو بۆیان جێبەجێ ناکرێ!

لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، بێجگە لەو بوارە فراوانەی کە بۆ ئازادیی دەربڕینی بیروبۆچوون هەیە، هاوکات میکانیزمێکیش وەکو بەشێک لە بنەما رێکخراوەیەکانی حزب دیاریکراوە بۆ ئەو ئەندامانەی حزب کە جیاوازی سیاسییان لەگەڵ حزبدا هەیە و جیاوازیەکەیان بەجۆرێکە کە ناتوانن لە چوارچێوەی سیاسەت و بڕیارە ڕەسمیەکانی حزبدا بۆچوونەکانیان بەرنە پێشەوە، ئەویش دروستکردنی فراکسیۆن(کتلە)ە. ئامانج لەم ئازادیە

## موحسن کەریم

کە لەناو هیچ حزبێکی سیاسی بۆرژوازی و بگرە چەپیشدا نیە، لەناوچەکەو لە کوردستان ئەوەیە کە هاوکاتی بوونی ئەوپەڕی ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوونی سیاسی، پارێزگاری لە یەکپارچەیی حزب بکرێ، ئەویش لەڕێگای دانی فرسەتی ڕەسمی بەو ئەندامانەی کە موخالیفی سیاسەتێک یان چەند سیاسەتێکی حزبن، تا فراکسیۆنی خۆیان پێک بهێنن و باسەکانیان بە ئاشکرا بۆ ناوخۆی حزب و بۆ کۆمەڵگاش بڵاوبکەنەوە، تا بتوانن لەو ڕێگایەوە هەم ئەندامان لە باسەکانی خۆیان ئاگادار بکەن و فرسەتی ئەوەی کە سیاسەتەکانیان لەلایەن ئەندامانەوە هەڵبژێردرێ و هەروەها کۆمەڵگاش ئاگاداری بۆچونەکانیان بێت.

هەروەکو کەسایەتی شەخسی هاوڕێیان و مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیان لەناوخۆی حزبدا پارێزراوو ڕێزلێگیراوە، پاریزگاری لە نەریتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزمیش ئەرکی حزب و ئەندامانی حزبە. پێشێلکردنی ئەم بنەماو نەریتانە ئاکامەکەی لێپێچینەوەو جێبەجێکردنی دیسپلینی حزبی دەبێت. دەبێ حزب جێگایەکی ئارام و سەلامەت بێت بۆکاری هەموو ئەندامێکی حزب.

## _مامەڵەی مەحفەلی و لیبراڵی لەگەڵ پرەنسیپە حزبیەکان؛

بەداخەوە نمونەیەکی خراپی پێشێلکردن و شکاندنی پرەنسیپە حزبی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لەناو خودی بزوتنەوەو حزبی خۆماندا ڕوویدا. لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا، ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حزب کۆمەڵێک بوختان و تەشهیری دژی ڕابەری حزب و ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی حزب بەشێوەی عەلەنی و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردەوە. مەکتەبی سیاسی پێشنیاری ئەوە دەکات ئیجرائاتی حزبی بەرامبەر بکرێت و لەحزب دەری بکات، دوای ئەوەی چەندجاری دیکە ئاگادار کرابووەوەو ئیجرائاتی بەرامبەرکرابوو وە هەمان کاری دوپاتکردبووەوە. لەسەر ئەمە ناکۆکی لەناو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا ڕوویداو بەداخەوە بەشێک لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کە هاومەحفەلی ئەو ئەندامەی حزب بوون کە خەتاکەی کردبوو، ڕیزەکانی حزبیان جێهێشت. ئەگەرچی پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرا کە لە کۆنگرەیەکی نائاساییدا بە ئامادەبوونی ئەو ئەندامەی لە حزب دەرکرابوو تانە لەو بڕیارە بدەن، بەداخەوە نەیانتوانی بەرگری لە پرەنسیپە حزبیەکان و یەکپارچەیی حزب بکەن کە خۆیان ساڵانێکی زۆربوو کاریان بۆ کردبوو دەنگیان پێدابوون. لە کۆتاییدا بەرژەوەندی و پەیوەندیە مەحفەلیەکانیان پێش بەرژەوەندی و پەیوەندیە حزبیەکان خست!

بێگومان هاورێیان، ناکرێ تۆ لەناو سەنگەرێکدا دژی دوژمن بجەنگی و سەربازەکەی

## حزب و حزبیەتی کۆمۆنیستی

هاورێت و هاوسەنگەرەکەت لە پشتەوە تەقەت لێبکات. ئەمە کەشوهەوایەکی نائارام و بێمتمانەیی دروست دەکات. هاودڵی سیاسی و مەعنەوی کە پیویستن بۆ خەبات و تێکۆشان لەق دەکات. بەرامبەر بە دوژمن لاواز و زەربەخواردوو دەبیت. ئێمە کە کۆمەڵێک مرۆڤین، پشتمان بەپشتی یەکەوە ناوەو دژی دوژمنی چینایەتیمان دەجەنگین، ریز لە کەسایەتی یەکتر دەگرین، مرۆڤدۆستی و هاوڕێیەتی، هاوسۆزی و هاودڵی و بەها مرۆییەکان، بنەمای پەیوەندی نێوانمانە، ناتوانین لە حزبێکی لەوجۆرەدا پێکەوە کاربکەین کە ئەندامەکانی لەئاستی بالاترین ئۆرگانی حزبیدا سوکایەتی بە ڕابەری حزبەکەو هاورێکەی پەنادەستی بکات. ئێمە لەناو کۆمەڵگادا شەڕی جێخستنی ئەو بەهاو پرەنسیپە مرۆییانە دەکەین. شەڕی ئەو نەریتە دواکەتوانەو سوکایەتی کردنە بە کەسایەتی مرۆڤەکان دەکەین، چۆن دەکرێ لەناو حزبەکەی خۆماندا ریگای پێبدەین!؟ ئەم جۆرە نەریتە دژی حزبی و دژی کۆمۆنیستیە مەترسیەکی گەورەیە بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. لەناوەوە کرمێی دەکات! بەرگەی سووکترین زەربەی دوژمن ناگرێ، نەک هەر ئەوە ڕەنگە بەبێ ئەوەی دوژمن هیچ پەلامارێکی دابیت، حزبەکەت لەناوەوە گەندەڵ بوویێت و دابرمێت! بێگومان ئەم روداوە جۆرێک لە بێئومیدی دروست دەکات و بەدگومانی بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و حزبیەتی کۆمۆنیستی دروست دەکات.
نمونەیەکی دیکەتان بۆ باس بکەم سەبارەت بەچۆنیەتی لەبەرچاو نەگرتنی پرەنسیپە حزبیەکان، هەر لەناو حزبەکانی خۆماندا، لە سەردەمی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا، کۆمەڵێک هاورێ دژی سیاسەتی ڕەسمی حزب وەستانەوە. حزب پشتیوانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرد و هۆکارەکانیشی لەکاتی خۆیدا بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو هاورێیانەی بەم سیاسەتەی حزب موخالیف بوون بەشێوەی عەلەنی و لەسەر میدیاکان ووتاریان نووسی. دیارە لەناو حزبی کوردستاندا شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام لەناو حزبی کۆمۆنیستی عێراقدا، دوای ئەوەی کە ئەو حزبە بە بەیاننامەیەکی فەرمی پشتیوانی لە ریفراندۆم کرد وەکو مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستان، بەڵام هەر لەناو ڕابەری ئەو حزبەدا دژی ئەو سیاسەتە وتار نوسرا. هەڵبەتە ئەمە جۆرێکی دیکەی ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستیە. ئەو هاورییانە دەبوایە ئەو کارەیان نەکردایە، چونکە ئەوە فەوزا دروست دەکات و هیچ مانایەک بۆ حزب و بنەماکانی کاری حزبی و بۆ بڕیاری زۆرینەو کەمینە ناهێڵێتەوە. ئەوان دەیانتوانی لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی یان لە کۆنگرەی حزبدا ڕەخنەیان لەو سیاسەتەی حزب بگرتایە، بەڵام بڵاوکردنەوەی ووتار بە دژی سیاسەتی ڕاگەیەنراوی حزب، سەرەگێژە دەروست دەکات لەناو ڕێکخستنەکانی حزب و ئەندامان و لەناو کۆمەڵگاشدا.

بۆچوونێک هەیە کە ئەمە بە ئازادی بیروبۆچوون لێک دەداتەوە. بەڵام بەبڕوای من ئەمە تەنها پەرە بە فەوزاو بێزەبت ورەبتی دەدات و حزبێکی شلوشۆڵی بیسەرەوبەرەو بێ بڕیارو بێ سیاسەت دروست دەکات، کە ناتوانێ هیچ کاریگەریەکی لە کۆمەڵگادا هەبێت و بگرە ناشتوانێ پارێزگاری لە مانەوەی خۆشی بکات. بەوجۆرە حزب لەحزبێکی سیاسیەوە کە دەیەوێ کاریک لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدات، هێز بجولێنێت و جەماوەر ڕێک بخات، دەبێتە یانەیەکی گفتوگۆی بێکۆتایی و بێئاکام و هیچی تر. ئەمجۆرە لێکدانەوەیە بێجگە لە لیبراڵیزمێکی ڕێکخراوەیی هێجی دیکەی لێ سەوز نابێ!

هاوڕێیان دیارە من لێرەدا مەبەستم بەهێچ جۆرێک تەنگکردنەوەی مەودای ئازادی دەربڕین نیە لەناو حزبدا، ئەوەم ڕوون کردۆتەوەو بنەمای ڕێکخراوەیی حزب بەروونی ئەوەی دابین کردوە، بەڵام باسەکەم سەبارەت بە تۆکمەیی حزب و پاراستن و ڕەچاوکردنی پرەنسیپە حزبیەکانە. هەر کۆمۆنیستیک لەوە تێدەگات و ئاگاری ئەوەیە کە لینین چۆن باسی حزب دەکات و چ جۆرە حزبێک لە ڕوانگەی ئەوەوە دەتوانێ شۆڕشی سۆشیالیستی ئەنجام بدات و هەر ئەوجۆرە حزبەشی دروست کرد، بەڵام مەنسوری حیکمەتیش بەهەمانشێوەی لینین پێداگری لەسەر تۆکمەیی حزب و پابەندبوون بە زەوابت و پرەنسیپە حزبیەکانەوە دەکات، تەنانەت لە وڵاتە لیبراڵەکانیشدا.

بێگومان حزبی ئێمە لەڕووی دیسپلینەوە کەموکوڕی هەیە. بنەما حزبیەکان و زەوابتەکان بەشێوەی گونجاو دروست دانەمەزراون و پیادەنەکراون، ئێمە دەبێ هەوڵی جدی بدەین بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنیان. بەڵام وەکو ووتم بەشێک لەکارمان لەو بوارەدا فێرکردنی هاوڕێیانە، پەروەردەکردنیانەو قەناعەت پێهێنانیانە بە بایەخ و گرنگی ئەم پرەنسیپانە بۆ حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ. بۆ حزبێک کە ئامانجی سیاسی خۆی بە بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری داناوە، ئەم مەسەلەیە زۆر پڕبایەخ و حەیاتیە. دەبێ بەهەموو تواناوە ئەم نەریتە حزبیە کۆمۆنیستیانە لەناو حزبدا جێ بخەین وکادرو ئەندامانی لەسەر ڕابهێنین و پەروەردەی بکەین. دەبێ حزبێک دروست بکەین کە بتوانێ شەڕی بۆرژوازی بکات، بتوانێ پێداویستیەکانی سەرکەوتن ئامادەبکات و بتوانێ سەربکەوێ!

## ئازادیی تاک لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، کادر و ئەندام:

لەکۆتایی باسەکەمدا با کەمێک زیاتر قسە لەسەر ئازادی تاک بکەم لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا. بەبروای من لێرەدا دەبێ دوو مەسەلە جیابکەینەوە یان دوو حاڵەت لەبەرچاو بگرین.

یەکێکیان ئەوەیە کە ئەندامی حزب چ ئەرکێکی لەسەر شانە بەرامبەر بەحزب؟ وەکو لە

بنەمای ڕێکخراوەیی حزبدا هاتووە، ئەندامی حزب ئەو کەسەیە کە خۆی بە هاوبەش دەزانێ لەگەڵ بەرنامەی حزبدا، لە یەکێک لە ئۆرگانە حزبیەکاندا بەپێی توانای خۆی کاری بۆدەکات و ئابونەی مانگانە دەدات بە حزب. ئەندامی حزب هیچ مافێکی فەردی و کۆمەڵایەتی بەهۆی حزبی بونیەوە لێ زەوت ناکرێ یان تەنگەبەر ناکرێتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەندامی حزب بۆی هەیە چۆن ویستی لەناو کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت بکات. دەبێ پێوانەو بەهاو نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزم بپارێزێ و ژێر پێیان نەخات. بۆنمونە، سوکایەتی بەژن، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن و مناڵ، تەشهیرو تۆمەت بەخشینەوە وسوکایەتی بە خەڵک، پێشێلکردنی مافە مەدەنیەکانی کەسانی دیکە و تاد. ئەمانە بەشێک نین لە ئازادیەکانی تاک و ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕوبەڕووی لێپێچینەوەی ڕێکخراوەیی و دیسپلینی دەبنەوە ئەگەر ئەنجامی بدەن.

دەبێ ئەندامی حزب نمونەی مرۆڤێکی پێشکەوتووی خاوەن نەریتی کۆمەڵایەتی بەرزو باڵاو مۆدێرن، خاوەن هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانە دەبێت، دەبێ نمونەی خۆشەویستی و هاوکاری و ڕەواجدان بێت بە بەها مرۆیی و ئینساندۆستیەکان و ڕێز گرتن لە کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤەکان، دەبێت نمونەی مامەڵەی ئینسانی و مۆدێرن بێت لەگەڵ منالان و ژنان، لەگەڵ ئەو بەشانەی کۆمەڵگا کە پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەیەو بە کورتی دەبێ نمونەیەک بێت لە بەهاو ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی و ئینسانی و دوور لە خودپەرستی و چاوچنۆکی بۆرژوایی.... تاد. کەواتە ئەندام ئەرکێکی سادەی حزبی لەسەرە، بەڵام لەباری پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکانی کۆمۆنیزمەوە بەرپرسیارەو بەخشراو نیە لە ئەنجامدانی پێچەوانەکەی. بێگومان دەبێ حزب لەوبارەوە ئەندامان بەردەوام فێربکات و پەروەردەیان بکات. دەبێ ئاشنایان بکات بەو پیوانەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کۆمۆنیزم نەک هەر لەسەرەتاوە چەکی ئیجرائاتی حزبی و ڕێکخراوەییان بەرامبەر بەرز بکاتەوە، چونکە بەداخەوە ئەوان لەناو کۆمەڵگایەکەوە دێن کە هەموو بەها بۆرژواییەکان ڕەواجی هەیەو کاریگەری لەسەر تاک بەتاکی مرۆڤەکان جێهێشتوە، تەنانەت لەناو چینی کرێکاردا کاریگەری بەرچاوی هەیە.

بەڵام ئاستێکی دیکەی بەرپرسیاریێتی حزبی، کادرە. کادر بێجگە لەوەی کە سەبارەت بە ڕەچاوکردنی پێوانەو بنەما کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزم بەرپرسیارە، هاوکات بەرپرسە لە ڕەواجپێدان و بڵاوکردنەوەی و فێرکردنی ئەندامان بەو بەهاو پێوانە کۆمەڵایەتیانە، بەڵام سەرباری ئەوە لەڕووی بەرپرسیارێتی حزبی و ڕێکخراوەییەوە، ئەرکەکانی زیاتر لە ئەندام و بەوپێیە پابەندبوونەکانی بە پرەنسیپە حزبیەکانەوە زیاتر دەبێ.

کادری حزب ئەو ئەندامەیە کە خۆی بەپێی ئامادەیی خۆی بەرپرسیارێتی هەڵدەبژێرێ.

## موحسن کەریم

خۆی بۆ پۆستە حزبیەکان هەڵدەبژێرێ، لەسەر بنەمای وەرگرتنی کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی دەنگی پێئەدرێ. بڕیاری پابەندبوون دەدات بەبنەما حزبیەکانەوەو بە جێبەجێکردنیان. خۆی بەشدارە لە داڕشتنی سیاسەت و بڕیارە سیاسی و رێکخراوەیەکانی حزبدا لەرێگای میکانیزمەکانی کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆمیتە و ئۆرگانە حزبیەکانەوە. کەواتە خۆشی بەرپرسە بەرامبەر بەجێبەجێ کردنیان. خۆشی بەرپرسیارە بەرامبەر بە جێبەجێکردنی بڕیاروو یاساو رێسا حزبیەکان. بەرپرسە بەرامبەر بە رەوجدا پێدان و بڵاوکردنەوەیان لەناو ئەندامانی حزبدا. بۆیە ناکرێ خۆی پێشێلیان بکات. لەوبارەوە کادر بەرپرسیارێتی زیاتری لە ئەندام دەکەوێتە ئەستۆ.

رەنگە ئەندام هەندێ لەو رێساو پێوانە حزبیانە نەزانێ، بەڵام کادر بەپێی کارەکەی و پۆستەکەی و بەرپرسیارێتیەکەی ئەوانە دەزانێ و خۆی دەوری هەیە لە داڕشتنیاندا. پێشێلکردنیان مانای پێشێلکردنی هوشیارانەو ئاگاهانەی ئەو بنەماو پرەنسیپە حزبیانەیە. بەتایبەتی کادران و ئەندامانی کۆمیتەو ئۆرگانە باڵاکانی حزب، دەبێ خۆیان نمونەو فاکتەری جێبەجێکردنی ئەو رێساو بنەمایانە بن. دەبێ خۆیان بەشێک بن لە پتەوکردن و تۆکمەکردنی حزب. دەبێت جێبەجێکاری سیاسەت و بڕیاری سیاسی و زەوابت و پرەنیسپی حزبی بن. بۆیە هەرکاتێک ئەوان خۆیان پێشێلی ئەم بنەماو پرەنسیپانە بکەن، کاریگەری زۆر خراپ لەسەر حزب و حزبیەت و بنەماکانی کاری حزبی جێدەهێڵێ. دەرگا دەکاتەوە بۆ فەوزای رێکخراوەیی و ئاماتۆریزم و لیبراڵیزمی رێکخراوەیی. هەموو بنەماکانی کاری حزبی کۆمۆنیستی رووبەرووی لێک هەڵوەشاندنەوەو داڕوخان دەکات. بەکورتی حزب بەسەر پێوە نامێنێ!

بەداخەوە ئەوەی کە هاورێیانێکی رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کردیان رەچاونەکردنی ئەم بەرپرسیارێتیە حزبیە بوو. ئەم بەرپرسیارێتیە چینایەتی و کۆمۆنیستیە بوو. ئەوەش نمونەیەکی باش لە حزبیەت ناداتە دەست هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیزمی کرێکاری و رەوتی تەحەزوبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار.

هاورێیان ئەگەر ئێوە لە فەرمانگەیەک کار بکەن، دەبێ پابەندبن بە زەوابت و رێسای ئەو فەرمانگەیەوە. ئەگەر پێشێلی بکەن رووبەرووی لێپێچینەوە دەبنەوە. تۆ لەناو پرۆسەیەکی دەستەجەمعیدا کار دەکەیت. ئەو کارە کۆمەڵێک پیوانەو زەوابت و دیسپلینی پێویستە، بەبێ ئەوانە کارەکە ناتوانرێ ئەنجام بدرێ، یاخود رەنگە بەوشێوەیەی کە مەبەستە نەتوانرێ ئەنجام بدرێ.، ئەگەر پێوەی پابەند نەبیت، ئیتر فەوزا روودەدات، بێسەرەوبەرەیی رودەدات، کەس کاری خۆی نازانێ، بوار بۆ هەموو گەندەڵی و ساختەکاری و بلۆف لێدانێک دەکرێتەوە. بێگومان کاریگەری لەسەر پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمەش دەکات کە

دەبێ پێشکەش بکرێ.

## قسەی کۆتایی:

بۆیە هاورێیان، دەمەوێ ئەوە دووبارە بکەمەوە کە بایەخ و بەهای حزب و حزبیەت و پاراستنی یەکپارچەیی حزب و پێوانە و بەهاکانی حزب ئەرکێکە لەسەرسانی هەر کۆمۆنیستێکی خەباتکار بۆ سۆشیالیزم و بۆ دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری. بێبایەخ سەیرکردن و مامەڵەکردنی گەورەترین زەبر لە جەستەی خۆمان دەدات وەکو بەشێک لە هەڵسوڕاوانی چینی کرێکارو دواتریش لە جەستەی حزبیەتی کۆمۆنیستی چینی کرێکار و بەردەوامی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بۆرژوازی بەسەر سەری چینی کرێکارەوە درێژەپێدەدات. بۆیە دەبێ ئێمە کادران و ئەندامانی ئەم حزبە هوشیارانەو بەرپرسیارانە لەم مەسەلەیە تێبفکرین و مامەڵەی بکەین. دەست بە حزبەکەمانەوە بگرین و هەرچی زیاتر تۆکمەو پتەوی بکەین. دەست بە پرەنسیپە رێکخراوەیی و مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بگرین. لەژیانی سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی خۆماندا پەیرەوییان لێبکەین وجێبەجێیان بکەین. ئەم سەنگەرە هەرچی زیاتر قایم بکەین بۆئەوەی بتوانین لە مەیدانی شەڕی چینایەتیماندا لەگەڵ بۆرژوازی سەربکەوین.

## تێبینی:

(1)https://www.latimes.com/nation/la-na-17-intelligence-agencies-20170112-story.html

(2) https://en.wikipedia.org/wiki/Italian_Communist_Party

خەسرەو سایە

# دەربارەی کۆمەڵگای بەرخۆر و ئابوری مەسرەفگەرا *

## ئایا کۆمەڵگای کوردستان،" کۆمەڵگایەکی بەرخۆرە"؟

ماوەیەکە دەستەواژەی "کۆمەڵگای بەرخۆر، وەیا ئابووریی مەسرەفگەرا" وەک پێناسەیەک بۆ دۆخی ئابووریی کوردستان، هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی سیاسییەوە و کەسانێکی چەپ و مارکسیستیش بۆ ڕەخنە و سەرنجدان لە ئابووریی کوردستان لەبری "ئابووریی سەرمایەداری" بەکاریدێنن. بەڵام ئایا ئەم بەکارهێنانە هەقیقەتی زانستی هەیە؟ ئایا پێناسەی ئابووریی کوردستان بە ئابووریی مەسرەفگەرا و بەرخۆر دروستە؟ چ ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لەپشتی ناساندنی ئابووریی کوردستان بە "ئابووریی بەرخۆر و مەسرەفگەرا"وە ڕاوەستاوە؟ ناوەڕۆکە چینایەتییەکەی سەر لەکوێ دەردێنێ؟.. ئەمانە و گەلێک پرسیاری تر کە هەوڵ دەدەین لەم باسەدا بچینە سۆراغیانەوە. بەڵام سەرەتا با بزانین مەبەست لە کۆمەڵگای بەرخۆر، وەیا ئابووریی مەسرەفگەرا چیە و چ پێناسەیەکی بۆ دەکرێ؟

بێگومان لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو کۆمەڵگاکان بەئاستێک لە ئاستەکان ڕۆژانە کردەی مەسرەفکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان تیایاندا بەڕێوەدەچێت و هیچ کۆمەڵگایەک نیە کە لەم کردەیە بەدەربێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە "کۆمەڵگای بەرخۆر وەیا مەسرەفگەرا"، وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەو کۆمەڵگایانە دەوترێت، کە بەرخۆری و مەسرەفکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری تیایاندا دیاردەیەکی بەربڵاو و زاڵە لەچاو ئاستی بەرهەمهێناندا، ئەمەش وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئابووری ئەو کۆمەڵگایە سەرنجی بۆدەدرێ و لە لێکدانەوەی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەدا، بە بنەما

وەردەگیرێت. تا ئەو ڕادەیەی کە دەوترێت هەبوونی فرە کاڵایی، فرە خزمەتگوزاری بە چەندایەتی زۆر و بە چۆنایەتی خراپەوە، کە بەشی هەرەزۆریان کاڵای هاوردەکراوی دەرەکین، خراونەتە بەردەست بەکاربەران و هاوڵاتیانەوە. لەکاتێکدا ئابووری هەرئەو کۆمەڵگایە توانای بەرهەمهێنانی زۆربەی ئەم کاڵایانەی هەیە.

لەلایەکیترەوە کۆمەڵگای بەرخۆر، ئاماژە بۆ سیستەمێکی ئابووری دەکات کە گوایە لەم سیستەمەدا، هێزی ئامادەبەکار، بەهۆی نەبوونی پلانەوە لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنان ڕاگیراوە و خەریکی بەرخۆری و مەسرەفگەراییە. بەواتایەکیتر ئابووریی بەرخۆر یانی ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکامان هەیە کە بۆتە بازاڕی کۆمەڵێکی فراوان و هەمەجۆرەی کاڵا و خزمەتگوزاری، وردودرشت، کە دەکرێ لەو کۆمەڵگایەدا بەرهەمبهێندرێت و لە دەرەوە بۆی هاوردە نەکرێ. بۆنموونە کاڵا خۆراکییەکانی وەک لەبەنیات، سەوزە و میوەجات، کەلوپەلی ناوماڵ، مەوادی لەقوتوکراو، گەلێگ خزمەتگورازی.. لەکەنار ئەم حاڵەتەشدا ئێمە هێزێکی ئامادەبەکار و ڕێژەیەکی فراوان لە دانیشتوان دەبینین کە بەرهەمهێن نین و بگرە لە بازنەی مەسەرفگەرایی و بەرخۆریدا قەتیس کراون، لەکاتێکدا دەکرێ ببرێنە بواری پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاوە و لەوێدا وەک فاکتۆرێکی بەرهەمێن وەگەڕ بخرێن.

هەر لەم پەیوەندەشدا ئەو باوەڕە ڕەواج پێدەدرێت، کە گوایە هۆکاری ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا لەلایەن دەستەیەکەوە بەڕێوە دەبرێ کە هەڵگری عونسوری ئەقڵانی نیە و بەرنامەو پلانێکی بۆ ئابووریی وڵات نیە و ناتوانێت وەیا نایەوێت بەشێوەیەکی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ داهات و سەرچاوە سروشتییەکان و هێزی ئامادەبەکار و مرۆیی وڵاتەوە بکات، تەنانەت ئەم دەستەیەی کە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست پشتی بەتەنها بە بوارێکی ئابووری بەستووە و بوارەکانی تری فەرامۆشکردووە. بەمجۆرە دەبینین لەپشت بەکارهێنانی چەمکی ئابووریی مەسرەفگەرا و کۆمەڵگای بەرخۆرەوە، جۆرێک لە نیگەرانی و ڕەخنە خۆی دێنێتە کایەوە، کە ڕەخنە و نیگەرانییە لە کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی ئابووریی سەرمایەداری و دۆخێک کە تێیدا قەراری گرتووە. ڕەخنە و نیگەرانییەک کە لە گۆشەنیگای بەشێک لە چینی سەرمایەدار و بۆرژوازییەوە ئاڕاستە دەکرێ بۆ ڕەوشێکی ئابووری کە سیستەمی مەوجود تێی کەوتوە. لێرەشەوە پلاتفۆرمێکی سیاسی بۆ تێپەڕکردنی ئەو دۆخە ئابوورییە دەخرێتەڕوو. ** بێگومان ئەمەش لەسەر حسابی پێچەوانە کردنەوەی هەقیقەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئابووریی سەرمایەداری. یانی پەردەپۆشکردنی سیستەمی کاری بەکرێ کە ئاڕاستەیە بۆ قازانجهێنەر و کەڵەکەی سەرمایە، لە ڕێگای چەوسانەوەی چینی کرێکارەوە. وەک سەرەکیترین تایبەتمەندی ئابووریی کۆمەڵگای ئەمڕۆ...

خەسرەو سایە

## بەڵام پێشینەی ئەم باسە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟

دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕۆناڵد ڕێگان، پلاتفۆرمی ئابووریی نیولیبرالیزم، وەک بەرنامەی کاری دەوڵەتی ئەمریکا، بۆ دووبارە سازدانەوەی سەرمایەداری چ لەئاست بازاڕی ناوخۆ و چ لەئاست بازاڕی سەرمایەداری جیهاندا بەدەستەوەگیرا.*** لەم نێوەشدا یەکێک لەڕاوێژکارانی حکومەتەکەی ڕێگان کە سەر بەمەکتەبی ئابووریی شیکاگۆ بوو، لەپێناو بردنەپێشەوە و پاساودانی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و سک هەڵگوشیندا، کە وەک ڕێگایەک بۆ داشکانەوەی ئاکامەکانی قەیرانی ئابووری بەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا بەدەستەوە گیرابوو، چەمکی "مەسرەفگەرایی ڕۆژئاوایی" هێنایە ئاراوە. چەمکێک کە لەناوەڕۆکدا سەرزەنشتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بەوە دەکرد، کە لەڕادەبەدەر مەسرەفگەرا وبخۆرە، دەست بڵاوە لە بەکاربردنی کاڵا مەسرەفییەکاندا و بەمجۆرەش خەسڵەتی بەرهەمهێن بوونی سیستەمی ئابووری سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی، ڕوو لە خوار و کاڵبوونەوەیە. ئەمە ئیتر بەس بوو بۆ ئەوەی پەلاماردانێکی سیستماتێک بۆسەر دەوڵەت بەڕێبخەن، بەوەی کە لەڕێگای پەیڕەوی کردن لە سیستەمی بیمە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆمەڵگای ئەمریکای کردۆتە هاوشێوەی کۆمەڵگا ئەوروپاییەکان و بەشێکی زۆر لە هێزی ئامادەبەکاریان ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی بەدیار بیمەکانەوە دانیشن و بۆکار نەگەڕێن و لە بواری بەرهەمهێنان دوور کەونەوە، واتە ئەوە دەوڵەتە کە لەڕێگای دانی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و گەلێک ئیمتیازاتی ترەوە، هاوڵاتیان هاندەدات بۆ مەسرەفگەرایی و بەرخۆری.. بەمجۆرە پەیوەندییەکی دووجەمسەری لەنێوان "بەرهەمهێنان و مەسرەفگەرایی کاڵایی"دا هێنرایەکایەوە و جەنگێک لەنێوانیاندا بەڕێخرا. بنەمای ئەم جەنگەش لەسەر ئەو باوەڕە دامەزرێنرا کە ئەوە دەوڵەتە دەخاڵەت دەکا و لەڕێگای بردنەسەرەوەی توانای کڕینی هاوڵاتیان بۆ کاڵا مەسرەفییەکان دیاردەی مەسرەفگەرایی و بازاڕی کاڵای مەسرەفی گەرم ڕادەگرێ و سەرەنجام کۆمەڵگایەکی بەرخۆر دەهێنێتەکایەوە کە ڕیشەی دەچێتەوە سەر "ئابووریی کۆمەڵگای سۆشیالیستی-بلۆکی شەرق"، کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی "کاڵای مەسرەفگەرا، لەپێناو دابینکردنی پێویستییەکانی هاوڵاتیاندا، بەدەخالەتی دەوڵەت و بەدەستەوەگرتنی بەرنامەڕێزی ئابووریی وڵات دامەزراوە". واتە کۆمەڵگا و سیستەمێکی ئابووری کە زێدەڕۆیی و دەست بڵاوی لە مەسرەفی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا دێنێتە کایەوە، ئاکامی ئەم کردەیەش، لەلایەکەوە توانای بەرهەمهێنانی مرۆیی بۆ کاڵا بەرهەمدارییەکان کەم دەکاتەوە و بەهۆی لەبەردەستدا بوونی کاڵای زۆر و هەرزانەوە، هێزی ئامادەبەکار خۆڕا و

تەمبەڵ دەکات. وە لەلایەکی تریشەوە چۆنایەتی کاڵاکان و ئاستی نەوعی بەرهەمهێنان دێنێتە خوارەوە و توانای مونافەسەیان لە بازاڕدا لێدەسێنیتەوە. کەوایە دەبێ سیاسەتی مەسرەفگەرایی دەوڵەت پاشەکشەی پێبکرێ و هەنگاوەکان بەقازانجی بەرهەمهێنان و چڕکردنەوەی تواناکانی بەرهەمداریی هێزی کار بگیرێتەبەر. تەنانەت دەبێ ئەوەندە کاڵای مەسرەفی بەرهەم بهێندرێ و بخرێتە بازاڕەوە، کە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی قازانجی سەرمایەکان پێویستیەتی.

بەمجۆرە داهێنانی چەمکی "مەسرەفگەرایی ڕۆژئاوایی"، هەر لەسەرەتاوە پاساوێکی تیۆری بوو بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتێکی ئابووری کە حکومەتەکەی ڕیگان و نیولیبرالیزم لە ئەمریکادا، دەستی بۆ بردبوو. سیاسەتێکی ئابووری کە لەسەر دوو پایە ڕاوەستابوو:

<u>یەکەمیان:</u> هەڵوەشانەوەی ئاسەوارەکانی "دەوڵەتی خۆشگوزەران"ی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا کە کاریگەری لەئەمریکادا، بەشێوەی دانی ئاستێک بیمە و بەرپرسیار کردنی دەوڵەت لەئاست دابین کردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری وەک تەندروستی، خوێندن، دەورانی بێکاری...

<u>دووەمیان:</u> هەڵوەشاندنەوەی باوەڕ و سیاسەتی هاندانی مەسرەفگەرایی بۆ دەرچوون لەقەیرانەکان کە پێشتر لەنێو لیبراڵەکاندا برەوی هەبوو. باوەڕێکی لیبراڵی کە پێیوابوو سەرهەڵدانی زێدەبەرهەمی عەمبارکراو و ساغ نەبوونەوەی کاڵاکان، هەڵاوسانی کاڵایی، کە وەک بەرئەنجامێک لە نەبوونی بازاڕ وەیا تەسک بوونەوەیدا دێتەکایەوە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی قەیرانی ئابووریی سەرمایەدارییە. جا بۆ بەرگرتن بە هەڵاوسانی کاڵایی و قەیرانەکان، دەبێ دەوڵەت دەخاڵەت بکا و هانی بەکاربەران بدات بۆ کڕین و مەسرەفکردنی کاڵاکان، ئەمەش لەڕێگای بەرزکردنەوەی توانای کڕین لای هاوڵاتیان، زیادکردنی موچە و کرێی کرێکاران و فەرمانبەران، خۆڕایی کردنی بەشێک لە کاڵا و خزمەتگوزاری و بەخشینی لەژێر ناوی بیمە، دەستگیرۆیی هەژاران و بێکاران، خانەنشینان، مناڵان... هەموو ئەمانە کە دواتر بەشێکیان لە بودجەی وڵاتدا و وەک ئەرکێکی دەوڵەت جێگیر کرا.. ڕەخنە لە "مەسرەفگەرایی ڕۆژئاوا" لە بنەڕەتەوە ڕووی لە هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمتیازاتانە بوو، کە دەوڵەت بە هاوڵاتیانی بەخشی بوو. ****

بەڵام ئەم بابەتە لەئاست ڕەخنەگرتن لە "مەسرەفگەرایی ڕۆژئاوایی"دا نەمایەوە و دواتر وەک بەشێک لە دیدگای نیولیبرالیزم جێگای گرت، بەڕادەی ئەوەی دەیان فەیلەسوف کەوتنە تەفسیرکردنی کۆمەڵگا و دیاردەکانی لە گۆشەنیگای مەسرەفگەراییەوە و تا ئەو ئاستە برەویان پێدا کە بڵێن مەسرەفگەرایی تەنها دیاردەیەکی ئابووری نیە، بەڵکو یەک ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت نەفسییە، کە پشتی بە هاندانی تاک بۆ

## خەسرەو سایە

مەسرەفی زیادە و کڕینی کاڵای بێ بەهرە بەستووە. بەتایبەتی باسی مەسرەفگەرایی لای پۆستمۆدێرنیستەکان تائەو جێگایە ڕۆیشت کە بازاڕی ئازاد و فەردگەرایی بنەما و چوارچێوەیەکی سەرەکییە بۆ ناسینەوەی ئابووری، سیاسەت، ئاکار و.. بەکار ببرێ و ئیتر بوونی کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی بەڕێوەدەچێت، هیچ جێگایەکیان لە لێکدانەوەکاندا نەمێنێ. تەنانەت ئەوەی لە زانستی ئابووریدا جێگای هەبێت هەر ئەوەیە کە کۆمەڵێک ئەفرادی دابڕاو و کۆمەڵیک کاڵا لەبەرچاو بگیرێت بۆ سەرنجدان لە کۆمەڵگا و دیاردەکانی، کە ئەوانیش لەبازاڕدا دەخرێنە بەردەم فەردەکانەوە و تا مەسرەفیان بکەن. بەڵام بۆئەوەی کۆمەڵگا بپارێزرێت لە تەمەڵی و خاوبوونەوەی ڕەورەوەی مونافەسە، دەبێ فەردەکان لە دیاردەی مەسرەفگەرایی دوور بخرێنەوە، تا بەهای بەرزی کاڵا بەرهەمهێنراوەکان بپارێزرێت..

بەڵام چەمکی بەرخۆر و ئابووریی مەسرەفگەرا، کاتێک دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگا "دواکەوتوەکان/ وابەستەکان"، یانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی ئابووری تێیاندا نزمە وەیا لەحاڵەتی پەرەسەندندایە، واتایەکی تایبەتتر بەخۆیەوە دەگرێ: لەوانە دەوترێت ئابووریی بەرخۆر بەرئەنجامی سەرهەڵدانی لاسەنگ بوونی قەوارەی بازرگانییە لەنێوان کاڵای هەنارده کراو و هاوردەکراودا. ئەمە ئاماژە بە نیزامێکی ئابووریی وابەستە دەکات کە بەرهەمهێنان تێیدا لاوازە و لەسەر بنەمای پشتبەستن بە بازاڕی جیهانی و"بازرگانیی نایەکسان" دەڕوا بەڕێوە. چینی فەرمانڕەواش لە دەستەیەک بازرگانان و خاوەن کۆمپانیا پێکهاتووە، کە گرنگی زۆر بەبەرهەمهێنان نادەن و بازرگانی و هەنارده کردنی زۆرترین کاڵای دەرەکی بۆبازاڕی ناوخۆ، بەسەرچاوەی سەرەکی کۆکردنەوەی قازانج و داهات دەبینێ و لەسەر ئەم بنەمایەش ئابووریی وڵات ڕێکدەخات... بەبێ ئەوەی ئەم بۆچوونە پێمان بڵێ وبۆمان دەرخات کەچۆن بازرگانی و هاوردەی کاڵا، سەرچاوەی قازانجە، لەکاتێکدا قازانجی سەرمایە لە بەرهەمهێنانەوە دەخوڵقێ و دواتر دابەش دەبێتەوە بەسەر بەشەکانی تری سەرمایەدا. ئایا چینی دەسەڵاتدار عەشقی کاڵای دەرەکییە و کاڵای ناوخۆیی لەبەرچاو کەتووە یان قانونێک کە قازانجی سەرمایە دەیبزوێنێ ئەم دۆخەی پێکهێناوە!

بۆچوونێکی تر هەر لەمبارەوە ئەو ڕەخنە و گلەییە دەخاتەڕوو کە دەڵێت: کۆمەڵگای بەرخۆر نیزامێکی ئابووریی پەرەسنەدوو نیە و وابەستەیە بە وڵاتانی دەرەکییەوە و پشت بە بەرهەمهێنانی تاک کاڵایی بەستووە، لەوانە نەوت، ئیتر بوارەکانی پیشەسازی نیشتمانی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری بە فەرامۆشی تەواو سپاردووە و وەک سەرچاوەی داهات جێگایەکیان لە ئابووریی وڵاتدا نەگرتووە، کە جێگای ئاماژە بۆکردن بێت. بۆنموونە ئاماژە

بەوە دەکرێت کە ئابووریی کوردستان وەیا عێراق ٩٥٪ی لەسەر داهات و بەرهەمهێنانی نەوت ڕاوەستاوە. بەبێ ئەوەی داهاتی ئەم مەیدانە بۆ برەودان بە پیشەسازیی نیشتمانی و بوژانەوەی کشتوکاڵ و بوارەکانی تر بەکار بهێندرێ و ئەمەش وا دەکات پشت بە هاوردەکردنی قەوارەیەکی یەکجار زۆر کاڵای مەسرەفی کە لە دەرەوە دابین بکرێ، ببەسترێت. بۆنموونە ئەمڕۆ لە کوردستان هەموومان ئەو دیاردەیە لامان بەرجەستەیە کە چۆن سادەترین کاڵای خۆراکی وەک لەبەنیات و برنج و ڕۆن و دۆشاو، تا پۆشاک و کەرەسەی بیناسازی و...هتد هەر هەموویان لە دەرەوە و بگرە یەک جۆر کاڵا بە کوالیتی و نرخی جیاوازەوە، لە چەند وڵاتێکەوە هاوردەکراوە. ئەم بۆچوونە پێمان ناڵێت کە بۆچی سەرمایەداری لە کوردستان ئەو خەسڵەتەی هەیە پشت لە بوارەکانی بەرهەمهێنان لە بازاڕی ناوخۆدا بکا و هەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تاک بەرهەم خۆی ڕابگرێ!

بۆچوونێکی تر، ئابووریی بەرخۆر دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە دەستەی فەرمانڕەوا لە گروپێکی نائەقڵانی و مشەخۆر پێکهاتووە و هیچ پلان و بەرنامەیەکیان نیە و هەر خەریکی گەندەڵین و نازانن ئابووری وڵات ئیدارە بکەن، تەنانەت ئەم گروپە خەڵکێکی زۆر کە ئامادەیی کاریان هەیە کردۆتە موچەخۆری ناپێویست و ئەمەش بووە بە سەرچاوەی شکڵگرتنی دانیشتوانێکی مەسرەفگەرا و بەرخۆر، واتە پارە لە حکومەت وەردەگرن و سەرفی دەکەن بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی جدییان لە ئابووری و خزمەتگوازیدا هەبێت. ئەم بۆچوونە تا ئەو ڕادەیە دەڕوا دەڵێ دەسەڵات بۆیە ئەم هەموو فەرمانبەرانە دەگرێ تا لە دەنگدانەکاندا ناچاریان بکات دەنگ بە حزبەکان بدەن.. بێگومان ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەدا ڕەخنەی ئەخلاقی و سەروچینایەتی لە دەسەڵاتداران دەگرێ، ناتوانێ یاساکانی چەقبەستنی سەرمایە و لە ئەنجامدا کۆبوونەوەی هێزی ئامادەبەکار لە شارەکاندا ببینێ و دیاردەی بێکاری و ڕەوەندەکانی وەک پێداویستییەکی ئابووریی سەرمایەداری بناسێ. هەربۆیە دەکەوێتە داوی ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە ئەخلاقیانەوە.

بەڵام بەو پێیەی کە پاشخانی تیۆریی ئەم بۆچوونانە ڕێدەباتەوە سەر "تیۆری وابەستەیی ئابووری" و "ئابووریی دواکەوتوویی"، ئێمە ناچاردەکات ئاوڕێک لەم تیۆرانە بدەینەوە و پەیوەندییان لەگەڵ چەمکی "ئابووریی بەرخۆر و مەسرەفگەرایی کاڵاییدا" دەرخەین. بەتایبەتی کە لایەنگرانی چەمکی "ئابووریی بەرخۆر" لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیان لەسەر دۆخی ئابووری وڵاتەکانیان، ڕەخنە و ناڕەزایەتییەک لە بەوابەستەیی ئابووریی ناوخۆی وڵات بە بازاڕی دەرەکی و هێزە ئیمپریالییەکانەوە دەخەنەڕوو. وە پێیانوایە سەرچاوەی دواکەوتوویی ئابووری و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بەرخۆری و مەسرەفگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پەیوەندییە وابەستەگیە.***** بە واتایەکی تر ئەوە ئابووری وابەستەی

ئیمپریالیزمە، کە نموونەیەک لە ئابووریی مەسرەفگەرا و بەرخۆری بەسەر وڵاتانی تازە پەرەسەندوودا دادەسەپێنێ، بەڕادەی ئەوەی کە گوایە ئابووریی وابەستە خۆی بۆ ئیفلج کردنی ئابووریی ئەم وڵاتانەیە و ئەمەش وادەخوازێ ئابووریی مەسرەفگەرایی پەرەپێبدرێ و ئەم وڵاتانە ببێتە بازاڕێک بۆ ساغبوونەوەی کاڵا مەسرەفییەکان و لە بواری بەرهەمهێنان و پیشەسازیی گەورە دوور بخرێنەوە. بێگومان دەربازبوون لەم دۆخە ئابوورییە، کەوتنە شوێن ئەفسانەی ئابووریی نیشتمانی و سەربەخۆیە!
بە واتایەکی تر مەکتەبی تیۆری وابەستەیی پێی وایە ئەوە دەخاڵەتی سەرمایەی دەرەکییە کە پیشەگەرێتی و سیستەمی کارخانەیی خۆماڵی شکست پێدراوە و بۆتە ڕێگر لەبەردەم سەرپێکەوتن و گەشەی پێشەسازییە نیشتمانییەکاندا. هاوکات لایەنگری لە چینێکی کۆمپرادۆری مشەخۆر و خائین بەنیشتمان دەکات کە دەستی تێکەڵاوە لەگەڵ بێگانەدا و خەمی کارگە و پیشەسازییە ڕەسەنەکانی ناوخۆی نیە و عاشقی بازرگانی و هاوردەی کاڵا مەسرەفییەکانە! بەرئەنجامی سیاسیی ئەم تیۆرە پلاتفۆرمێک دەکاتە بەدیلی ئەم دۆخە سیاسی و ئابوورییە کە وابەستەیی بەسەرمایەی دەرەکییەوە خوڵقاندویەتی، لە ناوەڕۆکدا داکۆکیکردنە لە سەرمایەداریی نیشتمانی و سەرمایەدارانی نیشتمانپەروەر، کە بەویژدان و خەمخۆری وڵاتە و ئەقڵانییە، ئەم چینە دەتوانێ "پەیوەندی وابەستەیی" لەسەر وڵات هەڵگرێ و ئابووریی سەربەخۆ دامەزرێنێ و لە بازنەی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی و مۆنۆپۆلە ئیمپریالییەکان دایبڕێنێ. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەتوانێ لەڕێگای بەرنامەڕێژیی ئابووری و پشتبەستن بە هێزی مرۆیی ناوخۆی وڵاتەوە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئیمکاناتی بازاڕی ناوخۆ و سەرچاوەکانی داهات ئابوورییەکی سەربەخۆ و نیشتمانیی پەرەسەندوو دامەزرێنێ و لێرەشەوە بنەما و ژێرخانی پیشەسازیی نیشتمانی پەرە پێبدات.. بەمجۆرەش هەم کۆمەڵگا پیشەسازی بکاتەوە و هەم ئابووریی فرە سەرچاوەی داهات بخوڵقێنێ و لە ئابووریی بەرخۆری ڕزگاری بکات. ئەمە ئەو ڕوانگە و پرۆژە ئابوورییە ناسیونالیستییەیە کە ساڵانێکی زۆرە بە گلەیی و گازندەکردنەوە لە کەموکوڕییەکانی ئابووریی سەرمایەداریی وابەستە، چینی کرێکاری ڕاکێشاوەتە ژێرسایەی ئاستێکی بەرز لە چەوسانەوە و سەرکوتگەرییەوە و لەئاکامیشدا، پرۆژەکەی بەبنبەست گەیشت و لە مەیدان دەرچوو.
سەرهەڵدانی مۆدێلی "دەوڵەتی نیشتمانی" دژی ئیمپریالیست، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆسەرەوە، نموونەی دەوڵەتانێک بوون کە بۆرژوازیی قەومی لەژێر سایەی دنیای دووقوتبی و بەپشتیوانی بلۆکی ڕوسیای سۆڤیەت، پەیڕەوی لە مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتییان کرد، تا ئابووریی وڵات لە چنگی دواکەوتوویی و وابەستەبوون

بەسەرمایەی دەرەکییەوە دەرکێشن. بەڵام هەر زوو تەجروبە نیشانیدا، کە سەرمایەداریی نیشتمانی و سەربەخۆ، نەک هەر ئەفسانەیەکە و ناتوانێ لە بازنەی سەرمایەداریی جیهانی و کارکردەکانی دەرچێت، بەڵکو تەنها فریوێک بوو بۆ ڕاکێشانی چینی کرێکار و کۆمەڵانی بەشمەینەت بۆژێر سایەی بەرنامەی ئابووریی بۆرژوازی ناوخۆ و سەرەنجام خۆیان لە کلکەوە لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیزمدا گرێدایەوە و سەری تەسلیمیان لەبەردەم سەرمایەداریی بازاڕی ئازاددا دانەواند و بڕیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و مۆنۆپۆڵە جیهانییەکانیان قەبوڵکرد و کردیانە پلاتفۆرمی ئابووریی خۆیان. نموونەی دەوڵەت و مۆدێلێکی ئابووری کە سەدام حسین دایمەزراند، لە سەرەتاوە شیعاری دژایەتی ئەمریکا و ئیسرائیلی هەڵکرد و کەوتە خۆماڵی کردنی نەوت و هاتوهاواری بوژانەوەی پیشەسازیی نیشتمانییەوە. بەڵام دوای تێپەڕکردنی دەورەیەکی کورت لە بوژانەوەی ئابووری، سەرمایەداری لەعێراق سەری لەقەیران و جەنگە یەک لەدوای یەکەکان دەرهێنا و ئینجا بینیمان کە چۆن عێراق بووە مەیدانی پەیوەندگرتن بە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و چۆن پڕۆژە و کارگە نیشتمانییەکان لەوانە، کارگەی شەکر، توتن، زیوتی نەباتی، پیشەسازییە مۆنتاژەکان.. یەک لەدوای یەک داخران و ئابووریی عێراق کەوتە ژێر کارکرد و حوکمەکانی کاردابەشکردنی بازاڕی جیهانی سەرمایەدارییەوە و هاوکات بازاڕی ناوخۆ بووە مەیدانی خستنەڕووی سەدان و بگرە هەزاران کاڵای مەسرەفگەرایی دەرەکییەوە... ئێستاش ئەم ناسیونالیزمە ئابوورییە و تیۆرەکەی کە بە ڕەخنەگرتن لە "وابەستەیی" دەستی پێکرد و دواتر شکستی هێنا، بۆتە لایەنگری بازاڕی ئازاد و بە کڕنوش بردن بۆ سیاسەت و باوەڕە ئابوورییەکانی نیولیبرالیزم "دیاردەی بەرخۆری" کردۆتە سەرچاوەی ڕەخنەکانی لە دۆخی ئابووریی مەوجود، تا ئەمجارەش چینی کرێکار لەبەردەم کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا، بەچۆکدابێ و لە بواری بەرهەمهێناندا ئەوپەڕی زەحمەت و ڕەنج بکێشێ و ئیتر دەست لەمەسرەفگەرایی فەردی خۆی هەڵگرێ.

ئەگەرچی لەم قسانەی سەرەوەماندا توانیبێتمان ڕۆشناییەک بخەینەسەر باسی "ئابووریی بەرخۆر بەڵام هێشتا دەبێ لەسەر ئەو پرسیارە ڕاوەستین کە دەڵێت:

## ئایا دەکرێ کۆمەڵگا بە دیاردەی مەسرەفگەرایی و بەرخۆری بناسرێتەوە؟

فۆرماسیۆنی بەرهەمهێنان، هەبوون و خەسڵەتنمای هەر کۆمەڵگایەکە، ئەمە سادەترین حوکمی زانستی ئابوورییە، ئینسانەکان بۆئەوەی دەستیان بە کاڵاکانی مەسرەفدا ڕابگات دەبێ سەرەتا پچنە نێو پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی کومەڵایەتییەوە تا پێداویستییەکانی

خۆیان بەرهەم بهێنن، بەمجۆرە وجودی کۆمەڵایەتی تاکەکان یەکەمجار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەست پێدەکات نەک لە بوونی کاڵاکانی مەسرەفەوە. بەڵام بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تەنها لە فۆرماسیۆنی کۆنکرێتی خۆیدا، دەتوانێ دەرکەوێ و بوونی هەبێت وولێرەشەوە پێناسەی تایبەت بەهەر کۆمەڵگا و دەورەیەک ببخەشێ، بۆنموونە: کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ئاماژەیە بۆ وجودی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە فۆرمی کۆنکرێتی خۆیدا کە دەرەبەگ و جوتیار لەپەیوەند بە زەوییەوە لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا، قەرار دەگرن و زێدەبەرهەم بەرهەمدێت. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وەک فۆرمێکی تایبەت کرێکار و سەرمایەدار لە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتیدا قەرار دەگرن و قازانجی سەرمایە لە شکڵی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا بەرهەمدێت. بەمجۆرە هیچ کۆمەڵگایەک بە دیاردەی مەسرەفی کاڵا پێناسە ناکرێ و ناناسرێتەوە، چونکە مەسرەفگەرایی کاڵایی بەرئەنجامی خەسڵەتنمای کۆنکرێتی بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵگایەیە نەک بەپێچەوانەوە. تەنانەت ئەوە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە کە دیاردەی مەسرەف و بەرخۆری دەخولقێنێ. هەربۆیە کەسێک کە پێیوایە ناهاوسەنگییەک لەنێوان قەوارەی مەسرەف و بەرهەمهێناندا هەیە، نابێ لە خودی بەرخۆری و زۆری کاڵای مەسرەفییەکاندا بۆی بگەڕێ، بەڵکو دەبێ لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسە و نەزمی بەرهەمهێناندا سەرنجی بۆبدا و بزانێت کە ئەوە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتەیە ڕێگای داوە بە"دیاردەی بەرخۆری"، نەک بەپێچەوانەوە.

هەروەک مارکس سەلماندویەتی کە ئابووریی سەرمایەداری لە بنەڕەتترین ئاستیدا، پێکهاتوە لە "یەکانگیربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی زۆرکردنی بەها". بەمجۆرەش بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی هەر بەتەنها بەهای مەسرەف (بەهای بەکاربردن) بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو بەهای گۆڕینەوە و زێدەیەکیش لە بەها بەرهەمدێنی کە دواتر بەشێوەی قازانج دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە. تەنانەت لەم نیزامەدا بەرهەمهێنانی بەهای بەکاربردن و کاڵای مەسرەفی تا ئەو شوێنە مومکینە، کە هەڵگری بەهای گۆڕینەوە و زێدەبایی بێت. بەم پێیەش بەهای بەکاربردن و کاڵای مەسرەفگەرایی خۆی لەخۆیدا نە ئامانجە و نە فاکتۆرێکی بڕیاردەرە، بەڵکو وەزیفەیەکە بۆ تەحقیق بوونی قانونمەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، کە ئەویش بەرهەمهێنانی زێدەباییە و لە دەرەوەی ئەم یاسایە ناتوانێ بوونی ببێت.

لەمەش زیاتر بە سەرنجدانێکی سادە لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان و مەسرەفکردن، ئەوا هیچکات ناتوانین مەسرەفی کاڵاکان لە بەرهەمهێنان جیابکەینەوە، تەنانەت قەوارە و ئاستی مەسرەفی کاڵایی لەهەر کۆمەڵگایەکدا، پاشکۆی توانای بەرهەمهێنان و نەزمی بەرهەمهێنانە.

واتە ئەوە شێوازی بەرهەمهێنانی کاڵاکانە کە شێوازی مەسرەفی کاڵاکان دیاری دەکات، لەلایەکی ترەوە بەرهەمهێنان لە هەمانکاتدا مەسرەفگەرایی جۆرێک لە کاڵاکانە و مەسرەفی کاڵاکانیش لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنانی جۆرێک لە کاڵایە، مارکس لەمبارەوە نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێ "ئەگەر سەیارەیەک ئەوپەڕی جوان و بە کەیفییەت بەرهەم هاتبێ بەڵام نەگات بەوەی کە شۆفێرێک لێی بخوڕێ و خزمەتگوزاریی پێویستی لێ وەرنەگیرێت ئەوا ئەو سەیارەیە وەک کاڵا مەوزوعیەتی لە ئابووریدا نیە". خۆ ئەگەر سەرنج لەم نموونەیە بدەین ئەوا دەبینین سەیارەی بەرهەمهاتوو لە مەسەرفکردنی هێزی کار و مەوادی ئەوەڵی و پێداویستییەکانی ترەوە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا خوڵقاوە، کەوایە بەرهەمهێنان لە هەمانکاتدا مەسرەفی کاڵایە، دواتریش کە سەیارەکە بەکاردەبرێ واتە مەسرەف دەکرێ و خزمەتێکمان پێدەبەخشێ، بۆنموونە وەک ئەوەی نەخۆشێکی پێ دەبەین بۆ نەخۆشخانە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە بەکاربردنی سەیارەکە لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکە بۆیە ئەو بۆچوونەی کە مەسرەفگەرایی لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە تەنها ڕوانگەیەکی بەرتەسک و سنورداریی بۆرژوازی عەکس دەکاتەوە و ڕاستییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک یەکیەتی پرۆسەی بەرهەمهێنان و زۆرکردنی بەها، بەفەرامۆشی دەسپێرێت.

هەر لەم پەیوەندەدا مارکس کاتێک باس لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان و مەسرەفگەرایی دەکات زنجیرەیەک پەیوەندی دەهێنێتە کایەوە کە بەمجۆرەیە: بەرهەمهێنان، دابەشکردن، گۆڕینەوە مەسرەفکردن.

لەم زنجیرەیەدا مارکس مەبەستیەتی سوڕانەوەی سەرمایە لە وێستگەکانیدا بەسادەیی نیشان بدات، لەکاتێکدا ئەم وێستگانە، پەیوەندیکی ئاڵۆز و پێکەوە گرێدراویان هەیە و یەک بۆئەوی تر دەگۆڕدرێ. واتە ئەڵقەکانی دەرکەوتنی سەرمایە لە سوڕی خۆیدا لە بەرهەمهێنانەوە (واتە پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتی) دەست پێدەکا و ئینجا بۆ دابەشکردن دەگۆڕێ و دواتر بۆ گۆڕینەوە دەڕوا تا کاتی بەکاربردن، بەکاربردنیش دواقۆناغی تەحقیق بوونی بەهای کاڵا و زێدەبایی بەسەرەنجام دەگەیەنێت. ئەگەر لێرەدا نموونەیەک لەسوڕانەوەی سەرمایە لەگۆڕینی لۆکە بۆ بەرهەمهێنانی قوماش، بخەینە پێشچاو، بابەتەکە باشتر ڕۆشندەکاتەوە:

سەرمایەیەکمان هەیە سەرەتا دابەش دەبێت بە دووبەشەوە بەشێکی دەڕوا بۆ کڕینی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان و مەوادی خام (لۆکە) و پێداویستییەکانی پرۆسەی کار، کە بەسەرمایەی سابت پێناسە دەکرێ. بەشەکەی دووەم دەڕوا بۆ کڕینی هێزی کار و لەبری کرێ بەکرێکار دەدرێ، کە بەسەرمایەی گۆڕاو دەناسرێ، ئەم دابەشبوونەی سەرمایە بە

دووبەشەوە لە هەمانکاتدا دوو جار گۆڕینەوە ڕوودەدات کە ئەوانیش بەشێوەی کڕینی ئامرازەکان و مەوادی خام و... وەهەروەها بۆ کڕینی هێزی کار ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەم دوو بەشەی سەرمایە دوای تێپەڕکردنی ئەڵقەی گۆڕینەوە، لەپرۆسەی کاردا مەسرەف دەکرێ، بەکار دەبرێت تا لۆکە بکەین بەقوماش، بەمجۆرە دەبینین لەو کاتەی پرۆسەی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێ، هەر ئەوکاتیش هەم دابەشبوون و هەم گۆڕینەوە ڕوویانداوە و هەمیش جۆرێک کاڵا مەسرەف دەکەین کە خۆی لە مەسرەفکردنی کاڵاکان لەجۆری مەوادی خام، ئامرازەکان، هێزی کار، پێداویستییەکانی تری وەک ئاو، کارەبا، شوێنی کاردا.. دەبینێتەوە. مارکس بەمجۆرە مەسرەفکردنە دەڵێت "مەسرەفگەرایی بەرهەمهێن" کە هەرگیز لەپرۆسەی بەرهەمهێنان جیانابێتەوە، (لایەنگرانی ئابووریی بەرخۆر و مەسرەفگەرا، ئەمجۆرە لە مەسرەفگەرایی کاڵایی کە لەبەرهەمهێناندا ڕوودەدات، نابینن و هەرباسی لێوە ناکەن و تەنها لەشێوەی ئاخریەکەیدا دەکەنە جێگای مەبەست، یانی ئەو شێوەیەی کە بەکاربەر سەرفی کردووە). بەدوای تێپەڕبوونی ئەم وێستگانە، واتە ئەنجامدانی وێستگەی "مەسرەفگەرایی بەرهەمهێن"، ئەوجا توانیومانە لۆکە بکەینە قوماش و قوماشەکەش وەک کاڵای مەسرەفی لەبەردەم بەکاربەراندا دابنێین. بەمجۆرە مەسرەفگەرایی وەک دواقۆناغ دەردەکەوێ، ئەویش دەبێ بەکاربەر جارێکی تر بچێتەوە ئەڵقەی گۆڕینەوەوە و قوماشەکە بەبڕێک پارە بکڕێت تا بتوانێ بەکاری بەرێت. ئەم نموونەیە پێمان دەڵێت کە لەئابووری سەرمایەداریدا، پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنان و مەسرەفی کاڵاکان، پەیوەندییەکی دووجەمسەری نیە، بەڵکو ئەوە سوڕانەوەی سەرمایەیە کە بەپێویست دەبێ کۆمەڵە وێستگەیەکی پێکەوە گرێدراو ببڕێ تا بتوانێ تەحقیقی قازانجهێنان بکات. ئەمە خاسیەتەکان و خاڵی ناسەرەوەی ئابووریی سەرمایەدارییە، کە لایەنگرانی ئابووریی بەرخۆر بەلایدا ناچن و بەیەکجاری لەسەرنجدانیاندا بۆ ناسینەوەی خەسڵەتنمایی ئابووریی وڵاتدا، بەفەرامۆشی سپێردراوە... بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستییانەدا هێشتا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێ:

ئەگەر بەرهەمهێنان بنەمای سەرەکییە و ئەگەر کۆمەڵگا سەرمایەدارییە، بۆ دیاردەی بەرخۆری و مەسرەفگەرایی بوونی هەیە؟

بێگومان ئێمە باس لە کۆمەڵگایەک دەکەین کە سەرمایەدارییە و بەرهەمهێنان و ئابووری بەشێوەی سەرمایەدارانە تێیدا بەڕێوەدەچێت. لە کۆمەڵگایەکی ئاواشدا یەک قانون بزوێنەر و بڕیاردەری سەرەکییە، کە هەم تەحەکوم بەسەر پرۆسەی کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دەکا و هەمەبڕیار لەسەر مەسرەفگەرایی کۆمەڵایەتی و فەردی دەکات، ئەویش یاسای قازانج و بردنەسەرەوەی ڕێژەی قازانجە. ئەمە ڕۆح و جەوهەری نیزامێکە کە

چاوەکانی سروشت و جوانی وڵات، بەپیتی خاکی نیشتمان، ویژدان و ئەخلاق.. هیچی نابینێ، جگە لە قازانج و کەڵەکەی هەرچی زۆرتری سەرمایە نەبێت. بۆ ئەم ڕۆحە چاوچنۆکە قازانج لە کوێ بێ و زۆرترین ئاست بەدەست بهێنێ ڕوودەکاتە ئەوێ. تەنانەت ئامادەیە هەموو گۆشە و قوژبنەکانی شارێک فەرامۆشکا و لەو شوێنە چەق ببەستێت کە قازانجی زۆری تێدا مسۆگەرە. تەنانات سەرمایە ئامادەیە هەموو بەشەکانی ئابووریی وڵات فەرامۆش بکا و تەنها لەسەر یەک قاچ ڕاوەستێ، ئەمەش هەر بەو دەلیلەی ئەو بەشانە قازانجهێنەر نین. سەرمایە ئامادەیە لەپێناو قازانجدا وڵات و نیشتمان و خاکی باووباپیران بەجێبهێڵێت و ڕووبکاتە وڵاتی بێگانان و دەست لە دەستیان بنێ. سەرمایە نە دایکی هەیە و نە باوک، ئەو زۆڵە کوڕەی قازانجە، هێندەش چاوی لە کاڵای مەسرەف و خۆرایە کە هەڵگری قازانج بێت.. دیاردەی بەرخۆری و کاڵای مەسرەفگەرایی ڕیشەی لەم واقعیەتەی سەرمایەداریدایە. ئەمە چۆن؟ یانی بۆچی ئەم هەموو کاڵایە لەبازاڕدایە؟ ڕیشەی سەرهەڵدانی دیاردەی فرەجۆری و هەمەچەشنەیی کاڵای هەرزان و بێ کوالیتی وەیا بە کوالیتی نزمەوە لەکوێدایە؟ بۆچی ئەم هەموو کاڵایانە هاوردە کراون و لەدەرەوە هێنراون لەکاتێکدا کۆمەڵگا توانای بەرهەمهێنانی هەیە؟ هاوکات هۆکاری لەئارادا بوونی دانیشتوانێکی ئامادەبەکار، کە کاریان دەستگیرنابێ و لەسەر موچەکانیان بەرخۆری دەکەن و کاڵای مەسرەف بەکاردەبەن، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارانە دەبێ لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری ژێردەستە بڕوانین: بەتایبەتی لە وڵاتانێکی وەک عێراق و کوردستاندا، سەرمایەداری بەرئەنجامی پرۆسەیەکی کلاسیکی و لە ئاکامی سەدان ساڵی پەرەسەندنی ئابووریی کاڵایی و مانیفاکتۆرەوە لەدڵی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتییەوە سەری هەڵنەداوە کە ڕێ بکاتەوە بۆ شۆڕشێکی بۆرژوازی لەچەشنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و بەمجۆرە سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت و ئابووریی سەرمایەداری هاتبێتە سەرکار، بەڵکو سەرمایەداری لە ئەنجامی پرۆسەیەکی خێرای ئەمپریالسیتییانەی تەجریدی موڵکیەتەوە، بەناوی ئیسلاحی زەراعی یەکەم قۆناغەکانی شکڵگرتنی بازاڕی ناوخۆ و چەقبەستنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دادەمەزرێنێ و شارەکان دەبنە جێگای سەرەوژێر بوونەوەی هێزێکی فراوانی کار لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، هاوکات تەمەرکوز بەستنی ئامڕازەکان و سەرمایە و لێکهەڵپێکانی ئەم پێداویستییانە لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا، بەهێزی کارەوە و هەموو ئەم پرۆسەیەش لە پەیوەند بە وەڵامدانەوە بە کاردابەشکردنی جیهانی سەرمایە و قازانجهێنەری سەرمایەی جیهانییەوە ڕێچکەدەگرێ. بەمجۆرە هاتنەناوەوەی سەرمایەی ئیمپریالیستی لە دەوری بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی کە هەڵگری زۆرترین

قازانجن، واتە قازانجی فەوقەلعادەی سەرمایەی ئیمپریالیستین، لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان، دەبێتە خەسڵەتنمای سەرەکی وەگەڕ کەوتنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتانەدا.. لەئاکامی ئەم پرۆسەیەشدا سەرمایەدارییەک دادەمەزرێ کە چوارچێوەی قازنجهێنەری خۆی لەپەیوەند بە ئابووری و بازاڕی جیهانییەوە وەگەڕدەخات، ئابووریی جیهانیش کاردابەشکردنی خۆی لەسەر بنەمای ئابووریی وڵاتانی مترۆپۆڵ، (وڵاتانی ئیمپریالیستی) لەلایەک وڵاتانی ژێردەستە لەلایەکی ترەوە ڕێکدەخا و هەر وڵاتەش گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتییەکەی لەدەوری بەرهەمهێنانی کاڵایەک وەیا چەند کاڵایەکی دیاریکراوەوە چەقدەبەستێ و بەشدار دەبێت لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا کە ئاستی قازانجهێنەری سەرمایە تێیدا بەرزە. واتە هەر وڵاتە بەپێی چۆنیەتی بەشداری لە پرۆسەی کاردابەشکردنی بەرهەمهێنانی جیهانیدا، ڕێگاپێدراو دەبێت سامان و قازانج کۆبکاتەوە. تەنانەت هیچ وڵاتێک ناتوانێ لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە و بەسەربەخۆ و مەوجودیەتی هەبێت.

بێگومان ئەم نموونەیە لە سەرمایەداریی ژێردەستەی ئیمپریالیزم، لەسەردەمی جیهانی بوونەوەی سەرمایەدا، لە قەوارەیەکی بازرگانی وادا قەرار دەگرێ کە کردەی هەنارده و هاوردەکردنی کاڵاکان، هەرگیز ناتوانێ کردەیەکی یەک وڵاتی و سەربەخۆ و لە چوارچێوەی ئابووریی خۆژێندا بچێتەپێشەوە، بەڵکو پێداویستی جیهانی سەرمایە بزوێنەریەتی و ئاڕاستەشە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار لەبەردەم گشت سەرمایەی جیهانیدا.

تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەین هەموو ئەم جۆرە کاڵا مەسرەفیانەی کە دیاردەی بەرخۆری لەسەر دامەزراوە، بەگشتی کاڵاگەلێکن کە پەیوەندییان بە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە هەیە و کاڵاگەلێک نین کە لە کردەی بەرهەمهێناندا بەکار بهێنرێنەوە. هەربۆیە دەبێ ئەوە بزانین کە هەمە جۆری و هەرزانی کاڵا مەسرەفیەکان کە هاوردە کراون و خراونەتە بازاڕەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئاستی ژیانی چینی کرێکار و هاوڵاتیانی ئامادەبەکارەوەیە. واتە لەپێویستی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری چینی کرێکار بە هەرزانترین شێوەی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە دنیای سەرمایەداریی ئەمڕۆدا، بەرهەمهێنانەوەی ئەم ئاستە هەرزانەی هێزی کار و ئاستی بژێوی چینی کرێکار، کردەیەک نیە کە تەنها یەک وڵات بتوانێ وەڵامی پێبداتەوە. واتە لەسەردەمی جیهانی بوونەوەی سەرمایەدا، ئەوە تەنها وڵاتێک نیە کە بتوانێ هەموو ئەو کاڵایانەی کە پێویستن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری هەرزانی چینی کرێکار بەرهەم بهێنێ. ئەم کارە ئەرکی هەموو بازاڕی جیهانییە، واتە ئەوە بازاڕی جیهانییە کە هەموو وڵاتانی

سەرمایەداری بەشێکن لێی و پێکەوە کاڵا مەسرەفیە پێویستیەکان بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری هەرزان بەرهەم دێنن. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە کام وڵات چ کاڵایەکی مەسرەفکردن بە چ کوالیتی و بە چ نرخێکی لە خوارەوە بوو بەرهەم دێنێ، دەتوانێ شوێنی خۆی بکاتەوە (بۆنموونە شەکر کوبا، برنج هندستان، چا چین، قاوە و فولی سۆیا بەرازیل، گەنم کەنەدا.). دیارە ئەم کردەیە، کردەیەکی بەرنامە بۆدانراو نیە کە کاڵا مەسرەفیەکان بەشێوەیەکی ئیختیاری لە ڕێگای ڕێکەوتنێکەوە بەسەر وڵاتاندا دابەش بکات، بەڵکو ئەم کردەیە بەرئەنجامی مونافەسەیەکی ئاڵۆزی بازرگانییە.

لەنێوان بەرهەمهێنەرانی کاڵای هاوشێوەدا، بەجۆرێک هەر وڵاتە بتوانێ لەڕێگای هەرزان ڕاگرتنی کاڵاکانیەوە ڕەقیبەکەی لەمەیدان دەرکات و بەبەرهەمهێنەری ئەو کاڵایەوە جێگای خۆی لە بازاڕی جیهانیدا بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوە یاسای نێوەنجی بوونەوەی قازانجی سەرمایەیە، کە وەک قیبلەنمای ئاراستەکردنی بەشی هەر یەک لە سەرمایە بەشداربووەکان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکان لە ئابووریی جیهانی سەرمایەداریدا یەکلا دەکاتەوە. ئەمە بەو مانایەی کە هەر وڵاتە ڕێگاپێدراوی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە، وەیا کۆمەڵە کاڵایانەیە کە توانیویەتی لەم ڕێژەی ناوەنجی قازانجە نزیک بێتەوە و لەچاو بەرهەمهێنەرانی هاوشێوەی هەمان کاڵادا، کاڵاکانی خۆی بە هەرزانترین نرخ بخاتە بەردەم بەکاربەرانەوە، بەم هۆیەشەوە وڵاتی دیاریکراو لە کاردابەشکردنی دنیادا جێگەی خۆی دەگرێ و دەبێتە پسپۆڕی بەرهەمهێنەری ئەم جۆرە لە کاڵا. تەنانەت ئەگەر وڵاتێک زۆرترین سەرچاوەی سروشتی و خاوی ئەم کاڵایانەی هەبێ، بەڵام گەر نەتوانێ بەنرخێکی هەرزان بیخاتە بازاڕەوە ناتوانێ وەک بەرهەمهێنەری ئەو کاڵایە شوێن بگرێ.

مارکس لەمبارەوە نموونەیەکی زیندوو دەخاتە پێشچاو: لە سەرەتادا ئێران و هندستان دوو وڵاتی بەرهەمهێنەری کاڵای قوماش بوون و سەرچاوەی لۆکە و خوری لەڕادەبەدەر زیادیان هەبوو بەڵام بەرهەمهێنانی قوماشی ئینگلیزی بووە مەیەی داخستنی کارگەکانی نەسیج لەم دوو وڵاتە چونکە بە هەرزانترین نرخ لە بازاڕی جیهانی ئەوکاتەدا بەرهەم دەهات.. ئێران و هندستان وازیان لە بەرهەمهێنانی هێنا بۆ بەریتانیا. کاری تێچووی کۆمەڵایەتی واتە یاسای بەها لە سەردەمی ئابووریی کاڵاییدا و یاسای ناوەندی قازانج لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی ڕێژەی زێدەبایی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، وەک پێوانەیەک بۆ میزانی تەسفیەحسابی کاڵا هاوشێوەکان لە هەردوو قۆناغی بەرهەمهێنانی کاڵایی و سەرمایەداریدا ڕۆڵ دەگێڕن. ئەم یاسایانەیە کە وادەکات چینی بۆرژوازی لە هەروڵاتەدا بکەوێتە شوێنی کاڵای هەرزانەوە و بەلێشاو هەناردەیان بکات.

لەلایەکی ترەوە دابەشبوونی وڵاتان لە کاردابەشکردنی جیهانی سەرمایەداریدا بەسەر

**خەسرەو سایە**

وڵاتانی میترۆپۆل و ژێردەستەی ئابووریی ئیمپریالیزمدا، کە یەکەمیانی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی کەئامرازەکانی کار و هۆیەکانی بەرهەمهێنان تەخەسوس پێداوە و دووەمیشیان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا مەسرەفیەکان و بازاڕێک بۆ کاڵای هەرزان، چ ئەوانەی وەک مەوادی خام دەخرێنە بواری بەرهەمهێنانەوە و چ ئەوانەی بۆ پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و هاوڵاتیان پێویستە و لێرەشەوە پێکهێنانی ئەنتاگۆنیزمێک لەنێوان ئەم دووانەدا تا هێزی کاری هەرزان وەک چەمکێکی بنەڕەتی بۆ قازانجهێنەری فەوقەلعادەی سەرمایە لەبەردەم سەرمایەی دەرەکی و ناوخۆدا ڕابگیرێت.. کۆمەکی باش دەکات تا لەوە تێبگەین کە چۆن دیاردەی فرەکاڵایی و مەسرەفگەرایی و تەنانەت دیاردەی بەرخۆری لە وڵاتێکی وەک کوردستان و عێراقدا وەک بەرئەنجامێک لەم کاردابەشکردنەی بازاڕی جیهانییەوە سەرچاوەی گرتووە. واتە کوردستان و عێراق وەک یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و مەوادی ژێرزەوی شوێنیان گرتووە و لێرەوە بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی لە زۆرترین قازانجی سەرمایە بەهرەمەند دەبن، دەرهێنانی نەوت و ناردنەدەرەوەی، ڕێگای هێنانەناوەوەی سەرمایەی دەرەکی و سەرەوژێر بوونەوەی سەرمایەیە بۆ بازاڕی ناوخۆ و لێرەشەوە گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەبزوێ و دابەش دەبێتەوە بۆ دوایین ئەڵقەکانی بازرگانی و هێنان و بردنی کاڵاکان و دواتریش وەگەڕکەوتنی بوارەکانی خزمەتگوزاری و کارگە و کۆمپانیای بچوک و مامناوەند.. ئەم واقعیەتە لەلایەک سەرمایەداری لە کوردستان لەسەر ژێرخانێکی تەکنۆلۆژی و ئابووری ڕادەگرێ کە لە دەوری بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەوی شکڵ بگرێ و بەشی سەرەکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی تێدا چەق ببەستێت و ئیتر بوارەکانی کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پیشەسازیی خۆماڵی، لاوەکی ببێتەوە و گرنگیی ئەوتۆیان پێنەدرێت. لەلایەکی تریشەوە بەشی سەرمایەی بازرگانی لەدەوری هەناردەکردنی کاڵای خۆراکی و پۆشاک و مەسکەن و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەزۆری چالاک بێت. بێگومان لەپرۆسە و پەیوەندێکی ئاوادا چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی هەروەک وتمان چاوی لەوە نیە کە ئەم کاڵایانە "دەرەکی بن یان نیشتمانی" بەڵکو بەشوێن هەرزانترین جۆری کاڵای مەسرەفییەوەیە تا بتوانێ ئاستی بژێوی چینی کرێکار وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی قازانجی باڵا، بەهەرزانترین نرخ دابین بکات. لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییەیە کە چینی بۆرژوازی کاڵای جۆراوجۆر و فرەکاڵایی کە بۆ مەسرەفی ڕۆژانەی چینی کرێکار پێویستن بەلێشاو هاوردە دەکا و دەیخاتەبەردەم هاوڵاتیانەوە.

لەلایەکی تریشەوە زۆری کاڵای مەسرەف و هاوردەکردنیان بۆ بازاڕی ناوخۆ، واتە دەستبردن بۆ بازرگانی کاڵای مەسرەفی و هاوردەکردنی لە دەرەوە، خۆی میکانیزم و

## دەربارەی کۆمەڵگای بەرخۆر و ئابوری مەسرەفگەرا

ڕێگایەکە بۆ توندکردنەوەی مونافەسەی نێوان کۆمپانیاکانی بازرگانی هەم لە هێنانی کاڵای هەرزاندا و هەم ڕاگرتنی نرخی کاڵا هێنراوەکان لە ئاستێکی هەرزان و نزمدا، ئەمەش بۆخۆی جارێکی تر ئاستی بژێوی چینی کرێکار لەسەر حسابی کاڵای هەرزان لە خوارەوە ڕادەگرێ و بەکرێی کەم دابین دەکرێ.
ئەمڕۆ لەبازاڕەکانی کوردستان بەهۆی بوونی فرەکاڵایی و هەمەجۆری کاڵای هەرزانەوە، جا کوالیتییەکانیان هەرچییەک بێت، بەسادەیی ئەوە دەبینین کە چۆن ئاستی کرێ لەنزمیدایە و چۆن بژێوی چینی کرێکار لەخوارەوە ڕاگیراوە. کرێکارێک کە ڕۆژانە ٨ بۆ ١٠ کاتژمێر کاردەکا و لەبەرامبەردا ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار دینار وەردەگرێ ئەگەر پاکەتێک جگەرەی هەرزان، پێڵاو و پۆشاکی هەرزان، دەرمان و برنج و خۆراکی هەرزان، کرێی خانوی کەم... ئەمانەی نەخرێتە بەردەست تا مەسرەفیان بکات و دووبارە هێزی کاری بە هەرزانی بەرهەمبێتەوە، بۆرژوازی و سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان چۆن دەتوانن درێژە بە کۆکردنەوەی قازانج بدەن و سەرمایەکانیان کەڵەکە بکەن. ئەم جەوهەر و "دیاردەی بەرخۆری و هاوردەکردنی کاڵای مەسرەفیە"، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە کە پێیوایە پشتکردنی بۆرژوازی لە کارگا و کاڵا و پیشەسازییە خۆماڵییەکان، بەرئەنجامی نائەقڵانی بوونی چینی دەسەڵاتدار و نەبوونی پلانە بۆیە، پشتی بەستووە بە هاوردەکردنی کاڵای مەسرەفی.. خودی ئەم دیاردەیە بەرئەنجامی تایبەتمەندییەکی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە و ڕیشەی لە قانونی قازانجهێنەری سەرمایەدایە.
لایەنێکی تری باسی کۆمەڵگای بەرخۆر و ئابووریی مەسرەفگەرا ئاماژەیە بۆ دیاردەی "دانیشتوانێکی بەرخۆر و مەسرەفگەرا". دانیشتوانێک کە ڕۆڵیان لە بەرهەمهێناندا نیە، وەیا کارێکی ئەوتۆ ناکەن و وەک بەکاربەرانی کاڵای مەسرەفی دەردەکەون. وەیا دەوترێت چینی فەرمانڕەوا هێزی ئامادەبەکاری نەخستۆتە بواری بەرهەمهێنانەوە و بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی بێکاری پەرەپێداوە، ئەمانە موچەوەرگری دەسەڵاتن و زیادەن..؟ ڕزگاربوون لە کۆمەڵگای بەرخۆر، ڕزگاربوونە لەم دیاردەیە و خستنەگەڕی ئەم دانیشتوانە موچەخۆرە کارنەکەرەیە لەبواری بەرهەمهێناندا!..

## بەڵام ڕیشەی ئەم دیاردەیە لەکوێدایە؟

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە دیاردەی بێکاری و هەبوونی لەشکرێکی بێکار کە ئامادەی کارە و کاری دەستناکەوێت، یەکێک لەخاسیەتەکانی ئابووریی سەرمایەدارییە و لێی جیانابێتەوە. تەنانەت هیچ وڵاتێکی سەرمایەداری ناتوانێ بێکاری بنبڕبکات و فرسەتی کار بۆ هەموو دانیشتوانی ئامادەبەکار هەڵڕەخسێنێ. بەڵام دیاردەی بێکاری لەژێر سایەی ئابووریی

## خەسرەو سایە

سەرمایەداریی ژێردەستەدا، بەچەندین پلە ڕووڵەسەرەوەیە، لەچاو وڵاتانێکی وەک ئەوروپا و ئەمریکادا، هۆکاری ئەمەش بەپلەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرتەسکی بوارەکانی بەرهەمهێنان و نزمی ئاستی پەرەسەندنی پیشەسازی و زۆری ماوەی سەعاتکاری ڕۆژانەی کرێکاران و گەلێک هۆکاری تر..

لە وڵاتانی سەرمایەداریی ژێردەستەی وەک عێراق و کوردستاندا، کە پرۆسەی تەجریدی موڵکیەت و داخزانی وردەمالیک و خاوەن پرۆژەی بچوک، بۆ نێو ڕیزەکانی چینی کرێکار، کردەیەکی بەردەوامە و دەبێتە هۆی ڕەوتێکی شێنەیی و بەردەوام لە گوند و شارۆچکەکانەوە بۆ نێو شارە گەورەکان، ئەمەش بەدوای خۆیدا لێشاوێک لە هێزی ئامادەبەکار لە شارەکاندا کۆدەکاتەوە، و لەئەنجامی ئەو هۆکارانەوە کە باسمانکرد فرسەتی کار لەبەردەمیاندا کەمە و توانای ڕۆچوونیان بۆ نێو بواری بەرهەمهێنان نیە.

لەلایەکی تریشەوە سەرمایەداریی ژێردەستە کە دەوڵەت دەخاڵەتی هەیە لە ئابووریدا و بەتایبەتیش لە مەیدانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، ئەم هێزە ئامادەبەکارەی کە ڕووی کردۆتە شارەکان، بەشێوەی کارمەند دەخرێنە بوارەکانی شارەوانی، خوێندن، تەندروستی و ئیداریاتی دەوڵەتییەوە و دەبنە موچەخۆر. بەڵام کاتێک کە سەرمایەداری ئەم وڵاتانە گیرۆدە دەبن بە قەیرانی ئابووری، یەکەمین هێرشی دەوڵەت دەیانگرێتەوە و دەرگای دامەزراندنیان لەسەر دادەخرێ. هاتوهاوری ئەم ساڵانەی دوایی حکومەتی هەرێم کە چیتر ناتوانێ دەرچوانی زانکۆکان دامەزرێنێ، هاوکات دەستبردنی حکومەت بۆ سیاسەتی دامەزراندنی کاتی و گرێبەستی کاتی، لە بوارەکانی خوێندن و فێرکردن، شارەوانی و خەستەخانەکان و هەموو بوارەکانی تری خزمەتگوزاری.. بەڕۆشنی ئەو ڕاستییەمان بۆدەسەلمێنێ کە سەرمایەداری لە کوردستان چۆن لەسەردەمی قەیرانەکاندا، دەرگا لە وەگەڕخستنی هێزی ئامادەبەکار دادەخا و لێشاوی بێکاری بەرەوسەرەوە دەچێت. ئەم حاڵەتە لە تەواوی دنیای سەرمایەداریدا بوونی هەیە و وەک میکانیزمێک بۆ داشکانەوەی قەیرانی ئابووری بەسەر هاوڵاتیاندا دەستی بۆ دەبرێ.

هەرلەم پەیوەندەدا دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی تر بدەین ئەویش ئەوەیە کە ڕاگرتنی لەشکری فراوانی بێکاری دیسانەوە یەک زەرورەتی ئابووریی سەرمایەدارییە، ئەویش میکانیزمێکە بۆ ڕاگرتنی هیزی کاری هەرزان. بە واتایەکی تر، وجودی دانیشتوانێکی فراوانی ئامادەبەکار و کۆبوونەوەی لەشارەکاندا، بەبێ ئەوەی فرسەتی کاریان هەبێ، خۆی میکانیزمێکە بەدەست چینی بۆرژوازییەوە بۆ توندکردنەوەی مونافەسەی نێوان کرێکارن و داسەپەندنی سەختترین هەلومەرجی بێمافی، بەسەعاتکاری زۆر و کرێی کەمەوە. ڕاگرتنی دانیشتوانێکی فراوان لە چاوەڕوانی کاردا، لە هەمانکاتدا ناچارکردنی ئەم لەشکرە چاوەڕوانیە بۆ

ڕووكردنە دەزگاكانی وەک ئاسایش و پۆلیس، سوپا و یەكە ئیدارییەكانی دەوڵەت و.. بوونیان بەموچەخۆر.. هەر هەموویان یەک زەرورەتی حەیاتییە بۆ سیستەمی حوكمڕانی چینی بۆرژوازی و پاراستنی نیزامی سەرمایەداری. بەمجۆرە دەبێ بڵێین كە دیاردەی "بەرخۆری و كاڵای مەسرەفی"، بەرئەنجامی ئابووریی سەرمایەداری خۆیەتی نەک بنەما و خاسیەتەكانی.

## بەرئەنجام:

ئەگەر وەک بەرئەنجامێک باسەكە بەكورتی بڵێینەوە:
"دیاردەی بەرخۆری و كاڵای مەسرەفگەرایی" لەگەڵ ئەوەدا دیاردەیەكە بەڵام خەسڵەتنمای كۆمەڵگای سەرمایەداری و فۆرماسیۆنی بەرهەمهێنانەكەی نیە. بەڵكو ئەم دیاردەیە بەرئەنجامی كاركردەكانی سەرمایەداریی جیهانی ئەم سەردەمەیە. لایەنگرانی چەمكی "ئابووری بەرخۆر و مەسرەفگەرا" بۆچوونێكی بۆرژوازی لەسەر سەرمایەداری ئەمڕۆ بەدەستەوە دەدەن و دەبنە ڕەخنەگری كەموكوڕییەكانی سەرمایەداری، ئەمانە سەرمایەدارییەكیان دەوێت، وابەستە بە بازاڕی جیهانی نەبێ و پەرەسەندوو بێت، فرە سەرچاوەی داهات بێت، پشت بە پیشەسازیی خۆماڵی ببەستێت، هاوسەنگی نێوان هەناردە و هاوردەی كاڵا ڕابگرێ، هێزی مرۆیی بخاتە كارەوە.. هەموو ئەم ئامانجانە ئەگەرچی یۆتۆپیای بۆرژوازیی نیشتمانی عەكسدەكاتەوە، لەهەمانكاتدا، بنەمای ئابووریی سەرمایەداری كە لەسەر كۆیلەیەتی بەكرێ دامەزراوە وەک خۆی دەهێڵێتەوە و دابەشبوونی كۆمەڵگا لەنێوان سەرمایەداران و كرێكاراندا ئەبەدی و ئەزەلی دەكاتەوە.
كوردستان كۆمەڵگایەكی سەرمایەدارییە، ***** قازانجهێنەری ڕێژەی بەرز بۆ سەرمایەكان لەڕێگای هێزی كاری هەرزان و لەهەرزاندا ڕاگرتنی هێزی كارەوەیە. لەكوردستان كاڵا و خزمەتگوزارییەكانی ژیان و گوزەرانی چینی كرێكار و هەموو هاوڵاتیان لەڕێگای بازاڕەوە بەدەستدێت. هەموانیش ئەو كاڵایانە دەكڕن كە هەرزانترین نرخیان هەیە لەبازاڕدا و كەسیش گوێ بەوەنادات ئەم كاڵایانە لەكوێوە بەرهەمهاتوون، سەرمایەدارانیش بەباشی لەم ڕاستییە گەیشتوون كە بۆئەوەی ئاستی كرێ و موچە لەخوارەوە ڕابگرن و لێرەشەوە هێزی كاری هەرزان وەک سەرچاوەی قازانجی بەرزی سەرمایەكانیان بەدەستەوە بگرن، دەبێ كاڵا مەسرەفییەكان كە بۆ دابینكردنی ئاستی بژێوی پێویستن، بەهەرزانترین نرخ بخەنە بازاڕەوە. چینی بۆرژوازی لە هەرشوێنێک ئەگەر نەتوانێ كاڵای هەرزان بەرهەم بهێنێ وەیا بیخاتە بەردەست بەكارهێنەرانی، ئەوا لەمەیدانی ڕەقابەتدا وەدەر دەنرێ و توشی بنبەست دەبێ، ئەمە مەنتقی بازاڕی سەرمایەدارییە.

لەلایەکی ترەوە کاڵای هەرزانی بەرهەمهێنراو هیچ بەربەستێک لەبەردەمیدا نیە بۆ چوونە ناوەوەی بازاڕی نێوخۆی وڵاتان، چونکە هەڵگری توخمی قازانجە و ئەم کاڵایانەش کاتێک ڕێژەی قازانج یەکلا دەکاتەوە کە بەلێشاو و هەمەجۆریەوە بخرێتە بەردەم بەکاربەرانەوە و مەسرەف بکرێ. بۆرژوازیش لەم کردەیەدا و لەهەر وڵاتێکدا چاوی لەوە نیە، کەئایا کاڵای هاوردە کردووە یان بۆی هاتووە، تەنانەت چاوی لەوە نیە کە بەرهەمەکان خۆماڵین یان دەرەکی، بەڵکو چاوی لەوەیە کام کاڵایە هەرزانە و هەڵگری توخمی قازانجە..
چینی کرێکار دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێت، کە مونافەسە و کێشمەکێشی نێوان بەشەکانی سەرمایە لەسەر دابەشکردنەوەی ڕێژەی زێدەبایی بەرهەمهاتووە، یانی لەسەر ڕێژەی قازانجی سەرمایەیە، نەک وەڵامدانەوە بە دۆخی ئینسانی ئەم چینە. بێگومان کێشمەکێشی نێوان بەشەکانی سەرمایەش، لە دوائەنجامدا، لەشکڵی بەرامبەرکێی سیاسەتە جیاوازە ئابوورییەکانی باڵەکانی بۆرژوازییەوە سەرهەڵدەدات، بەجۆرێک باڵێکی بۆرژوازی لایەنگری سیاسەتی کرانەوەی دەرگا، بەڕووی کاڵا و سەرمایەی دەرەکیدا دەگرێتەبەر و باڵێکی تر خوازیاری سنوردارکردنی کاڵا دەرەکییەکان و لایەنگری سیاسەتی هاندانی پیشەسازی ناوخۆیە، باڵێکی بۆرژوازی پەلاماری ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و هاوڵاتییانە و باڵیکی تر ڕەخنەگری کەموکوڕییەکانی سەرمایەدارییە و ئاڵای سەرمایەدارییەکی پاک و بێگەرد و بەویژدان بەرز دەکاتەوە.. بەڵام ئەوەی ڕۆشنە هەردوولای ئەم شەڕوکێشەیە، پەیوەندی بەباشتر بوونی ژیان و گوزەرانی کرێکار و ڕزگار بوونیەوە لەنیزامی کۆیلەیەتی بەکرێ نیە، بەڵکو پەیوەندی بە قازانجهێنەری سەرمایە و بردنەسەرەوەی ڕێژەکەیەتی..
ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگا فرەسەرچاوەی داهات بێت، دیاردەی بەرخۆری و بوونی دانیشتوانێکی نابەرهەمهێن لەئارادا نەبێ و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی پیشەسازی بێت، تەنانەت ئەگەر بمانەوێت ئابووریی کوردستان پشت بەخۆی ببەستێت و لەبازنەی کارکردەکانی ئابووریی بازاری جیهانی دەریکەین.. ئەوا دەبێ ئابووریی سەرمایەداری لەبنەوە هەڵوەشێتەوە و ڕیشەکێش بکرێ و لەجێگەیدا کۆمەڵگا و ئابووریی سۆشیالسیتی دامەزرێ. ڕزگاری کۆمەڵگا لە مشەخۆری و کاڵای بێکوالیتی و "تەمبەڵەکان" بەهێنانەکایەوەی نیزامێک دەبێت، کە لەسەر بنەمای موڵکدارێتی گشتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگای کارکردوان و هەرەوەزییەکانی دامەزرابێ و کاری بەکرێ ئاسەواری نەمابێت.

تێبینیەکان:

*/ ئەم بابەتە لەبەر ڕۆشنایی سمینارێک ئامادەکراوە.

**/ "ئابووریی بەرگری" وەیا "سیاسەتی پاراستنی بەرهەمهێنانی نیشتمانی" لەبەرامبەر

شەپۆلەکانی بەتایبەتیکردن و بەبازاڕ کردنەوەی ئابووریی وڵات و هاتنەناوەوەی کۆمپانیا دەرەکییەکان، وەهەروەها لەبەرامبەر شەپۆلەکانی هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی و کاڵا مەسرەفییەکاندا، نموونەیەکە لە پلاتفۆرمی ناسیونالیزمی ئابووری، کە لەبەرامبەر ئابووریی جیهانی و سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمدا، بەداکۆکیکردن لەکەرتی گشتی و پیشەسازیی نیشتمانی، دەیەوێت چینی کرێکار تەسلیم بە سەرمایەداری خۆماڵی بکا و ڕایکێشێتە ژێر سایەی باڵێکی تری بۆرژوازییەوە کە لەدژی وابەستەیی سەرمایەداری و ڕۆڵی ئیحتیکارە جیهانییەکان دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕیوە.. لەمبارەوە بڕوانە وتارێکی کاوە محمود، سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان بەناوی "تیکۆشانی جەماوەری ڕێگای ڕووبەڕوو بوونەوەی سیاسەتی نیولیبرالیزمە" کە لە ٨ خاڵدا گەڵاڵەی پلاتفۆرمێک بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابووریی هەرێم دەخاتەڕوو، کە ڕاستەوخۆ ئەم "سیاسەتی پاراستنی بەرهەمهێنانی نیشتمانی" لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە.

***/ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم پلاتفۆرمە ئابوورییە تکایە بگەڕێرەوە بۆ وتاری "نیولیبرالیزم لە ئایدیاوە بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری" دیدگای سۆشیالسیتی ژمارە ١٣.

****/ سیاسەتی لەئاوکردنی کاڵای زێدەبەرهەم بەخاتری دوورکەوتنەوە لە هەڵاوسانی کاڵایی و ڕێگەگرتن لە دابەزینی نرخی کاڵاکان.. یەکێک لەو سیاسەتانە بوو کە لەسەردەمی ڕیگاندا وەک وەڵامێک بە لیبراڵەکان و "دەوڵەتی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا" گیرایەبەر.. بەپێی ئەم سیاسەتە ساڵانە بە ملیۆنان تەن کاڵای خۆراکی بەرهەمهاتوو دەخرانە دەریاکانەوە و دەکران بەخۆراکی گیانەوەرانی ئاوی تا بەسەر دیاردەی هەڵاوسانی کاڵای مەسرەفگەراییدا زاڵ ببن و دواتریش ئەم سیاسەتە لەلایەن ئیسپانیا، پرتوگال و باقی وڵاتانی ئەوروپاوە گیرایەبەر، لەکاتێکدا ئەو قەوارەیە لە کاڵا مەسرەفییەکان کە دەخرانە ئاوەوە، دەتوانرا برسێتی و ئاسەوارەکانی وشکەساڵی ساڵانی هەشتاکانی وڵاتانی ئەفریقیای پێ چارەسەربکرێ..

*****/ بەڵگەنامەی نەخشەڕێگای حزبی شیوعی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، نموونەی ڕۆشن لەم شێوە بۆچوونە بۆرژوازییانە دەدات بە دەستەوە:

"ئەم قەیرانە لەئاکامی سیاسەتی ئابووریی حوکمەتی هەرێم.. لەهەلومەرجی ئێستادا خۆی لە هەرەسهێنانی ئابووریی بەرخۆر (ریعی) لەکوردستان کە پشت دەبەستێت بەتەنها بەسەرچاوەی نەوت و فەرامۆشکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی دیکە و شکستی سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وزەی مرۆیی لە کۆمەڵگا و نەبوونی متمانە".. هەروەها کاوە محمود، لە وتارێکدا بەناوی " تێڕوانینێک سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی نوێی حکومەتی هەرێمی

کوردستان" سایتی ویستگە، دەڵێت:
"هۆکاری ڕاستەقینەی قەیرانی ئابووری لە کوردستاندا لە ئاستی ناوخۆییدا قەیرانێکە لە ئاکامی سیاسەتی ئابووریی پیادەکرا و لە ساڵانی ڕابردوودا کە پشتی بە لیبرالیزمی نوێ بەستوە، هاتۆتە کایەوە. لایەنی دەرەکی هۆکارەکان بۆ سروشتی گشتی ئابووریی بەرخۆر لەسایەی سیاسەتێکی سەرمایەداری دواکەوتوو و وابەستە بە ناوەندە سەرمایەدارەکان، دەگەڕێتەوە. واتە قەیرانی ئێستای تێکڕای ئابوورییە بەرخۆرەکان کە مۆرکێکی سەرمایەداریی دواکەوتوویان هەیە ڕەنگی بەسەر هەلومەرجی ئابووریی کوردستان هەیە"
هەروەها بەرنامەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، نموونەیەکی ترە:
"نەوت تاکە سەرچاوەی داهاتە لە کوردستان و عێراق و ٩٠٪ی داهات لەڕێگای فرۆشی نەوتەوە بەدەستدێت، پەراوێز خستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار وای کردووە لەجیاتی وڵاتێکی بەرهەمهێن ببێتە وڵاتێکی بەرخۆر. بەهۆی پەراوێز خستنی کەرتەکانی ترەوە بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان کراونەتە موچەخۆری حکومی زیاتر لەیەک ملیۆن و ١٥٠ هەزار موچەخۆر هەیە کە کەمتر لە ٧٥٠ هەزاریان ڕاستەقینەن و ئەوانی تر بن دیوارن..."
"بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە نەخشەیەکی گشتییە بۆ هاندانی بەرهەمهێنان لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازی، سەرمایەگوزاریی دەرەکی و ناوەکی، سیاسەتی بانکی و هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری بەرهەمهێناندا، لە دۆخێکی ئاوهادا هەرێمی کوردستان دەتوانێ پرۆسەیەکی گواستنەوەی گرنگ ئەنجام بدا و لە هەرێمێکی بەرخۆر و سەرفکەرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن، هەرێمێک کە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی هەبێت و لە کاتی گەمارۆدا توانای هەبێت پشت بەخۆی ببەستێ/ بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان".

## تێبینیەکان:

*****/ ئەم ئامارانەی خوارەوە، بەڕۆشنی "بەرخۆربوونی" کۆمەڵگای کوردستان ڕەتدەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنی سەرمایەدارییە:
_ وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران ڕادەگەیەنێت؛ سەرمایەی وەبەرهێنان لە ٤٥ ملیار دۆلارەوە دەگەیەنرێتە ٨٠ و دەڵێت: "لە چوار ساڵی ئەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاستی وەبەرهێنانی بیانی لە ڕێژەی ٢٣٪ەوە دەگەیەنرێتە ٤٠٪ و کار بۆ ژێرخانیش دەکرێت بەتایبەت کە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا ژێرخانی نەبوون./ سەرچاوە سایتی سپی.

_ کەناڵی کەی ئێن ئێن/ لەساڵی ٢٠٠٣دا دوو هەزار کارگە لە کوردستاندا هەبووە، تا ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی کارگەی بچوک و مامناوەندی و گەورە گەیشتووە بە ٥ هەزار کارگە، لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری کوردستان لەساڵی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٨ نزیکەی ١٥٠٠ کارگە داخران. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٩دا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم ڕایگەیاندووە کە لەهەرێمی کوردستان ٤٠٨٨ کارگە بوونیان هەیە و لەبواری جۆراوجۆردا کاردەکەن، لەم کارگانەدا ٣٤ هەزارو ٦٢٥ کرێکار کاری تێدا دەکات، لەبارنامەی وەزارەتدایە ١٠٠٠ کارگەی تر لەماوەی یەک ساڵی تردا دابمەزرێت.
_ لەناوچەی سلێمانی ٥ کارگەی دەرهێنانی چیمەنتۆ هەیە کە بەرهەمەکەی توانای وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ناوخۆی هەرێم هەیە.
_ بەرهەمهێنانی گەنم ساڵانە لەیەک ملیۆن تێپەڕ دەبێ، کە زۆر زیاترە لە پێداویستی ناوخۆ.
_ لەساڵی ٢٠١٣دا دامەزراوەی گەورە ٨٩ دامەزراوە:

سلێمانی ٤١

هەولێر ٣٦

دهۆک ١٢

لەساڵی ٢٠١٣دا دامەزراوەی مامناوەندی ١٨٢ دامەزراوە:

سلێمانی ١١٣

هەولێر ٤٠

دهۆک ٢٩

_ لەناوچەی بازیان ٣٠٪ی پیشەسازیی عێراق دەکەوێتە بازیان. زیاتر لە ١٥٠ کارگەی گەورە و مامناوەند و بچوکی تێدایە، ٧٠ کارگەی گەورەی پیشەسازی وەبەرهێن هەیە. ٥ کارگەی چیمەنتۆ کەتەنها دانەیەکیان بەناوی کارگەی چیمەنتۆی بازیان ساڵانە ١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار تەن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنێ. هەر لەناوچەی بازیان ٥ کارگەی ئاسن، و ٣ کارگەی دروستکردنی شیش هەیە، یەک کارگەی بەردی مەڕمەڕ و کارگەیەکی کیسی چیمەنتۆ، پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوت، کە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی ٤٠ هەزار بەرمیلە نەوتی هەیە، هەروەها ٢ کارگەی ڕۆنی شل، کارگەیەکی دروستکردنی، سۆندە و کیبڵ و بۆری ئاو، کارگەی دروستکردنی خانوی پلاستیکی، کارگەیەکی بیبسی و ٢ کارگەی ئاوی کانزا، وێستگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەر لەم ناوچەیەدا هەیە..

# بەڵگەنامەکان

# پەیامەکەی ئۆچەلان سەبارەت بە چەکدانانی (پەکەکە)

عبدلله ئۆچەلان، ڕابەری زیندانیکراوی پەکەکە، لەرێگای پارێزەرەکانیەوە ڕایگەیاند کە دەیەوێ بەڕێگای ئاشتی و وتووێژو دانوسان کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا چارەسەربکات و داواشی لەهێزەکانی پەکەکە کردووە کە لە بەهاری داهاتوودا"کۆنگرەی دانانی چەک" ببەستێت. هاوکات داوای لەهێزەکانی پەیەدەش کردوە کە ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەسوریا بکەن و خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیا بپارێزن.
بەپێچەوانەی پەیامەکانی "ئاشتی"ی پێشتری ئۆچالانەوە، پەیامی ئەمجارە کە خاڵیە لەهەرجۆرە مەرج و خواستێکی خەڵکی کوردستان، جگەلە دانەواندنی بێمەرجی"سەری تەسلیم"، لەبەرامبەر دەوڵەتی فاشیستی تورکیادا، هیچ ئەنجامێکی تری لێناخوێندرێتەوە. ئەنجامێک کە لەناوەڕۆکدا دانانی چەک کراوەتە ڕیگایەک بۆ دەربازکردنی چارەنوسی هێزەکانی پەکەکە لەو بنبەستەی کەتێیکەتووە و بەتایبەتیش لەبەرامبەر بە ماشێنیکی فراوانی جەنگی کە دەسەڵاتەکی ئۆردوگان لەتورکیاو سوریا وعیراقدا، لەدژی هێزەکانی پەکەکە بەڕێخستووە. بێگومان ئەم "تەسلیمبوون" و"ئەم چەکدانانە" ئاکامی شکستی ئیستراتیژیەکی سیاسی ناسیونالیزمی کورد و پەکەکەیە کەپایەکانی خۆی لەسەر سیاسەتی خۆگرێدانەوە بەدەولەتانی ناوچەکەو هێزە ئیمپریالیستەکان و ڕاوەستان لەسەر درزو کەلێنی سیاسی و سەربازی و هاوکێشەی هێزی نێوانیان راگرتووە، کە لەئێستادا بواریان لەبەردەم مانەوە و مانۆرلیدانی هێزەکانی پەکەکەدا بەرتەسک کردۆتەوە.
پەکەکە وەک هێزێکی بورژوا-ناسیۆنالستی کورد کەچەندین ساڵ وەکو ستراتیژیەکی سیاسی بانگەوازی شەڕی چەکداری و گەریلایی کردووە، گوایە کە لەم ڕێگایەوە دەتوانێ دەوڵەتی تورکیا ناچار بکات بە بەشداریکردنی لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لەمێژە ناکارامەیی خۆی لەدەستداوە و ڕووبەڕووی شکست و بنەست بۆتەوە. لەلایەکی ترەوە پەکەکە وەک ڕەوتێکی سیاسی -ڕێکخراوەیی لەناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردا کەبە سوودوەرگرتن

## بەڵگەنامەکان

لە هەلومەرجی جەنگ و نالەباریی سیاسی سوریاو ناوچەکە، هێزو نفوزێکی فکری و سیاسی بەرچاوی پەیداکرد، ئێستا بەهۆی ئاڵوگۆر لە هاوکێشەی نێوان هێزە دەخیلەکان لەجەنگی سوریاو ناوچەکەدا، و ڕێکەوتنی تازەی نێوان وولاتانی زلهێزو حکومەتەکانی ناوچەکەدا قۆناغێکی نوێی هێناوەتە کایەوە کەبەشێوەیەکی گشتی بەزیانی مانەوەی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە تەواودەبێت و ئاسۆی سیاسی تووشی لێڵی و تاریکی زیاتر کردوە.
سەرباری ئەوەی ئۆجەلان پەیامەکەی وەکو نیشاندانی ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیا و بگرە سوریا دەخاتەڕوو، بەڵام نەک بەهیچ جۆرێک ئاسۆیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد نیشان نادات، بەڵکو بۆ ماوەیەکی نادیاریش چارەسەری ئەو کێشەیە دووردەخاتەوە و ڕێگا بۆ فاشیزمی تورکی دەکاتەوە کە خۆی وەکو هێزێکی سەرکەوتوو بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان نیشان بدات.
واقعیەتەکانی کۆمەلگای تورکیا بەڕۆشنی سەلماندویەتی کە چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا نەلەئاکامی سیاسەتی زەبونانەو ملکەچانەی پەکەکەوە دەبێت وە نە لەڕێگای جەنگوخوینڕێژی و سەرکوتگەری دەولەتی فاشیستی تورکیاوە دەبێ، بەڵکو بەخەباتی لێکگرێرداو وهاوبەشی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان لەئاست کۆمەڵگای تورکیادا، بەدژی دەسەلات و وەلاخستنی هەر سیاسەتێکی ناسیونالسیتی مەیسەردەبێ.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەکاتێکدا لایەنگری ئەوەیە کە هەموو کێشەکان بەشێوەی سیاسی و دوور لە شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەربن، بڕوای وایە کە چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکەو لە تورکیادا، بە کردەوە کەوتۆتە ئەستۆی خەباتی چینی کرێکارو بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکارەوە. حزبی ئێمە پێیوایە کە چارەسەری کێشەی کورد دەبێ بسپێردرێ بە بریاری ئازادانەو سەربەخۆی خەڵکی کوردستانی تورکیا و پێویستە چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازو ئازادیخوازی خەڵکی تورکیا پشتیوانی لەو مافە بکەن تاڕادەی جیابوونەوەو پێکێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.
بەبێ سیاسەتێکی لەوجۆرە کێشمەکێشی نەتەوەیی و بەکارهێنانی ستەم و کێشەی نەتەوەیی دەتوانێ بۆ دەیان ساڵ ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکاری سەرجەم تورکیا وێرانبکات و بزووتنەوەو خەباتیان لاوازو بێتوانا بکات بەرامبەر بە دەسەلاتی هارو دڕندەو چەوسێنەرانەی بۆرژوازی لە تورکیا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٣ی ئابی ٢٠١٩**

# تیرۆرو تۆقاندن و کوشتاری هەڕەمەکی ناتوانێ بەر بەهاتنەمەیدانی هەقخوازانەی خەڵکی زەحمەتکێش بگرێ!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان لەپەیوەند بە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی شارەکانی عێراقەوە

لەچەند ڕۆژی رابردوودا ڕق و تورەیی پەنگخواردووی چەند ساڵەی خەڵکی هەژارو برسی شارەکانی خوارووی عیراق، لەدژی دەسەڵاتدارانی تاڵانچی و گەندەڵی حزبە ئیسلامیە میلیشیایەکان لەبەغداد، تەقیەوە و کەوتە بەرامبەر هێزە سەرکوتگەرەکانی حوکمەتە بەناو میانڕەوەکەی عادل عەبدولمەهدیەوە. سەرباری ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربازی و تیرۆرو کوشتاری هەڕەمەکی خۆپیشاندەران و بریندارکردنی سەدان و دەستگیر و ڕفاندنی دەیان خۆپیشاندەر، لەلایەن میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسیەوە، بەڵام ڕق و تورەیی جەماوەری نارازی تادێت پەرەدەسێنی و ناوەندی شارەکان لە بەسراوە تا بەغدادی گرتۆتەوە و دامودەزگاکانی حکومەت و بارەگای دەستەو تاقمە چەتەو مافیاییەکانی کردۆتە ئامانج!

سەرچاوە و هۆکاری ئەم شەپۆلە لەنارەزایەتی گەنجان و خەلکی بێکارو هەژارو برسی شارەکانی عێراق، بەرینبونەوەی درزو جیاوازیەکی چینایەتی و کەڵەکەبوونی دەیان دەردو مەینەتی ژێرسایەی دەسەڵات و حکومەتێکە کە ژیانی هاوڵاتیانی بەبازاری ئازادی سەرمایەو تالانچێتی کۆمپانیاکانی سەرانی حکومەت وحزبە میلیشیاو ناوچەیەکان، سپاردەوە. حکومەتێک کە دوای چەندین ساڵ لە قۆرخکردن و تاڵانکردنی تەواوی داهات و سامانی عێراق، سەرمایەیەکی چەند ملیاردی بۆ بەرپرسەکان و سەرمایەداران، بە مەرجی

## بەڵگەنامەکان

دابین نەکردنی سادەترین پێداویستیەکانی ژیان و خزمەتگوزاریەکان دابین کردوەو هەژاری و نەداری و بێکاریەکی بەرفراوانی پەرەپێداوە. کێشمەکێشی نیوان لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەت و دەستەوتاقمە میلیشیایە قەومی و ئیسلامیەکان و توندبوونەوەی ناکۆکیەکانی نیوانیان، هەرچی زیاتر کابینەکەی سەرۆک وەزیرانی لەرزۆک کردوەو فرسەتیشی داوە بە هەتنەمەیدان و ڕژانە سەرشەقامەکانی خەڵکی تورەو نارازی.

بێگومان نارەزایەتی خەلکی زەحمەتکێش بەرووی دەسەڵاتێکی مافیایی و چەتەگەر و گەندەڵ و ستەمکاردا، کردەیەکی بەرهەقە، هەروەها داواکردنی خەلکی هەژارو برسی بۆ ژیانیکی باش و خۆشگوزەران، دیسانەوە خواستیکی ڕەواو جیگای پشتیوانی هەر لایەن و ئینسانیکی ئازادیخوازە. تەنانەت راپەڕین بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئیستا و وەلانانی بالادەستی هەموو ئەو هێزانەی کە ژیان و چارەنوسی خەلکیان بەم ڕۆژە گەیاندووە، کردەیەکی رەوایەو و مایەی پشتیوانیە، بەلام ڕاپەرینی خۆرسک و ڕق و تۆلەسەندنەوە بەبێ بەرچاوڕوونی ئامانجەکان و راوەستان لە ڕیزیکی چینایەتی شۆڕشگێرانە و بەئاسۆیەکی سەربەخۆی سیاسی لەهەر هیزیکی بۆرژوازی و حزبەکانی، ئەگەری ئەوەی هەیە کە لەلایەن ئەو هێزانەوە بە ئاقارێکی پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا ببرێت و سەرەنجام خەبات و قوربانیەکانیان بەفیڕۆ بدرێت و بکرێتە مایەی ساتوسەودای نێوانیان و بەدەست هێنانی ئیمتیازاتی سیاسی بۆخۆیان. هەوڵی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیە ناکۆکەکان بۆ دەستێوەردان لە خۆپیشاندانەکان و بەکارهێنانی لەپێناو ئەو ئامانجە قێزەونەیاندا مەترسیەکە کە هەر ئێستا لەبەردەم خەبات و ناڕەیەتیە بەرهەقەکانی جەماوەی کرێکار و زەحمەتکێش و گەنجانی بێکارو خەڵکی هەژارو برسیکراوی عێراقدا ئامادەیە.

دەبێ خەڵکی ناڕازی و ستەملێکراوو خۆپیشاندەران ئاگاداری پیلانی سیاسی چەپەڵی ئەو هێزانە بن.

دەبێ جەماوەری نارازی، گەنجان و زەحمەتکێشان،کرێکاران و بێکاران، ناڕەزایەتی و خەباتەکەیان لەدژی ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرست و چەتەگەرە لەدەوری سیاسەتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە ساز بدەن و خۆیان ڕێکبخەن و وەکو هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراوو هوشیار رووبەڕووی دەستەو تاقمە کۆنەپەرستە ئیسلامیە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا بوەستنەوە.

دەبێ لەدڵی نارەزایەتیەکانی ئیستادا دەستبەجێ هەلسوراوان و رابەرانی جەماوەر و خۆپیشاندەران، دەستبەرن بۆ سازکردن و بەرپارکردنی کۆبونەوەی گشتی لە هەموو گەڕەکەکان و کارگەو ناوەندەکانی کارو فەرمانگەکاندا. خۆیان سازو ڕێکخراوبکەن بۆ وەستانەوە دژی دەسەڵات و هێرشەکانی پۆلیس و دەزگا سەرکوتگەرەکان و میلیشیا

## بەڵگەنامەکان

ئیسلامیە دەست بەخوێن سوورەکان بۆ پاراستنی خۆیان. پێویستە لائیحەی داخوازیە دەستبەجێکانی جەماوەر ئامادەبکەن و جەماوەری لەدەور سازو ئامادەبکەن. ڕیزی جەماوەری زەحمەتکێش یەکگرتووبکەن و یەکەمین بەردی بناغەی جولانەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگیرانەی سەربەخۆی چینایەتی بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ئیستا دابڕێژن.

حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان وێرای ئەوەی هەرجۆرە کردەوەیکی سەرکوتگەرانەی دەسەلات سەرکۆنە ومەحکوم دەکات، هاوکات لەکەنار خواستە بەرهەقەکانی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێشی  عیراق وخەباتی سەربەخۆی چینایەتی ئەواندا رادەوەستێ. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان داوا لە رای جیهانی دەکات کە فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق تا دەست لەم کوشتارو سەرکوتگەرەیە هەڵگرێو زیندانیەکان ئازاد بکرێن و وەڵام بە خواستەکانی خەڵکی ناڕازی بداتەوە.

٥/١٠/٢٠١٩

# نابێ خەڵکی کوردستانی سوریا لەم میحنەتەدا بەتەنیا جێ بهێڵین!

دوای ماوەیەکی زۆر لە دانوسان لەنێوان ئەمریکاو دەوڵەتی تورکیا، سەرەنجام ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی داو دەرگایەکی بۆ دەستێوەردان و هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پەیەدە کردەوە. ڕاستەوخۆ دوای ئەم بڕیارەش، حوکمەتەکەی ئۆردگان دەستی دایە هێرشی سەربازی و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە بەمەبەستی ئامادەسازی بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانە بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆی و دەستێوەردانی زیاتری لە چارەنوسی سوریاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکا، ئەگەرچی لەناوخۆی ئەمریکاو بگرە لەناو بەرپرسانی پایەبڵندی حزبەکەی و دەستوپێوەندەکانیدا مایەی ناڕەزایەتی بوو، بەو بەڵگەیەی کە ئەم کارە دەستی ڕوسیا لە ناوچەکەدا درێژدەکات و هاوکات هەندێکیان بە زیانگەیاندن بە متمانەی ئەمریکا لێکیان دایەوە، ڕاستەوخۆ نیشانەی شکست و ناکام مانەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەبەرامبە دۆخی سیاسی سوریادا. هاوکات سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەمریکاو تورکیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیان، ساتوسەودایەکی سیاسیان ئەنجام داوەو ئەم بڕیارەی ترامپیش ئاکامی ئەو ساتوسەودایەیە. ساتوسەودایەک کە بە نرخی داسەپاندنی جەنگو کوشتارو کاولکاری و ئاوارەیی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان تەواودەبێت.

بەرپرسانی پەیەدە باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا خیانەتی لێکردوون، لەکاتێکدا ئەوان هاوشانی ئەمریکا شەڕی داعشیان کردوەو (١١) هەزار قوربانییان داوە. ترامپیش ڕایگەیاند

کە ئەمریکا چەک و پارەی پێداون بەرامبەر بەوەی شەڕیان بۆ ئەمریکا کردوە! هاوکات پەیەدە ڕایگەیاند کە ئەوان ڕوو لە دەوڵەتی سوریا دەکەن بۆئەوەی لەگەڵیدا ڕێک بکەون. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو هەزاران چەکدارە دیلەی داعش لای پەیەدە کۆنترۆڵ نەکرێن و دووبارە ببنەوە بە مەترسی بۆ ناوچەکەو ئەوروپا. لەولاشەوە ئەوروپا بەتوندی دژی بڕیارەکەی ترامپ وەستایەوەو هوشداری داوە بە تورکیا بەرامبەر بە هەر هێرشێکی سەربازی بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە. تەنانەت بەریتانیای دۆستی هەمیشەیی ئەمریکا نیگەرانیەکانی خۆی لەو بڕیارەو لە ئاکامەکانی نەشاردەوە.

ڕوداوەکانی ئەم ڕۆژانەی کوردستانی سوریا، جارێکی تر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کە ئەمریکاو هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەولەتانی ناوچەکە نەک هەر دۆست و پشتیوانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نەبوون و نین وهیچ کاتێکیش لە بەرنامەی ئەواندا نەبوە کە داکۆکی لەمافو ئازادیەکانی خەلکی کوردستان بکەن، بەڵکو بەردەوام کێشەی کوردیان وەکو کارتێکی فشاری سیاسی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەدەستەوە گرتووە و ساتو سەودایان پێوەکردوە. لەهەمانکاتدا ئەم ڕوداوانە جارێکی دیکە سیاسەتی پشتبەستنی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی لەکوردستانی سوریا، بەهێزە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و بردنەپێشەوەی ستراتیژی سیاسی خۆیان لەسەر بنەمای درزو کەلێنی نیوان دەوڵەتان، لەمەحەک دایەوە. ستراتیژیەکی سیاسی کە باڵەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق و لە ئێران چەندین جار تەجروبەیان کردوە. خەلکی کوردستانی سوریا قوربانی سیاسەت و جەنگفرۆشی دەوڵەتی ئەمریکاو شکستی سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردە. نابێ خەلکی کوردستانی سوریا لەم میحنەتەدا بەتەنیا جێ بهێڵین. هاتنەمیدانی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان ئەتوانێت بەر بە سیاسەتی لەشکرکێشی دەولەتی تورکیا بگرێ و چارەنوسی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە مەترسی جەنگو کوشتارو ئاوارەیی بپارێزێت.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەتوندی دژی هێرش و پەلاماری دەوڵەتی کۆنەپەرست و فاشیستی تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا لە ڕۆژهەلاتی فورات دەوەستینەوە. هەر جۆرە هەڕەشەو پەلاماردانێکی سەربازی بەناوی دروستکردنی ناوچەی ئارامەوە بۆسەر ئەو ناوچانە بە پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵکی ئەو ناوچانە دەزانین و سەرکۆنەی دەکەین. دەوڵەتی تورکیا مافی ئەوەی نیە لەژێر هیچ بیانوویەکداهێرش بکاتە سەر دانیشتوانی وولاتێکی دیکە. دەبێ ڕای گشتی جیهان ئەوە قبوڵ نەکات و دامەزراوە جیهانیەکان ڕێگا لەم ملهوڕی و لەشکرکێشیە بگرن. خەڵکی کوردستانی سوریا مافی خۆیانە بە ئازادانەو بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێ بە ئارامی بژین و دوور بن لەهەرجۆرە

## بەڵگەنامەکان

هەڕەشەو پەلامارێکی دەوڵەتی تورکیا و هەڕەشەی دەوڵەتی سوریا. خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان مافی خۆیانە لەرێگای ریفراندۆمێکی ئازادانەوە بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن و هەر بڕیارێک لە سەروو ئیرادەی ئەوانەوە لە ڕوانگەی ئێمەوە پووچە!

**نا بۆ هێرش و میلیتاریزمی دەوڵەتی تورکیا!**
**بژی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستانی سوریا!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٩-١٠-٢٠١٩**

# پیلانی نێودەوڵەتی بۆ لەژێرپێنانی ئیرادەی خەڵکی کوردستانی سوریا مەحکومە!

## ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە ڕوداوەکانی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا

دوابەدوای لەشکرکێشی دەوڵەتی بۆرژوا- فاشیستی تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا و کوشتاری کوێرانەی هاوڵاتیان و کاول و وێرانکردنی ماڵوحاڵیان و ئاوارەکردنی سەدان هەزار کەسیان، دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا کە بۆخۆی دەستی تورکیای ئاوەڵاکرد بۆ لەشکرکێشی، گوایە ئێستا بۆ رزگارکردنی هاوڵاتیانی کورد لە کۆمەڵکوژی تورکیای هاوپەیمانی ناتۆی، رێکەوتنێکی لەگەڵ ئۆردوگاندا ئەنجام داوە.هەموو بەندەکانی رێکەوتنەکە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی فاشیستی تورکیاو لەسەر حسابی خەڵکی ئەو ناوچانەو هێزەکانی هەسەدەیە کە تا چەند رۆژێک لەمەوبەر هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە شەڕی دژی داعشدا.

بەپێی رێکەوتنەکە، دەبێ هێزەکانی هەسەدە بە قوڵایی ٣٢ کم لەسنورەوە بەرەو خاکی سوریا پاشەکشەبکەن و پشتێنەی ئەمنی لەو ناوچەیە دروست بکرێت کە لەلایەن تورکیاوە بەڕێوەببرێت. ئەم بڕگەیەی رێکەوتنەکە مانای وایە کە بەبێ بەرگری دەبێ هەسەدە، لەسەر داوای ئەمریکا، ئەو ناوچانە ڕادەستی هێزەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرست و داگیرکاری تورکیا بکات!

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم هێرشەی تورکیا، هەسەدەی ناچارکرد لەگەڵ رژێمی دڕندەو مرۆڤکوژی سوریا، رژێمی بەشار ئەسەدی خوێنڕێژ، نزیک بێتەوەو ناوچەکانی کۆبانی و مینبەج ڕادەستی هێزەکانی رژێمی بەشار بکەن. بەمجۆرە ژنان و پیاوانێک کە بە بەرگری بێوێنەی خۆیان شەڕی ١٠٠ رۆژەی سوپای دڕندەی داعشیان کردو ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بێئیرادە خرانەوە ژێر دەسەڵاتی شەبیحەکانی رژێمی بەشار و سوپا سەرکوتگەرەکەیەوە.

بەداخەوە، دوای ئەو هەموو قوربانیە دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و لەپێناو ژیانێکی ئارام و شایستەدا، خەڵکی کوردستانی سوریا دیسانەوە لە پیلانێکی نێودەوڵەتیدا، بە بەشداری ئەمریکاو ڕوسیا ئیرادەیان بەبارمتە گیراو لەنێوان کۆمەڵکوژی دەوڵەتی فاشیست و شۆڤینیستی تورکیاو تەسلیمبوون بە دەوڵەتی مرۆڤکوژی بەشار ئەسەد هەڵواسراوە. ئەم کارەساتە سیاسی و مرۆییەی ئێستا بەسەر خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا دێت، لە لایەنێکیدا بەرهەمی خۆبەستنەوەی هێزەکانی ناسیۆنالیستی کوردە بە وولاتانی ئیمپریالیستی و بەرژەوەندیەکانی ئەوان و ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە، کە هەمیشە ئامادەن لەپێناو قازانجی سیاسی خۆیاندا خەڵکی کوردستان و خەبات و قوربانیەکانی بکەنە قوربانی و ڕووبەڕووی کارەساتی بکەنەوە. ئەزمونی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی ئێران و عێراق و خودی تورکیاش هەمیشە شاهێدی ئەمجۆرە مامەڵەو بازرگانی پێوەکردنەبووە!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەکاتێکدا سەرجەم پیلانی قێزەونی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەمریکاو ڕوسیا بۆ لەژێرپێنانی ئیرادەی خەڵکی کوردستانی سوریا و هەروەها هێرشی دڕندانەی دەوڵەتی کۆنەپەرست و دڕندەی تورکیا دژی خەڵکی کوردستانی سوریا بە توندی سەرکۆنە دەکات، هاوکات ڕایدەگەیەنێ کە دەبێ بەبێ مەرج و دەستبەجێ هەموو ئەو ناوچەیەی دەوڵەتی تورکیا بەناوی ناوچەی ئارامەوە داگیری کردووە جێبهێڵێت. سەرباری ئەوەی پێمانوایە کە وەستانی شەڕو راگرتنی لەشکرکێشی تورکیا بەهەرشێوەیەک بێت لە قازانجی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیە و پێش بە کوشتاری خەڵک دەگرێ، بەڵام پێداگری لەوە دەکەین کە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا نابێ بەدەستی بەستراوەوە ڕادەستی رژێمە دڕندەو مرۆڤکوژەکەی بەشار بکرێتەوە. دەبێ خەڵکی ئازادیخوازی دنیا ئەم تاوانە قبوڵ نەکەن بەرامبەر بەو خەڵکەی کە هەزاران قوربانییان داوە بۆ ئازادی و بۆ تێکشکاندنی داعش. خەڵکی کوردستانی سوریا شایستەی ژیانێکی ئازاد و ئارام و شکۆمەندن، ژیانێکی یەکسان و هاوچەرخ. داهاتویەکی ئاوا تەنها لەڕێگای بەرەنگاربوونەوەوخەباتێکی چینایەتی سەربەخۆو پشتبەستوو بەبەرەی

## بەڵگەنامەکان

ئازادیخوازی جیهانییەوە مەیسەردەبێت، کە هەرئێستا گۆشەیەکی لە پشتیوانی خۆی لەدژی پیلانی ئیمپریالیستەکان و لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر ئەو خەڵکە نیشانداوە. خەڵکی کوردستانی سوریا مافی خۆیانە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن. دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو مافەیان بۆ بەڕەسمی بناسێت کە لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٩/١٠/٢٠١٩**

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker - communist Party of Kurdistan

Fourteenth Issue, October 2019